Ex. 1

Fuad Huseyn Ehmed
Afret le honrawey kurdî da

کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەي ژمارە ( ٢٦٦ )

# ئافرەت
# لە هۆنراوەی کوردیدا

ohja

نووسینـــــی
فؤاد حسـین احمد
پێداچوونەوەو سەرپەرشتیـی
پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسول

مطبعـة الجاحظ ـ بغـداد

هەڵامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

پێشکەش بێـــــت ..

– بەدڕیکـــی شیــــــلان

– بەشـــادان وشیـــلان

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس


سوپاس بۆ خوالی خۆشبوو دوكتور كامل حەسەن بەسیر یەكەم جار سەرپەرشتی نامەكەمی گرتەئە ستۆو نزیكەی نیوەی بەشی یەكەمم لە گەڵیا تەواو كرد .

سوپاس بۆ دوكتور عیزە دین مستەفا رەسوول كە بەدڵێكی فراوانەوە قبوڵی ئەوەی كرد كە سەرپەرشتی نامەكەم بكات ـ هەرگیز ئەم چاكەیەم لە یاد ناچێت .

سوپاس بۆ بەڕێزان مقصدی مەلا كەریم ـ عبدالرزاق بیمار ـ مستفا نەریمان ـ محمد ئەمین هەورامانی ـ حەمەبۆر ـ لەتیف گلی ـ یاسین بەرزنجی ـ شیرزاد عبدالرحمن ـ سامی عەزیز ـ محمد زەهاوی ـ انور قەرداخی كە لە پێشكەش كردنی كتێب و سەرچاوە لەگەڵما درێغیان نەكرد .

سوپاس بۆ سەرۆكایەتی بەشی كوردی و عەمادەی كۆلیجی ئاداب و سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین كەلە یارمەتیم دا درێخیان نەكرد .

## ســــــــــەرەتا

ـ ئەگەر تەماشای بەرهەمی ئەدەبیی هەموو گەلانو جیهان بکەیـنو بەپێی باسەکانی دابەشی بکەین ـ ئەبینین کە باسی ژن بەشێکی گـەورەی ئەدەبی جیهانی بەرئەکەوێو بەشێکی زۆری ئەمباسەش بۆ دڵداریو ئـەو پێوەندی‌یەی نێوان ژنو پیاو تەرخان ئەکرێت •

ئەدەبی کوردیش ـ بەتایبەتی شیعر لەم خاسیەتە بەدەر نی‌یە •

کاتێ کە باسی ژن لە شیعری کوردی دا « بۆ کەرەسەی ئەم نووسینە هەڵبژێررا ـ لە ریوە وەك زۆربەی باسە تازەکانی ئەدەبی کوردی ئەبـوو بچمەوە سەر دەستنوسی دیوانو دیوانی چاپکراوو گۆڤارو ڕۆژ نامەکان • بەڵی • هەندێ باسی کورت هەن کە بۆ ئافرەتو ئەدەبی کوردی تەرخا ـ نکراونو لە قەوارەی کتێبدا چاپکراون ، یا هەندێ کتێب هـەن فەسڵـی تایبەتیان بۆ ئەم باسە تێدا تەرخانکراوە ، ( وەك لە ناو نووسینەکەدا لێیان ئەدوێین ) بەڵام باسێکی هەمە لایـەنو بـەر فراوان بـۆ ئەم مەبەســـە گرنگـــە تەرخاننەکـــراوە •

لە سەرەتادا هەر ئەو کەرەسانەی کۆمکردنـــەوە ، چمكو فەسڵـی باسەکەیان ڕەنگ ئەرێژا • وەك باسە هەمە چەشنەکانی لایەنی کۆمەڵایەتیو ئابووریی ئافرەتو دیمەنی ژن لە بەرهەمی هەمە جۆری ئەدەبی کوردیدا •

تەنانـەت ئەم کەرەسانە خۆیان تەواوی ـ بڵاوکراوەی ئـەم مەبەسـە ، هەرچی دیمەنی ژنو لایەنی لێ دوواتیتی لە شیعری کوردیدا ، ئـەمـەویش کەرەسەی کەمێك باسی لا کڤکردینەوە ، چونکە هیچ شاعیرێکـی کـورد نابینی کە بەشێکی گـەورە یا زۆری بەرهـەمی خۆیـی بۆ ئەم مەبـەسە تەرخان نەکردبێ • هەر ئەمە وای لێ‌کردین کە چەند نموونەیەك وەرگرین‌و لەپاڵ سەرناوی نووسینەکەدا بنووسین ( بەپێی نموونەی چەند شاعیرێکی دیار) • بەم پێیە باسەکەمان کرا بە چەند فەسڵ ـ کە لە فەسڵی یەکەمدا بە گشتی لە باسەکەوە بناغەی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و بیری بدۆیین‌و پاشـان فەسڵەکانی تری بۆ باسی ئەو شاعیرانە تەرخانبکەین کە بەلامانەوە لـە هەموو شاعیرانـی تری چەرخ‌و سەردەمـی خـۆیان لەم مەیدانەدا دیارتر بوون • لێـرەدا ئەوەشمان لەبەرچاو بـوو کـە شاعـیرەکان بەجۆرێك هەڵبژێرین کە هەموو نەخشەی شیعری کوردی بگرنەوە ، بە سـەدەی جیاوازو قوتابخانەی جیاوازو تەنانەت شێوەی جیاوازیشەوە • بەم جـۆرە باسەکەمان هاتە سەر لێکۆڵینەوەی دیمەن‌و باسی ژن لە شیعری شاعیرانی دیاری کوردی وەك (بابە تایەری عوریان‌و مەلای جزیری‌و حاجی قـادری کۆیی‌و مەلای گەورەو گـۆران هتد ) •

کەرەسەی دیمەنی ئەم باسە لای گەلێك شاعیری تریش ئامادە بـوون‌و هیوامان وایە ئەوانەو کۆمەڵێ ڕا دەربارەی لایەنـی تری بەرهەمـی ئـەو شاعیرانە کە پێوەندییان بە باسەکەوە نییە بـۆ لێدوانی شاعیری خـۆی ئەشێی لە پاڵ بیبلۆگرافیایدا کە باسکرا لێرەدا چاوهەڵدێنن •

دوواشتو پاش ئەم فەسڵە چڕگراوانە هەندێ ئەنجاممان دەربارەی باسەکە دەربڕیووە •

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

ئافرەت لەکۆمەڵگای کوردەواریدا :

ئاشکرایە کە ئافرەتی کورد لەڕووی جل و بەرگ و شێوەو ڕەوشت و ئاکارەوە تایبەتی خۆی هەیە لە ئافرەتی میللەتانی تر جیایان دەکاتەوە ، ئەم تایبەتی یە ئاکامی ژیانی ماددی و گیانی کوردەواری یە ، هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵی کوردی ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوەو سەوز بووەو لق و پۆپی لێ بۆتەوە .

هەڵبەت ئەم تێبینی یە یاسایەکی گشتی یەو بەسەر هەموو نەتەوەیەکدا خێوەتی هەڵداوە ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەت بە توێژەر دەدات کە لەیەک چوونی ئافرەتی کورد هەندێ جار لە ئافرەتی جیهانی و ئافرەتی میللەتە دراوسێکاندا بگرێتە بەرچاو بۆیە ئێمە کە دەمانەوێ لە ژیانی ئافرەتی کورد بکۆڵینەوە پێویستە ــ بەر لە هەمووشتێک ــ ئاوڕێک لە قۆناغەکانی ژیانی ئافرەت بەگشتی بدەینەوە .

قۆناغەکانی مێژوو ژیانی ئافرەت ، کە بەدیاردەیەکی گشتی لەقەڵەم دراوە ، سەرئەنجامی ڕاستی یەکە کە دەڵێ :

ئافرەت لەسەر ئەم زەوی یەدا لە ڕووی ژیان ناسی یەوە ڕەگەزێکی یەک دگیرەو لەچاو پیاو بەگشتی چەند تایبەتی یەکی لەش ولاری و توانای تەنی ی جیاکەرەوەی هەیە .

هەرچۆنێک بێت مێژووی ژیانی ئافرەت دەیگێڕێتەوە :

(١) تەنها لە سەردەمێکی زۆر کۆنی مێژوودا نەبێت کە ئافرەت تێدا یەکەمی کۆمەڵێکی یەکجار سادەو ساکار بوو ئیتر لەوە دوا ئافرەت هەر زەلیلی ماڵ و ژێر دەستەی ئاغایەتی پیاو بووە ) .

---

(١) ئافرەت لە مێژوودا د. کەمال مەزهەر . ل٥ .

هەمان مێژوو درێژە بە دەست نیشان کردنی قۆناخەکانـــی ژیانی ئافرەت دەداتو دووپاتی دەکاتەوە کە ئادەمیزاد لە قۆناخی کۆکردنەوەی خواردەمەنیدا واتە : سەردەمی بەردی دێریندا ـ گرنگی بە کێشـــەی زاوزێ‌یی نەدەدا ، بۆیە ئافرەت سەبارەت بەم کێشەیە پلەیەکی تایبەتـــی وەچنگ نەهێنا ، بەڵام کاتێ ئەم قۆناخە تێپەڕیو قۆناخی بـەرهەم هێنانی خواردەمەنیو داهێنانی کشتو کاڵ بەرپا بوو : ئافرەت لە ڕێگای دیاردەی زاوزێ‌کردنەوە سەرنجی پیاوی ڕاکێشا ، بەم جۆرە هەتاوی نرخی ئافرەت لە ئاسمانی ژیانی خێزاندا هەڵهات : ئافرەت کـە سەرچاوەی منداڵە لـەم قۆناخەوە دڵی پیاوی داگیرکرد چونکە دایکی منداڵەکانێتی بـە هۆیـەوە نەمری باو باپیران هاتەکایەوە(٢) توێژەرەکـان لەم قۆناخـەدا پەرستـی ئافرەتو تەماشاکردنـی وەك خواوەندێكو گرتنی جڵەوی مـاڵو مـاڵات بەدەستەوە ڕاڤە دەکـات ، بەتایبەتـی کە دەبینین منداڵان بە ناوی دایکیان ناو دەبرێتو پیاو لە زۆر لایەنەکانی ژیاندا ناوی نییە .

ئەم قۆناخە بە ناوی قۆناخی دایکایەتی ناو دەبرێت بە مەبەستـــی چەسپاندنی ئەرکی بێ‌هاوتای ئافرەت لەم سەردەمە هەرە دێرینەدا .

مێژووی ژیان ڕووبارێکە لەبەر چەند هۆیەکی سروشتیو ئابـوورییو ئایینی ، زوو بەزوو ــ هەنگاو هەڵدەگرێتو قۆناخ بە قۆناخێکـــی تـر دەگۆڕی ، سەرئەنجام توێژەران تێبینی دەکەن کە لە سەردەمی بەرەبەیانی تۆمارکردنی مێژوودا هەتاوی قۆناخی دایکایەتی ئاوابووو لە جیاتی ئـەم

---

(٢) بڕوانە المراة دورها ومكانتها في وادی الرافدين . ثليسمان عقراوی . دار الحريه للطباعه ــ بغداد ــ ١٩٧٨ . ل ١٩ .

قۆناخە قۆناخی باوکایەتی ، بناغەی خۆی دامەزراند .

لە سەرەتای قۆناخی باوکایەتیدا ، ئافرەت هێشتا هەموو مافەکانی لەدەست نەچوو بوو ئەوەتا لە سەردەمی سۆمەرییەکان[٣] دا کە بەر قۆناخی باوکایەتی دەکەوی ئافرەت هێشتا بە تەواوی ئەرکی خۆی لە کۆمەڵدا نەدۆڕاندبوو: بەشداری لە بازرگانی دەکردو مافی کڕین و فرۆشتنی هەبووو لە دادگادا مافی شەهادەتدانی بەدەستەوە بوو .

ئەم بارە ــ هەروەکو لە مێژووی مرۆڤایەتی تۆماری دەکات ــ وردە وردە هەڵگەڕایەوە ئەمجا بە تەواوی زەمینەی بۆ قۆناخی باوکایەتی تەخت کرد ، باوك بوو بە ئاغای خێزان و ئافرەت وەکو کێلگەیەکی سوودبەخشی بێ ماف تەماشا دەکرا .

کۆنترین بەڵگە بۆ خستنەڕووی ئەم هەڵگەڕانە لەوەدا بەدی دەکرێت ، کە لە یاسا بابلییەکاندا[٤] تاقمی لە ئافرەتان بە ناوی ( ئەسیرتو ) ناودە ــ دەبرێت : ئەسیرتوش واژەیەکە لە ڕەگی فرمانی وەرگیراوە ، ئەم ڕەگی فرمانەش واتای دیل (اسر او قید) دەگەیەنێت .

بەم پێیە تاریکی شەوەزەنگی کۆمەڵایەتی باڵی بەسەر ژیانی ئافرەتدا کێشاو زۆرانبازی نێوانی دوو ڕەگەزی مرۆڤایەتی پیاوو ئافرەت لە کۆنترین سەردەمەوە تا ئەمڕۆ ئاگرەکەی بەرز دەبێتەوە .

لایەنگری مافی ئافرەت لە پێنووسی ئێش و ئازار لەم ڕووەوە ئەوەمان بۆ تۆمار دەکات ، کە[٥] ( ژن لە دێر زەمانەوە ڕوو بە ڕووی چەوسانەوە

---

(٣) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٣ .

(٤) بڕوانە هەمان سەچاوەی پێشوو ل١٤٨ .

(٥) هۆنراوەی ئافرەتی کورد . د. کوردستان موکریانی ل٥ .

بوو ، زانایانی زانستی کۆمەلایەتی سەرەتای سەرهەلدانی چەوساندنەوەی ژن ئەبەنەوە سەردەمی پەیدا بوونی رژێمی بەندایەتی ، لەم سەردەمەدا تەنی پیاو بەرهەم هێنەری بنجیو ئەسلی بووە ، لەو کاتەدا بوو ، ژن بوو بە دیلی چوار دیواری مالەوە کارو پیشەی زاوزێو بە خێوکردنی منداڵو جێبەجێکردنی هەموو کارێکی نێو ماڵ بووە ، لە رژێمی کۆیلەیی ژن سەربەستو ئازاد بووە لەگەل پیاودا بەشداریی دامەزراندنی بناغەی کۆمەلی کردووە لە کاتێکدا کە پیاو نێچرڤانو شەرکەری دەرەو بووە . ئافرەت سەرباری کاروپیشەی سروشتی خۆی کەرەستەو ئامرازی راوو نێچیرو شکارو شەری دروست کردووە ) .

ئەم نەخشە گشتییەی ژیانی ئافرەت لە جیهاندا پیویستی بە ئاراستەکردن بەرەو بابەتەکەمان هەیە ، بۆیە لە نزیکەوە سەرنج لە پلەی ئافرەت لە لای هەندێ نەتەوەی هاوڕۆشنبیریماندا دەدەین . هەلبەت ـ بەر لە هەموو شتێك ـ لەم رووەوە نەتەوەی عەربمان دێتەوە یادو دەپرسین : ئایا باری ئافرەت لە سەردەمی پێش ئیسلامدا چۆن بووە ؟ مێژووی ئەم سەردەمە بە بەلگەی زانستییەوە دووپاتی دەکاتەوە[٦] کە پلەی ئافرەتی عەرەب بە گشتی بەرز نەبووە ، بۆ نموونە کە کچ لە خێزانیاندا لە دایك دەبوو بە نیشانەی رەشبینی تەماشا دەکراو دەبوو بە هۆی خەفەتو ئێشو ئازاربۆ باوکو دایکیو هەموو ئەندامانی خێلەکەی .

هەروەها هەر ئەو مێژووە باسی دەکات کە لەبەر دەستی کچی عەرەب تەنیا دوو ریگا هەبوو : یان شوانکاری یان زیندە بە چال کردن ، لەم

---

(٦) بروانه المراة وحقوقها في الاسلام ، مبشر الطراز الحسيني ـ القاهره ١٩٧٦ ، مطبعة السعادة ل ١٤ــ١٥ .

بارەیەوە خـوای میهـرەبان فەرمووەیەتـی[٧] : « واذا الموؤدة سئلـــت بأي ذنب قتلـــت » .

توێژەران کە لە سەردەمی پێش ئیســـلامدا بەرەنگاری ئـەم بارە ناهەموارەدەبن بە هۆیەکی ئابووری راڤەدەکەن ، بەڵگەیان بۆ چەسپاندنـی ئەم ڕاڤەکردنە لە فەرمووده‌ی خوای مەزندا بەدیدەکەن کە فەرموویەتی[٨]: ( ولا تقتلوا اولادکم خشية املاق نحن نرزقکـم واياهـــم ) ئـەم بارە ناهەموارەی ئافرەتی عەرەب بە وێنەیەکی فراوان لە هۆنراوەی سەردەمی پێش ئیسلامدا رەنگی داوەتەوە[٩] ، بۆیە تێبینی ئـەوە دەکەین کـە زۆربەی شاعیرە عەرەبەکان ئافـرەتیان وەکـو کەلوپەلو شـتو مـەڵك وێنەکێشاوەو هیچ ئەرکێکی کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتییان بۆ تۆمارنەکردووە. ئاینی ئیسلامی پیرۆز کە پرشنگی مرۆڤایەتیـی بەسەر جیهانی ئیسـلامدا پەخش‌کرد ــ تاریکی ژیانی ئافـرەت تا ڕادەیەکی زۆر بـوار بـــەرەو نەمـــان خێـــرا خێرا هەنگاوی هەڵگـرت .

توێژەران بە بەڵگەرێك ئەم ڕاستییە دەچەسپێنن‌و[١٠]بە ئایەتەکانی قورئانـی پیرۆز ڕوونی دەکەنەوە کە ئەم ئاینە نەمـرە بەر لـە هەموو شتێك مافی وەرگرتنی میراتی بە ئافرەتیدا ، بەم جۆرە پلەیەکی ئابـووری لە کۆمەڵدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی عـەرەبدا بۆ ئافـرەت بنیاتنرا ،

---

(٧) سورة التکوير ئایەتی ٨ــ٨١ .

(٨) سورة الانعام ــ ئایەتی ١٥١ .

(٩) بڕوانە من قضايا المـراة بين آيـات قرآنيــه واتجاهــات شعريــه د. کامل حسن البصير .

(١٠) بڕوانە المراة وحقوقها في الاسلام ل ١٧ــ٢١ .

هەروەها لە بابەتە کۆمەڵایەتی یەکاندا کەسایەتیی ئافرەتـی ڕەچاو کردو دەرفەتی داتیی شان بە شانی پیاوئیش و کاری هەبێت و لە گشت کوڕەکانی ژیاندا بەشداریی بکات .

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (جۆل لابوم)[11] ئەو ئایەتانەی قـورئانـی پیرۆزی دەربارەی ئافرەت کۆکردەوەو بە گوێری ناوەرۆکەکانیـان ڕێکی خستن،سەرئەنجام بڕیارێکی داو دەڵێ : قورئانی پیرۆز هەموو لایەنەکانی ژیانی ئافرەتی باسکردووەو لەم ڕووەوە پیردۆزەیەکی پێشکەوتنخوازی هێناوەتەکایەوە ، ئەمە لەڕووی ناوەرۆکـی ئایەتەکانـی قـورئانی پیرۆزەوە دەرهەق بە ئافرەت هەر لەوکاتەشدا لـە جوغزی جوانکاریی ئەم ناوەرۆکەوە قورئانی پیرۆز بە چەشنێکی هونەری داهێنراو وێنـەی پلەی تازەی ئافرەتی لە کۆمەڵدا کێشاوە .

بۆ نموونە[12] ئەم کتێبە پیرۆزە وێنەی پەیوەندی پیاوی لـەگەڵ ئافرەتدا کێشاوەو وتوویەتی [13] : ( ومن آياتـه ان خلق لكم من انفسكم ازواجا لتسكنوا اليها وجعل بينكم مودة ورحمة ان في ذلك لآيات لقـوم يتفكـــرون ) لـەم ئایەتـە پیـرۆزەدا تێبینـی دەکەیـن کـە ئافرەت بە بەشێك لە دەروونو خودی پیاو لە قەڵەمدراوە ، سەرەڕای ئەمە پیاو پەنانەباتەبەر هاوسەری بە واتا ئافرەتو لەژێر خێوەتەکـەیدا کـە ئاسمانی ماڵی خێزانە ئوقرەدەگرێتو دەحەسێتەوەو بـە دڵنیایـی ژیـان دەباتەسەر هەروەها لە نێوانـی ژنو مێرددا خوای مەزن خۆشەویستیو بەزەیی بە یەکتری وەکو درەختێك سەوزکردووە .

(11) بڕوانە تفصيل آيات القرآن الحكيم : ل٥٢٠ـ٥٥١ .
(12) بڕوانە من قضايا المراة بين آيات قرآنية واتجاهات شعريه ل ١٣.
(13) سورة الروم ئایەتـی ٢١ .

ئەم شیکردنەوەیە کە بە دەقی ئایەتی قـــورئان دە کامـل بصیـر دەیخاتە بەرچاو[14] سەرئەنجامێك ڕەچاو دەكات كـە دەڵێ : قۆناخەكـانی مێژووی ژیانی ئافرەت بەگشتی لەبەر تیشكی قورئانی پیرۆز لـە ڕەگەوە دەگۆڕێن و دەرفەت بە لەدایكبوونی قۆناخێكی تازە دەدەن ، ئەم قۆناخە دەتوانین بە سەردەمی قۆناخی بوژاندنەوەی ئافرەت و رزگاری تـــەواوی ناوبەرین چەسپاندنی ئەم بۆچوونە هەڵبەت پێویستی بە[15] ڕێبازێكـــی نوێ هەیە ، ئەو ڕێبازە پێویستە لە سەر دوو بناغەی زانستیدا دابمەزرێت:

١ ــ كۆكردنەوەی هەموو ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز دەربارەی ئافرەت و دووركەوتنەوە لە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی قورئانی پیرۆز دەرباری ئافـرەت لەبەر تیشكی تاقە ئایەتێكدا ٠

٢ ــ وەرگرتنی كێشەی ئافرەت وەكو بابەتێكی یەكدەگیرو یەكگرتوو ٠

هەرچۆنێك بێت ئێمە كە تائێستا تێكۆشاوین باری ئافرەت لە جیهانی دێرین بەگشتی و لە ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیســـلامیدا بەتایبەتـی شیبكەینەوە ، مەبەستمان ئەوەیە ڕەگوڕیشـەی باری ئافـرەتی كورد لە دێرترین سەردەمدا دەستنیشـان بكەین ئەمەش لـەوەوە هاتووە كە بەداخەوە هیچ سەرچاوەیەكی دێرینی وەهامان نییە كـە لە دوو توێیدا باری ئافرەتی كورد پێش ئایینی ئیسلام بدۆزینەوە ، سەرئەنجام لێرەدا دوو ئاكامی سەرەكی بیردۆزانە ڕەچاو دەكەین :ــ

١ ــ ئافرەتی كورد وەكو هەموو ئافرەتێكی ئەم سەرزەوییە پێـــش

---

(١٤) بڕوانە المجازات القرآنية ومناهج بحثها ، بەرگی دووەم دە كامـل حسن البصير ٠ ل٦٧٩ ٠

(١٥) بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٦٠٩ ٠

ئایینی ئیسلام بە قۆناغی خۆشی‌و ناخۆشی‌دا تێپەڕیووە .

٢ ـ ئافرەتی کورد کە بەرپرشنگی ڕێزگرتنی قورئانی پیرۆزدا کەوت مافی ژیانی سەربەستی‌و سەرفرازیی وەچنگ هێنا ، ئەم دوو ئاکامە هەڵبەت پێویستییان بە چەسپاندن هەیە ، جا با بزانین ژیانی نەتەوەی کورد چۆن پلەیەك بۆ نیوەی کۆمەڵو دایکی نیوەکای دیی بنیات ناوە؟

توێژەر کە بەرەنگاری بابەتێکی کۆن دەبێ سەرچاوەی وەکو ئەم باسەمان دەبێت ، زانستیانە بۆی هەیە چەند ڕاستی‌یەکی بیری وەکو بناغە بۆ ڕوکارەکانی دابمەزرێنێت ئەم ڕاستی‌یە بیریانە بۆ ژیانی کوردەواری لەوەدا دایین دەکرێن کە نەتەوەی کورد خاوەن سروشتێکی جوانە : لە زەوی‌وزار ، چیاو دۆڵ کانی‌و ڕووبار ، ئاوو هەوای ڕەنگاورەنگ ، هەروەها دیاردە ئابووری‌یەکان لە هەموو ڕوێکەوە بە پیت‌و بەرەکەتە .

سەرئەنجام ژیانی کوردەواری وەك بەهەشتێکی خواکردە ، لەم بەهەشتەدا دابونەرێت‌و خوڕەوشتی بەرزو دادپەروەری‌و خۆشەویستی‌و ئازایەتی وەکو ڕوەکی خواکرد هەمیشە سەوزدەبێ ، ئافرەتی کوردیش لەم بەهەشتەدا وەکو پەری دەژی‌و ئەرکی سەرشانی خۆی بەدی‌دەهێنێ .

ئەم بۆچوونە ڕەنگە خەوێك بێت چونکە باری ئافرەتی کورد لەم ڕژانەدا ڕەنگە وەها نەبێت،جا لەبەر ئەوەی باری ئافرەتی کوردی ئەمڕو زنجیرەیەکی نەپچڕاوی ژیانی رابوردووە ، با بۆ وێنەکێشان بە چەشنێکی ڕووداوی پەنابەرینەبەر دەق‌و بۆچوونی نووسەرکانمان : بەر لە

هەموو شتێك تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم دەق و بۆچوونانە دوو رووکاری سەرەکیمان دەدەن بـە دەستەوە :

یەکەم : رووکای پیشاندانـی ئافرەت وەکـو ئادەمیزادێکی بەختیارو کارامەو ئەرك بەجێ‌هێنـەر .

دووەم : رووکاری وێنەکێشانی ئافرەت بە پێنووسی ناهەموار .

هەرچۆنێك بێت بە چەشنێکی گشتی بابزانین پلەی ئافرەت لە ژیانی کوردەواری‌دا چەنـدو چۆنـە .

هەندێ نووسەر بەچەشنێکی گشتی بڕیاری هەڵسەنگاندنـی نرخـی ئافرەتی کورد دەدات و دەڵێ[١٦] : ( لە گشت سەرچاوەکان دا کـە باسـی چۆنێتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد کراوە هەموویان لەسەر ئـەوە رێك کەوتوون کە کورد لە چاو میللەتانی دراوسـێ‌یەوە زیاتر ژنـی لاوە بەنرخ بووە) مەلا مەحمودی بایەزیدی کـە دانەری یەکێك لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەیە ئافرەتی کورد بە جێ نشینی مێردەکەی وێنە دەکێشـێ ودەڵێ :ـ (یەکێ لە داب و نەریتی کوردەکان ئەوەیە ، ژنـە کورد ئەگـەر مێردەکەی کوژرا یاخود مرد بە دیار منالەکانیەوە ئەمێنێ و شووناکات[١٧] دیارە ئەمەلای میللەتە دراوسێکانیش‌دا هەیـە .

ئەم تێبینیە ـ بێگومان ـ ئەوە دەگەیەنێت کـە پلەی ئافرەتـی کورد لە ژیانی کوردەواری دا هاوسەنگی پلەی مێردەکەیەتی ، چـونکە کە پاش مردنی هاوسەرەکەی بە تەمای هاوسەرێکـی تـر نابێت پـێ

---

(١٦) ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ـ صباحی غالب ل ١٨ چـاپخانەی دار الحریە للطباعة ١٩٧٧ .

(١٧) داب و نەریتی کوردەکان مەلا محمودی بایەزیدی ل ٢٤ م

دەکرێ ئەرکی مێردەکەی لە ڕووی باری ئابووری و کۆمەڵایەتیەوەدی بێنێت .

گەلێ ڕووداو لەم سووچەوە پیشانی دەدەن کە ئافرەتی کورد تەنانەت لە ژیانی مێردەکەیشی دا ئەرکی سەرشانی دەگێڕێ ، بۆ نمونە[18] هەندێ جار منداڵ بەناوی دایکیەوە نەك بەناوی باوکیەوە ناو دەبرێت ئەگەر هات و ئەو ئافرەتە ئازاو لێ هاتوو بوو .

ئەم پلەیەی ئافرەتی کورد لە ژیانی کوردەواری دا زۆرجار مافی سەربەستی پێ بەخشیوە بۆ بەڵگە مەلا مەحمودی بایەزیدی دەیگێڕێتەوە «ژنی جوانی گەنجیان لەگەڵ پیاواندا دائەنیشن و قسە ئەکەن و پێ ئەکەنن بێ ئەوەی مێردیان دڵیان لێ پیس بکات و گومانیان لێ بکات»[19] .

لەم ڕووەوە تێبینی دەکرێ : ( کچە کورد دەتوانن خۆیان مێرد بۆ خۆیان هەڵبژێرن و دڵداری کردن قەدەغەو سەیرو ناجۆر نیە بەڵام دەبێ باوکی کچە ڕازی بێ )[20] .

دوکتۆر شاکر خەسباك زۆربەی لایەنەکانی سەربەستی ئافرەتی کورد دەچەسپێنێ و هێما بۆ ئەوە دەکات : ( ئافرەتی لادێیی کورد مافی گەرانی بەناو دێدا هەیەو سڵاو لەخزم هاوسێکانی و گەلێ جار غەریبیش ئەگەر پێویست بێ دەکات[21] سەربەستی ئافرەتی کورد بەم جۆرە ئاکامی ڕاستیەکە کە دووپاتی داوێن پاکی ژن و کچە کورد ، مەلا

---

(١٨) ظاهرة الحجاب في المجتمع الكردي ــ ل٩ .

(١٩) داب و نەریتی کوردەکان مەلا مەحمودی بایەزیدی ل ٣٣ م

(٢٠) ئافرەتی کورد لە تورکیا وەرگێڕانی عزیز گەردی ل ٢٥ .

(٢١) بڕوانە کتێبەکەی شاکر خصباك .. الاكراد دراسة .. ل ٢٢ .

مەحمودی بایەزیدی دەیگێڕێتەوە : ( لە ڕاستیدا ژن نە مێرد هەڵاتن لە ناو کوردەکاندا باو نییە )[٢٢] •

دیارە کۆمەڵی کوردەواریمان گرنگریەکی بێ هاوتای بە داوێن پاکیی ئافرەتی داوە بۆیە تێبینی دەکەین : ( ئافرەتی بە مێرد هەر خیانەتو ڕووخانێکی لێڕووبدا ،خێرا مێردی بڕیاری سزای مرگی دەداو ئەو پیاوەی نا پاکیشی لەگەڵ ژنەکەدا کردوە بە هەمان دەرد دەچێ ، ئەو کەسەی ئەم جۆرە سزای ژنەکەیو دۆستی ژنەکەی بدات هیچ لەکەی کۆمەڵایەتی نایەتە سەر ، بە پێچەوانەوە زۆر بە ڕێزو شانازییەوە سەیری ئەم کردەوەیە دەکەن )[٢٣] •

ئافرەتێ کە ئەو جۆرە پلەیەی لە ژیانی کوردەواریدا بە چنگ هێناوە ـ هەڵبەت ـ دەبێ شایەنی بێت چونکە نرخ پێویستە ئاکامی درەختی قوربانی فیداکاری بێت،مەلا مەحمودی بایەزیدی ئەم دەرختە بە ئازایەتی کورد لە قەڵەم دەدات کە دەڵێ :( ئەگەر مەترسییەك یان شەڕێك لە لایەکەوە ڕوو بکاتە ئەم جێگایەو کاتێك کە گوێیان لە تەپڵو دەفەکە بوو هیچ کەسێك نامێنیو هەموویان بە خێرایی بە سوارو پیادە بە دەنگی دەفەکەوە دێنو هەرژنێکیش دارێك ئەگرێت بە دەستەوەو خۆیان ئامادە دەکەنو بەرەو شەڕەکە ئەڕۆن ، زۆر جاریش ڕووئەدات ژنانیش ئەکوژرێنو بریندار ئەکرێن )[٢٤] •

هەندێ توێژەر لەو باوەڕەدا نکە کۆمەڵێك یان تاقمێك پلەیەکی بەرز

---

(٢٢) دابو نەریتی کوردەکان ل ٢٧ •

(٢٣) ئافرەتی کورد لە تورکیا ل ١٥ •

(٢٤) دابو نەریتی کوردەکان ـ مەلا مەحمودی بایەزیدی ل٢٥ •

بە ئەندامەکانی دەبەخشیو هەڵبەت لەم کارەدا پشتی بە بناغەیەکی ئابووری بەستووە ، بەم پێیە ئافرەتی کورد کە لە ژیانی کوردەواریدا پلەیەکی بەرزی ئەوتۆی وەچنگ هێناوە ئەبێ بەرهەم هێنەربێتو سوود بە خێزانو کۆمەڵەکەی لە کۆڕی ئیشو کاردا بەخش بێت .

سەرچاوە کوردیەکان بۆ سەلماندنی ئەم بارە چالاکیانە ئیشو کاری ئافرەتی کوردە کۆمەڵەکەیاندا شیدەکەنەوەو یەکەیەکە دەیان ژمێرن ، بو نمونە مەلا مەحمودی بایەزیدی دەڵێ : (ژنو کچی کورد زۆر ئازاو دەست ڕەنگینن ، کڵاو بەڕەو گونیەو لباد دروستئەکەن )[٢٥] . هەروەها بەشداری گشت کارەکانی کشتوکاڵ دەکەنو مەڕومالات بەخێو دەکەنو پێداویستیەکانی ژیانی ماڵ دەهێننەبەرهەم .

ئاشکرایە ئەم لایەنانەی بوونی ئافرەت لە ژیانی کوردەواریدا دەیسەلمێنن چۆن کۆمەڵی کورد ئافرەت شان بەشانی

پیاو بەرەو هیوای سەرفرازیو بەختیاری هەنگاو دەنێ لێرەدا پرسیارێك ڕووی دەممان تێدەکاتو دەپرسێت ئایا ئەم لایەنانە گشتیین یان پێچەوانەو بەرەنگاریان هەیەو بوونی ئافرەت ، وەکو شاتۆگرییەکی پڕ لە ڕەشەبای زۆرانی ماددیو بیری پێشاندەدەن رووکاری دووەم کە لەمەوبەر وتمان بە پێنووسی ناهەموار وێنەی ئافرەتی کورد دەکێشێ وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە دەداتەوە کە ئافرەتی کورد گیرۆدەی چەندەها دیاردەی نابەجێ بووە . ئاشکرایە کە ئادەمیزاد یان نێرینەیە یان مێیینەیە، کەوا بوو پێویستە کۆمەڵی دادپەروەر بە یەك تای تەرازوو مافیان هەڵبەنگێنێ

ئەمڕاستیە بەداخەوە لە ژیانی کوردەواریدا بەتەمو هەورێکی زۆر لێڵ بووە ، بۆ نمونە لە ژیانی کوردەواریدا بە جۆرێکی گشتی ئافرەت

(٢٥) دابو نەریتی کوردەکان ـ مەلا مەحمودی بایەزیدی ل٢٧ .

دەرهەق بە سۆزو هەستن کۆسپی[٣٦] : شیربایی و ژن بەژن و گەورە بە بچوك و ژن بەسەر هێنان ڕێگا بە ویستەمەنی ی دەگرن و وەکو شتو مەك یاخود کەل و پەل لە لایەن پیاوانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن .
بەم پێیە ژیانی کوردەواری جیاوازی زۆری لە نێوانی کوڕو کچدا وەکو شورەیەکی پۆلایی بنیات بۆ نموونە : «نەك تەنیا لە لادێکاندا ، بگرە لە زۆربەی شارەکانیاندا ، تەنانەت لە بنەماڵە پێشکەوتووەکانیشدا ئەو بایەخەی بە کچ نادرێ کە لەکاتی لەدایکبوونی (کوڕ)دا پێی ئەدرێ،

وەکو کوڕ شەوارەی بۆ ناگیرو گوێزەبانەی ناکرێ و ئاهەنگی ناونانی نی یەو تانانەت پێشکەوتنگی وەکو کوڕ بۆ نارازێنرێتەوە » کەوابوو ئافرەتی کورد لە یەکەم هەنگاوی ژیانیەوە لەچاو کوڕدا مافە راستەقینەکانی لە بەهەشتی خێزانەکەیدا پێشێل کراون ، ئەمجا لە ژیانی کوردەواری گشتیدا چاوەڕێ چ جۆرە پاداشتێك دەکات ؟.

نەریتە کۆمەڵایەتیەکانمان هەر لە مێژەوە دووپاتی دەکەنەوە کە ( ئافرەتی کورد ناتوانێ سەربەست هاوسەر بۆ خۆیان هەڵبژێرن ، وابا کچەکە توانای قسەکردنی نی یە . با کوڕەکەیشی بەدڵ نەبێ[٣٧] ) بێگومان ئەمە دەربارەی ژیانی شارستانە ، هەرچی کۆچەرو لادێیە ئەوە لەو وتنەیەوە نزیکە کە بە زمانی مەلا مەحمودی بایەزیدی یەوە گێڕامانەوە. هەروەها لە ژیانی کوردەواری ( ئێمەدا ئافرەت وەکو مرۆڤێك کار ئەکەت و

---

(٣٦) بڕوانە بنچینە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتی لادێ نیشینی برهان قانع ل٢.
(٣٧) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو .

ئەچەوسێتەوەو تێکەڵ بە هەموو ئێش و ئازارە کۆمەڵایەتیەکان ئەبێ ، بەڵام وەکو مرۆڤێك خاوەنی ڕاو سەربەستی و دیاریکردنی سەرئەنجامــی ژیانی خۆی نی یە)[28] لە ڕوانگەی باری ئابوری ئافرەتی کوردەوە ، بە ئافرەتی لادێنشین نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی مەسەلەیەکی ئابووری سەربەخۆی ناو خۆیی نە لە ماڵەباوان و لە ماڵە مێرددا هەروەها زۆر کەم ئافرەتی لادێ ــ نشین لە پاشماوەی کێڵگەوە زەوی و زارو باخ و خانووبەرەو ئاژەڵ و کەلو ــ پەلی ناوماڵ و پارەو زێڕو تفاقی پیاوان میراتی بەریکەوتایە ، یان پیدایەتی ، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردوو دەسەڵاتی یاساو شەریعەتی ئیسلام بێبەشیان نەکردوون • جگە لەم دیاردە ئابووریانە بورهــان قانیع شتی کەمــان بۆ دەگیڕێتەوەو گوایە ئافرەتــی کورد لە لادێدا: توانای شتکڕین و فرۆشتن و مامەڵەو مامەڵەکاری نەبووە ، ئەو سەربەستیەی نەدراوەتێ[29] • بــەڵای ئێمەوە شتەکە وا نی یە چونکە تاك و تەرایەك هــەر هەبووە جا کــە باری ئافرەت لە کۆڕی ئابووریدا وەها بێ هەڵبەت لە هۆیەکانی وەچنگ هێنانیی پێداویستی یەکانی ژیان زۆر جار بێ بەشە • فێربوون و ڕزگاربــوون لــە شەوەزەنگی نەخوێندەواریدا گرنگترینیی ئەو هۆیانەیە بۆیە تێبینــــی کراوە کە : زۆربەی ئافرەتەکانمان نەخوێندەوارن ، نە شارەزان نازانـــــن لە جیهاندا بەڵکو لە نیشتمانەکەی خۆیاندا چی هەیە ؟ چی ڕووئــەدات ؟ بۆچی وا ڕووئەدا ؟ نازانن بۆچی وا پاشکەوتوون ؟ یان چی بکـــەن تا پێشکوون ؟ ئەم دیاردە ناهەموارانە کــە بوونی ئافرەتی کوردمان دەخەنە

(٢٨) بنچینە کۆمەڵایەتیەکان ل٥ •

(٢٩) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١ •

جۆرە مەترسی‌یەکەوە لەگەڵ لایەنە باشەکانی ژیانی‌دا دەستەویەخە دەجەنگێن‌و زۆرانێکی بیری توندو تیژ بەرپادەکەن ، ئەم بارە ڕەنگە بە ڕوونی لە کێشەی پەچەو عەبادا بێتە بەرچاو .

ئەم کێشەیە بە لای ئێمەوە کە دوو وێنەی دژیەك بۆ ئافرەتی کورد دەکێشێت : وێنەی سەربەستی لە لادێ‌کانداو وێنەی بە پەچەو عەباوە لە زۆربەی شارەکاندا ، کە لە سەردەمی تورکەوە پەیدا بوون‌و هاتە نێو کوردستان نیشانەی ئەوەیە کە ژیانی کوردەواری لە کۆنەوە بە تەواوی پشتی لە ئافرەتی کردووە بەڵکو دەرفەتی ئەوەی داوە کە ڕۆڵی نەریت بگۆڕێ‌و زەمینەی ژیانی سەرفرازی بۆ ئافرەت دابین‌بکات .

ئەم زەمینەیە ــ بەلای ئێمەوە ــ پێویستی بە خەباتی بیری‌و کۆششی هونەری هەیە جلەوی ئەم جۆرە خەبات‌و کۆششە لە کۆڕی هۆنراوەدا بەدەستی شاعیرە کوردەکانمانەوەیە جا ، با بزانین ئەم شاعیرانە لە یەکەم ڕۆژی لەدایك‌بوونی هۆنراوەی کوردی‌یەوە چی‌یان کردووەو چ جۆرە بەرهەمێکیان دەربارەی ئافرەتی‌کورد رازاندۆتەوەو چۆن دەوری ئافرەتیان تیادا پێشانداوە .!!

## سەرەتای لەدایکبوونی هۆنراوەی ئافرەتی کورد :

تویژەران کە ئەدەب لە کۆترین سەردەمەوە دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە پرسیارێك دەکەنو دەپرسن : ئەدەب کـە دوو لقە هۆنراوەو پەخشـان کـام لـق لەوەی‌تـر کۆنتـرە ؟

ئەم تویژەرانە لە وەڵامی پرسیارەکەیاندا دوو کۆمەڵی جیاوازن :ـ کۆمەڵی یەکەم بۆچوونیان ئەوەیە کە لە جەستەی وێژەدا هۆنراوە لە رووی سەردەمی لەدایکبوونەوە لە پەخشان دێرین‌ترە .. واتە ئادەمیزاد لەسـەر ئەم زەوی‌یەدا بۆ یەکەمجار هۆنراوەی داهێنراوە .

د . طە حسین ئەم بۆچوونە دەگرێتەخۆیو هـۆی پەسەندکردنـی دەست‌نیشاندەکاتو دەڵێ : ( هۆنراوە سەردەمی پەیدا بوونی لە پەخشان کۆنترەو بەیەکەم دیاردەی هونەر لە قەڵەم دەدرێ ، چونکە پەیوەندیـی بە هەستو سۆزو ئەندێشەی ئادەمیزادەوە هەیەو ئەمتوا نایانە چ لە ژیانی مـرۆڤداو چ لە ژیانی کۆمەڵ لە بەرەبەیاتی ژیانەوە دێتە جۆشو وەکـو چەند هۆیەکی کاریگەر کار لە خەڵقی دەکـەن . کەچی پەخشان ئاکامـی مێشكو بیرکردنەوەو لێکدانەوەیە جا لەبەر ئەوەی ئەم چالاکانەی ئادە ـ میزاد لە قۆناغی ئۆقرەگرتنی کۆمەڵدا پەرەدەسێنێ پەخشان دوای تێپە ـ ربوونی سەردەمی بەرەبەیانی ژیانی ئادەمیزاد هەنگاو بە هەنگـاو لەگەڵ شارستانیتدا ملی رێگای هاتنەکایەوە دەگرێتەبەر[٣٠] .

---

(٣٠) في الادب الجاهلي :د. طه حسين ل٧ .

کۆمەڵی دووەم لەسەر ئەوە سوورن کە پەخشان بەر لە هۆنراوە لە زمینەی وێژەدا چاوهەڵهێناوەو بە دەقی جۆراوجۆر خۆی چەسپاندووە • ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنساوی[31] بلاشیر لە ڕیزی پێشـــەوەی ئەم کۆمەڵە دووپاتی دەکاتەوە کە ( بـەر لە پەیدابوونـی هۆنراوە جـۆرە پەخشانێکی هونـەری پەیـدابووە ) •

ئێمە ئەگەر بمانەوێت لە نێوانی ئەم دووکۆمەڵەدا تێبینی خۆمان ڕەچـاو بکەین بۆمان هەیە کە بڵێین : هۆنراوە لە رووی لەدایـك بوونەوە پێش پەخشان کەوتوو ، واتە پەخشانی هونەری،ئا،بەتایبەتی ئەگەر هاتو زانیمان کە هۆنراوە لە رووی کێش و سەرواوەو یاساو دەستووری تایبەتی خۆی هەیە پەخشانی هونەریش بە ئاوازی ڕاستەسازیو ترپەی دەربڕیـــنو وێنەی هونەری ڕازاوەتەوە، بەڵکو هۆنراوەو پەخشانی هونەری هەر ــ دووکیان لە جۆرە دارشتنێکی ئاخاوتنەوە پەیدابووە ئەمجـا وردە وردە ئەم جۆرە دارِشتنە پەرەی سەندووەو خەملیوەو بووە بە دوو لقی سەرەکیەوە هۆنراوەو پەخشانی هونەری • هەرچۆنێك بێت کێشەی کۆنی هۆنراوەو دێرینی پەخشانی هونەری لە لای چەند نووسەرێکـی کورددا دەنگـی داوەتەوە ، یەکێ لەم نووسەرانە علاءالدین سجـادی یە کـە وتوویەتی : (ئادەمیزادە سەروپێ رووتەکانی پێش تاریخ کە بە دارەکانا هەڵئەزنانو لەم لق بازدیان ئەدایە ئەو لق هاواریان ئەکرد:(ڕا ، ڕا ، ڕا ، بو ، بو ،بـو) ئا ئەم دەنگەی ئەوان بوو بە بناغەی ئەو ئەدەبە کە ئێستە ئێمە پێ ئەڵێین ( شیعر ) ئا ئەم دەنگە کە ئەوان گمە گمیان پێ ئەکرد لە هەڵپڕکێدا زیـرە زیریان پێ ئەکرد لە تورەییدا ، نرکە نرکیان پێ ئەکرد لە شەڕدا بوو بەم

(31) تاریخ الادب العربی: د• بلاشیر بەرگی دووەم ل ٣ •

قالبە کە ئێمە ئێستەوشەی جوانی قافیەداری پێدا ئەڕازێنین‌و ــەو وشانە تەعبیر لە خەیالآتی زۆر بەرز ئەدەینەوە کەوابوو شیعر یەکەمین پایـــەی ئەدەبە هەر هات‌و سەرکەوت هەتا وای لێ‌هات لە وجدانەوە پەلاماری‌دا بۆ ئەقڵ کە «نووسین ــ نثر فنی[٣٢]»یە تێبینیمان لەســـەر ئـەم وتەیـەی سوجادی سەرنج بـۆ ئەوە ڕادەکێشی کـە جوانی ئافـرەت‌و دڵداری‌و خۆشەویستـی وەکو سەرچاوەیەکی مەزنی هۆنراوە فـــەرامۆش‌کراوە .

هەرچۆنێك بێت تۆژینەوەکەمان لەبەر ئەوەی بابەتی هۆنراوەی کوردیە لە جیهانی ئافرەت‌دا، لەبەر ئەمە ، بەلای ئەم کێشە بیردۆزەیدا بەو جـــۆرە تێ‌دەپەڕێ‌و ئەمجـا دەپرسێت هونراوە ی کـوردی لای میللەتەکـەمان‌دا هەرچۆنێك‌لەدایك‌بوو‌بێت سەرەتای لەدایك‌بوونەکەی بە چ جۆرە دەقێك کە ئاگامان لێ‌یەتی‌و گەیشتۆتە ئێمە ؟ وەلآم دانەوەی ئەم پرسیارە ــ بەر لە هەمووشتێك ــ پێویستە هێما بۆ جۆرەکانی هۆنراوە لەڕووی کەسایەتی داهێنـــەرەکەی‌و توێژەرەکـان لەبەر تیشکی ئەم هێمایەدا هـــۆنراوە لەڕووی هونەرەوە بەسەر چوار جۆردا دابەش دەکەن :ــ

یەکەم : هۆنراوەی خودی‌و ویژدانی کە لە سۆزو هەڵچوون‌و هەست‌و نەستی خودی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ‌و دەبێتە گاوێنەی هـــەرە تایبەتی کەسایـــەتی شاعیـرەکەو وەکو ئاکامێکـی دەرەفتی ئەم کەسایەتی‌یـــە تەماشـــا دەکـــرێ .

دووەم : هونراوەی داستانی کە دانەرەکەی چ لە سەرەتاوە ناسراو بێ یان نەناسراو بێ بابەتێکی شەڕو شۆڕ یان حیکایەتێکی دڵـــداری لـە سەرچاوەیەکی نەتەوایەتی یەوە وەردەگرێت‌و ڕێکی دەخات‌و دەیهۆنێتەوە .

---

(٣٢) بڕوانە مێژووی ئەدەبی کوردی چاپی دووەم ل ٩٢ .

سێیەم : هۆنراوەی شاتۆگەری کە خاوەنەکەی کێشەیەکی مێـژووی یان کۆمەلآیەتی لەبەر تیشکی چەند تایبەتـی‌یەکی هونەری‌و لاســـایی کاری‌دا شی‌دەکاتــەوەو دەهۆنێتەوە •

چوارەم : هۆنراوەی فێرکردن « تعلیمی » کە شاعیرەکـەی بابەتێکی زانستی‌و زانیاری هەلدەبژێرێ‌و بۆ ئاسایی‌کردنـی لە کۆڕی فێرکردنـی شاگرداندا بەکێش‌و سەروا دەیهۆنێتەوە •

هۆنراوەی خودی‌و وێژدانی هەروەکو تیبینی دەکەین ــ چـــەند نووسەرێك ــ ی کورد لە سووچی کێشەی جیـــاوازی نێوان زاراوەی میللی‌و فۆلکلوری‌دا دەیخەنەبەرباس :ــ

بە وێنە زاراوەی هۆنراوە وەکو بەشێکی وێژە بــە گشتــی لـــەم سووچەدا باس‌دەکەن‌و دەلێن : (دیارترین جیاوازی لە نێوان ئەدەبی میللی‌و ئەدەبی فۆلکلۆری‌دا ئەوەیە کەوا ، خاوەنی یان بلێین دانەری ئەدەبەکـە میللی‌یەکە تاکە کەسێکەوە لەم سەردەمەش‌دا لە گەلێ بەرهەم‌و گـــەلێ کات‌دا ئەو کەسەش دیارە ، بەلام بەرهەمە فۆلکلۆریەکە نەخاوەنەکـــەی تاکە کەسێکی دیارەو نەمەرجیشە بەرهەمـی تاکـــە کەسێـك بـــێ ، بەلکو خاوەنەکەی گەلەو بەرهەمەکەش بە تێپەڕبوونیـــا بە ڕۆژگاراندا گەلێ کەس بەشداریی تیاکردووە ، جیاوازی‌یەکی تر ئەوەیە کـەوا بەرهەمی ئەدەبی‌ی فۆلکلوری شەقلی سەردەمی هاتنەبەرهەمی خۆی پێوە دیـــارە چونکە خەلکەکە بە سادیی هەستی دەروونی خۆیان دەربڕیوە کە ئـــەو دەربڕینە ئاوێنەی چۆنێتی‌ی ژیانی کۆمەلآیەتی‌یانە •

وەهەروەها جیاوازیــی ئەدەبی فۆلکلۆری لەگەل ئەدەبــی میللــی‌دا ئەوەیە کە ئەدەبی فۆلکلۆری ئەوەندە کاریگەرە کە ئەتوانێ دەمـــاو دەم‌و پشتاوپشت بمێنێتەوە وبژی‌و ، ببێ بە کەلەپوورێکـــــی نەتەوایەتـــی

لەم ڕووەوە (پۆگز) زیندوو بێو ئەوەندە بە توانا بێ کە بتوانێ لە ناو خەڵکدا بژی ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییەی توانای مانو ژیانی نەبێ نابێ بە ئەدەبی فۆلکلۆری بەلام بەرهەمی گەلی شاعیرو ئەدیبی میللی هەیە ، هەرچەندە بە هێزیش نەبن ( لەم سەردەمەد) بە هۆی چاپکردنەوە ئەمێنن‌و ناوی خاونە کەشیان ون نابێت ) ئێمە لێرەدا نامانەوێ زیاتر لەسەر ئەم جیاوازییە بڕۆین بەلام دووپاتی دەکەینەوە کە چەمکی زاراوەی هۆنراوەی هەروەکو لە نەخشەی تۆژینە- وەکەماندا دەستنیشان کراوە بەرهەمی کەسێ کە ناسراو بێ دەخاتە بەرباس‌و شی کردنەوە ، واتە هۆنراوەی خودی‌و ویژدانی چ هونەری بێت چ ساکارو میللی بێت • سەرئەنجام دێینەوە سەر پرسیارەکەمانو تێدە ـ کۆشین سەرەتای هۆنراوەی خودی وویژدانی کوردی دەستنیشان بکەین•

نووسەران چەند تێکۆشاوون بەنجە بخەنەسەر ئەو سەرەتایە بە هیچ جۆرێك نەگەیشتوونەتە بڕیارێکی زانستی دوور لە گومان :ـ

هەندێك لەم نووسەرانە ڕایان وایە کە بەرهەمی ئاڤێستا : ( کتێبە ئاینەکەی زەردەشت ) بە یەکەم تێشکی وێژەی کوردی لە قەڵەم دەدرێ ، چونکە زمانی ئەم کتێبە لەچاو زمانی فارسی لە زمانی کوردی- یەوە نزیك ترە ئەم ڕایە بەلای ئێمەوە رەنگە جینگای مشتومڕی توێژەران بێ ، بەلام بێگوما نبڕوا ناکەین پەیوەندیی

بە باس کردنی ئافرەتی کوردەوە هەبێت ، بۆیە هێما بۆ ئەو ڕایە دەکەین ، ئەمجا لەگەل بلەچ شێرکودا هەنگاوێك هەلدەگرین کە وتوویەتی : (زاناکان لە ژووروی ئێراندا دوو شوێنەواریان دۆزیوەتەوە ، هەریەکێکیان هەلبەستێکی لە سەر تۆمار کراوە ، هەلبەستی یەکەم هی شاعیرێکە بە ناوی پوراپوژو دووەمیان هی شاعیرێکی نەناسراوو هەردوو شاعیرەکە

له نێوانی ساڵانی (٣٣٠ـ٣٢٠ پ٠ز) ژیاون لـه کاتـی خۆیدا نووسەرە-
کان وایان دەزانی کە ئەو دوو شوێنە وارە فەوتاونو دوو هەڵبەستەکەیـان
ون بوون[٣٣] ، بەڵام لەم رۆژانەدا کـاك رێکێش ئامێـدی ئـەو دوو
هەڵبەستەی لە یاداشتەکانی دە بلیچ شێرکۆوە وەرکرتوو بڵاویانی کردەوە:

دەقی یەکەم هەڵبەستکە گوایە هی پوراپوژە دەڵێ[٣٤] :

| | |
|---|---|
| خوازدی ئەز تو بهیڤرا بیـن | بهیڤـرا هیریـن خورینیـی |
| وەردی بهیرین گـوترا بیـن | بانـگ دیـن بهیڤرا نارینی |
| دیونی ، گوترا هـی رابـوم | ئـاواز ژ چـر دخوینـی |
| فیرابیـلو بـە یابـان | هاوار ژ دەسـت ئەڤینـی |
| ئەز تو ، و تو یـەك ویـن | دیـزان چـوا دی دیتـی |
| ڤیـرا بیکـرا خوفتـەوین | بچرینـی ، یا بنڤینـی |

ناوەرۆکی ئەم پارچە هەڵبەستە ـ هەروەکو بزانین ـ بەگشتـی

وێنەی جۆرە دلداری‌یەکە بـۆ دلبەرێکی نازدار دەکێشی‌و پیشانی دەدات
کە هەستیاری ئەڤیندار خۆزگەی مەرگ پاش مردنی خۆشەویستەکـەی
دەخـوازێ •

هەڵبەستی دوومیش کە وتمان خاوەنەکـەی نەناسراوە دیسانـەوە
پەیوەندیی بە ئافرەتەوە هەیە چونکـە سترانەکـی دلداری‌یەو باسـی
خۆشەویستی دەکات‌و دەڵی[٣٥] :

---

(٣٣) بروانە الواقعیە في الادب الکردی ل ٥٥ـ٥٦ •

(٣٤) گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە چوار خولی سێیەم ١٩٨٦مایس ل١٨•

(٣٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٨ •

چاخێ روهلی (هیل) لە بنیا گولی
لە جوش و پەکمان ولی دلالی دلا
ئەنگشین (هیل) سوزترە وا راهمی گولی ؟
د دلا بووا (هیل) خوشترە وا : راخی گولی
گەردون ، وا ببە پەنا هسۆ پەنار وا گولی ؟
(هیل) ژو مەرا ببە هلیزو یار وا گولی ؟
دلا بووا (هیل) خوشترە وا : راخی گولی
دلا بووا (هیل) خوشترە وا : راخی گولی؟

هەندێ نووسەر ڕەنگە بڕوا بەڕاستیو دروستی ئەم دوو دەقە نەهێنێو لەسەر ئەوەدا سوور بێ کە دەستکردنو لەم ڕۆژانەدا بە درۆ سازکرابنو درابنە پاڵ ئەو سەردەمە دێرینە لە مێژووی هۆنراوی کوردیدا ، بەرپەرچ دانەوەی بۆچوونی ئەو نووسەرانە بە بەڵگەی زانستی کارێکی ئاسان نییە بەلام ئێمە لێرەدا بەجۆرێکی بڕیاری دەپرسین ئایا لەو سەردەمە دێرینەدا زمانی کوردی نەبووەو لە ژیانی کوردەواریدا ئافرەتی کورد شان بە شانی پیاوی کورد نەژیاوە ؟!

هیچ کەسێك پێی ناکرێ وەلامی ئەم پرسیارە بە نەڵێ بداتەوە ، کەوا بوو لەبەر ئەوەی زمانی کوردی هەبووەو میللەتی کورد بە چەشنێکی ئاسایی ژیاوە هەر دەبێ هۆنراوەی دلداری وەکو شنەی شەماڵی چیاکانی کوردستان فرمێسك بۆ دلبەری کۆچکەر لەم ژیانە ببارێنێو ئاوازی خۆشی بۆ شۆخێکی نازدار لە کاروانی ئافرەتانی کورد بژەنێ .

سەرئەنجام ڕەنگە بۆمان هەبێت کە بڵێین نزیکەی دوو هەزارو سێ سەد ساڵ لەمەوبەر مێژووی هۆنراوەی کوردی لە جیهانی ئافرەتدا درە ـ

خته‌كه‌ی به‌رهه‌می شیوه‌ن‌و به‌رهه‌می خۆشه‌ویستی بۆ كچه كوردی گرتووه‌.

هه‌رچۆنێك بێت ئه‌وه‌ی له دیوانی كـــورده‌واری‌وه به‌ده‌ستمـــان گه‌یشتووه ده‌یسه‌لمێنی كه له سالی (۳۳۰) ه‌وه ــ ۳۲۰پز ) مێـــژووی هۆنراوه‌ی كوردی هیچ هه‌لبه‌ستێكی ده‌رباره‌ی ئافره‌تی كـــورد تۆمار نه‌كردووه‌و هه‌رچی له‌م مێژووه‌وه هه‌نگاو به هه‌نگاو ده‌ستمـــان كـــه‌وتووه، دوو هه‌لبه‌ستـــن :ـ

هه‌لبه‌ستی یه‌كه‌م بابه‌ته‌كه‌ی پیری‌و رامیاری‌یه كه گـــوایه(۳٦) لـــه‌سه‌ر پارچه پێستێك‌دا تۆماركراوه‌و له ئه‌شكه‌وتی (هه‌زار مێرد)دا له نزیكی شاری سلێمانی دۆزراوه‌ته‌وه هه‌لبه‌ستی دووه‌م ناوه‌رۆكه‌كه‌ی په‌یوه‌ندی‌ی به باری نه‌ته‌وه‌ی كورده‌وه هه‌یه‌و شاعیرێك به ناوی ( بابا ڕوخی هه‌مه‌دانـــی )(۳۷) هۆنیوه‌ته‌وه كه له مانگی ئابی سالی ۸٤۱ز مال ئاوایی له‌م دونیایه‌ی كردووه‌.

ئه‌م دوو هۆنراوه‌یه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بابه‌ته‌كانیان په‌یوه‌ندیان به ئافره‌تی كورده‌وه نی‌یه ئه‌و هێمایه ده‌رباره‌یان تۆمار ده‌كه‌ین‌و هنگاوێكی تازه له‌گه‌ل مێژووی هۆنراوه‌ی كوردی له جیهانی ئافره‌ت‌دا هه‌لده‌گرین .

ئه‌م مێژووه به ده‌قی هۆنراوه‌یی نه‌ك به قســـه‌ی پیردۆزه‌یـــی دووپاتی ده‌كاته‌وه كه وێنه‌ی ئافره‌تی كورد به جۆرێكی ڕاســـت‌و دوور له گومانه‌وه له دووتوێ چوارینه‌كانی بابا تاهیری عوریان‌دا دێته‌به‌ر چاو (۹۳۵ــ۱۰۱۰ز)ـــ ئێمه هه‌رچه‌نده له تۆژینه‌وه‌كه‌مان‌دا كێشه‌كانی ئافره‌ت لـــه ناو جه‌رگه‌ی ده‌قه‌كانه‌وه وه‌چنگ‌ده‌هێنین‌و ملی ڕێگای قسه‌ی بێ‌به‌لگه ناگرینه‌به‌ر ژیانی

---

(۳٦) الواقعیه في الادب الكردی ل ٥٦ .

(۳۷) بروانه من مشكلات اللغه الكردیـــه وآدابهـــا د. كامل حسن البصیـــر ل ۱۰۷ .

نی‌یه ئه‌گه‌ر گوێ له دوکتۆر کوردستان موکری له‌م رووه‌و بگرین که باسی کێشه‌کانی ئافره‌تی کورد له هۆنراوه‌ی کوردی‌دا کردووه‌و وتوویه‌تی له باس کردنی کێشه‌ی ئافره‌ت‌دا له نێو هۆنراوه‌دا نابێ رۆلی شاعیرانی کوردمان له‌یادبکرێ ، کاتێ بویژه‌کان بۆیان ده‌رکه‌وت که‌وا ئافره‌تی کورد زێتر له پێویست چه‌وساوه‌ته‌وه‌و کلۆل‌و که‌نه‌فت‌و مال‌وێران‌و بێ‌ده‌ره‌تانه کوره‌ی ده‌روونیان هاته جۆش‌و خامه‌یان که‌وته‌کار ، ئه‌وه بوو هێقی ئاره‌زوو خۆشی‌و باری ناله‌باری کۆمه‌لایه‌تی ئافره‌تی کورد له نێو هۆنراوه‌کانی‌دا ره‌نگی داوه‌ته‌وه •

ئه‌ز له‌و باوه‌ره‌ش‌دام گه‌ر فاتمه خانی بابه‌تایه‌رو سه‌لما خانی مه‌لای جه‌زیری (١٤٠٧ ــ ١٤٨١)و ئامینه خانی بێ‌سارانی (١٦٤١ــ١٧٠٢) خاتوو عه‌نبه‌ری مه‌وله‌وی ١٨٠٦ــ١٨٨٢ ) نه‌بان ئه‌م بویژانه له ئاسمانی وێژه‌ی کوردی‌دا به‌م چه‌شنه نه‌ده‌دره‌وشانه‌وه‌و نه له گیتی هونه‌ردا به‌م راده‌یه نێودار نه‌ده‌بوون وه هۆنراوه‌کانیان به‌م ئه‌ندازه‌یه ده‌نگی نه‌ده‌دایه‌وه[٣٨] د• کوردستان دووبابه‌تی سه‌ره‌کی بۆ هۆنراوه‌ی کوردی ده‌رباره‌ی ئافره‌ت ده‌ست‌نیشان‌کردووه :

یه‌که‌م: بابه‌تی کۆمه‌لایه‌تی‌و دووه‌م: بابه‌تی دلداری‌و جوانی په‌رستی ، کریم شاره‌زا له‌م بوچوونه‌دا تا راده‌یه‌کی زۆر له د• کوردستان دوور ده‌که‌وێته‌وه‌و رای وایه که به هیچ جۆرێك شاعیره دێرن کارانمان باسی کێشه‌ی کۆمه‌لایه‌تی ئافره‌تیان‌نه‌کردووه ، سه‌رئه‌نجام ده‌لێ[٣٩] :

(مه‌لای جزیری‌و نالی‌و سه‌رجه‌می شاعیره کلاسیکی‌یه‌کانمان که

---

(٣٨) هۆنراوه‌ی ئافره‌تی کورد • د• کوردستان ل٧ •

(٣٩) ئافره‌ت له روانگه کۆن‌و شیعری هاوچه‌رخی کوردی‌یه‌وه کریم شاره‌زا • به‌یان ژ ٥٨ سالی ١٩٧٩ ل١٨ •

هێندە بە تەنگ جوانیو خۆشەویستی یارەوە بوون،ئایا قەت بیریان لە مافو ژیانی ئەو ئافرەتە مافخوراوە کردۆتەوەو لە تەنها تاکە شیعرێکیاندا دەریان بڕیوە ، نەخێر چونکە باری ژیانی ئافرەت بەند بووە بە واقیعە کـۆمەلایەتیو ئابووریەکەی تێییدا ژیاوە ، ئەدەبیش هەر ە هەمان ڕوانگەوە سەیـری ئافرەتـــی کـردووە ) .

دە کامل بصیر کە لەم کێشەیە دەکۆلێتەوەو زیاتر[40] سەرنجمان بـۆ چوێتی وێنەکێشانی ئافرەت لە ڕووی ڕەوانبێـژیو رەخنـــەسازیەوە ڕادەکێشیو بەگشتی دووپاتی دەکاتەوە کە هۆنراوەی کلاسیکی کوردی بە شێوازێکی وێنەسازی ناپەسەند دیمەنو هەڵسو کەوتـی ئافرەتی کـورد دەخـــــاتەڕوو .

هەرچونێكبێت بە گوێرەی ڕێبازە زانستیەکەمان کە پشـت بـە دەقی هۆنراوەیی دەبەستێ پەنا دەبەینەبەر مێژووی هۆنراوەی کـــوردی لە جیهانی ئافرەتدا دەپرسین ئەم مێژووە چیمان دەدا بەدەستـەوەو چـۆن ئەرکی شاعیرە کلاسیکیەکانمان لەم کۆڕە فراوانەدا دەخاتەڕوو .

---

(٤٠) گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە چوار خولی سێیەم مایسی ١٩٨٦ .

## هۆنراوەی کوردی لە نێوان بابەتی دلداریو سۆفێتیدا :

کۆترین هۆنراوەی کوردی کە لەبەردەستماندا بێ دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی (٣٣٠ — ٣٢٠پ٠ز) کە باسمانکرد ٠

ئەمجا چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان وەکو یەکەم بەرهەمی مێژوویی — دیوانی شیعر — بەدەستمان گەیشتووە ، دوای ئەمە نزیکەی هەزارو چوارسەد ساڵ دیوانی کوردەواری بێدەنگ بووەو هیچ جۆرە هۆنراوەیەکی بۆمان بەجێ نەهێشتووە ئێمە لەو باوەڕەداین کە گومان نییە دیوانی کوردەواری بە درێژایی هەموو ئەم سالآنە هۆنراوەی بۆ ئافرەتی کورد نەگوتووە بەڵکو ئەم دیوانە کوردەوارییە لەو جۆرە هەڵبەستە جمەی هاتوو، بەڵام لە بەر چەند هۆیەك مێژووی هۆنراوەی کوردی پێی نەکراوە بیپارێزێو لە چنگی فەوتانو نەمان رزگاری کا ٠

بەڵگەمان بۆ چەسپاندنی ئەم ڕاستییە لە چوارینو غزەلەکانی بابا تاهری عوریاندا ، دێتە بەرچاو چونکە ئەم چوارینو غزەلانە لە ڕووی ناوەرۆكو شێوەو کێشو سەرواو زمانی هونەرییەوە ئێجگار تەواوو پێگەیشتوون ، جا بەرهەمی وەها ناشێ هەنگاوی سەرەتای لەدایکبوونی هۆنراوەی کوردی پێك بهێنن بەڵکو — بێگومان — ئاکامی قۆناغێکی خەملاوی ئەم هۆنراوەیە دەنوێننو پێش مێژوویان بە سەدان ساڵ قوناغی جۆر بە جۆری هۆنراوەی کوردی هەبوونەو پەرەیان سەندووەو بە دەریان کەمو کوریدا تێپەڕیوون ، هەتا گەیشتوونەتە سەردەمی بابا تاهری عوریان ٠

هەرجۆتێك بێت با لێرەدا بپرسین بابا تاهری عوریان لە سووچێکی جیهانی ئافرەتی کورددا چ جۆرە ژیانیکی بردۆتەسەرو چۆن بە هۆنراوە ئەم جیهانەی ڕازاندۆتـــەوە .

هەرچـــی دەربارەی ئەم شاعیـــرە کـــوردە بە زمانی جۆر بـــە جۆر نووسراوەتەوە تیشکێك ناخەنە سەر ژیانو بەسەرهاتو سەرگوزشتەی بۆ نموونە مامۆستا علاءالدین سەجادی کە 'یکوشاوە بە وردی باســـی ژیانی بابا تاهر بکات تەنیـــا وتوویەتـــی ( بابا تاهـــیر شاعـــیرێکـــی کوردە لـــە بنەمالـــــەی ( لـــوڕ )ە)[41] .

ئەم وتەیە ئەلبەت هێمایەکە پێ ناکرێ پـــەردە لەسەر جۆنیەتی ژیانو پێ گەیشتنی شاعیر لابدات.(ئەدوەر براونیش)کە هەولیداوە سالی لەدایك بوونو مال ئاوایی کردنی بابا طاهر لەم جیهانـــە دەســـت نیشان بکات ، هەر ئەوەی پێ کراوە کە بلێ[42] : (ئەوەی دەربارەی بابا تاهر دەیزانین ، ئێجگار کەمە نووسەرە . فارسەکان لە دەست نیشان کردنـــی سەردەمەکەی بیروڕایان زۆر جیاوازە ، هەندێکیان ڕایان وایە کە لە سەرەتای ســـــەدەی یانزیەمی زایینیدا ( سەرەتای پێنجەمی کۆچی ) ژیاوەو هەندێکی تـــریان دەڵێن لە نیوەی دووەمی سەدەی دوازیەمی زایینیدا ( کۆتایـــی سەدەی حەوتەمی کۆچی ژیانی بردۆتە سەر .

ئەوەی لەم کێشەیەدا گرنگ بێت بابەتی چوارینو هەلبەستەکانی بابا تاهرە چونکە پێویستە بزانین کە ئەم بابەتە لەسەرەتاوە چی وبووەو چـــۆن لە دلداری یەوە پەرەی سەندووەو گۆڕاوەو بووە بە ڕەنگێکی تایبەتی کە لە

(٤١) علاء الدين سەجادی مێژووی ئەدەبی کوردی ــ چاپی دووەم ل ١٧٢ .
(٤٢) تاريخ الادب في ايران من الفردوسی الی السعدی ل ٣٤٢ .

دەروێشی و حەقناسین و سۆفیگەریدا پسپۆرە ؟

تیدەکات و دەپرسێت : بابا تاهری هەمەدانی لە چ قۆناغێکی تەمەنیدا موتەسەوف بووەو چۆن هۆنراوەی دڵداریتی وتۆتەوە ؟

مامۆستا علاء الدین سجادی تێکۆشاوە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە ، بۆیە وتوویەتی[٤٣] : ( بابا تاهیر ماوەیەك بەم جۆرە ڕای ئەبوێری و لە پاشا ئەو دڵەی کە فریشتەی سەرزەوی هۆشی لێسەندبوو سەودای عەشقی ڕاستەقینە شاباڵ ئەکێشێ بەسەریاو لە دەست کەمەندی مارەوان رزگاری ئەکا •

ئینجا رووئەکاتە ئەو مەیدانە کە نووری خوای تێدا بڵاوبۆتەوە لەو دەشتەدا بە سۆزی عەشقی یەزدان ئەسڕێتەوەو لە هەموو سوچێکی ئەم ئەرزو ئاسمانەدا بێجگە لەو کەسێکی تر نابینێ • وەکو ئەڵێ :

بە دەریا بنگەرەم دەریا تەوینەم بە سەحرا بنگەرەم سەحرا تە وینەم

بە هەرجا بنگەرم ، کوەو دەرو دەشت

نیشان ئەز رووی زێبای تۆ وینەم

ئاشکرایە کە مامۆستا علاء الدین سجادی لێرەدا بەرهەمەکانی بابا تاهری هەمەدانی بە دوو قۆناغی جیاوازو لە یەکتر پچراو پیشان دەدات : قۆناغی دڵداری وقۆناغی تصوف و لە نێوانی ئەم دوو قۆناغەدا شورەیەکی بابەتی و بیری و شێوازی بنیاتدەنێ •

د• کامل بصیر بەم جۆرە کێشەکە پیشان نادات ، بەڵکو هەردوو

---

(٤٣) علاءالدین سەجادی مێژووی ئەدەبی کوردی ــ چاپی دووەم ل١٧٤ •

قۆناغەکە بەیەکا دەبەستێتو[٤٤] دەیان‌کا بە ڕووکارێکــی یــەکدگیر ، چونکە سەرنەکەوتنی بابا طاهری هەمەدانی لە خۆشەویستی ئافرەتێــك بـــە هۆی ڕووکردنی بە جیهانی تصوف لە قەڵەم دەدات •

د• کامل بصیر ـ بەلای ئێمەوە ـ لەم بۆچوونەیەدا پشــت بـــەوە دەبەستێت کە زمانی هونەری دڵداری پاكو خاوێن هەمان زمانی هۆنراوەی سوفەو بابەتی ئەم جۆرە دڵداری‌یەو تصوف بەیەك ئەندێشەو ویــــەی هونەری دەربڕاون د• زەکی مبارك کە هەوڵی داوە زاراوەو واژە وشە ـ کانی شاعیرە متصوفەکان شی‌بکاتەوە[٤٥] ، سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشــێ کەرەسەی ئەم شاعیرە لە (الحب)وە (الهوی)و (العشق) سازکراون •

هەرچۆنێك بێت د• کامل بصیر بابا تاهری هــەمەدانی لــەو جۆرە دڵداری تصوفەدا بە سەرکردەی ڕێبازێك لە دیوانی کوردەواری‌دا دەزانێ•

ئەم ڕووکارە لە ڕووی تصوفەوە فلسەفی نی‌یە بەڵکو جۆرە دەروێش ـ یەکی سادەو ساکارە چوارینەکانی بە ناوەڕۆکی وەها شەپوڵ دەدەن کە[٤٦]:

(شەقلی کوردستانیان پێوەیە وەکو بە بەفرو بارانو کانیاو وجۆگەو گوڵالەسورەو نێرگزو هەڵالەو وەنەوشەوە قاسپە قاسپی کەو لەسەر نزارانی هەڵقولاون هەروەها چۆنیتی دڵداری کردنیش وەك ئەو دڵداری‌کردنەیە کــە «فۆلکلۆری لوڕی» هەتا ئیستاش دەماو دەم ئەیگێڕیتەوە ) •

بابا تاهیری دڵداری متصوف بەو جۆرە چوارینو غەزەلی دڵــداری‌و ئەڤینی یەزدانی‌ی هۆنیوەتەوە ، کێشەی سەرەکی لەم رووەوە لە پرسیارێك‌دا

---

(٤٤) کامەران شاعیر من کردستان د• کامل حسن البصیر ل٥ •

(٤٥) د• زکی مبارك التصوف الاسلامی فی الادب والاخلاق ل ٦٦ •

(٤٦) بابا تاهیر بوێژێکی چوار خشتەکی‌و دڵداری‌یە : گەنجینە ل١٢ـ١٣ •

جەمسەر دەبەستێ کە دەڵێ:ئایا ئەم شاعیرە دڵبەرێکی تایبەتی ی هـەبووە یاخود ئەڤینداری هەموو جوانی یەك بووە ؟

مامۆستـا علاءالدین سجـادی لـە ڕوانگەی پرسیاری وەهـــواە وتوویەتـی[٤٧] : ( بابا تاهیر لـە سەرتاەی ژیانیـا دڵی بە عەشقی دیمەنی مانگ ڕووەکانی هەمەدانی ڕەوشتیانو شۆخو شەنگی باڵا عەرعــەریان سۆزێکی دێوانەیی یان خستۆتـە کەللەیەوە ، لەناو ئەوانەدا « فـاتمە » ناوێك بە دوو چاوی مەستو دوو ئەبرۆی هیلالی یەوە بە دەنگدانی ئیمروزو سبەی کورەی دڵی بابا تاهەر دێنێتە جۆش و ئەیێتە هۆی ئـــەوە کـــە قاپی شیعری لێ ئەکرێتەوەو ئەڵێ :

دوو چەشمانت پیالە پرزو مەی بی خەراج ئەبروانت ملك ڕەی بی
هەمی وەعدە کونی ئیمروزو فەردا خودا دانە ، کی فردا تو کەی بی

ئەو شۆڕشە لە کەللەیا تەمو بوخار ئەکاو بەهەموو لایەکدا ئەیڕەتێنێ، دێوانەی ئەکاو بە چۆڵو هەردا بەڕەڵای ئەکاو ئەیخاتە سارای دەربەدەریو بێ جێگەیی تا وای لێدێ کە ئەڵـێ :

مـو ، ئان رەنـدەم کـــی تامـم بـی قەلەندەر
نەخــون دیرم ، نەمــون دیرم ، نـە لەنگـــەر
چۆ روز ئایـد بگـــــەردەم گــــــرد گیتـــــی
چـــو شەو ئاید بەخشتی وا نـە هـەمسـەر

علاء الدین سوجادی لێرەدا بۆچوتێکی دەستنیشان کراو ناخاتەڕوو

(٤٧) علاء الدین سجادی مێژووی ئەدەبی کوردی ــ چاپی دووەم ل١٧٤.

چونکه جارێك دەڵێ حەزی لە گشت ئافرەتە جوانەکانی هەمەدان و لورستانی کردووە جارێکی دی پەنجە بۆ ئافرەتێکی تایبەتی بەناو « فاتمە » درێژ دەکات .

ناوبردنی فاتمە وەکو تاقە دلبەرێکی بابا طاهری هەمەدانی کێشەیەکی زانستیمان ، دەخاتە رێگا ، چونکە لەگشت بلاوکراوەکانی بابا تاهیری هەمەدانی ، ناوی فاتمە ، چ لە چوارین و چ لە غەزەلەکانی داهاتووە ئەم راستییە وای لە ئێمەی کرد کە بەنا بەرینەبەر چەند دەستنووسێك وەکو کتێبی سەرئەنجام و دەفتەری رموزی یارستان سید قاسمی ئەفضەلی شاه ابراهیمی ، بەلکو بەرهەمێکی بابا تاهیر دەستکەوێت کە تێدا ناوی فاتمە هاتبێت ، بەلام پاش گەڕانێکی زۆر لەم جۆرە سەرچاوانەدا هیچمان وەچنگ نەهێنا .

سەرئەنجام پرسیاری زانستی ڕووی دەم دەکاتە ئەوانەی کە وتوویانە دلبەرەکەی بابا تاهیری هەمەدانی ناوی « فاتمە » بووەو لێ یان دەپرسێت : لە چ سەرچاوەیەکەوە ئەم بۆچوونەتان وەرگرتووە ؟
بەڕاستی وەلامی ئەم پرسیارە بەدەقێك هۆنراوەیی بابا تاهیری هەمەدانی نەدراوەتەوەو نادرێتەوە ، بۆیە ئێمە لێرەدا گریمانە دەڵێین : ڕەنگە ناوی دلدارەکەی بابا تاهیر ناوی «فاتمە» بووبێت و لە چوارین و غەزەلەکانی ئەم شاعیرە ناو « فاتمە » هاتبێت ، بەلام چاپکەرە فارسەکان هەلبەستەکانی بابا تاهیریان لەبەر هۆیەکی مەزهەبی ئەم ناوەیان کوژاند ـ بێتەوە چونکە ناوی کچی پێغەمبەرەو دایکی ئیمام حەسەن و حوسەینە ، یاخود لە نزیکی گوڕەکەیەوە کە گۆڕی (فاتمە لێرەو لەگەل فاتمە ناوێکی

تره میرزا عەلی نەقی کەوسەری ئەمانیش دەروێش بوون لەوێ دان)[٤٨] بەرچاوکەوتوون ، نووسەرەکان وایان زانیـــوه : یەکێـــك لـەم دوو فاتمـەیە دڵبـەرەکـەی بـووه •

هەروەها سەربەرێبازەکانی ئەهلی حەق بڕوایان وایـه کـه بیبـی فاتمه خوشکی بابا تاهیری هەمەدانی بووه ، کتێبی سەرئەنجام سەردانـی شای جیهانی لە تەکیەی بابا تاهیر لە هەمەداندا دەگێڕێتەوه ، مەبەسـت لە شـای جیهان بابا خوشینه ئەم گێڕانەوەیە دووپاتی دەکاتەوه کـه ( فاتمه دەیەوێت شوێنی شا بکەوێت ، سەری دەنێته سەر ڕانـیو گیان دەدات، شا لەبەر لەناوچونی فاتمه دڵخۆشیی بابا تاهیر دەداتەوەو بەڵێنیشـی پـێ دەدا کە وەکو مەجنونو لیلا لە ڕۆژی حەشردا بە فاتمەی شا دبکات)[٤٩] •

جا ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە ڕاستبێت ، بیبی فاتمه یان لێره فاتمـه ، یان فاتمه خوشکی بابا تاهیر بووەو بابا تاهیریش ناوی خوشکەکەی وەکو هێماو نیشانەیەکی سۆفیگەری بە سەرچاوەی ئەڤینداری زانیوەو بە هیچ جۆرێك دڵبەرێکی ئاسایی شاعیـر نەبـووه •

هەرچۆنێك بێت دیاره کێشەی دڵداریی بابا تاهیری هەمەدانی زۆر ئاڵۆزەو بەوه چارەسەری دەکەین کە لەمەوپێش وتمان لەلای ئەم شاعیـره کورده حەزکردن لە ئافرەتو ئەڤینداری تصوف وەها بەیەکـا چوونـــه تووێژەر ناتوانێـت سنووری جیاکەرەویان دەستنیشان بکات •

بابا تاهیری هەمەدانی لە چوارینو غەزەلەکانیدا دەڵبەرەکەی بە لیلی

---

(٤٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٤ـ١٧٥ •

(٤٩) بابا تاهیری هەمەدانی : احمد تاقانه لە تورکیـــەوه گۆڕیویەتی ، گۆڤاری بەیان ژماره ٩٧ تەموزی ١٩٨٥ ل ٦٩ •

دەشوبهێنیو خۆی بە مجنون لەقەڵەم دەدات ، بە وێنە وتوویەتی[٥٠] :ـ

زیوی زلف تـو مفتونم ای گـل   زرەنگ وروی تو دلخونم ای گـل
من عاشـق زعشقـت بی قرارم   تو چون لیلیو من مجنونم ای گـل

لێرەدا وشەی گوڵ خواستەو ئیستعارەیە بـۆ دلبـەرەکەی ئـەم جۆرە خواستەیە پیشانی دەدات کە بابا تاهیری هەمەدانی بە چاوێکـی پـڕ ڕێز تەماشای ئافرەتی کردوەو لەسەرچاوەی چەژەو چێژێکـــی جوانـی پەرستیەوە وێنەی دلداریی سازکردووە ٠

ئەم تێبینیە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە بابا تاهیری هەمەدانی ئەگەر هاتو لە ڕێبازی دلداری‌دا وەکو عوذریەکان رەفتاری کردبێـت بە رەنگو بۆونو بەرامەی ژێنگەی کوردەواری سۆزو هەڵچوونەکەی زاخاو داوە ٠ هەندێ نووسەری کورد[٥١] بە ڕاڤەکردن ویستوویانە بەرهەمێکی بابا تاهیر ببەستن بە هەمان ڕێبازەوە کە لەلای شاعیـــری عذری تۆبەو دلبەرەکەی لیلای ئەخیلیەدا باو بووە ، بەلام ئێمە سەرنجەکەمان دووپاتـ دەکەینەوە کە لەمەوبەر پێشکەشمان کرد ئەنجا دەچینە سەر کێشەیەکی دی کە فەرهەنگی کەرەسەی ووشەکانی هەستیارەکەمانە لـە ســــازکردنی هۆ براوەی[٥٢] دلداری بابا تاهیری هەمەدانی کە ئەڤینـــی خۆی وێنـە

(٥٠) دیوان بابا طاهر عوریان هەمەدانی ل ٣٤ ژمارەی چوارین ٦٦ ٠

(٥١) کاکەییـی : ل ٢٨ ٠

(٥٢) دیوان بابا تاهـر عوریان هەمەدانی : ل٢٤ـ چ٥ ، ل ٢٥ ـ چ٩ ، ل٢٧ ـ چ٢٣ ، ل٣٣ ـ چ٥٦ ، ل٤٣ ـ چ ١٢٩ ، ل٤٨ ـ چ١٦٢ ، ل ٥٣ ـ چ ٩١، ل ٦٥ ـ چ ٢٦٩ ، ل ٦٦ ـ چ ٢٧٤ ، ل٠٧٠ غزل

دەکێشێ وشەی: دلبر[٥٣]و (عزیز)(٥٤) و دۆست(٥٥)و یار(٥٦) و دلارا(٥٧) بۆ خـــۆشەویستەکەی بەکـار دەهێنـــێ •

دەربارەی خۆی کە ئەڤینەکەی وێنە دەکێشێ ، واژەی : (دڵدار)[٥٨] و (عاشق)[٥٩] و (مشتاق)(٦٠) بەکاردەهێنێ ، بەڵام کە پێوەندی نێـوانی خۆی و خۆشەویستەکەیدا دەخاتـــەڕوو چـــاوگی : ( عشق )[٦١]و ( عشقبازی )و[٦٢] و ( محبت )[٦٣] دەکـا بە دەستکـە لای‌دەستـی • ئەم کەرەسەیە بناغەی فەرهەنگی هـــۆنراوەی کلاسیکـــی کـوردی لـە

(٥٣) ل٢٥ – چ٧ ، ل٤١ – چ١١٣ ، ل٦٧ – چ ٢٨٤•
(٥٤) ل ٢٥ – چ٨ ،ل٢٩ – چ٣٢ ، ل٣١ – چ٤٣ ، ل٧٠غزل •
(٥٥) ل٢٥ – چ١٢ ، ل٢٨ – چ٣١ ، ل٢٩ – چ٣٦ ، ل٣٠ – چ ٤٠ ، ل٣٦ – چ٧٨ ، ل٣٨ – چ٨٦ ، ل٤٠ – چ١٠٥ ، ل٤٣ – چ١٢٨ ، ل٤٣ – چ١٣٠ ، ل٥٠ – چ١٨٩ ، ل٦٤ – چ٢٥٦ ، ل٢٤ – چ٢٥٧ ، ل٦٧ – چ٢٨٤ ، ل ٦٨ – چ٢٨٨ ، ل٧٨ غزل •
(٥٦) ل ٤٢ – چ ١٢٠ •
(٥٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٨ – چ٨٦ ، ل ٦٥ – چ٢٦٩ •
(٥٨) هەمان سەرچاوەی ل٢٧ – چ٢٠ ، ل ٣٤ – چ ٦٦ ، ل٤٩ – چ١٦٩، ل٥١ – چ١٧٧ ، ل ٥١ – چ ١٨١ ، ل ٥٦ – چ ٢١٢ ، ل٧٠ غزل •
(٥٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو : ل٧٠٠ غزل •
(٦٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو : ل٣١–٤٧ ، ل٣٢–چ ٥٠ ، ل ٣٣–چ٦٦، ل٣٨ – ٨٨ ، ل٤٣ – چ ١١٦ ، ل٤٩ – چ ١٦٩ ، ل٥٣ –چ١٩٧ ، ل٥٨ – چ ٢٢٠ ، ل ٩٧ – چ ٢٨٣ ، ل٧٠ غزل ، ل٧٠ غزل،ل٧١غزل•
(٦١) هەمان سەرچاوەی پێشوو : ل٢٧ – چ ٢٢ •

جیهانی ئافرەتدا بنیاتدەنێو دەبێ بە ماکی زمانی هۆنراوەی شاعیرە کلاسیکی یە کوردەکان بەگشت زارەکانیانەوە واتە زاری لوڕیو زاری گۆرانیو زاری کرمانجی ژووروو و زاری گرمانجی خواروو •

ئەم کەرەسەیە کە بەلای ئێمەوە چوار چێوەی دلداری نەخشە دەکێشی بابا تاهیری عوریان بە دەربڕینی جۆربەجۆر بناغەکەی بەرزکردۆتەوە ، ئەم دەربڕینانە ، بە زۆری لەم ڕستەو دەستەواژەووشەی سەرباردا دێنە بەرچاو ! ــ ( غم عشق ، هەوای بەخت ، خاکی برسە ر، چون سوزی، (عشقبازی)(٦٢)و ( محبت)(٦٣) دەکا بە دەستکەلای دەستی •

ئەم کەرەسەیە بناغەی فەرهەنگی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی لە گریبانو دامون ، سوزی ، سەبز ڕەنگی ، دیدم ، در دامن خار ، نالێن از سر سوز ، گریەو زاری کرە دل ، گرفتار دل ، گولو سنبل بدیدار تە چینم ، چو لالە بی وفا بو ، گرفتار دو دەردیم ، زعشقت ئاتشی در بو تە دیرم ، در ان ئاتش دلو جان سوتە دیرم ، سگت گر یازید برچشم ایدوست ، بمژگان خاك راهش روتە دیرم ، دلم از درد تە دایم خوونە ؛ صحراوی عشق ، دەردە دلم ، دل مو سوتە ، مهر تە آذر ، دلم••کەمینالد زغم هر صبح گائی ، ز هجرت •• دست حسرت بر سرك بی ، همە شو دیدە مو تا سحرگا بو راە تە ، بجز شمعم ببالین همدمی نیست ، شوانم آه از چشمان بریجی ، بدام دلداری دل ، مبتلایی ، هجرانش بلا وصلش بلا بی دراین ویرانە جز دلخون ندیدەم ، آتش فەم ، سوز عشق ، ندارە کە عشق نداره مردە اولی ، آتش عشق ، ملك عشق ، صورت پرستم ،

(٦٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو : ل٢٦ ــ چ ١٦ ، ل ٦٠ ــ چ ٢٢٩ ،ل٦٢ــ چ ٢٤٧، ل ٨١ غزل •

ز هجرت نالەو فریاد دیرم ، روی تە باغو بهارم ، خیالت مونس شبهای تارم ، بچشموونـم نمانده روشنــای )[٦٣] :

ئاشکرایە کە بەم دەربڕینانە ناوەرۆکی هۆنراوەی کلاسیکی لە سۆزو هەڵچونو واتاو بیرۆکە سازکراوەو ئـەم ناوەرۆکە سەرچاوەی زوربـەی شاعیرە دڵدارەکانە ،چونکە زۆر جار هەمان ناوەرۆکیان دووبارە کردۆتەوە.

بابا تاهیری عوریان لەڕووی ڕەوانبێژیو سازکردنی وێنەی هونەری ـ یەوە پەنای بردۆتــە بەر ئەو کەرەسە دەگمەنە کاریگەرییەو باری خــۆیو دڵپەرەکەی لە جیهانی ئافرەتی کوردەواریدا چەسپاندووە :ـ

بڕیاری گشتیمان دەربارەی ئەم زمانە هونەرییە دووباتــی دەکاتەوە کــە بە گشت شێوازەکانی رەوانبێــژی بەگشتــیو ڕوون بێژی بەتایبەتی جمــەی هاتــووە :ـ

لە کوڕی لێکچواندن دا بابا تاهیری عوریان هونەرمەندێکــی سنعەتکارە ، بۆیە دەتوانین هەموو نموونەکانــی ئەم لــە چــوارینو غەزەلەکانــیدا بدۆزینــەوە .

---

(٦٣) بڕوانە دیوان بابا طاهر عریان همدانی ل٢٨ — چ ٢٦ ، ل ٤٨ — چ١٥٨، ل ٢٨—چ٢٨ ، ل ٣١ — چ٤٣ ، ل ٣٢ — چ ٥٠ ، ل — ٣٤—چ٦٤ ، ل٣٦ — چ ٧٤ ، ل ٣٨ — چ ٨٧ ، ل ٣٩ — چ ٩٥ ، ل٤١ — چ١١٣، ل٤٢ — چ١١٦ ، ل ٤٩ — چ ١٦٦ ، ل ٥٠ — چ ١٧١ ، ل ٥١—١٧٥، ل ٥٣ — چ ١٩١ ، ل ٥٨ — چ ٢٢٩ ، ل ٦٠ — چ ٢٢٨ ، ل ٦١— چ ٢٣٥ ، ل ٦١ — چ ٢٣٧ ، ل ٦٥ — چ ٢٦٤ ، ل ٦٥ —چ ٢٧١ ، ل٦٧ — چ٢٨٢ ، ل ٦٧ — چ ٢٨٣ ، ل ٦٨ — چ ٢٩٠ ، ل ٧٠غـزل ل٧٧ — چ ٢٧ ، ل ٧٧ — چ ٢٩ ، ل ٨٠ — چ ٥٣ .

بۆ بەڵگە چوارینی هەیە کە چوار ڕەگەزەکەی لێکچواندن واتــە لێچووو لەو چووو ئامرازو وێنەی لێکچواندن تێدا بەرچاودەکــەوێ ، بەوێنە ئەم چوارینە کە تێدا وتویەتی(٦٤) :

سـەری کوهـی بلنـد چەندان نشینـــــم
کـە لالــە ســەردەرارە مــــوو بچینم
چـو لالــە بـیوەفا بـوو بی وەفــا بـــوو
نگــاری بـیوەفــا مـوو چـون گوزینـم

لێرەدا دلبەرەکە لێچووەو (لالە) لەو چووەو (چوو) ئامرازی لێک ـ چواندنەو (بێوەفا) وێنەی لێکچوواندنە • نموونەی لێکچوانــدن کــە ئامرازەکەی نەبێــتو ئاشکرا دەبن کە دەڵێ(٦٥) :

دوو چەشمونــت پیالــە پڕزومــەی بــــی
دوو زولفــونت خــەراجی مولکـــی ڕەی بـــی
هەمــی وەعــدە کەری ئەمــروزو فـــــەردا
نــەزونــەم مو کــە فــەردایی تــو کەی بـــی

وشەی (دوو چەشمون) لێچووەو وشەی (پیاڵە) لەو چووەو دەربرینی ( پڕ زومەی )وێنەی لێکچواندنە بەلام ئامرازی لێکچواندن بۆ جــۆرە

---

(٦٤) گەنجینـــــە ل ٩٦ •
(٦٥) هەمــان سەرچـاوە ل ١٠٢ •

زیادڕۆیـــەك فـــرێ دراوە •

نسونەی لێكچواندن كە تەنیا لێچووو لەوچوو تێدا هاتووە ، ئـــەم چوارینـــەیە كـــە دەڵـــێ :ـ(٦٦)

غـــەمم غـــەم بـــیو غەمخواری دلـــم غـــــەم
غـــەمم هـــەم مونـــسو هـــەم یارو هـــەم دەم
غەمـــــم ئەهلـــە كـــە مـــو تەنهـــا نیشینـــەم
مەریـــزە بارك اللـــە مەرحـــەبا غـــــەم

لەم چوارینەدا ئەندێشەی شاعیر وەها بە باڵی ئێشو ئازار دەفـرێ غەمـــی دڵی بە ( مونس )و بە ( یار )و بە (هاودەم) دەشوبهێنـــــێ • بابا تاهیری هەمەدانی بەڕاستی لەم هونەرەیە ئیجگار هونەرمەنـــدە ، تەنانەت ئەو جۆرە لێكچواندنە ساز دەكات كە لە بەلاغەی عەرەبـــــیدا بـــە زاراوەی ( التشبیه الضمنی ) واتە لێكچواندنـــی هەســـتپێكـــراو سازدەكات ، بەوێنەی ئەم چوارینە كە دەڵێت(٦٧) :

مو كـــز ســـــوتە دلانـــم چـــون نەنالـــــم
مو كیـــز بـــی حاصلانم چـــــون نەنالـــم
نشتـــە بولبـــولان باگـــول بنالەنـــــــد
مـــــو كـــی دور ئـــەز گولانـــم چـــون نەنالم

بەم دیمەنە هەستدەكەین كە بابا تاهیری عوریان لە ناڵیندا خۆی بە بولبول دەزانیو خۆشەویستەكـــەی لە جوانیدا بە گوڵ •

---

(٦٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣١ •
(٦٧) بڕوانـــە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٠ •

خالی سەرەکی لە وێنە هونەرییەکانی بابا تاهیر کە بە شێوازی لێک ـ چواندن دێنەبەرچاوو هەست لەژینگەی کوردەوارییەوە هەلقولاونو بە چەزەو چێژێکی بەرز لەشو لارو هەلسو کەوتی دلبەرەکەی وێنە ـ دەکێشی ، بۆ نموونە با سەرنج لەم چوارینە بدەین کە دەلێ[٦٨] :ـ

ئـەلالەی کوهسارانـم تەئی یـار
بنەفشـەی جـو کنارانـم تەئـی یـار
ئـەلالـەی کوهسـاران هەفتەیـی بی
ئومیـدی روزگـارانم تەئـی یـار

شاعیر کە بە دلو بەگیان دەلبەرەکەی خۆشدەوێ ، دیارە بە هەمان پێوانە نیشتمانەکەیشی خۆشدەوی ، بۆیە لە جوانێ ئەم نیشتمانەوە کەرەسەی وێنەکێشانی ئەم خۆشەویستییە بەرزە دەخاتە ڕوو .

سەرئەنجام دەربڕینی (ئەلالەی کوهساران)و ( بنەفشەی جوکەناران ) دەکا بە وێنەی بەرانبەری دلبەرەکەیو وامان لێدەکات کەیادی بەهاری ژینگەکەی بابا تاهیرو جوانی دلبەرەکەی هەتا هەتایە بکەینەوە .

جا بۆ ئەوەی نرخی ئەم جۆرە هونەرەی بابا تاهیری عوریان بزانین، لێرەدا هێما بۆ ئەوە دەکەین کە لەمەودوا زۆربەی شاعیرە کلاسیکەکانی کورد ، بە دەربڕینی ئاهونەری وێنەی عشـقبازی خۆشەویستە دەستکردەکانیان دەکێشن .

هەرچۆنێکبێت بابا تاهیر لە کـۆڕی روون بیژیدا گشت[٦٩]

---

(٦٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٢ .
(٦٩) بڕوانە هەمان سەرچاوی پێشوو ل ٢٨ ، ل ٩٨ .

جۆرەکانی خوازەی بەرڵلا واتە ( المجاز المرسل ) لـە جیهانی ئافـرەتدا بەکارئەهێنێ ، بە وێنەی ئەم چوارینە کە دەڵێ[٧٠] :

خوش ان ساعـەت کە دیداری تـو وینـم
کەمەندی عەنبـەرین تـاری تـو وینـم
نەوینـە خوررەمـی هەرگیـز دلـی مـوو
مەگـەر ان دەم کە روخـاری تو وینـم

وشەی ( زوخسار ) لـەم چوارینەدا خوازەی بەرەڵلایە لەسەر بناغەی بەکارهێنانی بەشێك لە جیاتی هەمووی سازکراوە : واتە مەبەسـت لـە روخسار هەموو لەش و لاری خۆشەویستەکەیەتی .

بابا تاهیر لە هونەری خواستەدا دیسانـەوە بە شێـوازە جۆربـە جۆرەکەی[٧١] هونەرمەندانە جیهانی ئافرەتی کورد دەڕازێنێتـەوە ، بـە نمـوونەی ئەم چوارینە کـە دەڵێ[٧٢] :

شوانم خواب در مرز گـلان کرد گلم واچیدو خـوابم رازیان کـرد
باغبان دید کـە مو گول دوسـت هزاران خار بر گل پاسبان کـرد

لەم دیمەنە ئێجگار هونەرییەدا هەستیارەکەمان ووشەی ( گول )ی بۆ دەربڕین لە دڵبەرەکەی خواستووە بە ئەندێشەیەکـی هونەرمەندانـە خواستەکەی چەسپاندووەو وێنەی زۆرانی ڕەقیبان و ناحەزان لە دڵدارێکی

(٧٠) هەمان سـەرچاوەی پێشوو ل ٤٥ .
(٧١) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٥ ، ل ١٠٠ .
(٧٢) هەمـان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٩ .

پاڵدا خستوّته گر ، بۆیه به هه‌مان ئه‌ندێشه وشـه (باغبان)ی برانبـه‌ر به ناحه‌زان له‌سه‌ر بناغه‌ی خواسته‌دا به‌کارهێناوه‌و خراپه‌کاری‌یه‌کان بـه ده‌ربڕینی ( خار)کێشاوه •

ئه‌م جۆره دیمه‌ن‌سازی‌یه به شێوازی خواسته به‌ڵگه‌یه‌کی گرنگـه که زمانی هونه‌ری هۆنراوه‌ی کوردی له‌و مێژووه دێرینه‌دا به چوارینه‌کانی بابا تاهیر له جیهانی ئافره‌تدا ڕه‌گ‌و ڕیشه‌ی داکـوتاوه‌و سـه وزووه‌و له‌مه‌ودوا ده‌بینیـن لـه لای شاعیـره کلاسیکیـه هاوچه‌رخه‌کانماندا لـق‌و پۆپـی هاوێشتـووه •

بابا تاهیری عوریانی له هه‌مان ڕێچکه‌وه جۆره‌کانی درکه[٧٣] واتـه : (کنایه) له چوارینه‌کانی‌دا به‌کارهێنـاوه بۆ نموونه ، با سـه‌رنج لـه‌م چـوارینه بـده‌ین کـه ده‌ڵـی[٧٤] :ـ

بـوره سوتـه دلان تا مـا بنالیـم
زو ده‌ستـی یاری بـی‌په‌روا بنالیـم
بشیـم با بولبولـی شه‌یدا بـه گولشـه‌ن
ئه‌گـه‌ر بولبـول نه‌نالـه ما بنالیـم

ده‌ربڕینی ( سوته دلان ) له‌م چوارینـه‌دا درکه‌یه بۆ واتای دڵدارانی ستـه‌م لێکـراوان •

(٧٣) بڕوانه هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو ل ٣٣ ، ل ٥٠ ، ل ٧٨ •
(٧٤) هه‌مـان سه‌رچاوه‌ی پێشوو ل ٢٩ •

بابا تاهیری عوریان هەرچەند بەو شێوازانەی ڕونێژی چوارینەکانی ڕازاندۆتەوە وەنەبێ زمانە هونەری یەکەی بە پچرپچری سازکردێـــت ، بەڵکو ئەم زمانە بە دەربڕینی ڕەنگاوڕەنگ[٧٥] لە زەمینەی یەکچـوارین‌دا بە زۆری دیمەنی یەککرتووی هێناوەتە بەرهەم ، بۆ بەڵگە با ســــەرنج لەم چوارینە بدەین کە دەڵـــێ[٧٦] :ـ

ســــەرم سەودایـی گیسـوی تـــە دارە
دڵـم میهـــری مەهـــی روویی تـــە دارە
ئەگەر چەشمـم بە ماهی نـەو کەرەمەیـل
نـەزەر بـەر تاقـی ئەبرویــی تـــە دارە

لەم چوارینەدا بابا تاهیر دڵی بە ڕووی خۆشەویستەکەی لێـك ـ چواندووە ، هەروەها وشەی ، مەهی وەکو خواستەیەك بۆ جوانـی دەم‌و چاوی دڵبەرەکەی سازکردووە • جگە لەمە ئەبرۆی خۆشەویستەکەی بـە تاقی زانیوە ، بەم پێیە بەم دەربڕینانە دیمەنێك بۆ خۆی‌و خۆشەویستەکەی و سۆزی ئەڤینی ئەنجام داوە • ئێمە کە بەم ڕیبارە زمانی هونەری بابا تاهیر شی‌دەکەینەوە بەرەنگاری پرسیارێك دەبین کە لێمان دەپرسێت : ئـــەم هەستیارە کوردە چۆن ڕوانیوەتە پلەو نرخی هەمەڕەنگەی دڵبەرەکەی ؟

لەم ڕووەوە چوارین‌و غەزەلەکانی بابا تاهیر دوو دیاردەی دژێـــەك دەخەنە بەردەستمان :

یەکەم: دیاردەی ڕێزگرتن لە ئافرەت‌و وێنەکێشانی وەکو پەری‌یەکی سەر

---

(٧٥) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٩ ، ل ٥٥ ، ل ٩١ •
(٧٦) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٦٩ •

رەوی ، بۆ بەڵگە لە غەزەلێکیدا وتوویەتی[٧٧] :

در این دنیا یتیمم بی تە گوئی چـو طفـل بی پدر بی مادرستم

شاعیر خۆی لەبەردەستی یارەکەی بە منداڵ دەزانیو چۆن منداڵ لە هەموو روێکەوە پێویستیی بە دایكو باوك هەیە ئەمیش خۆی بە خاوەنی پێدا ـ ویستی لەقەڵەمدەدات ، جا ئەگەر بۆ سەرچاوەی ئەم جۆرە پلەو شوێنـەی ئافرەت لای بابا تاهیری عوریاندا بگەڕێین دەتوانین پەنجە بـۆ ئـــەوە ڕابکێشین کە بینیمان چۆن کۆمەڵی کوردەواری ڕێـــز لە ئافرەتـــی کـــورد دەگـــرێ •

شاعیـر لـە هەمان ڕێچکەوە ئەوپەڕی خۆشەویستی بەرانبەر بە دڵبەرەکەی دەنوێنـێ بۆیـە لە چوارینێکیدا دەڵـی[٧٨] :

عزیزا کاسە چشمـــم سرایت میـان هـردو چشمم خاك پایـت
از آن ترسم کە غافـل پانهـی‌باز نشینـد خار مژگانـم بپایـــت

لێرەدا ( چاو ) کە بە کەلکترین ئەندامانی لەش دەژمێردرێـــت ، شاعیر دەیکـا بە قوربانی بەر پێیی خۆشەویستەکەیو لـە برژانگەکانی ەترسێ نەوەك زیان بـە دڵبەرەکـەی گەیەنێت •

(٧٧) دیوان بابا طاهر عوریان هەمەدانی ل ٧٠ •
(٧٨) دیوان بابا طاهر عوریان هەمەدانی ل٢٥ـج٧ •

د. كامل بصير[٧٩] كه له واتاو وێنه هونه‌ری‌یه‌كانــــی شاعیــــره كلاسیكــــی‌یه‌كان ده‌كۆڵێته‌وه سه‌رنجمان بــۆ ئه‌وه ڕاده‌كێشــێ كه ئه‌م شاعیرانه به پێچـــه‌وانه‌ی بابا تاهیره‌وه ئه‌ندامانی له‌شــی ئافره‌ت بــه تیروكه‌وان‌و شمشێر نه‌خشه ده‌كێشــن .

ئه‌م تێبینی‌یه‌ی دوكتۆر ناشێ ئه‌وه بگه‌یه‌نێ كه بابا تاهیری عــوریان هه‌میشه به‌و چاوه ته‌ماشای دلبه‌ره‌كه‌ی كردووه‌و وێنــــه‌ی دلــداری‌و خۆشه‌ویستی‌ی كێشاوه ، بــۆ به‌ڵگه با سه‌رنج لــه‌م چوارینــه بــده‌ین كــه ده‌لێــــت[٨٠] :ــ

ئــه‌لالــه‌ی كۆهساران هه‌فته‌یــی بــــی
بنه‌فشــه‌ی جوكه‌ناران هه‌فته‌یــی بــــی
منــادی میكــه‌ره‌د شه‌هــرو بــه شه‌هــرو
وه‌فایــــی كولعوزاران هه‌فتــه‌یی بــــی

لێره‌دا بابا تاهیر هه‌رچه‌ند به‌گشتی وه‌فای گولعوزاران به هه‌فته‌یه‌ك ده‌زانێ ، به‌ڵام له هه‌مان كاتدا پیشان ده‌دات كه ئافره‌تــی دلبه‌ر بێ‌وه‌فایه. كه‌وا بوو به‌م چوارینه دیارده‌ی دووه‌م له جیهانی ئافره‌تدا دێته‌به‌رچاو كه وێنه‌ی دلبه‌رو خۆشه‌ویستی‌و دلداری به ئاكامێكی زیانبه‌خش‌و بێ‌ســوود ده‌زانێت ، بۆ نموونه با سه‌رنج له‌م چوارینه بده‌ین كه ده‌لێ[٨١] :ــ

---

(٧٩) بڕوانه كتێبــی من قضايا المراه ل ٥٨.
(٨٠) گه‌نجینــــــه ل ٤٢ .
(٨١) گه‌نجینــــــه ل ٨٣ .

دل ئـەز دەستـی غەمت زیـرو زەبەر بـی

دوو چەشمانـم پـڕ ئەز خونی جگەر بـی

هـر ان یاری عەزیـز ژنازوەر بـــی

دلەش پرغصـە جانـەش پرشەرەر بـی

بەم جۆرە دلی شاعیر لە دەستی دلبەرەکەی زیرو زەبەرەو چاوەکانـی پڕ لە خوێنی جگەرەو ئەو دلبەرە جگە لە ئازاردانی هیـچ ڕەفتارێکـی لەگەلـیدا ناکـات •

ئەم جۆرە ڕرحپێدانەی دلبەرو خۆشەویستی ئەو لایەنەپیشـان دەدات کە لەمەوبەر بینیمان لە کۆمەلی کوردەواریدا لە نرخی ئافرەت دەشکێنێت• بابا تاهیری هەمەدانیش کە ئەم دیارەدەیە دووپاتدەکاتەوە ڕێگا بۆ شاعیرە کلاسیکیەکان تەخت دەکـات کـە بەوێنـەی نابەجـێ باسـی ئافرەتی دلبەر دەکـەن(*) •

بابا باهیری عورێان کە بەو دوورو درێژییە باسی جوانی خۆشـە - ویستیو ڕەفتاری ئافرەتی کورد دەکات بە هیچ جـۆرێك ئاورێك لـە کێشەی کۆمەلایەتیو خێزانـی وبیـری ناداتەوە •

سەرئەنجام ئەم شاعیرە کلاسیکیە کوردە تەنها لـە سووچێکـی تەنگەبەری جیهانی ئافرەتدا پێنووسەکەی ڕاگرتووەو بە دەوروبـەری خواوەندی دلـداریدا سـووراوەتـەوە •

---

(*) هەرپەند ئەم جۆرە وێنانە لەو کاتەدا زۆر جوان و پەسەند بوونە •

## مـــــــەلای جزیــری[٨٢]

١٤٠٧ — ١٤٨١ز

### یەکدگیریی دلداری‌و تصوف لەلای مەلای جزیری

بەپێی لێکدانەوەو پشکنینی زنجیرەی دیوانی شعیرە کلاسیکی ـ یەکانمان ، بۆمان ساغ‌بۆتەوە ، کەدووا بە دووای مردنــی بابا تاهــیری عوریان سالی (١٠١٠ز) بۆ نزیکەی چوارسەد سال هیچ بـــەرهەمێکی هۆنراوەی کوردیمان نەکەوتۆتە دەست کە لە چنگی نەمان رزگاری بووبێ•

ئەم ڕاستی‌یە مێژووی‌یە بە زۆرە ملێ وامان لێ‌دەکات پاش بابا تاهیری عوریان ببێینەسەر شاعیری پایەبەرزی کورد مەلای جەزیری کە سەیــر ـــ دەکەین بە شێوەیەکی گشتی ، دەمانگەیەنێتە بابەتی دلداری‌و تصوف کە ئاکامی ڕێگای دل‌و هەستە • دیارە ئەم بابەتە سروشتی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی‌یە ، هەروەها هێمادەکات بۆ بەرهەمی شاعیرە موسلمانەکان لــەم قۆناغەدا دەیگێڕنەوە[٨٣] •

مەولانار ڕۆمی فەرموویە : صۆفی کە عیشقی مەجازی نەچێشتبــێ گایەکــی میــزەر بەســـــەرە •

چامی دەلێ : لاوێك داوای لە پیاوێکی خودایی کرد ، لە عیــرفاندا مامۆستای بێ ، لێی‌پرسی : هەرگیز گیرۆدەی داوی ئەوینی جوانان بوی؟ گوتی :نەخێر گوتی : بڕۆ ببە عاشق ، ئەوسا وەرە تا بە شاگردت وەرگرم)•

---

(٨٢) بۆ سالی لەدایك‌بوون‌و بەسەرهاتی ژیانی شاعیر بڕوانە ـــ علاء الدین سەجادی ـــ مێژووی ئەدەبی کوردی ـــ چاپی دووەم ل ١٧٩ •

(٨٣) دیوانی عارفی رەبانی شیخ احمدی جزیری ل ١١ •

هەرچۆنێك بێت، با بزانین مەلای جزیری کێیەو چ جـــــۆرە ژیانێکـی بردۆتە ســــەر ؟

گەلێ لەو نووسەرانەی(٨٤) کە خۆیان بە توێژینەوەی هۆنراوەوە خەریك کردووە ، لە بارەی مەلای جزیری یەوە زۆریان نووسیوەو •

هەولیانداوە ئەو لێلی‌و تاریکی‌یەی کە لە ژیانی ئەم شاعیرەدا هەیـە بڕەوێنن‌و بچنە بن‌و بنەوانی ژیان‌و هەلبەستکانـی یەوە هەژار کە باسـی ژیانی مەلامان بۆ دەکات دەلـێ(٨٥) : (بە گشتی ئەو نووسەرانـەی کە دەربارەی مەلا دواون ، لەسەر ئەوە پێك‌هاتوون : کـە ناوی ( شیـــخ ئەحمەد) بووەو خەلکی جزیری‌و بۆتانە ، کە شارێکە لە کوردستانی تورکیاو کەوتۆتە بن چیای جودی • لەسەر ئەمەندەش پێك‌هاتوون کـــە ناز ناوی لە شیعردا ، جار جار مەلا ،جار جار مەلێ ، هەندێك جاریش ( نیشانی ) بووە ، مەلاو مەلێکە ئاشکران ، کە بە مانای زانا لە عیلمی عەرەبیـــن ، بۆ نیشانی‌یەکەشی دەلێن : نیشان یان ئامانجی تیرە ، کـە مەلا نیـازی وابووە : بە تیری ئەوین پێکراوە یان مەبەستـی خالی سەرگۆنای یـار بووە ، کە کرمانجان بە خال دەلێن نیشـــان • واتا خـۆی بەو خـالەوە ناوناوە کە لە ڕومەتی سەلماوە دیاری‌داوە •

توێژەران لە بارەی دەست‌نیشان‌کردنی سالی لـە دایـك‌بـوونو

(٨٤) بڕوانە مێژووی ئەدەبی کوردی ل١٨٦ــ١٨٧ ، خلاصه تاریخ الکرد وکوردستان ل ٣٣٦ ، دیوانی عارفی رەبانـــی شیـــخ احمـدی جزیـــــری ل سیـزدە •

(٨٥) دیوانی عارفی رەبانی شیخ احمدی جزیری ل سێزدە •

مردنی مەلای جزیری‌یەوە ڕێك نەكەوتوون[٨٦] و هەریەكە مێژوویێك دەست نیشان دەكات‌و سەرنجی خۆی بۆمان دەردەبڕێت ، مامـۆستا علاء الدین سەجادی دەڵێ[٨٧] : (لەسالی ١٤٠٧ میلادی لە شاری جزیرە لە عەشرەتی بوختی هاتۆتەدنیاوە ...و هەر لە جزیرە لە سالـــی ١٣٨١دا لەتەمەنـی (٧٥) سالیـــدا ئەمرێـت) .

ئەو نووسەرانەی كە باسی ئەم شاعیرەیان كردووە ، زۆری پیاهە ــ لداون‌و بەوپەڕی ڕێزەوە ناوی بردوون ، چونكە خاوەن ڕۆشنبیری‌یەكـی بەرز بووەو لەم كوڕەو لە چەرخی خۆیدا دەریایەكی بێ‌پەی‌و یەكەم كەس‌و تاقە سوارێك بووە ، هەزار كە باسی شاعیری ناوبراومان دەكات بـــەم قسانەی كەكردمان ڕاناوەستێت‌و دەڵێ[٨٨] : (مەلا لە هەر دوازدە عیلمەكەندا دەریایەكی بێ‌پەی‌بووە) . ئەمەش هیچ گۆمانێكی تیادا نی‌یە چونكـــە هەڵبەستەكانی مەلا كە لەمەودوا دێینە سەریان‌و باسیان‌دەكەین دەبینین مەلا بەوپەڕی هوشیاری‌و زانیاری‌و زیرەكی‌یەوە پەنجە بۆ ئەو زانین‌و عیلمانە ڕادەكێشێ كە لەو كاتەدا باوبوون .

مامۆستا علاء الدین سەجادی رەنگە ئەم پرسیارەی لەبەرچاودا بێت كە وتوویەتی[٨٩] (ئەوەندە هەیە ئەتوانین بڵێین كە مەلا لە سێ پەردەدا خۆی پیشانی ئێمەدا ، پەردەی غەرام ، پردەی‌تصوف ، الاهیات‌و فلسەفە).

(٨٦) تاریخ الكردو كوردستان ل ٣٣٦ ــ مێژووی ئەدەبـی كوردی ل ١٨٦ــ١٨٧ ، دیوانی عارفی رەبانی شیخ ئەحمەدی جزیری ل سێزدە .

(٨٧) مێژووی ئەدەبی كوردی چاپی دووەم ل ١٨٦ .

(٨٨) دیوانی عارفی رەبانی شیخ ئەحمدی جزیری ل ٢٣.

(٨٩) دیـوانی عارف وەبانی شیخ ئەحمدی جزیری‌ل ١٢ .

ئێمه که هەڵبەستەکانی مەلای جزیرمان شی کردۆتەوە بۆمان دەر ـ کەوتووە که ئەو سێ پەردەیە لەیەکتر نەپچڕاون ، بەڵکو جۆرێکی پیری و هونەری یەك دگیرن سەرئەنجام که باسی ئافرەت دەکات لەیەك ڕوانگەوە تەماشای دەکات و هەڵبەستەکانی له دڵداری و تصوف و تێڕوانینی بـــەرز شەوق دەدەنەوە هەژار ـ بەر له ئێمه ـ شوێنی پێنووســـی لـــەم ڕووەوە بنیات ناوەو وتویەتی : (بەڕواڵەتیش ئەوینداری کیژە کوردێکی جـوان چاکە ، که صنعەتی یاری گەورەی له ڕووخساری ئەودا دیـــــوەو پێی هەڵدەڵێ .. به کیژە کوردا هەڵدانیش خۆ ناشێ به کوردی نەبێ ، دەبێ هیچ نەبێ ، بەخەیاڵ له لای وابێ ئەگەر یاره دنیاییەکەی ، ناڵەی دڵی ئەو ببێ ، کەمێك له زۆرێك تێ بگا . بۆیەش دەڵێم : یاری دنیای به ڕواڵەتی . چونکه سەر لەبەر دیوانی شیعری مەلا بپشکنی هەموو شیعرو هەڵبەستێکی هەم غزەلـــه هـــەم عیرفانه . وەهای ئـــەم دووە لێکداوە که نازانـــێ مەبەستی سەرەکی کامە . واتا ئەوینی مجازی وا بۆته عیشقی حەقیقـــی ، که هەرگیز لێك هاوێز نەبوون . له مەنزلگای وحدەتـــی وجودیـــشدا خودای له تیشکی روخساری ئەو کیژە کوردەدا دیوە ) کەوا بوو ئەم کیژە کوردە که یاری مەلای جزیری بووە ئایا وەکو یارەکەی بابا تاهیری عوریان بێ ناونیشان بووە یاخود به ناوێکی دەستنیشانکـــراو کەسایەتـــی و ناسراوو خەڵکی به ڕەفتارو به ڕواڵەت ناسیویانه ؟

هەرچی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەربارەی شاعیر تۆمارکراوە ، دیسانەوە تێکەڵ و لەسەر بناغەیەکی مێژوویی زانستیدا دانەمەزراوە .

سەرئەنجام تێبینی دەکەین ـ لەم ڕووەوە ـ مێـــژوو نـــووسەکانی

سەرگوزشتـــەی مەلای جزیری یـــەك دگیرنیـــن : عـــلاء الدین سەجادی دەگێڕێتەوەو دەڵێ[٩٠] :( مەلا لە تەمەنی سی ساڵیدا لە گوندی «دێرهان» لە (حەسەنکەیف) ئەبێ • لەو سەردەمەدا یەکێك لە فەقیەکان ئیجـــــازە وەرئەگرێت زماوەندو هەڵپەرکی ئیجازە ئەبی ( سەلما )ی کچی مەلك کامل ــ کە ئەم مەلك کامله لەو سەردەمەدا لەلایەن میرزا شـــاهروخ کـــوڕی ئەمیر تەیموری گورگانیەوە ئەمیری ئەو وڵاتە بووە ــ لەسەر تەلارەکەوە تەماشای هەڵپەڕەکێ فەقیان ئەکا • مەلاش لە هەڵپەڕکێکەدا ئەبێ چـــاوی بە کچە ئەکەوێ‌و پابەندی عەشقێکی بێ وێنە ئەبێ ، ئاگری عەشقی سەلمـــا لە هەموو دەمارێکی مەلادا کارئەکاو ئەیخاتە عالەمی شیعرەوە ) •

ئاشکرایە کە سجادی لەم بۆچونەیەی‌داناوی (سەلما) بۆ یارەکـــەی مەلای جزیری هەڵدەبژێرێ ، کە چی هەر خۆی ئەم دێڕانەی لە شاعیرەوە ڕوونووس دەکات کە تێ دا وتوویەتی[٩١] :ــ

خـــون ژ دل جو جو ڕوان تێ وەك عەقیقی ئەرغەوان تێ
لێ ژ دەست سەلوا جوان تێ،ئەو شەپاڵا شەنگ‌و شـــۆخ

لەم دوو دێڕەدا ــ ئاشکرایە ــ کە ناوی یارەکەی (سەلوا)یە مـــەلا ئەحمەدی زڤنگی لەم کوڕەدا دیسانەوە ناوی ( سەلما ) بۆ ئەو یارە دەستـــ نیشان دەکات‌و دەڵێت[٩٢] : ــ ( مەلای جزیری لە ڕێگای پۆستەوە نامەی بۆ یارەکەی دەنارد ، بە بەڵگەی ئەوەی کە وتوویەتـــی : ( بالدعـــا بلـــغ تحیاتی لسلمـــی یا برید ) •

زڤنگی کە زۆر گومان لە گێڕاوەکان لە بارەی دڵداری مەلای جزیـــری

(٩٠) علاء الدین سەجادی مێژووی ئەدەبی کوردی • چاپی دووەم ل ١٨٨•
(٩١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٨ •
(٩٢) العقد الجوهری فی شرح دیوان الشیخ الجزیری ل س •

دەکات دەیگێڕێتەوە : ( ڕەشۆکی جزیرە باسی دەکەن کە مەلا حەزی لە کچێك کردووە لە بنەماڵەی میرەکانی جزیرە ، ئەم کچە بە ناوی :
ستیابسك کسك واتە : السیدە صاحبة الاصداغ الخضراء ، ناو براوە[٩٣].

کەوابوو یارەکەی مەلای جزیری سێ ناوی هەبووە* ، سەلماو سەلواو ستیابسك کسك ئێمە بۆ ڕاڤەکردنی ئەم دیاردەیە ڕامان وایە کە ئەم سێ ناوە هیچیان ناوی ڕاستەقینەی یارەکەی مەلای جزیری نین و مەلای جزیری لەبەر ئەوەی یارەکەی لە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار بووە نەی‌وێراوە ئەو ناوە ڕاستەقینە ئاشکرا بکات ، هەر بە نهێنی ڕای گرتووەو لە جیاتی‌دا هەر جارێك یەکێك لەو ناوانەی بەکارهێناوە هەر چۆنێك بێت با خۆمان لەم مشتومرە بیردۆزەیی‌یە دوور بخەینەوەو پەنا بەرینەبەر هەڵبەستەکانی مەلاو بزانین چۆن ناوی یارەکەی بردووەو بە چ جۆرێك پیاهەڵداوە ؟ مەلای جزیری تەنیا لە یەك هەڵبەستی چواردە دێڕی‌دا کە بە هونەری مولەمەع ڕازاوەتوو بە دێرە شیعری عەرەبی ئاخێنراوە ناوی ( سەلما )ی هێناوەو وتوویەتی[٩٤] :-

ما بلەمین جانفزا ناڤێ مەبینت جارەکەی
( بالدعا بلغ تحیاتی لسلمی یا برید )

(٩٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل س .

* بابەتی (سلمی)و مەلا وەکو داستانەکەی حافزی شیرازی‌و ( شاخی نبات ) وایە .

(٩٤) دیوانی عارف رەبانی شیخ ئەحمدی جزیری چ ٢١٨ .

کەچی لە هەڵبەستەکانی تردا[٩٥] ناوی دڵبەرەکەی بە (سەلوا) ناوبردووە. شاعیرەکەمان کە باس لە بلەو پایەی خۆشەویستەکەی دەکات ، پەنا دەباتەبەر سامانی هۆنراوەیی نەتەوەی کوردو لە گەنجینەی ئەم سامانەوە هەستی خۆی لەم سوچەوە دەردەبڕێو دەڵێ[٩٦] :-

مویەکی ئەز ژ تە نادم بدو صەد زینو شیرینان
چدەبت گەر توو حەسیبکی مە بفەرهادو مەمێ .

کەوا بوو زینو شیرین[٩٧] کە نموونەی جوانی ئافرەتی داستانی کوردیین بەچاو رەنگینی خۆشەویستەکەی هیچ نین .

دیارە مەلای جزیری ئاگای لە جوانو نازدارانی سامانی ئیسلامیو عەرەبی بووە ، بە بەڵگەی ئەوەی لە پیاهەڵدانی دڵبەرەکەی ناوی چەندین ئافرەتی شوخو شەنگی هێناوە وەکو ( زولەیخا ) کە لە داستانی ( یوسف )دا ناوی هاتووە[٩٨]:-

عالەمەك شەهدەئی یا حوسنو جەمالا تەددت
تو زولەیخای زەمانیبو چجاجەت مە دەهەی

هەروەها ناوی بەلقیسی بردووە کە بەسەرەخەتەکەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە [٩٩]:-

---

(٩٥) ڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢١٨ .

(٩٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٧٢ .

(٩٧) مەلای جزیری یەك جار ناوی زینی بردووە بەڵام نۆ جار ناوی شیرین هێناوە : بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٥١ .

(٩٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٩٢ .

(٩٩) ڕوانە دیوانی عارفی ڕەبانی شیخ ئەحمەدی جزیری .

من دڵبەرەك وەك دور هەیە مەحبوبــی شیرین سور هەیــە
حوسنو جەمالەك یور هەیە ، بەلقیس صفەت مەسکەن ســەبا

چیرۆکی دڵتەزێنی (مەجنون لیلا)ش لە هەڵبەستکانی مەلای جــزیریدا ڕەنگی داوەتەوە بووە بە سەرچاوەی هونــەرە ڕەوانبێــژییەکــانی ، بو نمــوونە ، وتوویەتــی(١٠٠) :ــ

سطوەتا لەیلــــی یەقیــن مجنــون تەپانـــد
وەرنــە قەیــس ناکـــەت بیابانــی غەلـــەت

بەم پێیە جیهانی ئافرەت لەلای مەلای جزیری ئێجگار فراوانە ، جـمـا بایزانین بە چ جۆرە فەرهەنگیك لە وشەو زاراوەو دەربڕیــن شـــاعیر ئەم جیهانــەی ڕازاندۆتەوە ؟

مەلای جزیری هەروەکو لە هەڵبەستەکانیدا دەردەکەوێ ــ بەزۆری لە فـــــەرهەنگەکەی بابا تاهیــری عوریانـــەوە(١٠١) وشەکـــانی وەرگرتـــــووە •

سەرئەنجام هەر ئەو زاراوانەی بەکارهێناوە لەگەڵ چەند زاراوەیەکی نوێیاو وەکو خانم(١٠٢) ، ئەڤین(١٠٣) ، مەلای جزیــری لەچاو دڵدارییەکەی بابا تاهــیری عوریاندا هەنگاوێکــی بەرەو تەریتی کۆمەڵایەتــی دواکــەوتوو دەربارەی ناوە ، ئەم هەنگاوەش لەوەدا بەرچاو دەکــەوی

(١٠٠) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٩٦ •
(١٠١) بڕوانە ئەم توێژینەوەیــە ل ٧١ •
(١٠٢) دیوانی عارفی ڕبانی شێخ ئەحمەدی جزیری ل ٥٣٤ •
(١٠٣) دیوانی عارفی ڕبانی شێخ ئەحمەــــدی جــزیری ل ٦١٥ ــ ٣٧٤ ــ ٣٩٩ ــ ٤٩٥ ــ ٤٩٧ •

که زاراوەی (هجر)(١٠٤)و (مەهجـــــور )(١٠٥)و ( رەقیـــب )(١٠٦) و (هجران)(١٠٧) بە زۆری بەکاردەهێنێو نیشانماندەدات کـــە چۆن وێنەی ئافرەت بە هۆی ئێشو ئازارو کوێرەوەری عاشقانەوە وێنەکێشراوە* •

ئەم راسییـــە بەزۆری لەو دەربرینانەدا بەرچـــاو دەکـــەوێت کـــە شاعیـــر بەکاری هێنـــاون ، وکو •

(دەناڵم) شبهەتی رەعدی(١٠٨))و (زەهرِاهلاهل بـــودە ناف لـــەو ساقی)(١٠٩) و (شێخو شەبالا مەی پەرست ئەو زالما)(١١٠)و ( کا عەهدو پەیمان (١١١) بەری )و (دلبەندی داوا زولفەکی)(١١٢) و (هەر نەشتـــەرێ شەوکێت کو حبیی مەلدلدا )(١١٣) و (زولف سیاهی بـــێ وەفـــا )(١١٤) و

(١٠٤) هەمان عارفی رِبانی ئەحمدی جزیری ل٢١٥ــ٤٧٤ــ١٢٧ــ٤٠ــ٥٢ •
(١٠٥) هەمان عارفی رِبانی شێخ ئەحمدی جزیری ل ٤٧٠ــ٣٨٣ •
(١٠٦) هەمان عارفی رِبانی شێخ ئەحمدی جزیری ل٤٤١ــ٤٤٠ــ١١٨ــ١١١•
(١٠٧) هەمان عارفی رِبانی شێخ ئەحمدی جزیری ل ٣٩ــل٤٠ •
* ئەم جۆرە دەربرینو وەسفکردنانە لەو کاتەدا زۆر جوانو باو بووە•

(١٠٨) هەمان سەرچاوەی پێشـــو ل ٤•
(١٠٩) هەمـــان سەرچاوەی پێشـــوو ل ١٥ •
(١١٠) هەمـــان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٩ •
(١١١) هەمـــان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٠ •
(١١٢) هەمـــان سەرچاوەی پێشـــوو ل ٣٥ •
(١١٣) هەمـــان سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٠•
(١١٤) هەمـــان سەرچاوەی پێشوو ل ٣١٠ •

ئەم ڕاسی‌یە بە زۆری بەو دەربڕینانەدا بەرچاودەکەوێت کـە شاعیر بەکـاری‌هێنـاون ، وەکـو :

(کەمەندداران)(١١٥) و (سەوکەشی ئەربابی وەفـانینە)(١١٦) و ( کـو ئەسیرین د دەستی مەییالان)(١١٧) •

مەلای جزیری لە وێنەکێشانی جیهانی ئافرەتدا ئەو وشەو زاراوەو دەربڕینانەی بە کەرەسەی ڕەوانبێژی خۆی داناوە ، بۆیە لە شێوازەکـانی لێکچواندن‌و خوازەو خواستە هەست‌و نەستی خۆی دەربارەی ئـافرەت دەربڕیوەو هۆنراوەی کوردی بە هۆیانـەوە لەم جیهانـە تەلیسماوی‌یەدا ڕەنگـاورەنـگ کـردووە •

بەم پێی‌یـە مەلای جزیری توند توند زنجیری ئەپچڕاوی هۆنراوەی کوردیی لەگەڵ بابا تاهیری عوریاندا بنیات‌ناوە ، بۆیە گشت جۆرەکانـی ڕەوانبێژی کە لەمەوبەر لە چوارینەکانی بابا تاهیردا بەرچاومان کەوتن لە هەڵبەستەکانی مەلای جزیریـش‌دا دێنەبەردەسـت •

بۆ بەڵگە لە بابەتی لێکچواندندا هەموو بەشەکانی ئەم هونەرە بەدی - دەکەین ، وەکو لێك چواندنی تەواو کە لەم نمونەیەدا هاتووە(١١٨) •

دۆر کرین ژ سونبولان چیچـەك‌و بشکـۆ وگۆلان

دامە ژڕنگی بولبولان شبهـەتێ داغـی لالـەکر

لێرەدا : (دل‌مە) لێچووە ، (شبهەتی) ئامرازی لێکچواندنەو (داغی‌لا) لەوچووەو ( ژرەنگی بولبولان ) وێنەی لێکچواندنە•

---

(١١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤١٤ •

(١١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٣٨ •

(١١٧) هەماز سەرچاوەی پێشوو ل ٥٣٥ •

(١١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢٤ •

هەروەها لێکچواندنی بێئامرازو بێ وێنەی لێکچواندن بەدیدەکرێت وەکو ئەم دێرە کە دەڵـــێ[119]:ـ

دل ژبـەر مەجـازی باحقیقـــت بـو پـــەڕەنگ
( نار قلبـی فـی هواه مشـل نار في الحـــدید )

لێرەدا (دل) لێچووەو (بەڕەنگ لەوچووەو بناغەکانی دی لێکچواندن بۆ مەبەستـــی زیان ڕۆیـــی فرێدراون •

ئەندێشەی مەلای جزیری لە هونەری لێکچواندندا وێنەی وەهـــــای سازکـــردوە کـــە ئەم شێوازە لە ڕێگای وردبوونـەوەوەو وەچنکـــی دەهێنـــرێ وەکـــو[120] :ـ

گـــەر نەتـــە شبیهـــی دو برهێـــن تە بتـــن
مـــەد عیـــدان بەهـــلالی چغەرەض ؟

لەم دیمەنەدا ( دوبرهێن )ی یارەکەی بە (هـــلال)ی شوبهاندووە •

لە هەمان ڕوانگەوە مەلای جزیری خۆشەویستەکەی بـــە هـــونەری خواستـــە ڕازاندۆتـــەوە وەکـــو[121] :

غونچە لە بازرەنگ گولێ دێمی بە سیر نوما (مەلێ)
شوبهەتی بولبـــولان سەحەر لە ومە فغانو نالەکر

لەم دێرەدا وشەی (غونچە) بـــۆ وێنەکێشانی دەمەولێوی خانمەکەی لەسەر بناغەی هونەری خواستەدا سازکردووە •

هونەری خواستەش بەناڵی ئەندێشە لەسەر دەستـــی مەلای جزیریدا

---

(119) هەمان سەرچاوەی پێشـــوو ل ٢١٥ •

(120) هەمـــان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٨٣ •

(121) هەمان سەرچاوەی پێشـــوو ل ٢٢٥ •

بووه به ئامرازی چەسپاندنو وێنەکێشانی هەستوو نەســـــتوو ســۆز بــــۆ نمــــوونە [١٢٢] :

وەرە دلــــۆ داچیــن تماشایا جوانانێن چەمــەن
وی هــــلانی سەربنازو سایەبان دایــی نیــاز

وشەی (دل) لەم وێنەیەدا لە رێگای خواستەوە بووە بە مرۆڤێــك : مەلای جزیری بانگی دەكاتو رازونیازیش لەگەڵیا بەرپادەكات •

سەرەرای ئەم شێوازانە ، مەلای جزیری شێواز یدركەو كنایـــەی بەكــارهێنــاوەو وەكــو [١٢٣] :

نەكــو شەرمەندە ژ رویــی
ئافتــــابی بــزەوالی چەرەض ؟

لێرەدامەبەستی شاعیر پیشاندانی جوانی رووی خۆشەویستەكەیەتیو نایەوێ بەم دەربرینە یاسای سروشت بگۆرێ •

هەرچۆنێك بێت بەم شیكرنەوەیە ئاشكرایە كە مەلای جزیری كەرەسەی كلاسیكیی وێنەكێشانی جیهانی ئافرەت لەبەردەستیا بووەو وەكو میراتێــك لە دیوانی كوردەواریەوە وەری گرتووەو پەرەی پێداوە ، جا كەوابــوو

(١٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشــوو ل ٢٤٧ •
(١٢٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٨٥ •

بایزانین ئەم شاعیرە نەمرە چۆن باسی ئافرەتی کـردووە ؟

مەلای جزیری هەروەکو بابا تاهیری عوریان لە دوو روانگـــەی جیاوازەوە وێنەی جیهانی ئافرەتی کێشاوە : ڕوانگەی نرخ پێدانی ئافرەتو روانگەی ملکەچ‌کردن بۆ نەریتی دواگەوتووی کۆمەڵـی کوردەواری .

ئەنجا بابزانین ئەم شاعیرە دڵتەرو ناسکەمان چۆن سەیری ئافرەتو دلبەرەکەی کردووەو نەخشەیان کێشاوەو چ نرخو پایەیەکیان داوەتێ ؟!

ئەوەی لەم بارەیەوە بۆمان ڕوون‌بۆتەوەو هەروەکو لە ناوەرۆکی هەڵبستەکانی‌دا دەردەکەون ، مەلا هەروەکو شاعیری ناوبراومان بابا تایەری عوریان دوو دیاردەی دژ بەیەك دەخانــە بەردەستمان ، یەکەم : یاردەیەکی ڕێزگرتن لە ئافرەتو پەنابردن بۆ جۆرەها کەرەسەی جوان بۆ شوبهاندنی‌و خستنەڕووی ئەم جیهانە قەشەنگ‌و ڕازاوەیە کە دەبێتە مایەی سوودبەخشی‌و دڵ‌ئارامیی شاعیر . مەلا کە باســی شیرینی‌و جوانیی دلبەرەکەیـــان بـۆ دەکـات بەم جۆرە وێنەی دەکێشی کە دەڵێ(١٢٤) :

١ ـ دل ژمـن بـر دلبـەرەك زیبـا قـەبا
چەهڤ غـەزال‌و پـور شەپال‌و مەهلیقا
٢ ـ نازدارە ئـــەو لتەختــی لبـــەری
دلـروبایە ، جـان فزایـە ، روخ شیفا
٣ ـ حوری عینـە ئـەز نـزانـم یا پەری
یا گـولەك رەعنـا ژ گولـزاری وەفا
٤ ـ یارەب ئەو گولـدەستەیـی ، باغی ئیـرەم

(١٢٤) هەمان سەرچاوە پێشـوو ل ٥٨٦ .

دور نەبت ژێ هەر سەحەر بادی صەبا

٥ ــ صۆر گەلەك من دی دگولزاری بەش

لالەوو رەیحان لسەر تیە سەما

٦ ــ سونبولێن رەعنا لبەر طاقی هیلال

وی دکن سەعیی لسەر مەروەو صەفا

٧ ــ نازکا من هەر دەما یێتن حەرام

صەد هەزار دل وێ لپەی وێ دمر قەفا

٨ ــ ئەز چپێژم کو لمن لەعلێ دتە

پۆرِ کرن بێ حەد لمن جەورو جەفا

٩ ــ ئەی مەلا باوەرِ بمحبوبان مەکە

کاری وان هەر ئوخذی جانە بێ خەطا (یان ، بێ عەطا) •

حوری عینە ئەز نزانم یا پەری

یا گولەك رەعنا ژ گولزاری وەفا

دلبەرەکەی بە حوریو پەریو بە گولێکی نێو باخو گولزار دەشوبهێنێو بە ئەمەکدارو بەوەفا دەیداتە قەلەم •

مەلای جزیری لە بۆ پیشاندانی پایەو رێزکرتن لە خۆشەویستەکەی بە شازادە ناوی دەبات کە دەڵی[١٢٥] :ــ

---

(١٢٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٢ •

قاصد ب مەقصودا مە هات با مژدەو ئەمــــرو بــــەرات
نیشان هەنارن هەم خەلاّت شەهزادە یا گوێکون قــــەبا

بگرە بە وەسف‌کردنی جوانیو خۆشەویستی بێ پایانــی لەبۆ دلبەرەکەی ڕاناوەستی بەلکــو خــۆی بە قوربانــی دەکاتو ئەنجا سوجدەشــی بۆ دەباتو دەپەرستــێ هەر وەکو لەم دوو هەلبەستەدا دەلــێ(١٢٦) :

هەر لەحظە چجاجــەت کو ب نازان ب کــوزی مـــن
جانا ژ خــوە قوربانــــی تەمــــــە ناز چجاجــەت ؟

یان دەلـــــێ(١٢٧) :

عقدی ئیحرامێ دەما دلبەر خویا بــــێ فەرضی عەیـــن
سەجدەیەك بەروان دو برهـــان ناگــرن جیهە صەد نومــاز

واتا سوجدەبردن بۆ میحرابی برۆی هیندە بەجێیەو جێ‌گەورەیە کــە صەد نوێژی بەرەو میحرابی مزگەوتان ، جێــی ناگــرن

مەلا ئەونــدە دلبەرەکــەی خۆش‌دەویو بەشــەو ڕۆژ بیــری لێ‌دەکاتەوە خەو لەچاوانیا دەزرکێو شەوارە بۆی دەکێشــێ ، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کــە خــۆی بە بەندو عەبدی ئەو بزانێتو لە پلەوپایەیەکــی بــەرزی دابنێتو ئەنجــا بپەرستــێ وەکو لــەم دوو هەلبەستــــەدا

---

(١٢٦) هەمــان سەرچاوەی پێشــوو ل ١٢٦.
(١٢٧) هەمــان سەرچاوەی پێشــوو ل ٢٤٨ .

کـــــه دەڵـــــێ[128] :

لـــن بریســـەك بدلداری دبـــت هەمپایـــی دیـــداری
ڤەوەستایـــم دفـــەرواری لعەبـــدێ خـــۆە کە فەرمانـــی

یان دەڵـــــــێ[129] :

هـــــەیا بیناهی یا چەڤان بـــۆ عـــــوززای ولاتـــی مـــن
توئـــی پیشت بەر سجـــودا من سحر گاهان دەخەلوێـــدا
مەلای جزیری بەوانەی کـــە یاسمـــان کـــرد راناوە ستێو
زۆر جـــار لەئاستـــی دڵبەرەکەیدا خـــۆی بەهیـــــچ
دەزانێت،جارێکیان خۆی دەکات بە مێش و خۆشەویستەکەی
بە شیرینـــی یـــان خـــۆی بـــــە سەگـــــــــی
دڵبەرەکـــەی دەزانێـــــــت ، یان بە ئەسپـــی یان ناڵـــی
ئەسپـــی کـــــــە لـــــەم چەند هەڵبـــــــەستانەیەدا
رەچاوی ئەم جـــۆرە وێنانە دەکەیـــن کە دەڵـــێ[130] :
صەد جەورو جەفادی ب مە ناچیـــــــن ژ دەردێ تــــە
یەکسەر تـــو نەباتیی یو ل طەبعـــی مەگـــــەسم ئـــــەز

یـــان دەڵـــــــێ[131] :
ئاهـــــوا من نەکورە بخەك تـــە بخـــاطر بگەهـــــت

---

(١٢٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٧٥ .
(١٢٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٤
(١٣٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٧ .
(١٣١) هەمـــان سەرچاوەی پێشـــوو ل ٣٢٨ .

بە خوریّ کی تو کو ئەسپ ئەو سەگ بە خوریّ هاتە مە سەگ
واتا ئاسکە چاو جوانو ناسکەکەم تۆ بیّو خودا
لە منی دڵدارـ کە سەگی بەر دەرگەی خۆتم دڵ مەگۆڕەو
لێم مەڕەنجیّو مەڵیّ سەگ هاتوو بۆ ڕاوەئاسك ،
نەخێر ئەم سەگەی بەر دەرگات ،خۆی بە ئارەزووی دڵی
خۆی ، کردۆتە نێچیری چاوتو گیرۆدەی داوی جوانیتە
یان فەرموویەتی[132] :

گەرچی یەکسەر ل ڕوخێن فیل صیفەت
ڕاستو چەپ بازی لسەیری فەرەسین
یان[133] :

من گومەهی نەو چاشیتییی ئەبروی یاری
گو من چەدە شوبەتی نەعلی فەرەسم ئەز
واتا ئەگەر چی لەیاریو گەمەو خۆشەویستیدا
وەك قەڵا ، کەوتومە بەرو ، وەك فیل کوڵاو کوڵ
بۆی دەچم ، بەڵام ئەمەم هەر بۆیە بە شوفار بەکارم نەزانین ، ئەگینا
من وەك ئەسپی وامە دوخان دەروم با دەدمەوە بە دەرگای ماڵەکاتان .
دووەم : دیاردەیەکی ڕێز نەگرتنو وێنەکێشانی ئافرەتی دڵبەر بە
چەشنو شێوازێکی نابەجیّو زیانبەخشو بیّسوود .
مەلای جزیری کە باسی برۆو برژانگو زوڵفی دڵبەرەکەی بۆ دەکات،

(١٣٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٩٥ .
(١٣٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٦ .

بەتیـــرو کەمانو ئامرازی زیان بەخش دەیانشوبهێنێ کـــە دەبنە هـــۆی کونکردنی جەرگو دڵو هەنـــاوی شاعیرەکەمـــانو بیمارکردنــــی ، ئاێ دەڵـــێ (١٣٤) :ـــ

نەتنـــی ژ قشتو زولفان مە دسینـــــە صـــەد کـــولابن
لجەگـــەر سیە کەمانان دو هـــەزار تیـــر ڕەشـــــاندن
ژ جەگەر ( مەلا ) پلێنگان بکولابو چەنـــگ کـــــەڕکر
ئەسەدان ژی پەنجـــە ڤێران دلو سینـــە هەڕوشانـــــدن

بەم جۆرە ئافرەت وەکو دوژمنێکی بکوژی پیاو وایە لە ئازاردانو دوژمنایەتی زیاتر هیچی ترمان پێ نابەخشێنێ*•

شاعیر لە ئەنجامی دوریی دڵبەرەکەی ئازار دەچێژێو فرمێسك بەکوڵ دەڕێژێو لەنێو خوێنـــی خۆیدا دەگەوزێ ، سا بـــزانین لـــــەم دوو هەڵبەستەیدا چیمان پـــێ دەڵێ(١٣٥) :ـــ

کەسێ میحنـــەت دیو فیرقەت ڤەخواری جورعەیا هیجرێ
گری وان تێ ب مـــن دڤـــێ هیجـــــرانو زەجـــــرێدا
بداما موحبەتـــێ بەندم خەدەنگـــا فیرقەتێ دل نوهـــــتم
ب شوبهـــی مورغـــی نیمبەسمل د هەڤ وەرتیم د خونێدا

(١٣٤) هەمـــان سەرچاوی پێشوو ل ٣٧٩ •

* سۆزی دلی مەلای جزیری ئەوەندە بەتینە ، یا دارشتنـــــی شیعـــری ئەوەندە جوانوڕەنگینە ، کە کەرەسەی لاسایىو وشەی باوی شنعـــر کە بۆ ژن بەکارهێنراوە تێکەڵ ئەبێو جوانیی سۆزو دەربڕین ئەبن بەیەك

(١٣٥) هەمان سەرچاوەی پێشـــوو ل ٤٠ــ٤١ •

تیری جیابوونەوەی لە دلبەر دلی پێکاوەو وەك بالندەی تازە سەربڕاو پەلەقاژەیەتیو لەناو خوێنی خۆی دا دەگەوزێتەوە ٠

مەلای جزیری بە وێنەیەکی پڕ خەماویی دلتەزێن ، دل ڕەقیو بێ بەزەیی دلبەرەکەیمان پیشاندەدات کاتێ دەلێ(١٣٦) :ـ

| | |
|---|---|
| دەیسا دلەبستێ صۆرو زەر | ئەو دلبەرا سوندوس دبەر |
| بسکێن سیاه خالێن دڤەر | ڕەش کاکولی زولف چونەسەر |
| ئەسوەد بو دایم سەجدە بەر | من بەستی عەقدا نیەتی |
| غەفلەت بسیر من دا نلەو | میران بقەتلێ کر غەدەر |
| تیردانە دل شاهی مەجەر | بێمروەت ئامانج کر جەگەر |
| فەریادو ئەفغان صەد کەسەر | وەصفان نەشێم لێ ئەو قەدەر |
| زانم کو ڕۆژ بۆ هاتەدەر | سوبحان ژ شاهی قودرەتی |
| ئیرۆ مەدی وەقتی سەحەر | لەو دلبەرا سندس دبەر |

کورتەی مەبەستی مەلا لەم چەند هەلبستانەیدا هەرچەند لە دوو دێڕی سەرەتاکەیدا وەسفی دلبەرەکەی دەکاتو پیایا هەلدەداتەوەو بە نوری خوا دادەنێت ، بەلام دوابەدوای ئەوە بە بێ مروەتو غەددارو بێ بەزیی دل رەق دەیداتە قەلەم چونکە فەرمانی کوشتنی دەداتو جگەری تیرباران کردووەو بۆتە مایەی بەخشینی ئێشو ئازارو لە ئاستی ئەم تیربارانەیەدا دادو هاواری لێهەلساوە ٠

مەلا لەئەنجامی چەشتنی ئێشو ئازاری زامی ئەڤینیو دل سووتاویو خەمو خەفەتو پەژارەی دوریی لە دلبەر وای لێدەکات کە عیشقو

---

(١٣٦) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٠٨ ٠

خۆشەویستی بە ڕیسوایی دابنێ ، کە دەڵێ[١٣٧] :ــ

ریســـوایی عیشقــێ تەنهـــا نە ئـمـــەز بـــوم
کــەس دی زەمانان حــوب بـــــێ مــەلامەت ؟

واتا هەر تەنها من نەبووم کە لەسەر دڵداری ناوم بزڕێ‌و لۆمەم بکرێ، لە هیچ دەوروزەمانێکدا ، دڵداری بێ سەرکۆنەو لۆمەی نەدیتوە ٠

سەرئەنجام شاعیری ناوبراومان کە بە یەکێك لە شاعیرە هــەرە ناودارو بەرزەکانمان ــ قۆناخی کلاسیك ــ دەدرێتە قەڵەم ، سەرکەوتووانە ئەسپی خۆی لە مەیدانی وەسفکردنی جوانیی ئافرەتدا تاوداوەو وەستایانە ئەم جیهانە ڕەنگاوڕەنگەی بە خامەکەی ڕازاندۆتەوەو ئارایشتــی کــردووەو هەتا هەتایە لە تام‌و چێژی شیرینی بێ ئەندازەیــی خۆیـــان ناکــەون‌و کاردەکەنە دڵ‌و دەروونــی خوێنــەر ٠

(١٣٧) هەمان سەرچـاوەی پێشـوو ل ١٤٢ ٠

## صەیـــــدی هەورامـــی[138]

## ۱۱۹۹ ــ ۱۲٦٥ی کۆچـــی

ناوی ( مەلا مەحەمەد سلیمان )ە کوڕی حاجی سەید مەحمود )ە لـــە دێی ( خانەقا ) لە ساڵی ۱۱۹۹ کۆچی تا ساڵی ۱۲٦٥ کۆچی ژیاوە ٠

صەیدی چۆن باسی دڵبەرەکەی کردووە :

کاردۆخی لە سەرەتای دیوانی صەیدی هەورامیدا باسی ئەم لایەنەمان بـــۆ دەکات :

چە شۆ ئاخو خەمـــۆ مـــنیەی ( نیشاتـــــێ )

سیوار ئاخـــۆ ، نیـــۆ هیـــــچ دەســــــەڵاتم

( نیشـــات ) ئەز میـــرو مەڵلای بـــەر ســــــەدارم

شکاتـــۆ تـــۆن ، شکاتۆ تـــۆن شکاتـــــم

نەژیڤـــــاتۆ ، مەژیڤـــۆ ، بـــێ تـــە ساتـــــێ

حەیاتـــە منـــی ، حەیاتـــە منـــی ، حەیاتـــــم

نیاپـــەی تـــۆ قـــــەرارو ژیـــــــو تـــــالآ

بەرێنـــــــی شـــــــەکەرم قەنـــدم نەباتـــــم

تەخۆ نەبـــرە وەفـــات هەرگیـــز چەنـــــی مـــن

بینایـــــــم بـــێوەفاییـــت بـــەر وەفاتـــــم

(۱۳۸) بۆ ناوو ژیانی شاعیر بڕوانە دیوانی صەیدی هورامی کـــۆکردنەوەو شیکردنەوەی کاردۆخی چاپخانـــەی کامەرانـــــی سلێمانـــی ــ ۱۹۷۱ ٠ ل ٤ ــ ۷ ــ ۱۲ ٠

١٣٩ (صەدی بە هۆنراوەکانیا وا دەرئەکەوێ حەزی لـە (٣) سێ کچی جوانی هەورامانی کردبێ ، یەکەمیان کچی بارام ناوێك بووە لە (زیوا) کە دێیەکە لە هەورامانو ناوی ئەم کچەش (نیشات) بووە ، یەکێ تریان ناوی (شیرین) بووە کە لە زۆر هۆنراوەیا ناوی بردووە ، سێیەمیشیان نـاوی (ڕێحان) بووە کە لە هۆنراوەکانیا بە (ڕیون) ناوی ئەبا لە هەورامـانی تەخت ئێستاش بە ڕێحان (ریون) ئەڵێن ، لە هۆنراوەیەکـی تریا باسـی (وەنەوش) ناوێك ئەکات ، ڕەنگە حەزی لەویش کردبێ.

هەرچۆنێك بێت ئێمە پشت بە دەقەکان دەبەستینو نموونە دەهێنینەوەو ئەگەر بە پێویستمـان زانی شیانیش دەکەینەوە .

بابزانین لە بارەی دلبەرەکەیەو کە ناوی (نیشات)ە چی ی ووتـووەو چۆن ئەڤینیو خۆشەویستی ی خۆی بەرانبەر دەربڕیووە باسی کردووە .

صەیدی لە هۆنراوەیەکـی دا بە ناونیشانی (ئەز ئورووەون) بـەم جۆرە ڕازی دلی خۆیمان پێ دەڵـێ[١٤٠] :ـ

لوو (ژیوار) مەبوو شیتو (نیشاتێ) (نیشاتێ) شێوناش عەیشو لیشانم[*]
(نیشاتو کاکە بارۆمـی) خەڵتۆ خەمیش بەرگم پەژارەش بۆ خەلاتم

(١٣٩) هەر ئەو سەرچـاوەیە ل ٥ .

(١٤٠) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیـە ل ٢٣.

(*) ئەم هۆنراوەیە هی سەیدی یەکەمە بەهەلە کەوتە ناو باسەکەمانەوە .

ئەز ئەر دیڤانــە تـۆ ئەر شێتــو سەرســـام
یەکـەم تۆنـی ، تە ڤستـــەن موشکلاتـــــم
تەمـــم بــە سنێنەنـــێ ئاچاڵـــۆ زنجـی
کـە دەی چاکــەو ســـەرەی ئاوۆ حـــەیاتم
لوڤۆتوفـــە ، سەروو تـۆ فـوو جەحێڵــــی
دەرەك پیــر نوشـرەن وەخـــتو سەعاتــــم
تــە خەرزادەی زەکـــــاتو نازەنینیـــست
ئەزیــــچ دەرویـشو تــە ، سـادە زەکاتـم

هەروەها صەیدی لە هۆنراوەیەکی تری‌دا دیسانەوە ناوی دلبەرەکەی (نیشات) دەبات شیعرەکە بە ناونیشانی (کاتێت‌زانا) کە دڵێ (١٤١) :

کاتێست زانا ، گێـرەمو گارە پێسەو ، موسای عەسـام شـارە
ژیوارەم کــەرد ، زرێ بــارە (نیشات)ئەز پەی تۆم پەی نارە*

(١٤١) واتە : من هەورامان جێگاو مەڵبەندم بوو لای پیری شالیار نزیکی ئەو خواکردی بەخەڵاتم هەر وەکو دەروێش بە هەموو ولاتێکـــا گــەڕامو لە هیچ شوێنێك‌دا نەمامەوە ، تا لە «ژێوار» واتـــە ئەو دێیەی کە لە هەورامانەو (نیشات) کچی (بارام) پەشێوی کردم دڵی بردم و سەرگەردانمی کرد ، جگە لە ئاخو پەژارەیی خەم شتێکـی تر نەبۆتە بەشمو لەوەش زیاتر هیچ دەسەڵاتێکم نی‌یە ، ( نیشات ) ئەگەر تۆ میری ئەگەر دادم بپرسەو شکاتم لای تۆیە .

* واتە : کاتێ ئازانی رقم هەڵگرتو تورەبووم ، وەکـو مووسا چۆن عەسای توڕدا ، منیش بەو جۆرە عەسام فەرەمو دێیەکان غەرق دەکەم.

وادەردەکەوێ[١٤٢] ( نیشات ) نەك تەنها دڵبەرو خۆشەویستـــــی بووە ، بەڵکـــو هاوسەریشی بـــووە .

صەیدی هەورامی هەروەکـــو وتمان حەزی لە ( شیرین ) ناوێکیشی کردووە بۆتە سەرچاوەی ئیلهامیو زۆر جـــار نـــاوی بـــــردووەو زۆر هۆبـــــراوەی بـــۆ هـــۆنیوەتەوە[١٤٣] .

زیاتر لە (نیشات) بە سەروباڵاو جوانییدا هەڵئەداتو باسی خۆشەویستیی خۆی دەکات ، با چەند نمونەیـــــەك بهێنینـــــەوەو بزانین چیمـــان پـــێ دەڵـــێ[١٤٤] :

دەنگی یار مەیۆ ، دەنگی یار مەیۆ    هەی داد هەی بیداد دەنگی یار مەیۆ

سـەدای ناڵـــەو ئـــــاخ ، دەردەدار مەیـــــۆ

دەنگـــــــی ناڵینـــــش پرۆزگار مەیـــۆ

ئێشـــەو کەیفی من ، چون هەرشـــــەو ، نیــــەن

ئـــەو دیــدەی مەستیش * جۆیای خــــــەو نیــــــەن

(١٤٢) هەر ئـــەو سەرچاوەیە ل ١٧١ .

(١٤٣) هەر ئەو سەرچاوەیە بڕوانـــە ل ١٠١ ــ ١٣٨ ــ ١٣٩ ــ ١٤٠ ــ ١٤٦ ــ ١٤٧ ــ ١٤٩ ــ ١٦٠ ــ ٢٠٠ ــ ٢٠٢ .

* واتای هۆنراوەکە پێویست بە لێکدانەوە ناکات ، ئاشکراو ئاسانە ، کە شاعیر چ ئازارێك دەچێژێ ، لەبەر ئەوەی دڵبەرەکەی ( شیریـــن ) چاوی پەشێیو ئەم لەم لاوە خـــەوی لێ حـــــەرامبووەو بە هەمان ژانـــــــەوە دەناڵێنـــــــێ .

(١٤٤) هەر ئەو سەرچاوەیـــە ل ١٠١ .

( صدیـدی ) نەڕۆ خوردە نــــەشەو خاوشـــــەن
ئێـش دیدەشـــەن ، دیــــــدەم بــــــێ کەیفەن
دیــــدەی بەد ئێشــــۆ ، دیـــدەی یار حفـــــەن
یاموعجـزەی دەســت ، مەسیحـــای ( مــەریەم )

ئێشـــی دیـــــدەی یار ، ئێشـــــەو بێۆکــــــەم
جەوســاوە یــاران ، دیــــدەی یــار ئێشــــــان
جــە لای خــواوە ، ئێشـــش مــن کێشــــــان
( شـــــیرین ) مەناڵۆئێشـــــی چـــاوشــــــەن

شاعیر لە هەڵبەستێکی تریدا لەگەڵ بای شەماڵدا قسـه دەکـاتو رازو نیازی خۆ پێی دەڵێو تکـای لـێی دەکـات کــــه بـــه زووترین کات بیگەیەنێتە (شیرین) شاعیر دەڵێ[145] :ــ

وەختــێ بای شەمــــاڵ بەرەنــدەی تیــــژڕەو
شیرین دیدەمەســــــت ژ ، هۆرمێزو جـه خـــەو

صەیدی لە هەڵبەستێکی تریدا ، وەسفی جوانیی دۆستەکەی دەکاتو جارێکیان دەیکاتە شەمعو خۆییش پەروانـــــه جارێکـی کـەش بـــه پەری دەیشوبهێنێ • شاعیر دەڵـــێ[146] :

شیریـــــن تـــۆ شەمــــــعو من پەروانــەنان
شیریــن تــۆ پــــــەریو ، من دێوانــــــــەنان
شیریـــــن کاڵانــی ، شیریـــــن کــــــاڵانی
شیریـــــن تۆ مەتای ، شیریـــــن کـــاڵانی

(١٤٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٢٣٩ــ١٤٠•
(١٤٦) بۆدەقــی هۆنراوەکــه بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٤٩ •

باش نازدارانـــی ، ســــــۆسەن خـــالآنی
قامـەت نـــەونەمام ، عەرعــــەر بالآنــــــی

شیرینـەن بـەژنــــــت ، شیرینـــــەن بالآت
شیرینـــەن خالـــــــی سەرگـــــۆنای ئالآت

شیرینـــــەن هۆشـــــت ، شیرینـــــــەن فـــامت
شیرینەن شێــوەت ، شیرینـــــەن نامــــــت

شیرینــــــــەن خـــــەمزەت ، شیرینـــەن نازت
شیرینـــەن کـەلام ، گفــــتو گـــــۆو ڕازت

شیرینـــەن تای زولــف ، سیــــــای گـــــرنجت
شیریـــن پێـــچ وەردەن ، نـــە دەوری زنجـــت

تـــۆ پــێ‌شیرینـــی جــــــە پا تا وە ســــــەر
سەرتاپات دڵ چەســـــــپ ، دڵ کێشـــو دولبـەر

شیریـــن تەعریفـــت نمەزانـــــــوو چێشـــــــت
سیمــــــــاو روخساریت ، نوور مەوارو لێــــــش

شیریـــــــــن تـــۆ شـــەمعو من پەروانــــــەنان
شیریـــن تـــۆ پــــــــەری‌و مـــن دێـــــــوانەنان

شیریـــن جە داخـــی ، بـــێ مەیلــــــی تـــــۆوە
وەختـــەن چـــونْ فەرهاد ، وێڵ بـــوون بە کـــۆوە

( صەیدی ) چوون پەی مەدح ، شیرنـش باســـەن
ڕازی شیرینــــــش ، کۆتا بـــۆ ، خاســـــەن

هەروەها باشترین تابۆو وێنەی هەڵس‌و کەوت‌و باسی دڵداری‌و تینی خۆشەویستی‌و هەڵقرچانی شاعیر لەبۆ خۆشەویستەکەی ەقەسیدەی یان هۆنراوەی ( هارەسەختەنی)دا دەردەکەوێ ئەویش بەم جۆرە دەست پێ‌دەکات[147] :ـ

هارە سەختەنی هارە سەختەنی
تۆ خۆکەم قیمەت ، سەنگی سەختەنی
چێ بڵند اقبال ، ساحێب بەختەنی

یار ئامان وەلات ، جەهدو جەختەنی
تراشیدەی دەست ، سەر ئوستادی باش
جەستەت پورزەخم ، قوڵنگەی سەنگ تاش
ئادگاری ئۆسای ، قەدیم زەمانان
دەس ئاسی دەس‌کێش ، خیاتەی خانان
چمان تاشیای ، تێشەی فەرهاد بێ
دەستت جە نەمام ، داری شەمشاد بێ
ئارۆ قیبلەو من ، بە لەنجەو لارە
تەشریفش وەلای ، تۆ ئامان هارە
شیرینەن نیشتەن ، دانە مەدۆ پێش
هارەش هارکەردەن ، دەور مەدۆ نەوێش
مەگێڵۆ بەدەور ، چون چەرخی چەپگەرد
هەیاهۆش گەرمەن ، مەناڵۆ جە دەرد

---

(١٤٧) بۆدەقی هۆنراوەکە بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٩٩ •

دوو لێمـــــوێ وەش بـۆش ، تەرحـی شەمامـە
جمـە جمشانا ، نـە یەخـــــەی جامـــــە
کـەس چـون تو ئازیـز ، جـــە لای یار نەبـی
هـارەچی وەشـــیی ، ساچـــی هار مەبـــی
تای تـورەی زولفـان ، سیـای عەنبـەر بـــۆ
سـەر ئاوێـز کـەردەن ، تـاوە بانـی تـــۆ
دەخیلـــــەن دەستــــــت ، بەدەستـی یارەن
پەنجـەش ڕیـش نەبـۆ ، هارە هـــاوارەن
شیریـن بەسـەد نـاز ، مەکێشـــۆ دەستـــە
دانـە مەدۆ پێـــت ، چـــۆن ئاوات واستـــە
دانـەش مەسانـی چـــون ستــــــەم کـاران
مەکەریـش وەگـەرد ، تووتیـــای شـــاران
تاقـەت شـی جــــەلام ، واتـم ئـەی هــارە
بـە مـەودای ئەڵـــــاس ، بای پـارە پـــارە
تـۆ دەستـی شیریـن ، دەستـــە کێشتـــەن
ئاواتـــــت بریـان ، ناڵـــەی چێشتـــەن ؟
تـۆ پەنجـەی شیریـن ، کەفتەنـــت وەســـەر
چـی ساریـش نەبـێ ، زامانـــی خەتـــەر
بـا مـن بناڵـــــۆ ، روان تـــا شـــەوان
زەدەی هیجرانـــــم ، دەردم بــــێ دەوان
هارەی هەراسـان ، هەردەی هـــەردە گێــــڵ
کـەم دەوردە نەوێـت چـون دێوانـەی وێــــڵ

ئانـه شیرینـەن ، دولبــــــەر دولستـــان
دڵ چێـت مەسانـۆ ، بە مەکـــرو داستـــان
بە بەینـو بەقاش ، هیــــچ مــەبە خــــەرە
جـەفاش سـەد بارەن وەفـــاش یــــەك زەرە
چەنـێ کـەس تاسەر ، هەرگیـــــز یار نیــەن
یاری ساحێـــب شــەرت ، وەفادار نیـــــەن
کاتـێ مەزانـی ، هـۆر ئێــزا بـــە قـــەس
چـون بـێ بەیتان ، جـە تــــۆش کێشـا دەس
شـی بــــە ماوای وێش ، تەشریـف بــەردەوە
تـۆش ئاستـــــی وەلای ، داخــــــوو دەردەوە
کۆتابــێ سـەداو ، نەعـرەتەو دەنگـــــــت
بـێقیمـەت گنـــــای ، کەساس بـــی سەنگـت
بـە دڵـەی پـۆڕسـۆز ، مەینـــــەت بـارەوە
پێچیـــــــای بــەدەرد ، دووری یـــارەوە
ئەوســا چەنـی زام ، بـــێ دەوای خـــەتەر
مات مەبـی ، بـێ دەنگ ، جە ( صەیـدی ) بەتـەر
پێشەکی سەیدە لەگەڵ ( دەستهاڕ )دا دەستـی بەوتو وێژکردووە وپــــــی دەڵـــــێ :
ئـەی دەستهاڕ ، تـۆ ڕەقو سەختی ، لەگــەڵ ئەویشدا هەرزانیو نرخی کرینت کەمە ، بەڵام خاوەن بەخـــتو شاسی ، خاوەن نگینی ! یارم هاتۆتە لات بۆیە شانسدارو نگینـــداری ، بۆیە گورچو گۆڵی .. تۆ شانسداری دەستی شیرین بەدەستەوەیەو تۆش لە خۆشیدا هار بووی ، چونکە ئاواتت هاتۆتە دی .. هتد .

ڕواڵەتـــــی قەسیدەکـــە :ـ

زمانی پاراوە ، وەزنەکەی واتە کێشەکەی نەتەوەییە ( دەبڕکەیین ) وشەی عارەبی بە دوو شێوە بەکار هێناوە ، هەندێکیـــان ڕوواڵەتـــە عارەبیەکەیان پێوەماوە ، ئەوی تریشیان تۆگل کوردەواری‌یان پیادا کراوە، بۆ وێنەی یەکەمیان وەك ( اقبال ) بۆ وێنەی دووەمیان وەك ( تەرح ) ئاوازی شیعرەکان ، لەگەڵ سووڕانەوەی دەســت هارەکەدا گونجاوەو (شیرین)و (دەستهار)یش کەوتوونەتە لەنجەو هەڵپەڕکــێ •

سەیدی هەورامی لە هۆنراوەیەکی‌دا خۆشەویستی‌ی خۆی بەرانبەر بە (وەنەوشە) ناوێك دەربڕیووە ، ئەم هۆنراوەیـــەی بە زمانـــی فارسیـ دایڕشتــوە ئەمەش چەند بەیتێکی هۆنراوەکەیە کە تیایدا دەڵی(١٤٨) :ـ

بنفشــه برکنــار جوئیاســت    زســوز ایش دل من بیقرارست
سیه‌پوشــم بمانند بنفشــــه    جکر خسته دلم زاروفکارسـت
زبیداد بنفشــه بر بنفشــــه    جوابرم چشم گریان اشکبارست••هتد

واتای هەڵبەستەکە ئاسانو ئاشکرایەو هیچ گریەیەکی تیادا نـــی‌یەو هەروەك لە دوو دێری کۆتایی‌دا دەبینین صەیدی وشەی هەورامی تێکەڵ بە فارسی کردووەو جورە جوانی‌و هونەریەکی پێشان داوە کە دەڵێ :

ئەی صەیدی تو ئەگەر عاشقی ئیتر هەقت بەسەر خوا پەرستی بــەوە چی‌یە ، مەرامی تۆتەنها (وەنەوشە)یە ، هەروەها ئەوەی لەم هۆنراوەیـــەدا سەرنجمان ڕادەکێشت شاعیر کە شیعرەکەی داناوە کاتی پاییز بووە ، بەڵام بەهۆی (وەنەوشە)وەوە کە ناوی دڵدارەکەیەتی شاعیر دنیای وەکو بەهــار دێتە پێش چاو ، گوڵو گوڵاڵە ئەو ناوەی ڕازاندۆتەوەو ڕەنگاوڕەنگـــی

(١٤٨) بۆ دەقی هۆنراوەکەبڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٤٢ •

کردووەو (وەنەوشە)ی دولبەروگولی ( وەنەوشە ) تێکەل بەیەك کردووە ، کە جوانیو وەستایەکـی بە هۆنراوەکـەی لـە جیهانـی لێکچوانـدن ( تشبیـە )دا بەخشیـووە •

صەیدی هەروەکو کاردۆخی دەلێ سێ کچی خۆشویستووە ، کـە باسمانکردو وێنەی شیعری بۆ قسەکانمان هێنایەوە ، بەلام شاعیر نـاوی کچیکێ تری هێناوەباسی خۆشەویستیی خۆیمـان بەرانبەر بـەو کچـە دەکات ئەمیش ناوی ( ڕیۆن )ە • با بزانیـن چۆن بـە بـەژنو بالایدا هەلئداتەوەو چۆن باسـی دلداریو خۆشەویستـیی خۆیمـان بـۆ دەکـات شاعیر دەلـێ[149] :ـ

ڕیـون ، داخۆبالا تـەنە ، هەزاریو ، دەردەدا ڕەنـێ(*)
گرد کوشتەو ، ئادیدەتەنی ، تەدیدەت جادو کارەنـــی
بالات نەمامـی نەوبەرو ، دیدێـت نەرگسی مامـــەڕو
کولمێـت سافۆ دلـێ دەرۆ ، مەمێتمەرە ، جیۆ نازەنی

سەرئەنجام شاعیر حەزی لە چوار کچی کردووە نەوەك کاردۆخـی باسیکردوە ؛ کە دەلێ حەزی لە سێ کچی کردووە ، چونکە کاردۆخـی خۆی ڕەتی قسەکانی خۆی دەداتـەو دەیانکاتـە چوارو نموونەشمان بۆ دێنێتەوە • ئەم کچە جوانانە بوونە سەرچاوەی خوریەو ئیلهامی شاعیـرو عەشقیکی بێ وێنەیان هێناوەتە ئاراوەو ئاگریان بەرداوەتە دلو دەروونـی شاعیرو دەیخەنە جیهانی هۆنینەوەی هۆنراودا •

شاعیر کە باسی پلەو پایەی خۆشەویستەکەیمان بـۆ دەکـــات ؛

(١٤٩) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١١٥ •

(*) ئەم هۆنراوەیە وادیارە هی سەیدی یەکەمە نەك ئەمسەیدییەی کـە باسـی دەکـەین •

هەروەك بابا تاهیری عوریانو مەلای جزیری پەنا دەباتە بەسامانی هۆنراوەیی نەتەوەکەمانو لەم گەنجینەیەوە هەستی خۆیمان بۆ دەردەبڕێو دەڵێ[150]:

شیریـــــن تۆشەمـــعو مــــــن پەروانەنـــان
شیریــــــن تۆپــــــەریو ، مـن دێوانەنـــان
شیریـــــــن جەداخـــی ، بـــێ مەیلی تـــووە
وەختــەن چـون فەرهــــاد وێڵ بوون بـــەکۆوە

کەوابوو شاعیر خۆی بە ( فەرهاد ) دەشوبهێنێو بە دڵبەرەکەی دەڵێ لە داخی تۆوە خەریکە وەك فەرهاد منیش بەم کەژو کێوەوە وێـڵ بـم

هەروەها صەیدی هەورامی ، باسو خواسو چیرۆكو داستانو سامانـی عەرەبیی زانیوەو ئاگای لێیان بووە ، بۆیە دەبینین زۆر جار پەنا دەباتـە بەر جوانانو نازدارانی عەرەبیو ئیسلامیو ناوی چەند ئافرەتێکیـــان دەهێنـێ وەکو ( زولەیخا )و ( لیلی ) شاعیر دەڵێ[151] :

دەرد ، زەدەو ، هـــەردەی ئەحبابـــی شەریـــفە
وەنـــدی نازداران ( زولەیخـــــا )ی زەریـــفە
خاترجـــــە ( شیرین ) زەریفتـــەر ، جە (لەیـــل )
یاری دڵ ئازار ، کـــەم وەفـــــــای بـــێ مەیـــل

دوڵبەرەکەی ئەوەندە بەلاوە جوانو دڵڕفێنە لـــە شیرینی کـــوردو (لەیلا)ی عەرەب جوانتـــرو قەشەنگترە .

هەروەك مەلای جزیری چیرۆکی ( قیسولەیلا )یان (مەجونلەیـــلا)لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگ دەداتەوەو باسیان دەکات ، صەیدی هەورامییش بـــە

(١٥٠) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٥٠ .
(١٥١) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٦٠ .

هەمان شێوە سەرگوزشتەی ئەو چیروکەمان بۆدەگێڕێتەوەو دەڵێ[١٥٢] :

دڵـەی شەیدای مەست ، دڵەی شەیدای مەسـت
ئەر تۆ عاشقنـی ، شێتی شەیـدای مەسـت
شەرتـی بەقـاو بەین ، قەیـس (لەیل پەرسـت)
هەرتا زیندەنـی تـۆ مـازەش جەدەسـت
ئـەر تـۆ گەرەکتەن یار دیـدەن کـەری
هۆکێـرە شێـوەی ( قەیـس عـامری )

صەیدی هەورامی لە تێهەڵکێشێکی (فارسیو هەورامی)دا لە بەیتـە شیعرێکدا خۆی هەم بە (مەجنون)و هەم بە (فەرهاد) دەشوبهێنـێو دولبەرەکەشی بە ( شیرین )و ( لەیلا ) ، دەڵێ[١٥٣] :ـ

دلتێـرۆنە ، بێنێـت بـە نهۆئـاد
زوبـێ دادیـت نیگارا چـوون کنـم داد
جەزەڵ تۆم (لەیلە) زۆنای خوێم (مەجۆلە)
ترا ( شیرین ) شمەردم خود چوو فەرهاد

یـان دەڵـێ[١٥٤] :ـ

ئاد لێت مەبەرسۆ بادی وڵات گێل    دەلیلی هامڕاز دەردەداری وێڵ
ئینە تۆ دەلیـل کـام دەردەداری    عەرزەی فەرهاد بە شیرین ماری ؟!

هەروەک رەچاومانکردو بینیمان صەیدی هەورامی بەو پەڕی توانایی

(١٥٢) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٨٧.
(١٥٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١١٠ــ١٨ــ٤٦ــ٨٨ــ١٦٠ــ٢٠٩ .
(١٥٤) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٣٧ .

وەستایانەباسی ئافرەتی کردووەو ئەم جیهانەی (جیهانی ئافرەت) ڕازاندۆتەوە.

ئێستاش گەشتێکی بەناو هۆنراوەکانیدا بکەین بۆ ئەوەی بزانین ، بە چ جۆرە فەرهەنگێك لەو وشەو زاراوەو دەربڕین گەردانەی بــــۆ ئــەم جیهانەی هۆنیوەتـــــەوەو ڕازاندوویەتەوە ؟ لەڕاستیدا ، گشت دەقەکــان ئەوەمان بۆ دەچەسپێنن و دووپاتیدەکەنەوە ، کە صەیدی هەورامــی هەرگیز لە شاعیرانی ناوبراومان ( بابا تاهیری عوریانو مەلای جــــزیری )دا دوور نەکەوتۆتەوەو هەر ئەو زاراوەو داڕشتنو وێنانەی بەکارهێناوە ، چ لە بارەی وەسفکردنو باسی جوانیو پیاهەڵدانو چ لەبارەی چەشتنی ئازارو خـــەمو خەفەتەوە ، کە عاشقان لە ئەنجامی دووریی یارەوە گیرۆدەی بوونو پابەندی خۆشەویستیی دڵبەڕبوون ، ئەم زاراوانەی بەکارهێناوە(١٥٥) « فراق ، هجر ، هجران »یان لەو دەربڕینو دەستەواژانە کە فەرهـــــــەنگی شاعیرانـــی کلاسیـــــكبــوون وەکــو .

(١٥٦) (دەردم بێڕەوان) ، (١٥٧) (چەنی کەس تاسەر هەرگیز یارنیەن)، (١٥٨)(کوشتەی دەردی عەشق) (١٥٩)(بێوەفایی) ، (١٦٠)(وەفاش کام بێ) ،

---

(١٥٥) هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو . ل ٢١ ــ ٤٠ ــ ٥٠ ــ ٥٦ ــ ٧٧ ــ ٨٠ ــ ٨١ ــ ٨٥ ــ ٨٨ ــ ٩٣ ــ ٩٦ ــ ٩٩ ــ ١١١ ــ ١١٤ ــ ١٢٤ــ ١٢٥ ــ ١٣٧ ــ ١٥٨ ــ ١٥٩ ــ ١٦٠ ــ ١٦١ ــ ١٦٢ ــ ١٦٧ ــ ١٧٤ ــ ١٧٩ ــ ١٨٠ ــ ١٨٧ ــ ١٩٤ ــ ٢٠٢ ــ ٢٠٥ ــ ٢٠٦ .

(١٥٦) هــەر ئەو سەرچــاوەیە ل ٢٠٢

(١٥٧) هــەر ئەو سەرچــاوەیە ل ٢٠٣ .

(١٥٨) هەر ئــەو سەرچاوەیە ل ٢٠٥ .

(١٥٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٥١ .

(١٦٠) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٩٢ .

(١٦١)(دووری‌وجیایی) ، (١٦٢)( دلم ماتەم‌بی) ، (١٦٣)( یارم بووجیــا ) (١٦٤)(داخی دۆست) ، (١٦٥)(دڵپوڕ ئازارم) ، (١٦٦)(پابەندی تای زولف)؛ (١٦٧)(زەهراوی عەشق) ، (١٦٨)(زدەرێ هیجرێ یارێ) ، (١٦٩)(تیغــی هیجران) ، (١٧٠)(بێ‌مروەت) .

صەیدی هەورامی لە وەسفەکردن‌و چوونە قوڵایی‌و ناخی جیهانــی ئافرەتەوە ، بە وێنەی ڕەنگین‌و کەرەسەی ڕەوانبێژی جوان ، ئەم جیهانەی ڕازاندۆتەوە ، بەم جۆرە لە شێوازەکانی لێکچواندن (التشبیــه)و خــوازەو خواستە هەستی خۆیی بۆ دەربڕیوین ، هەر لەو کاتەشدا سەلیقــەو توانایی‌و پلەی شاعیرمان بــۆ ئاشکرا دەبێت ، بەتایبەتــی لــە بەلاغەتـــی عەرەبی‌و چۆنێتی بە کارهێنانی لە هۆنراوەی زمانی نەتەوەکەی‌داه‌دیسانەوە هەر لەو کاتەشدا شاعیر ئەوەمان بۆ دووپات‌دەکاتەوە کە لەگەڵ بابا تاهیری عوریان‌و مەلای جزیری‌دا یەك زنجیرەی نەپچراو لە جیهانی بنیاتنانـــی هــۆنراوەی

---

(١٦١) هــەر ئەو سەرچــاوەیە ل ١٢٤ .
(١٦٢) هــەر ئەو سەرچــاوەیە ل ١٣١ .
(١٦٣) هــەر ئەو سەرچــاوەیە ل ١٣٤ .
(١٦٤) هــەر ئەو ســەرچاوەیە ل ١٣٧ .
(١٦٥) هــەر ئەو ســەرچاوەیە ل ١٣٧ .
(١٦٦) هــەر ئەو سەرچــاوەیە ل ١٥٧.
(١٦٧) هــەر ئەو سەرچــاوەیە ل ١٦٠.
(١٦٨) هــەر ئەو سەرچــاوەیە ل ١٨٠ .
(١٦٩) هــەر ئەو ســەرچاوەیە ل ١٦٢ .
(١٧٠) هــەر ئەو سەرچــاوەیە ل ١٦٤ .

کوردی‌دا پێك‌دەهێنن‌و لەڕێگەی ئەوان لای نەداوەو دوورنەکەوتـوّتەوەو هەر ئەو ڕێچکەو ڕێبازی گرتووە ، بۆیە دەبینیـن هەتا لەبەکارهێنـانی شێوازەکانی ڕەوانبێژی بە هەموو جۆرەکانی‌یەوە ، هـەروەکو ئـەوان بە دەسەڵاتەو بەشارە زایی‌یەوە

مەلەوانیی لەو دەریا بێ پەی‌و فراوانەیەدا کردووەو ئەوپەڕی سەرکەوتنـی وەچنگ هێناوە . بەکارهێنانی ئەم جۆرە هۆنەرانە لـە نێو هۆنراوەکانـی‌دا رەچـــاودەکرێن .

وەکو لێك‌چواندنی تەواوکە لەم بەیتەدا دەبینین[171] :

بەسافـی جەمیـن ، وێنــەی جامـی ( جــەم )

باڵا چـوون ســــەرو ، گـوڵ باخچەی ئیـرەم

بە ســەد ناز چـوون حور ، مەخێـزۆ بەقەســت

تا بــازاری حوســن ، مـــن بدۆشکەســـت

یان لــەم بەیتــەدا کــە دەڵێ[172] :

( شەوپۆش ) نیلی پــۆش ، خەمگیــن دیارەن

( چنوورش ) پەشێــو ، چوون زوڵفـــــی یارەن

لێرەدا : (جەمین) واتە ناوچەوان ، لێ‌چووە ، ( وێنە ) ئامرازی لێك ـ چواندنەو ( جامی جەم ) لەوچووەو (سافی) یانی بێ گـەردی وێنــەی لێـك چواندنەکەیـەتی .

لە وێنەی دووەم‌دا ، لێك چواندنە کە ئەوەیە شوبهاندنـی چنوور بە زوڵفی‌یار ، ئەویش لە شێواوی‌و ئاڵۆزی‌دا .

---

(171) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٢٧ .

(172) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٠٨ .

هەروەها لێك چواندنی ناتەواویشی هەیە کە شاعیر یەکسەر بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر ئامراز مەبەستی خۆی گەیاندووە بۆ نموونە(١٧٣) :

شیرین تۆ شەمع و من پەروانەنان
شیرین تۆ پەری و من دێوانەنان

لێرەدا شاعیر شوبهێنراوە بە پەروانەو یاربەمۆم ، شاعیر بە دەست لێوەشاوو یاربە پەریی دەستوەشێن ، وەجهی شوبهاندن لە تەشبیهی یەکەمدا فەوتانەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەیە : ئەم دوو بەیتە لەسەر کێشی خۆماڵییە هەر نیوە بەیتێك دەبڕگەیە . صەیدی زۆرجار لەبەکارهێنانی هونەری لێكچواندندا بەوردی وبێ پێچو پەنا بە دوولبەرەکەی دەڵێ تۆوایت و ئەمەیت ، شاعیر دەڵێ(١٧٤) :

بە لەپ یاقوتی بە گۆنا قەمەر
شۆخوزەربفی ، نەعالەم یەکسەر

صەیدی هەورامی لەسەر هەمان شێوە دڵبەرەکەی بە هونەری خواستە جوانو قەشەنگ کردووەو ڕازاندویەتییەوە ، کاتێ ڕوو دەکاتە خۆشەویستەکەی و پێی دەڵێ(١٧٥) :

---

(١٧٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٥٠ .
(١٧٤) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٨٨ .
(١٧٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٩٧.

هەی نەونەمامی باغی دڵ ، پەی تۆ سیان بەیداخـــی دڵ
سامەڕەهەمـــێ ، بەیداخـــی دڵ ، خـــــۆکافرستانی ڤێــو
هەی ڕەندێ ، توحفە نازەنین،خاڵت جە عەنبەر گوڵ جەمین
سامەرهەمـــێ دەر پـــەی برین ، خۆ کافرستانـــی ئێـــو

لێرەدا وشەی نەونەمام وەکو ناوێك یان مرۆڤێك یا هەر بە مەبەســـی خۆشەویستەکەی بەکارهاتووە کە شاعیر لەگەڵدا قسەدەکـــاتو ڕووی قسەکانی لێیەتی ، کە نەونەمامێکەو لە باخی دڵدایا بیجگە لەمەش لە بەیتی یەکەمدا وشەی ئاربی هەیە : کۆکردنەوەی ( باخیو )و (بەیداخی)و (داخی) کۆمەڵە دووبارە کردنەوە چارەکی دوایی هەر بەیتی ، جۆرە جوانـــیەکی تری بە شیعرەکەی بەخشیووەو ڕازاندویەتەوە •
یان شاعیـــر دەڵـــێ[176] :

چین چین دەستەی زوڵفخـــــەم وەردەی جەمییـــن
پەرچین نەدەوران ، گـــوڵ باخچـــــەی جەمیـــن
مـــــــازە پەشێـــــویان بەرۆشوەهــــەمدا
نەك پێـــوار بـــۆ مانـــــگ ، نە دڵـــی تــــــەمدا
چـــوون نـــــوری ئیمان ، لەڕووش نەدرەوشـــۆ
یازوڵمـــاتی کـــوفر ئیمـــــان نەپۆشـــۆ

لەم بەیتانەدا کۆمەڵێك لێكچواندن(تشبيه)و خواستە هەیە ئیستیعارەکان

(176) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٣٩ •

وەك بەکارهێنانی ( مانگ ) لە جیاتیی ( گۆنا )و ( خەم ) لەجیاتی ( زولف )و
( ئیمان ) لە جیاتیی ( گۆنا )و :
( زولماتی کوفر ) لە جیاتیی ( زولف ) •

لە شیکردنەوەی شیعرەکانی صەیدی هەورامیدا ئــــەوە بەئاشکرا
ڕەچاو دەکەین کە بۆ وێنەکێشانو دەرخستنی سۆزو خۆشەویستیی خۆی
بەرانبەر بە دڵدارو بۆ ڕازاندنەوەی جیهانی ئافرەت ، ئاگای لــە دیوانــی
شاعیرە کوردەکانو ئەو بەرهەمانە بووەو سودی لێیانبینیوەو سەرکەوتوانە
ڕازوونیــازو ســۆزی بــێ پایانی خۆی درکاندووەو بە زمانــی پوخت
وپاراو مەبەستــی خــۆی بەدەستەوەداوە •

ئێستاش ، پرسیارێك لە خۆمان دەکەینو دەڵێین :
ئایا صەیدی هەورامی چۆن باسی ئافرەتی کردووەو ئەم جیهانــەی
چــۆن ڕازاندۆتـــــەوە ؟

جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ دیوانی شاعیرو بە شیعرەکانیدا دەچینەوە •
لە ڕاستیدا ئەم وێنەیە لە دوو لایەندا دەردەکەوێ •
لایەنی یەکەم : نرخپێدان بە ئافـــــرەت •

لایەنی دووەم : لایەنی مل کەچ کردن بۆ نەریتی دوواکەوتـــــووی
کۆمەڵی کردەواری • بۆ ئەوەی شاعیر پایەیەکی بــەرزو ڕێــزی خۆیمــان
بەرانبەر بە دڵبەرەکەیو ئافرەتان پیشان بدات ، پەنای بردۆتەبەر بەکار ــ
هێنانی جۆرەها شێوەی شوبهاندنو خستنەڕووی لایەنی پرشنگــــدارو

بێ گەردی ئەم جیهانە ، کە دەبێتە مایەی سوودبەخشیو دڵ ئارامیی شاعیر. شاعیر بەم جۆرە وێنەی دلبەرەکەیمان بۆ دەکێشێو دەڵێ[177] :

بەسەد ناز چوون حوور ، وەختێ هۆرێزا
تا بازاڕی حوسن ، من بدۆشکەست

دلبەرەکەی بەحوریی بە هەشت شوبهاندووەو ئەمەش ڕێزێکی گەورەیە ، هەم لە جوانیو هەم لە بێ گەردیو پایەبەرزیدا ،یان دەڵێ[178]:

شەیدای شێوەی ڕەند ، پەریی سامت بام
دێوانەی ڕووخسار ، جەمین جامت بام

یان دەڵێ[179] :

منو یارەم هنی ئایری سووربە
یا رضوان بهشت حوری تۆ

لێرەدا شاعیر دەڵێ : ئەگەر من لەگەڵ یارمدا با لە نێو ئاگر یان لە نێو دۆزەخیشدا بم گوێ نادەمێ چونکە ئەو دۆزەخە وەکو بەهەشتە لای من ، سا ئەی ( رضوان ) کلیل داری بەهەشت ، حوریو بەهەشتی خۆتان بۆ خۆتان ، چونکە من بەهەشتوو حوریی خۆم هەیەو پێویستم

(١٧٧) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٢٧ .
(١٧٨) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٤٧ .
(١٧٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٤٠ .

بسە بەهەشتێکـــی کەنـــیزیە •

صەیدی هەورامی وەستایانە باسی جوانیی یارەکەی دەکاتو دەڵێ[180]:

شیرینـــەن بەژنت ، شیرینـــەن بـــالآت
شیرینـــەن خاڵی ، سەرگۆنای ئـــالآت ••• هتـــد

شاعیر ئەوەندە حەزی لە دڵبەرەکەیەتی بە وەسفکردنی جوانیی‌یەوە ڕاناوەستێ بەڵکو بە قیبلە دەیشوبهێنێو خۆی دەکاتە قوربانیو فیـــدای باڵای دەبـــێ • کـــە دەڵـــێ[181] :

قیبلـــەم سوپەردەی ، وەیســـــی نـــازاربای
ئەمیـــن جەگەزەنـــد ، دیـــدەی بەدکـــاربای
فیـــدای باڵآت بـــام ، ســـەوڵـــی سەرئەفـــراز
بدیـــە پـــەی جەستەیـــم ، بنیەم نیگـــــای ناز

شاعیر داواله (ویسی)ی نازدار دەکات کە دڵبەرەکەی بپارێزێو لـــە گشت جۆرە خراپەیەك دووری بخاتەوەو ئاگای لێ‌ی بێت •

صەیدی هەورامی خۆشەویستەکەی بە وەفادارو ئەمـــەکدار دەداتـــە قەڵەم کاتێ پێی‌ی دەڵـــێ[182] :

---

(۱۸۰) هەر ئـــەو سەرچاوەیـــە ل ۱٤۹ •

(۱۸۱) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ۱۸۹ •

(۱۸۲) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ۱۳۲ •

پاسە زانینسێ ، یـــاری وەفـــادار
ئـەر دووریـــش گنۆ ، مەگێروو قـــەرار

واتە : لام وا بوو ئەگەر یاری وەفادارم بڕوات ، ئەو کارە گەورەیەم لێ ناکات ، بەڵام وا نەبوو ، کـە ئـــەو ڕۆیشـــت من ئـــارامم لـێ بڕاو زۆر ئازەحـــــەت بـــووم •

یان شاعـــیر خۆی دەکات بە بەندو عەبـــدی دڵبەرەکـەی کاتـێ پێـــی دەڵـــێ[183] :ــ

بکـــن دەرگـــــوش‌ما ، ایـــن حلقـه زلـف
وەشـــــۆ تـــە خواجـەیێنـــی ، ئێمـە بەنــدێ

هەرەکو دەبینین شیعرەکە تێهەڵکێشی فارسی‌و هەورامی‌یە بەیار دەڵێ : حەلقەی زوڵفت بکەرە گوێم ، خۆشە تو خواجـەو گەورەبێـــت‌و منیـــش بچووك‌و بەندت بم ، وەکو ئاشکرایە ئـــەمە پایەیەکی بەرزی بە خۆشە ــ ویستەکەی‌داوە ، ئەو خواجەو ئەمیش خوڵام‌و خزمەتکاری بێـــــت ، شاعیر بەمەشەوە ئارامی ناگرێ‌و ڕاناوەستێ ، بگرە دڵبەرەکـەی دەکاتـە

(183) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٣٠ •

بوت‌و دەپەرستێ‌و سوجدەی بۆ دەبات کاتێ پێی دەڵێ[184] :

جەمێـــت‌صادو بـــرۆت نـــون‌و دەمــــــت میــــم

رفــت لـــوح‌و ، دلــم طفـــــل‌و تــۆاســــــتاد

(ص‍ـ‍ن‍ـ‍م) یانی صەنەم واتا بوتەکەم ، ڕوومەتت لـــەوحە تەختـــە ـ نووسینە ، دڵم منالە توش مامۆستای سەر ئەنجام شاعیر لە بۆ ڕێزلی ـ گرتن‌و وەسف‌کردنی دڵدارەکەی پەنابردووە بۆ جۆرەها کەرەسەی جوانی‌و لێکچواندن ، بۆ رازاندنەوەی خۆشەویستەکەی‌و ئەم جیـــــهانە فراوانە ، شاعیر لەسەر هەمان هێڵ‌و ڕێگـــای شاعیرانی کلاسیکی کە پێش ئـــەم ، ڕیگایان گرتۆتەبەر ڕۆیشتـــــووەو هەر ئـــەو فەرهەنـــگ‌و کــــــەرەسەی ئــــەوانی بـــــــەکارهێناوە •

دووەم : دیاردەی ڕێزنەگرتن‌و باس‌کردنی ئافـــــرەت بە جۆریکـــی ناپەسەندو زیان‌بەخش‌و نابەجێ‌و بێ‌سوودو وێنـــەکیشانی ئـــەو جیهـــــانە بە چەشنێکی دڵتەزێن ، شاعیر وەکو شاعیرانی پێش خۆی ئەو شێوازەی بەکار هێناوە ، کە برۆو براژانگ‌و زوڵفی دۆست‌و یاربە تیروکەوان‌و شمشێرو ئەو کەرەسانەی کە مرۆڤ بریندار دەکەن یان مرۆڤ دەکوژن •

شـــاعیر دەڵـــێ [185] :

شیریــــــن پەیوەندەن ، شیریــــــــن پەیوەنـــدەن
دوو ئەبـــــرۆی سیــــــات ، بـــەهەم‌پەیوەنــــــدەن
دووشیوانەی قەوس ، ئوسای غـــەیب زەنـــــــدەن
هـــەریەك سەد پەیکان ، وەجەرگـــــــــم شەنــــــدن

---

(١٨٤) هەر ئـــەو سەرچاوەیە ل ١٤٠

(١٨٥) هەر ئـــەو سەرچاوەیە ل ١٤١ •

جەو دەســـــتەی زولفــان ، حەیران مەنـــدەنان
دامـــەن یا شـــــامار ، یا خۆکەمـــــەندەن ؟

بەلێ برۆکانی دلبەر وەکو تیر جگەر کـــون کـــون دەکابەو زامـــاری دەکات ، یان وەکو شامار بـــە مرۆڤـــەوە دەدات و دەیکوژێـــت ، صـــەیدی هەورامی بیەوێ و نەیەوێ لێرەدا[١٨٦] ( زولفی یاری وەکـــو دوژمنی خۆی داناوە ، زولفێك دەست وپێی یاری بەستۆتەوەو کـــەمەندەو بیمـــاری ـــ کردووە ، دیارە کاری دوژمنایەتیـــی کردووە *) .
یـــــان دەلـــــێ[١٨٧] :

شـــیرین بەچـــــــەندەن ، دل تەزنجیـــرەن
ئەحلقـــــەی تای زولف بـــــەندەن ئەســـــیرەن

صەیدی لە دووری و هیجرانـــی دلدارەکـــەی خەم و ئازار ئەچێـــژێ و قەرارو ئارامی لانەماوەو ژیانی لا تال و بێ تام و ناخۆش بووە کە دەلێ[١٨٨] :

---

(١٨٦) بڕوانە مەلا عەبدولکریمی مودەرس و فاتح وەیس لە شەرحـــــی دیوانی نالی دا ل ٢٥٤ ، کە شەرحی شیعرێکی نالیـــی کـــــردووە ؛ بەم چەشنە لێیداوەتەو ، کە لەگەل شیعرەکەی صەیدی هـــەورامیدا زۆر لەیەکەوە نزیکن و هەریەك ماناو مەبەستی بەدەستەوە دەدەن .
* ئەمەش کەرەسەی شیعری کلاسیکی یەو شاعیرە کەمان پەیرەویان کردووە. لەڕاستی ئەوکاتە ئەم جۆرە دەربڕینانە زۆر جوان و باو بوونە .
(١٨٧) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٤٧ .
(١٨٨) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٠٧ .

دڵ ناڵانشـــــــەن ، دڵ ناڵانشـــــــەن

هـام ســـــەران جەدەرد ، دڵ ناڵانشـــــەن

زویـــــــریش جـــەتاو ، خـــــەیاڵانشـــەن

ئارەزووی تـــــــەواف عـــــــەوداڵانشـــەن

جـــــەدووری یاران بـــێ قـــــــەراریمەن

واوەیـــــلاو حەشر ، شیـــنو زاریمـــــەن

یـــــان دەڵـــــێ[189] :

جەلات مەعلـــوم بـــۆ ، سەڵـوی خـــەرامان
جەهیجرانـــی تـــۆ ، کـــاری پیـــــم ئامـــــان
جەتیغـــی هیجران ، سینـــە ســـەد ، چاکـــــم
ئیفتـــادەوبـــــێ ناز ، خەڵتـــــانی خاکــــم

صەیدی هەورامی ، یارەکەی بەبێوەفا دادەنێتو لەبەر ئەم هۆیەش کولێك خەمی هەڵگرتووەو نارەزایی خۆی بەرانبـــــەر بە دڵبـــەرەکەی دەردەبـــــڕێو دەڵـــــێ[190] :

---

(189) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٠٧ •

(190) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٤٦ •

پێســـەو ( مەجۆولـەی ) ملونـــــــە کـــۆوە

دە ( لەیلـــــێ لەیلـــێ ) وەســـــس بێ وەنایـــــی*
تـۆ هــەر چەنـی مــــــن ( وادێ ) مەدەینـــــە
گیــــــــرۆنەدەورم خەرقـــەی گەدایـــــــی
لەسەر هەمان بێ وەفایی یارەوە دیسان دەڵێ (١٩١) :
* بــێ ســوودەن ســەودای ، عەشقـــی نازداران
نازداران تــا ســــــــەر ، وەفــــا نــەداران
ئــەر تــۆ بکێشی سەد ســاڵ جەفاشــــــان
تاســەر چەنــی کـــەس‌نیەن وەفاشـــــان

صەیدی هەورامی بە ، دلبەرەکەی دەڵێ تۆ بێ ئینسافیتو بەزەییـــــت

---

* بابا تاهیری عوریان چوارینێکی هەیە ، هەمــان واتاو مەبەســـت دەبەخشێــت کە دەڵـــــێ :

دوو چەشمونت پیالـە پرزمی بی ندونم موکەفردای توکـــەی‌بی
همی وەعدەکەری ئەمروزو فەردا دوو زولفونت خەراج ملك ری‌بی
دیوان بابا طاهر عوریان هەمەدانی بتصحیح واهتمام استاد سخـــن وحید دسکردی چاپ چهارەم اردیبهشت ١٣٣٧ ل ٥٨ .

(١٩١) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٨٥ .

* بابا طاهــر دەڵــێ :

الاله کوهساران هەفتەیــــی‌بی بنفشـــەی جوکناران هفتـــەیی‌بـــی
منــادی میکــرم بشهــرو وەفایی گولعوزاران هەفتەیی‌بـــی
دیوانی بابا طاهری عوریانو وحید دەسکردی ل ٥٥ .

نی‌یەو دڵڕەقیت •• کە پێی دەڵێ[١٩٢] :ـ

مەدات وەجەرگم سەد جار تێشی پێغ
تاڕیشەی گیان ، مەکەندی جەپێغ
ئەرجەرگم بدەی لەت ، لەت بەچڵدا
ئەسلا ، ئینسافت ، نیەن چەدڵەدا!

شاعیر ئەوەندە نارەحەتو ناڕازی لە دڵبەرەکەی دەبێتو دڵو جگەری پارە پارەکردووە ، دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە نەفرەت لەژیانو ڕۆژگارو جنێو بە دڵی خۆی بدات بە توڕەبی‌یەوە بڵێ[١٩٣] :

دڵ زوخاڵ بای ، دڵ زوخاڵ بای
نەئاهی قورەت ، بە کۆی زوخاڵ بای!
چەنی غەم ، خەریك ، شللدی بە زوخاڵ بای
چونمورغی ، بێ‌پەڕ ، شکەستە باڵ بای
یا خوا جەئاسمان ، غەزەب‌وارۆلێت
یەتۆکە ردەن پێم ، نەژنەوای سەرشێت

لە ڕاستی‌دا هەروەکو شیعرەکانی صەیدی هەورامی‌دا بۆمان دەردە-کەوی ، خۆشەویستی‌یەکەی خۆشەویستی‌یەکی خاوێن ( عذری ) بووەو

(١٩٢) دیوانی صەیدی هەورامی ، کاردۆخی ل ١٦٣ .
(١٩٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٨٤ .

لەو دڵدارییەی کە پێی دەڵێن (سێکس) دووربووە هەرچەند شاعیری ناوبراومان هەروەکو مەلای جزیری گەلێك جار باسی ماچ کردن ، یاخ باسی مەمك و لێچکواندنی بەلیموو هەنارو خونچەو سێو ، بەلای ئێمەوە ، ئەمانە هەموو لە ڕادەی وەسف و باسی جوانی و پاکی ناچنەدەرێ ، هەروەکو چۆن لە شیعری فۆلکلۆری دێرینماندا باوبووەو شاعیرانی کلاسیکیش هەربەو شێوەیە شیعریان وتووە بۆ نموونە شاعیری ناوبراومان دەڵێ(١٩٤):

قیبلەم چی دونیا ، قیبلەم چی دونیا

ئینەدە ئاواتم ، مەنەدەن چی دونیا

*ڕۆی ، وەرجەمەرگ ، بە دیدەم بدیا

لەب وەبان لەب ، لالی تۆم بنیا

هەردووبنیامان ، سەروەیەك سەرین

کەردامان ڕازی و پەردەی دێرین

سەیدی هەورامی کەوەختی هەنکاوی تەمەنی بەرەوپایز دەکیشێن خۆی ئاگادارەو لەو کردەوانەی پێشەوەی پاشگەز دەبێتەوەو کەلکەڵەی دڵداریی ڕاستەقینەی دەگرێ و ئەو وەختە زۆرتر خوو دەداتە هۆنینەوەی شیعری خۆشەویستیی کە کەفەسەرین لە ڕازو نیازو سەرگوزشتەی دینی ، شێخی سەنعان و تەرماو لەیلێ و مەجنون ، شیرین و فەرهادو مەسیح ومەریەم ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەرەو خۆشەویستیی حەقیقی لە قەڵەم

(١٩٤) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٦٥ .

دەدری هەروەك صەیدی لەم هۆنراوەیەدا وتوویەتی[١٩٥] :

تا مەجـــاز نەبـــۆ ، حەقیـــق نمەبـــۆ
حەقیـــق بێمەجـاز ، تەحقیـــق نمەبـــۆ

پلەی دووەمی صەیدی هەورامی ڕووبـــەرەو سۆفیگەرێتـی ، پاش گەزبوونەوە لە مەڕی هەرزەکاری‌یەوە •

لەم هۆنراوەیەی‌دا سەیدی بە خۆی‌دا دەچێتەوەو دەڵـێ :
من هەمیشـــــە دیوانی عەشقم گەرم ، بە جۆرێ کە لە دڵـمدا مۆری عەشقم هەڵکەند ، بە چ جۆری ؟ بە (سەجع)و ناوی ( عەشقم )م لەســەر دڵمەوەنووسی •

بەڵام کە پیربووم‌و جوانیم ڕۆیی وەکو شێت‌و دێوانەم لـێ‌هات‌و بە چۆڵ‌و بیاباندا هەروەك مەجنـون وێڵی ( لەیلـێ )من ئاوەهـا شێت‌و لێـــوەو وێڵـی عەشـق‌بـووم •

بە هەرحاڵ صەیـدی دەڵـێ[١٩٦] :

مـن صەیدی سەردار ســـــوپای دیـــوانان
کوشتـــــەی دەردی عەشـــق زەدەی هیجرانان

---

(١٩٥) هەر ئـەو سەرچاوەیە ل ٢٠٩ .
(١٩٦) هەر ئـەو سەرچاوەیـە ل ٢١٠ •

دەیـــــەوی بڵـــێ :

ئەگەر چی من سەرکردەی سوپای دیوانی عەشقم ، بـــــەڵام من کوژراوی دەردی عەشقـمو نەخۆشی‌ی دەستـی بەجـێ هێشتینمـی ، ئەوجـا دەڵـێ[197] :

تا وانـام کتـاب ، دەرسـی عەشقـم وەنـمـد
مۆری دڵ بـە ( سەجـع ) نامـی عەشقـم کەنـد
هەرشێـتو سـادار بیابان گێـڵ یـــــــم
چمــــــان مـن جـادار : مەجنونی وێـڵ یـم

صەیدی هەر بۆ ئەوەی لە خۆی بیورێو بڕواتە سەر ڕێگای ڕاستـیو هەقیقەت ، سەرگوزشتەی شێخی سەنعان دەکا بـە وتوێـژی سەرەتـای ڕێگای ، ئەوجا باسی پاكو خاوێنی یەعقوبو رازی یوسف لەگـەڵ ژنی عەزیزی میسردا دەخاتەوە یاد ، لە پاشا بە وشەی ڕازی ( بەهرام ) دێنێتەوە بەرچاو ، لە پاشا دەگاتە سەر رازی لەیلێو مەجنون ، ئەوجا دێتـە سـەر ئەوەی کە بڵێ ، ئەو جۆرە سۆزانە سەرێکیان مەجاز بوونو ئەگەر هـەر سۆفیی بە تەجرەبەی مەجازدا تێ نەپەڕێ ناتوانێ ڕاستـی بـدۆزێتـەوە، ئەمەش ، نەك بەسەر مندا بەڵکو بەسەر هەموو سۆفی‌یەکدا هاتـــووەو تەنانەت زۆرتر بەسەر مەلاو شێخیشدا هاتووە ٠

(١٩٧) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٢٠٥ ٠

[198] یا شیخ سەنعانم ، یا شیخ سەنعانم
عەشق پەیتەرسا ، من چون سەنعانم

یان دەڵێ[199] :

مەجنوونی لەیلم بیابان کێڵم
عالەم مەزانان پەی لەیلێ وێڵم

تا دەگاتە ئەوەی کە بڵێ[200] :

تامەجاز نەبۆ ، حەقیق نمەبۆ
حەقیق بێ مەجاز ، تەحقیق نەبۆ

سەرئەنجام : صەیدی هەورامی لەبارەی ئافرەتەوە تەنها دوو لایەنی گرتووەو هیچی تر ، لایەنی باسکردنی جوانیی ئافرەتو بۆ گەیشتن بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردۆتە بەکارهێنانی جۆرەها شێوەی لێکچواندنو خواستەو خوازەو فەرهەنگی ئەم کەرەستانە ، لایەنی دووەم باسکردنی ئەڤینیو دڵداری ، دڵدارییەکی خاوێنو بێ گەردو پاکووە ئەوەی لەم بارەیەوە پێویستە ڕەچاو بکرێت ، ئەوەیە ئەمو گەلێ شاعیری تر ، بگرە گشت شاعیرە کلاسیکییەکان ، بەتایبەتی ئەوانەی پێش حاجی قادری کۆیی لە دایکبوون ، بەهێچ کلۆجێك باسی ئافرەتیان وەکو مەسەلەیەك نەکردووە ، یانی دەوری ئافرەت لە کۆمەڵدا لایەنی چاکی کە بەشداریی لە ژیانو بنیاتنانی کۆمەڵو پێشخستنی ئەم لایەنەش هەروەك لەمەودوا ، واتە

(١٩٨) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٢٠٨ .
(١٩٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٢٠٩ .
(٢٠٠) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٢٠٩ .

له پاری دووەمدا ، کە چەرخی ( ڕێنیسانس )ەو (بەچەرخـی (راپـــەڕین) ناوی‌دەبەین ، وەکو بابەتێکی نوێ خۆی دێنێتە ئاراوەو حاجی قادری کۆیی یەکەم کەس‌و پێشەوای ئەم مەیدانەیەو دووا بـــە دووای ئەویش مـــەلا محەمەدی کۆیەیە ، کە بە شێوەیەکی فراوانتر توخنی مەسەلەکە دەکـەوێ‌و بەرەی پێ‌دەدات‌و پێشکەوتنخوازانە بۆی دەچێ •

# بەشی دووەم

## بەشـــــــــــی دووەم

### سەدەی ڕێنیسانس لە کەیو لە کوێوە دەستی پێ کردووە ؟

دەرکەوتنی چەرخی ڕێنیسانس نە لەهەموو جیهانو تەنانەت نە لە هەموو وڵاتەکانی ئەوروپایشا لە یەك سەردەمدا نەبووەو نەش ئەبوو ببێ چونکە ئەو پەیدا بوونەی پەیوەندیی بەڕادەیەکی دیاریی گەشەکردنی هـۆیەکانی هێنانە بەرهەمو کارتێکردنی بیریی ئەم گەشەکردنەوە بووەو ، لە سەرەتـادا تەنها لـــەو وڵاتانەی ئەوروپادا هاتووەتەدی کـە ئەم مەرجانـەی تیـا بـە جـــێ هاتـووە .

ماوەی چەرخی ڕاپەڕین لە ١٤٠٠ تا ساڵی ١٦٠٠ واتە :

ساڵانی هەزارو چوارسەد ، یانی سەدەی پانزەهەمو ساڵانـی هەزارو پێنج سەد واتە : سەدەی شانزەهەم ، بەڵام ڕێنیسانس لـە ئیتالیـا لـە سەدەی چواردەهەمەوە دەستپێدەکات[1] .

ئەم ڕاپەڕینەش ــ لە دایك‌بوونی نوێ ــ بزوتنەوەیەکی سەرتاپایییەو ــ دیارترین دیاردەی ناسینـی خەڵکـییە ، ڕاپەرینـی هونەرەجوانەکان ، گشت لایەنە بیرییەکان دەگرێتەوە ، گیان (الروح) ، زانین ، خـــۆیی

(١) فلسفة عصر النهضه لاپەڕە ٧ .

(التملك) ، هونەرەکان ، ئەدەب ، زانست ، فەلسەفە ، بیری رامیاری‌و فەلسەفەی کۆمەلایەتی ، لەم هەموو بووارانەدا یان لە زۆربەی هەرە زۆریاندا ڕۆلی دروست‌بوون دەبینێ هەروەها گۆڕینێکی ( ترجمة ) نوێی‌یە بۆ ئەوەی چۆن سەیری مرۆڤ‌و گیتی بکەین .

لە یەك چوونی ئافرەت هەندێ جار لە ئافرەتی جیهانی‌و ئافرەتی دراوسێکانیدا بکرێتە بەرچاو ، بۆیە ئێمە کەدەما نەوێ لە ژیانی ئافرەتی کورد بکۆلینەوە لە چەرخی راپەڕیندا پێویستە ـ بەر لە هموو شتێك ـ ئاورێك لە قۆناغی ژیانی ئافرەت بە گشتی بدەینەوە .

لە ڕاستی دا هەروەکوزۆربەی نووسەران باسی دەکەن : ( خاسیەت‌و پێداویستەکانی ڕێنیسانس یەکەم جار لە ئیتالیادا دەرکەوتن‌و پاشان لە ولاتەکانی دیکەی ئەوروپادا بلاوبووەوە بەپێی باروزرووفی ناوخۆیی هەر ولاتە خۆیان دەگونجاندو گەشەیان دەکرد . جا سەبارەت بەوەی لە سەدەی شانزەهەمدا ولاتە ئەورووپاییەکان بە گشتی لە ڕووی پێشکەوتن‌و پەرەسەندنەوە لە ئاستێکدا نەبوون بتوانن پرشنگی ڕێنیسیانس وەك یەك بقۆزنەوە ، دەبینین لە ولاتانی بولگان‌و ئەوروپا ی‌رۆژهەلاتدا سستتر تەشەنەی دەکردو کەمتر هەستی بە کارتێکردنی دەکرد . کەچی لە شوێنێکی وەکوو ئینگلستان‌و فەرەنساو خوارووی ئەوروپادا زیاتر بلاو ـ بووەوە ، پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین کە ئاسەواری ڕێنیسانس بە شێوەی جۆر بە جۆر لە ئیتالیا بۆ ولاتانی ترپەڕی‌یەوە )[٢] .

---

(٢) رینیسانس .د. کمال مەزهەر . ل ٦٥ـ٦٦ .

دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە ( یەکەمین ڕاپەڕین کـە لە سـەدەی دوازدەهەمدا لە ئەوروپا سەری هەڵداوەتەوە ، لە ئەنجـامی پەیوەندیی ئەوروپا بە عەرەبەوە بووە ، ئەدەبەکەمان بووە هۆی ئەوەی مێشکـی ئەوروپاییەکان بکرێتەوە . لەئاکامیدا دووەم ڕاپەڕین هاتە ئاراوەو ئەدەبی ئەوروپاپەیوەندیی بە ئەدەبی یۆنانیی کۆنەوەکرد[٣] .

ئەوروپا گەلێ سوودیان لە عەرەب بینیوە بەتایبەتی لە بوارەکـانی ( زانستیو فەلسەفەو هونەردا کە کاری خـۆی لە چەرخی ڕاپـەڕینکرد ، بە تایبەتی یەکەمین ڕاپەڕین کە هەندێك پێش لـە دایكبوونـی ڕاپەڕین دەکەوێو بۆ سەدەکانی ناوەندیی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی گشتی)[٤] .

ڕووناکبیرانی ئەوروپا بە جۆرێکی تر سەیری ئافـرەتو کۆمەڵیان دەکرد ویستیان لە کۆتو زنجیری سەدە ناوەنجییەکان ڕزگاریان بکـەن ، دەیانویست ئافرەت دەورورۆڵی خۆی لە کۆمەڵدا ببینێو شوێنی شیاوی خۆی بدەنێو ئەو جیاوازیو سنـوورە دەستکردە لە گـەڵ پیـاودا دانراوە نەمێنـێ .

نموونەشمان زۆرە ، دانتی کە بە یەکەم نووسـەری ڕێنیسانس دەدرێتە قەڵەم وا سەیری پاتریس پۆرتیناری دەکرد ( وەك ئافرەتێك هیچی لە ڤێرجیلی نووسەرو شاعیری گەورەی ڕۆمانی کۆن کەمتر نەبوو )[٥] .

---

(٣) الادب والحضارة . د. السيد تقي الدين .

(٤) فلسفة عصر النهضه ــ ل ١٤ .

(٥) ئافرەت لە مێژوودا .د. کەمال مەزهەر ل ٦٢ .

هەروەها ( ئەنتۆنیۆ ئیفاتۆس ، رووناکبیری ئیتالی سەردەمی ڕێنیسانس لە ناوەندی سەدەی یازدەدا واتا پتر لە ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەربارەی ئافرەت نووسیویە :

ڕاست نی یە ئافرەت وەك دابەستە بیەسترێتەوە ، لە ژیان دووربخرێتەوە تا وای لێ دێ وەك ئەوانەی سالەهای ساڵ لە بەندیخانەدا دەمێننەوە ، بە هەموو شتێك سەرسام بێ )[٦] .

ئەوەبوو ئافرەت هاتە مەیدانی ئیش و کارو ڕووی کردە هەموو ئەو جێگایانەی کە بەهۆیانەوە ژیانی کامەرانی خۆی دابین بکات ، ئەمەش لە چرۆکردنی پەیوەندی ی سەرمایەداریدا بوو واتەلە کۆتایی سەدە ناونجیەکان بەلام بەداخەوە ئەو ئەنجامەی کە ئافرەت بۆی تێدەکۆشاو ئارەقی لە پێناویا دەڕشت بە پێچەوانەی خواستەکانیەوە بوو ، دەبوو (باری ژیانی ئافرەتیش لە قۆناغی سەرمایەداریدا لە زۆرڕووەوە بگۆڕێت، بەتایبەتی دوای شۆڕشی پیشەسازی کە کاریگەری ئەوتۆی کردە دەزگا ئابووری یەکانی قۆناغی نوێ ، ئافرەتی شاریش ڕاکێشنەناو ریزەکانی خۆیانەوە ) .

بەلام ئەو ئاڵو گۆڕەئازادی و سەربەستی ی نەکردە دیاری ی دەستی بۆ ئافرەت ، ماوەیەکی دوورودرێژ گەلێك نەریت سەرنجی قۆناغی دەرەبەگی دەربارەی ئافرەت هەر وەك خۆیان مانەوە ، هیچ نەبێت ئەوانەیان کە ڕێگەی چەوساندنەوەی زیاتری ئافرەتیان بۆ سەرمایەداران خۆش دەکرد .

---

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٢ .

ئافرەت وەك پیاو بووە کرێکارو دوایی فەرمانبەر ، بەلآم نە لە ڕووی کرێ‌و مووچەو نە لە ڕووی مافی کۆمەلآیەتی‌و ڕووناکبیریەوە نیوەی ئەوی بۆ نەدەلوا جگە لەوەی ئەرکی خاوو خێزانیش وەك جاری جاران بە سەرشانەوە مایەوە )[٧] .

چەوساندنەوەی ئافرەت لە ئەورووپا گەیشتە ڕادەیەك کە بە هەزاران ڕوو بکەنە کاری قورس‌و سامناك ، بوونە کرێکاری خەلووزە بەردینەکانی لانکشایەرو یۆرکشایەر لە ئینگلتەرە . نەك هەر ئەمانە بەلکو ( لە زۆر مافی تر بێ بەش کرا ، بۆ تەمەنی مێژوو دەبێ بلێین تاوەکوو دوێنێ ئێوارە ئافرەت مافی خوێندنی نەبوو)[٨] .

دیسانەوە مافی ئەوەشی نەبوو نە خۆی‌و نە کەسیش بۆ پەرلەمان هەلبژێرێ .

هەرچەندە لەم سەردەمەشیدا وانە : سەردەمی ڕێنیسانس کە ( بۆ یەکم جار لە مێژوودا بیروباوەڕی سۆشیالیزم سەری دەرهێنا ، یەکەم کەس کە دەرکی ئەو ڕێبازەی کرد تۆماس مۆری زانای گەورەی ئینگلیزبوو ـ١٤٧٨ـ١٥٢٥ز )[٩] .

---

(٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو . ل ٣٩ .

(٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو . ل ٣١ .

(٩) ئافرەت لە مێژوودا .ل٦٥.

مۆر بە نووکی قەڵەمی دیمەنی کۆمەڵێکی بۆ کێشاین کــە لە وێنەی نەبوو ، ئەو کۆمەڵەی ناونا ( یۆتــــۆپیا ) کــە لە دوو وشەی لاتینــی پێکهاتووەو بە هەردووکیان مانای ( ئەوشوێنەی نی‌یە) دەبەخشێت •

لە یۆتۆپیا هیچ جۆرە جیاوازی‌یەك نەبوو ، هەمووان یەکسان بوون وەك یەك کاریان دەکردو وەك‌یەك دەژیان • ئافرەتانی (یۆتۆپیا) هــــەموو خوێندەواری تەواون کاتی بێ کاری بە خوێندنەوە یان وەرزش دەبـــــەنە سەر• هیچ ئافرەتێکی ( یۆتۆپیا )بێ • ئارایشت بەکار ناهێنێت لەبەر ئەوەی جوانی‌ی سروشتی لایان لە سەرووی گشت جوانیەکەوەیــە • جگەلەوەی بــەلای پیاوانــی یــۆتۆپیاوە یەکــەم جوانی‌ی ڕەوشتــــــەو دووەم جوانــــی‌ی دەموچاو ) •

بەلام لەگەل ئەم هەموو هەوڵو کۆششانەی کە ڕووناکبیرو رۆشنبیران دەیانکرد بۆ گۆڕینی باری ژیانی ئافرەتو هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ کــە ئاوڕ لە ئافرەتــکە نیوەی کۆمەڵە) بدەنەوەو دان بە مافی ڕەوایاندا بنێنو رەفتارورەوشتی خۆیان بەرامبەر بگۆڕن ، ئەو کارە گەورەیەی نەکــرت ئەمانەش واتــە : بێمافیی ناڕەواو جیاوازکاری بێ ئەندازە ، بوونە هــۆی ئەوەی ئافرەت خۆی بیر لەباروزرووفی خۆی بکاتەوە مەچەکی خەباتــی لێ‌هەڵمالی‌و بێ‌ووچان لە پێناوی یەکسانی‌دا تێبکۆشێ •

( یەکەم جار ئافرەت لە رۆژگاری شەڕی سەربەخۆیی گەلی ئەمەریکیدا ــ١٧٧٥ ــ ١٧٨٣زــ دەنگی بەرزکردەوەو داوای مافی هەڵبژاردنــی کرد بە تایبەتی دوای‌ئەوەی شان بە شانی براکانی هاتە ناو کوڕی خـــــەباتەوەو بەوپەڕی لە خۆبوردنەوە ڕێگەی بۆ سەرفرازی گەلو ئازادیی نیشتمـــــان خۆش‌کرد[١٠] ئیتر دوای ئــەم مێــژووە ئافرەتان لــە خەباتــی خۆیانــدا

(١٠) ئافرەت لە مێژوودا • د• کەمال مەزهەر ل ٣٢ •

بەردەوام بوونو لە ولاتانی ئەوروپادا تێدەکۆشان • دوکتۆر کەمال مەزهەر لـەم بارەیەوە دەڵـێ :

(هەنگاوی داهاتووی گەورە لە سەرجەمی بزوتنەوەی ئافرەتانـدا بەستنی یەکەم کۆنگرەی جیهانیی ئافرەتە سۆشیالیستەکانە لە شتۆیکارتـی ئەڵەمانیا ساڵی ١٩٠٧ •• داوای یەکسانی مافی ئافرەتو پیاویان دەکرد لە هەڵبژاردندا •

دووەم کۆنگرەی ئافرەتانی جیهانی ساڵی ١٩١٠ لە کۆبنهاگن ـ پایتەختی دانیمارك ـ بەسترا •• یەکێك لە بڕیارە گرنگەکانی کۆنگرەی کوبنهاگن دانانی ٨ی مارت بوو بە ڕۆژی ئافرەتانی جیهانی)[11] •

ئیتر بەرە بەرە ژیانی ئافرەت بەرەو گۆڕان ڕووی دەناو مافەکـانی یەکە یەکەدەهـاتنە دیو دەچەسپان • دوکتـۆر کەمـال مەزهەر لـەم بارەیـەوە دەڵـێ :

( بەڵام تازە کار لەوە ترازا کەسێ بتوانێ تا سەر خۆی لەبەر لێشاوی خەباتی ئافرەتاندا بگرێت کە هەر ڕۆژی لە شوێنێكو هەر جـارەی بـە شێوازێك خۆی دەنوواند)[12] هەروەك وتمان ئێمە تەنهـا بۆ ئەوە پەنا دەبەینە بەر باس کردنی ژیانو پلەو بارودۆخی ئافرەتی جیهانی یان ئافـرەت لای عەرەب ومیللەتە دراوسێکانمان ، چونکە بمانەوێو نەمانەوێ لە یـەك چونو کارتێکردن یان لە ژیانی ئافرەتی کوردا هەر هەیەو بە ڕای ئێمـە

---

(١١) ئافرەت لە مێژوودا •د• کەمال مەزهەر ل ٦٨ •

(١٢) ئافرەت لە مێـژوودا ل ٣٤ •

نابێ ئەمانە پشت گوێ بخرێن بەڵام بە مەرجێ بە کورتیو خێرا باس بکرێن٠
ئێمە باسی ژیانی ئافرەتی عەرەبمان لە کاتی «پێش ئیسلام» داکرد کە چۆن دەژیانو لە لایەن پیاوەوە چۆن سەیر دەکران ، بەڵام کە ئایینی ئیسلام هات زۆربەی هەرە زۆری ئەونەریتو خووو ڕەشتانەی ڕەتکردەوەو لە جیاتییان شتی نوێی دانا کە لایەق بێ بە ئافرەت کە نیوەی کۆمەڵەو دایکی نیوەکەی تریەتی بە چاوێکی یەکسانیو بە بێ هیچ جیاوازیەك سەیردەکرا محمدی مەلا کریم لەم بارەیەوە ئەڵێ :
( ئایینی ئیسلام پەنجەی وەردایە هەموو سەرێکی ژیانی خەڵکەوە٠ ئیسلام لە توانای‌دا نە بووە بۆ ئەوەش نەهاتبوو لە ڕیشەوە باری ژیانی ئافرەتان بگۆڕێ بەڵام لە سنووری ڕابووردوویشیا نەهێشتەوە زیندە ـ بەچاڵ کردنی کچی یاساغ کرد ، ئافرەتی کەمو زۆرکردە هاوبەشی میرات ، مافی ڕاگرتنی لە چوار ئافرەت بەو لاوە ـ جگە لە کۆیلە ـ لە پیاو سەندەوە )[١٣] ٠

هەر لە هەمان بارەوە د٠ السید تقی‌الدین دەڵێ[١٤] : بەم جۆرە ئایینی ئیسلام بیرو بۆچوونی عەرەبی سەروژێر کردو جەنگێکی دژی (پێشی ئیسلام‌دا)ی بەرپاکردو وێنەیەکی جوانو بەرزی بۆ کۆمەڵ دانا، کە جیاوازیەکی لەگەڵ ئەوەی کۆن کە فێری بووبوونو لە سەری ڕۆیشتن هەبوو ) ٠ بەڵام بەداخەوە ، جێبەجێ کردنو مافدان بە ئافرەتو ئەندازە یەکسانی‌یەی کە ئایینی ئیسلامی پیرۆز داینا ، درێژەی نەکێشاو

---

(١٣) خەباتی شیعری کوردی ، کۆڤاری بەیان ژمارە ٢٦ حزیران ١٩٧٥ محمدی مەلا کریم ل ٧ ٠

هەمان دەردەسەری‌و ژێردەستەیی کە پێش ئیسلام تیادا دەژیـا دیسانەوە گەڕایەوە بۆی هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی چونکـە هەروەکو محمدی مەلا کریم پەنجەی بۆ ئەم لایەنەی ڕاگێشاوەو[14] ) ئەم بارەی ژیان ڕاسـت کردنەوانەی ئایینی ئیسلام لەگەڵ ژنان‌کردی ، ماوەیەکـی زۆر کـەم لە ژیان گاریگەربوون ، زۆری پێ نەچوو ، تێکـڕای جـۆری ژیانی دیسان گەڕایەوە سەر دۆخەکەی جارانی‌و تا دەنگ‌دانەوەی بیـری نوێی ئەوروپا لە کۆمەڵگای موسولمانانا داوایەکی باش‌کردنی ژیانـی ژنان لە جیهانی ئیسلامی‌دا نەبیسترا بەڵام دوکتۆر کەمال مەزهەر لـە کتێبی ئافرەت لـە مێژوودا هەمان لایەنـی باس‌کردووەو وتوویـەتی: فەیلەسووفی گەورەی عەرەب‌و ئیسلام ئیبن روشد « ١١٢٦ـ ١١٨٩ز » تا رادەیەك ئاوابوونی خۆری شارستانیەتـی ئیسلامی بەو بارە قـوورسەوە دەبەستەوە کە ئافرەتی تێ‌کەوتبوو[15] ) بەڵـێ ، ڕۆشنبیری عـەرەب‌و ئیسلامی ڕەسەن کە زەمینەیەکی لە سەردەمێکی زووەوە ڕەگ‌و ریشەکانی چەسپاون ـ دووا بە دوای سەدەی دوازدەیەمـی زاینیـەوە ئاسمـانە پرشنگدارەکەی بە پەڵە هەوری دوواکەوتن‌و نەزانین لێڵ بوو ، ئاکامـی ئەم بارە ناوهەموارە لە ژیانی وێژەکارو رووکاری بیریدا ڕەنگی دایـەوەو ئەم ژیانەتووشی شکەستەیەکی وەها بوو کە پێی‌ی نەکرا ڕابەری کۆمەڵ بەرەو پێشکەوتن ببات ، ئەمـە ڕاستی‌یەکە بەڵام لە هەمان کات‌دا یاسای‌ـ بوونیش دەیسەلمێنێت کە هەمووشەوە زەنگێك ئەستێرەی ڕووناك‌کەرەوەی لەدواوەیە مەڵبەندێکی خۆێندەواری بێت یان کۆمەڵە مرۆڤێکی بلیمەت‌و لەم

---

(١٤) خەباتی شیعری کوردی گۆڤاری ـ بەیان ژمارە ٢٦ سالـی ١٩٧٥ محمـدی مەلا کریـم ـ ل ٧ .

(١٥) ئافرەت لە مێژوودا ل ٦٢ .

ڕووەوە مێژوونووسەکان ، دووپاتی دەکەنەوە کە ســـێ پیاوی زانا لە ڕێگای خەباتی ڕۆژانەوەو کاری بیری یەکانیانەوە ، ئالآی سەرکردایەتی یان درا بەدەستەوە لە کۆڕی بزوتنەوەی ڕاپەڕین و بووژاندنەوەو ژیاندنەوەی میلەتەکانی رۆژهەلآتدا بوون بە مەشخەڵ و بناغەی بنەڕەتیان بــۆ ژیانی تازەی ئەم میللەتانە بنیات نا ، یەکەم ئەو پیاوانە ، رفاعە رافع الطهطاوی یە ١٨٠١ـ١٨٧٣ز[١٦] کە بە ئەلقەی پە یوەندی نێوانی رۆژئاواو رۆژهەلآت لە قەڵەم دەدرێ • ئەم کابرایە هوشیارانە سوودی لە رۆشنبیریی ئەوروپا بینی و سامانی ڕۆژهەلآتی ژیاندەوە ، وە بۆ ئافرەتــی ڕۆژهـــەلآت ، شۆرشێکی بیریی بەرپاکرد بە مەبەست و بە نیازی ئەوەی لـــە بـاری دواکەوتوویی رزگاری بێت دووەمی ئەو پیاوانە کە ئالآی بــزوتنەوەی راپەڕێنیان هەڵگرت «جمال‌الدین الافغانی» ١٨٣٩ـ١٨٩٧) • کە شۆڕشی جارداو زیاتر پشت بــە سامان و گیانی میللی نەتەوەکەی دەبەست و تێدە ـ کۆشا بۆ بووژانەندوەی ئەم سامانە بە نرخ و سوودبەخش و گرنگە •

پیاوی سێیەمی شۆڕشگێری ئیسلام کە بە یەکێك لە دامەزێنەرانــی ڕێبازی نوێ دەدرێتە قەڵەم ئــەوە ئیمــام شێـــخ محەمــەد عــەبدەیە (١٨٤٩ـ١٩٠٥ز) کە سوودی لەو دووانەکەی تری بینی و ئالآی ڕزگار ـ کردنی ئافرەتی هەڵگرت و لە ڕاستیدا شێخ محەمەد عەبدە لە ئاکـــامدا هەڵۆیستێکی ئایــن و تیشکی کەلەپووری ئیسلام و پێداویستەکانی سەر ـ دەم دا نواندو لە ژیانی هەمەڕەنگەی هاوچەرخدا بوو بە زانایەکی بلیمــەت و پێشەوایەکی نوێخوازو مامۆستایەکی ڕەسەن » • سەرئەنجام ئەمانەبوونە

---

(١٦) بڕوانە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٩ دە کامیل بەسیر ـ ل١١٥•

هۆی ئەوەی بزوتنەوەیەك بەرپابیێتو بەردەوام بێتو بەرە بەرە کـاری خۆی بکات لە ڕاستیدا سەرچاوەی یەکەمی بیری ئەم کەسانە بۆ گۆڕینی بیروباوەڕی کۆمەڵو زیاتر قورئانی پیرۆزو کەلەپووری ئیسلامی بـوون ئەنجا بە پلەی دووەم سەرچاوە ئەوروپاییەکان دێن چونکە پێش ئەمانە[17]: کەس بیر لەوەی نەکردبوو بە جۆرێکی تر وێنەی ئافرەت بکێشێ ، هەروا فێربووبوونو لە سەری دەڕۆیشتن کە تەنها وێنـەی دەرەوەی ئافـــرەت بکێشن ، نەك باسی ژیانو مافی ئافرەتو ڕۆڵی کاریکەری لە کۆمەڵدا باس‌بکـــەن » • ئـەم لایـەنانە هـــەروەکـــو وتمـــان کـــە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ قورئانی پیرۆزو ئەنجا بۆ ئەو بزوتنەوانەیانـە کە ئاڵای ڕزگاری کۆمەڵو ئافرەتیانـــی هەڵگرت وتێدەکۆشان بـۆ ئەوەی لە باری دواکەوتوویی‌و نەخوێندەواری قورتار بین •

## ڕەنگدانەوەی داوای مافی ئافرەت لە ئەدەبی کورددا

بیروباوەڕی چەرخی ڕێنیسانسی ئەوروپا لە گەلێ دەرودە لاقـــەوە ڕووی کردە ولاتان و گەلانی موسوڵمان کە کوردستانی ئیمەش یەکێکـە لـــەو گەلانـە •

لە سەوێکەوەو بەر لـە هەرلایەکـی تر لە میسرەوە پاش ئـەوەی کە حەمە عەلی پاشای ئەرناووت ( ١٧٦٩ ـ ١٨٤٩ز)بووە بە والی‌یەکی نیمچە

---

(١٧) المراة في العصر الجاهلي ـ د. احمد محمد الحوتي ل ٩ •

سەربەخۆی میسرو دەستی‌کرد بە ناردنی قوتابی بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن‌و هێنانی پسپۆرو شارەزا لە ئەورووپاوە بـۆ میسرو چاولێ‌کردنـــی رێ‌و شوێنی نوێ لە میسردا هێرشی فەرەنســی بۆ سەر میســر لە ســەردەمی ناپلیون پۆناپرت دا (١٧٦٩ـ١٨٢١)دا کە چاپخانەیەکــی لە فەرەنســەوە هێناو لە میسر دایمەزراند ، بەڵام هەر چۆن بێ دەروازەی بیــری نــوێ‌ی ئەوروپا لە سەردەمی حەمە عەلی پاشادا لە رووی میسردا کرایەوە ، گەورەـ ترین رابەری ئەم بیری نوێ‌یە لە میسردا هەروەکو لەپێش‌دا باسمــــان‌کرد رفاعە الطهطاوی‌و جمال‌الدین الافغانی ومحمد عبدەو قاسم ئەمین بوون کە(*) ئەمی دووایان چالاکی خۆی بە تەواوی بۆ مەسەلەی ئازادیی ئافــــرەت تەرخان‌کردو چەند کتێبی لەم بارەوەنووسی دەلاقــــــەیەکی تر دەلاقــەی ئەستەمبوول بوو کە قوتابیانی تورکیاو گەلانی عوسمانی لێ‌یەوە دەچــوون بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن‌و بە بیـــــــروباوەڕی بورجوازی دیموکراتیـــــی نــوێ‌وە دەگــــەڕانەوە .

ڕێگای تریش هەبوو وەك ڕێگای هیندستان کــە بە دەست ئینگلیزەوە بووو ئینگلیزەکان بیروباوەڕی ولاتی خۆیانیان تیا بڕودەکردەوە ، یان وەك ولاتانی تر باکوری ئەفەریقا کە بوو بوون بە موستەعمــەرەی فەرەنساو وفەرەنسا لە هەر ولاتێکی تری ئــــەوروپا زیاتــر بیروباوەڕی شۆڕشی فەرەنسە تیا بوو بەڵام لە ناو ئەمانە هەموویان میسرو ئەستەموول لە هــەر

---

(*) قاسم امین‌و نووسینەکانی‌کاری کردە سەر پەروین اعتصامی شاعری ایران کە دەربارەی ژن‌و مافی ژن بلێ .

(*) ایرخ میرزا لە شاعیرانی ئێرانی دەربارەی ئافرەت‌و سفور .

ڕێگایەکی ترزیاتر بیرو باوەڕی ئەورووپای نــــویّیان لێوەهاتوە هاتــە جیهانـــی ئیسلام •

ئەمە سەرەتایەکی پێویست بوو لێدوانی گەیشتنی بیروباوەڕی نوێیی ئەورووپا بە کوردستان ، گومانی تیا نی‌یە کوردستان لە ڕێگای ئەستەموول‌و وڵاتی عوسمانی‌یەوە تیشکـــی بیری نوێی ئەورووپای دیوە ، یەکەم جار لە ڕێگای ئەو ڕۆشنبیرو خوێندەوارە کوردانەوە بووە کە چوونە ئەستەموول بـــۆ خوێندن یا بـــۆ نیشتەجێ‌بوون •

لە ڕاستی‌دا ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتبێ ئـــەوەتا حاجـی قـادری کۆیی کە لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردوودا لەبەر بەربەرەکانی کردنی بۆ شێخەدەسبرەکانی کوردستان ، ناچاری کۆچ‌کردن بووەو چۆتە ئەستەموول‌و حاجی یەکەمین کەسە هەروەکو لە دوایی‌دا بە دوورو درێژی‌و بە نموونەوەباسی دەکەین لە ناو ئەدیبانی کوردا لای بەڵای ئافرەتی کـــوردا کردبێتەوەو هەوڵی دابێ جڵەوی ئەدەب لە ڕێبازی گۆڕانـــی‌وتـــن‌و چـــاوو زوڵف‌و خاڵ‌و ڕووی ئافرەتا وەرچەرخێنێ‌و بیخاتە ســــــەر لێـــدوانی گیروگرفتەکانـــی ناو کۆمەڵ(١٨) •

کە ئەم شێوانەی حاجی قادر دەگەنە کوردستان‌و لە هەمان کاتیشا لە ڕێگای هاتووچۆکەران‌و گەیشتنی تاکەتاکەی ڕۆژنامەو گۆڤارەوە لـــە ئەستەموول‌و جاروباریش بە هۆی بازرگانی پێوەندی‌دار لەگەڵ ئازربایجانەو ناوچە خوارووەکانی رووسیاوە وردە وردە چەکەرەی بیروباوەڕی نـــوێ

(١٨) بڕوانە ( الواقعیة في الادب الکردی •د• عیزەددین مستەفا ڕەسول ل٧٢

سەرهەڵ دەداو دەکەوتە سەر زمانی تاڵو تەرایە لەو کەسانی ئامادەبوون ، گۆمی مەنگی بیروباوەڕ خۆیان بشڵەقێنن ، ئیتر شاعیرانی ، وە تاقمێکی پێشەنگی هوشیاری بیری نوێ دەی دەدەنە عەکسی کردنەوەی ئەم بیروباوەڕانە لە شیعر خۆمانا •

گەلێ لە نووسەرانی کوردو ڕۆژهەڵات ناسەکان باسی ژیانو رفتارو بارودۆخی ئافرەتی نوێما نیانکردووەو هەریەکە ڕاوسرنجی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕیووەو ئێمەو ئەوانەی ڕاکانیان بەگەڵ یەکتریدا نزیکن دووبارەیان ناکەینەوەوەو یەکێکیانمان هەڵبژاردووە •

دەربارەی خوێندەواری ئافرەتو باری ڕۆشنبیریان ، صباح غالب لە کتێبی ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا نووسیوویەتی(١٩) لە ساڵی ١٩٢٥ — ١٩٢٦)ە وەقوتابخانەی کچان لە سلێمانی کرایەوە لە ساڵی ١٩٢٦ گوزیدە-خانی ژنی عولعە زیزی مستەفا پاشای یاملکی کرایە یەکەم بەڕیوەبەری قوتابخانەی کچان لە سلێمانی • هەر لەو کاتەوە هەستێکی تەواو خاوێن لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بۆ هاتنە مەیدانی ئافرەتان بۆجەرگەی ژیان دەبینرێ لە ئەدەبیاتو ڕۆژنامەکاندا زۆرنووسینی شایانو جوان بۆ پشتگیریی خوێندنی کچان بڵاودەکرانەوە بەڵام هەروەك ئاگادارین لەو سەرەتایەوە هەموو خێزانێکی کورد کچانی خۆیان نەدەنارده قوتابخانە بە تایبەتی ئەوانەی نەدارو دەستکورت بوون ، یان هەندێکیشیان لەبەر هەژاری نەبوو بەڵکو هێشتا بە تەواوەتی لە مێشکیاندا نەچەسپابوو کە کچی

---

(١٩) ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا — صباح غالب ل ٢٣—٢٤ •

خۆیان لە ماڵ بچنەدەرێ یان لە قوتابخانە فێری خوێندن بن شنوێی ناوێك لە گۆڤاری بەیاندا وتارێکی لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە تیادا[20] دەڵێ : ( لە بارەی بێ‌خوێندنو ناردنی مەدرەسە کچو کوڕ فەرقیـــان هەیە زۆربەی کچان ، بە تایبەتی منداڵی خێزانی نەدار لە خوێندن بێ بەشن ) ئەمـــەش لەڕاستی‌دا کارێکی قورس‌و گرانی‌کردۆتە سەر باری رۆشنبیریی ئافرەتمانو بۆتە هۆی ئەوەی پابەندی ئەو ڕیبارە فیکــــریو نەریتە کۆمەڵایەتی‌یـە کۆنو دواکەوتوانەبن ، کەدووری لە گیانی ناردنی سەربەستانەو بەجێ ــ هێنانی پێداویستی‌یە گرنگەکانی گۆرانکاریی کۆمەڵ ، چونکە ڕاســـتتر ئەوەیە لە دوولاوە تووشی چەوساندنەوە بووە ، باری رژێمی کۆمەلایەتی کە تیادا دابو نەریتی ماڵـــــەباوانوماڵەمێرد ، ئافرەتی کـــورد لـــە زۆر خێزاندا مافی ئەوەی نەبوهاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێرێت ، دڵـــداری‌یە مایەی شورەیی‌و نەنگ دادەنرێت ، جاری وا هەیـــەو ڕووداوی زۆرمـــان بینیوەکە لە ئەنجامی بوختانێکەوە ئافرەت گیانی لە سەردادەنێت .

محمدی مەلا کەریم لەم بارەیەوە ڕای خۆی دەربـــڕیووە بابزانیـــن محمدی مەلا کەریم چی دەلێ[21] : شارستانیـــەتی‌نوێ لـــە دەرەتانێکـــی زۆر تەسکدا نەبێ هێشتا جێی بیری خۆی لە ژیانی ئافرەتانی کوردستانو بە تایبەتی ئافرەتانی چینە رەنجبەرەکانی‌دا نەکردۆتەوە ئەگەر ئەو ڕاستی ــ یەیەمان لەبەرچاوبـــێ کەوا کوردستانی عیراق تێکڕا لە هەموو ڕوێکـــەوە

(٢٠) لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێی‌ی ــ شنوێی ــ گۆڤاری بەیان ژمـــارە ٣٦ حزیرانی ساڵی ١٩٧٥ ل ١٧ .

(٢١) گۆڤاری بەیان ژمارە ٣٦ حزیرانی ١٩٧٥ ل٧ .

له بەشەکانی تری کوردستان لە پێشتروپێشکەوتووتر بووە ، بۆمان دەرئە — کەوێ باری ژیانی کۆمەلایەتیو ئابووریو زانستیو سیاسیی ژنانی بەشەکانی کەی کوردستان لەچ ئاستێك دایە ) .

بورهان قانع هەمان ڕاو سەرنجی دەربڕیووە .

بەلێ هێشتا لە زۆر جێگای کوردستاندا ژن دەسەلاتی زۆر تەسکەو سنورێکی پۆلایین بۆ دانراوە ، تەنها بە بەڕێوەبردنی کاروباری ناومالو بە فێرکردنی خێزانی لە ئەستۆیەو نەیتوانیوە لە کۆنی کۆمەلایەتی ڕزگاری ببنو هەر بە چاوی سەدەکانی کۆن سەیر دەکرێو جیاوازیی لەگەل پیاودا هەیە[22] .

بورهان قانع دەلێ[23] ( تاسەرەتای شەستەکان بکرە بەرەوژوورتریش کچ لە جیاتی خوێندنو خوێندەوار لە سەرەتای تواناياندا پیشە سەرە — تاییەکانی دەرودەشتو کێلگەکانیان پێ ئەسپاردن ، وەکو : بژار ، پاچەکوڵە مەلۆکردن ، کێشە ، نانو چا دروستکردن ، ئیشی سەربەرێز ، ئەگریشیان ناردنایەتە قوتابخانە بەر لەوەش فێری نووسینو خوێندن ببوونایە لە خوتابخانە ئەیان هێنانە دەرەوە هیچ بەتەنگ ڕۆشنبیریدوا ڕۆژی کچانەوە نەدەبوون .

لە ڕاستیدا گۆڕانی باری ژیانی ئافرەت تەنها ناکەوێتە سەر

---

(٢٢) بڕوانە گۆشەیەی لە ئەدەبی فۆلکلۆری ژن — سعید گۆڤاری بەیان ژمارە ٢٢ شوباتی ١٩٧٥ ل ١٦ .

(٢٣) بنچینە کۆمەلایەتیەکانی کورد . برهان قانع ل ١٣ .

شانی ئافرەت خۆیەوە ،بەلکو بەلای ئێمەوە زیاتر دەبێ پیاودەســـت ـ پێشخەری ئەم کارە گرنگە بێتو خۆی لە بیروباوەڕی تەسکی کۆن ڕزگار باتو بە چاوێکی رۆشنبیرانەو هاوچەرخانە بڕوانێتە ئافرەت • ڕاستــــە ئافرەت دەوری خۆی هەیەودەبــێ چالاکیــی خۆی لەم بارەیەوەبنوێنــێ بــەلام هەروەك لە بەشــی یەکەمــی باسەکەمــــاندا نیشانمــــان دا ئافرەتانمان* هەرگیز کەم تەرخەمییان نەکردووەو لەمەیدانی تێکۆشــانو تەقەلای بەردەوام بۆ وەرگرتنی مافی ڕەوایان گورجو گۆل بوونە • بەلام هەروەك ا ـ زەردەشت دەلێ : ( بیروباوەڕی پیاو هێشتا لە چوارچێــوەی چەند چەرخێکی پێشوودادەژی ، کــە پەیوەندیــی زۆر مــاوە لەگــــەل ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا)[٢٤] •

لە مێژە سەرەی ڕاپەڕینە بیروباوەڕی دەرەبەگایەتیی شلەقانــــدنو هەژاندیو ئابڕووی بردو بە ئاشکراو ڕوونو بێ گرێیەو بــــێ تەماوی دەوری ڕاستەقینەی ئافرەتــی دەستنیشان کــــردووە • د• عز الــدین

---

(٢٤) بڕوانە دەردی دوو ڕوویی ا• زەردەشت ـ گۆڤاری بەیان ژمــارە ٢٦ حزیران ١٩٧٥ ل ٤٦ـ٤٧ •

* نموونەی زۆرمان هەیە بۆ تێکوشانی ئافرەتانمان • حەبسە خانی نەقیب لە بیستو سییەکاندا چەند جارێك نامەی تایبەتــیی ناردووە بــۆ بارەگای یەکێتی نەتەوەکان لە جنێڤتێی دا باسی ئەو جەورو ستەمە زۆرەی کردووە کە بەسەر کورد هاتوون مینەخان هاوسەری قــازی محمد لە ڕۆژگاری کۆماری مەهابادا ، جێگەی حەبسە خانی نەقیب گرتبۆوە ، وا دیارە خەریکی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتان بووە•• (بڕوانە ئافرەت لە مێژوودا • د• کەمال مەزهەر ل ٧٩ •

مصطفى ڕەسول لە چمکێکی کەوە بۆ مەسەلەکە دەچێتو سەرنجی خۆیمان بۆ دەردەبڕێ کە (٢٥)دەڵێ : ( چمگیجوانی لە چەرخی ئێستاماندا لە هەموو ئەو وێنەو چەمکانە بەرزترو پیرۆزترە کە بە درێژایی سەدە کۆنو ناوەڕاستەکاندا نەخشە دەکێشران وەکو وێنەی ڕووتووقوتو ساردی پەیکەرە یۆنانییە کۆنەکان ، ئەو چاوانە لێیانەوە دەردەکەون کە هەرگیز واتای نموونەیی سەدە ناوەنجیەکان نابەخشن ، بەڵکو چەمکێکە پشت بەوە دەبەستێت کە دەبێ شەرتێك لەگەڵ جوانیی ئافرەتدا هەبێتو ئەویش لە نرخی بەزرکاتەوە ڕاستە جوانی لە ڕوخسارو دەمو چاوی ئافرەتدا دەبینرێ بەڵام دەبێ واتایەك ببەخشێ ، بیرێك بداتە دەستەوە ڕۆشنایییەك دەربخات • جوانی هەرگیز بێ خوڕەوشتی بەرزبوونی نییە ) •

هەر چۆنێك بێت لای خۆمانەوە بە دڵنیایییەوە دەڵێین ڕەچەی ڕێگای ژیانی نوێی ئافرەتان شکاوەو بیروباوەڕو دابو نەریتی کۆن لەق بووەو ئەو ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە • کە گەلەکەمان گرتوویەتیە بەروهەنگاو خێرا خێرا تیادا بەرەو پێشەوە دەنێ دیارە لەم بارەشەوە دەڵێین گەلێ دەسکەوتی پیرۆزیی لە مەیانی هاوسانیی ئافرەت لەگەڵ پیاودا هاتۆتەدیو ئەرکیش دەکەوێتە سەرشانی هەموان وەکو شێخ محمدی خاڵ دەڵێ(٢٦) : ( جاران وێژەو هۆنراوەمان هەمووی هەر بۆ ڕابواردن بوو لەمەولا ئەبێ قوتابخانەی تێکرایی بێ بۆ گەل ، دەرسی

(٢٥) الواقعية في الادب الكردى د• عزالدين مصطفى رەسوول •ل١٨٢•

(٢٦) وێژەی دوێنێو ئیمڕۆ • محمدی خاڵی بەیان ژمارە ٢٢ شوباتی ١٩٧٥ ل ١ •

تیا بخوێنین ، وەپەندی لێ وەرگرن ) •

لە لاپەڕەکانی دوایی ئەم بەشەماندا ڕوودەکەینە شیعری هەندێ شاعیرانمانو لە شیعرەکانیان کە لە بارەی ئافرەتەوە وتراون دەکۆڵینەوەو سەرنجی خۆمان دەردەبڕین •

وەئەوەی گومانیش لێناکرێت یەکەمین شاعیری کورد کە باسی ئافرەتی کردبێت وەکو مەسەلەیەکو داوای یەکسانیی بۆ کردبێت ئەوا بێ سێو دوو حاجی قادری کۆیی یە •

## ـ حاجی قادری کۆیی ـ[37]

« ١٨١٥ز ـ ١٨٩٧ز »

لیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەهەمین بە ناوی حاجی قادری کۆیی ناو دەبرێت •

چونکە ئەو کاتە کە شاعیر تێدا ژیاوە ، خەڵکی لە نەزانینێکی تەواو تاریکی کورت بینیدا ژیاوون کە حاجی دەرکی بەوە کردووەو هوشیارانە پەنجەی بۆ ناتەواوی ئەو دواکەوتوویەی کە کۆمەڵ گیرۆدەی بوون رادەکێشێ تێدەکۆشی بۆ هوشیارکردنەوەیانو زیرەکانە لەم کۆرەپانەدا ئەسپیخۆی تیادا تاو دەنێو بێ ئەوەی بترسێ یان باکی لە دوژمنکاری هەبێت ، وتمان بترسێ ، بەڵێ لەو کاتەدا هەندێ لەو

---

(٣٧) بۆ ژیانو سالی لە دایك بوونی حاجی بڕوانە مێژووی ئەدەبی کوردی علاءالدین سجادی چاپی دووەم ل ٣٤٢ ، ٣٤٣ ، ٣٤٤ •

بیروباوەڕانەی ، حاجی بڵاویان دەکردەوە مەلاکان بە کوفریان دەدایەقەڵەمو بەدووری مەزانە بینە هۆی لەناوچوونی حاجی ، بەلام ئەم هەرگیز گوێــی نەداوەتەقسەی شێخو مەلاو کۆنەپەرستان بەڵکو بە ڕوویاندا هەڵشاخاوەو سووربووە لە سەرڕاوبۆچوونە ڕووناکبیرەکانی کــە قازانجــی گەلـــەو کۆمەڵی تیاندایە ، وەکو دە عزالدین مصطفی رەسول دەڵێ[٢٨] : ( حاجــی ئەو دروشمانەی بەرزدەکردەوە کــە ولاتان لەکاتـــی شۆڕشەکانیـــاندا هەڵیان دەگرت • داوای زانستو پاکۆدانی نەخوێنـــدەواریو ناردنـــی قوتابیانی بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن دەکرد ، داوای پاراستنی کــەلەپووری نەتەوایەتی لە شیعرو فۆلکلۆرو نەمریی شاعیرانی کۆنو ئەوانەی لە گەڵیان دەژیانو هەڵکرتنی ئاڵای ئازادی کردنی ئافرەتو پالێونانی وەکو پیــاو بۆ سوودوەرگرتن لەزانیــن دەکــرد ) •

تا لەو کاتەدا کە هەرگیز بیری خەڵکی بەم لایەنەدا نەچووە کــە لە چ بارێکی نەزانینو تاریکیدا دەژین ، حاجی دەرکی بەوە کردووە کـــە خوێندن یەکێکە لە پێداویستییە هەرەگرنگەکانی ژیان ، بەڵکو بە یەکەمین پێداویستیی کۆمەڵی دەزانیو ڕادەی پێشکەوتنو سەربەستیی گەلـی پێوە دەبەستەوە ، نەك هەر ئەمەش بەڵکو خوێنـدەواری بۆ بەشــەکەی تــری کۆمەڵ کـــە ئافـــرەتە •

وا بۆی چووەو بیری لێکردۆتـــەوە وپرسیــاری لــە خـــۆی کردووە ، چــۆن ئافـــــرەت لــە خوێنـدەواری بێبەش بـــێ ،

---

(٢٨) الواقعية في الادب الكردى ل ٧٦ •

بۆ چی نیوەی کۆمەڵەکەمان کە ئافرەتە لە تاریکیدا بژینو نەزانێت لـــە چواردەوری خۆیدا چی هەیەو چی نی‌یە ، مەگەر پیاو لە ژن نی‌یەو ژنیش لە پیاو ئەوان لە ئێمەنو ئێمەش لە ئەوانین ، ئایا ئەمە ئازایەتی‌یە بۆ پیاو کە ئافرەت لەم لایەنە بێبەشو ناتەواو بـــێ

حاجی دەرکی بەم مەسەلانەی کردووەو هێرشی خۆی لە پێناوی ئازادی گـــەلو نیشتمان بـردووە[29] .

بەڵێ حاجی‌ی هوشیارو زیرەك ئەم ماوەیەی کە لە ئەستەموول ژیاوە دیباجەی « مەمو زین »ی خانی‌ی خوێندەوە لەو دیباجەیەو لە ئەنجامـــی خوێندنەوەی کتێبی رۆشنبیریی تازە بابەت کە پەیتا پەیتا لە ئەوروپـــای پێشکەوتووەوە دەهاتن بۆ ئەستەموولو دەکران بە تورکیو بڵاودەبوونەوە هەستی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی لای حاجی قادری کۆیی سەری هەڵداوە .

هەر لەم بارەیـــەوە خـــوالێخۆشبوو کیـــوی موکریانـــی دەڵێ[30] :
(حاجی بەو بۆنەیەوە کە شارەزای زمانی « کوردی فارسی ، عەرەبـــی تورکی ) بووە ئاگاداری زۆرترین ڕووداوەکانـــی سەردەمی نـــوێ بوو ، ژیانی ئەستەمبوول بوو بە هۆی نزیـــكبوونەوەی لە بەدرخانیەکـــانو شارەزا بوونی بەسە بۆهۆنراوە ئاسمانی‌یەکـــان خانـــی‌ی نـــەمـــرو هەڵگیرساندنی سۆزی تەوایەتی بێداری‌و نەنووستنی ) .

دیسان هەر لە بارەی بەرزی‌و مەزنێتـــی حاجی قادری کۆیەوە دە مارف

---

(٢٩) بڕوانە دیوانی حاجی قادری کۆیی سەردار حمید وکریم شارەزا ل١٣ .
(٣٠) دیوانی حاجی قادری کۆی کیوی موکریان ل ١١ .

خەزنەدار دەڵێ[٣١] : ( نیوەی دووەمی سەدەی تۆزدەم‌بە چەرخی «حاجی» لە ئەدەبی‌دا لە قەڵەم دەدەین ) • بەڵێ حاجی پایەیەکی بەرزی هەیە لە ئاسمانی ئەدەبیات‌و شیعری کوردیماندا • عبدالرزاق بیمار سەرنجی بۆ ئەوەچووە کەنابێ مەزێنی شاعیر لە سووچی شیعرەنیشتمان نیەکانیەوە وەربگرین بەتەنیا بەڵکو لە شیعرە دڵداری‌یەکانیشی‌دا هەربەرزەو لەعەینی ئاست‌و ڕادەدایە ، کە دەڵێ[٣٢] :

( هەڵە لەوەزلتر نی‌یە کە ڕەخنەگر لای وابێت ئەگەر حاجی شیعرە ناورۆك نیشتمانی یەکانی نەبوونایە لە هونەری شیعرداپایەیەکی وەرنەگرت ، بە پێچەوانەوە ئەگەر حاجی لە شیعری غەزەل‌و دڵ‌و دڵداری وەستا نەبوایە بەو جۆرە شیعری نیشتمانیشی بۆ هەڵنەدەستا ) •

بگرە د• کوردستانی موکریانی بەم قسەیەی عبدالرزاق بیمارو د • مارف خەزنەدارەوە ڕاناوەستێت بەڵکو[٣٣] بە یەکەم بوێژی دەیداتە قەڵەم کە ئالای سەربەستی‌ی ئافرەتی هەڵگرتبێت •

محەمەدی مەلا کەریم کە باسی بلیمەتی ودەوری شاعیری ناوبراومان بۆدەکات ، زیاتر بە قووڵی‌و وردی‌دەچێتە ناو مەسەلەکەوەو پەنجە دەخاتە سەر ئەو خاڵانە کە حاجی قادر بۆی چووەو لە پێناویا تێکۆشاوەو

---

(٣١) دیوان حاجی قادری کۆی گیوی موکریان ل ١١ •

لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی‌یەوە • د• مارف خەزنەدار ل ١٠ •

(٣٢) ساغ کردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ عبدالرزاق بیمار گۆڤاری بەیان ژ ١٢٠ حوزەیران ١٩٨٦ ل ١٥ •

(٣٣) بڕوانە هونراوەی ئافرەتی کورد • د• کوردستان موکریانی ل ٨ •

شەونخونیی کردووە ، دەلی[٣٤] : « یەکەمین دەنگێکی کوردی کـە لە سەر ژنان هاتبێتە زمانو گۆمی مەنگی هەلویستی کۆمەلانی خەلقی بـە بەرابەر بە جیهانی ئافرەتان شلەقاندبێ حاجی قادری کۆیە ) •

ڕاستەکۆمەلگای ئەوکاتەمان هەرگیز لەوە زیاتر بیریان نە کردۆتەوە کە ئافرەت دەبێ تەنها بە مندالیبەخێوکردنو چێشتلێ نانەو خزمەتکردنی پیاوەوە خەریك بێت ئیتر بیریان بەلای ئەوە بەلایەنـی کەمەوەدا نەچووە کە ئافرەتان لە هەر نەتەوەیەکدا نیوەی کەسەکانێتـیو سەربەستـیی ئـەم نیوەیە ئەو نیوەکەی تریشی ئازاد دەکات ، بگرە ژیانێکی زۆر گەورەیـە کە ئەم نیوەبەوانە ئافرەتان[٣٥] دوورەیە ڕێز بێ لە کاروباری کۆمەلـیو تێکەل بوونیان لە گشت بوارەکانی ژیاندا •

ئا لەو کاتەدا هەروەکو وتمـان حاجی قادر بـیری لەم مەسەلەیـــە کردوتەوەو بلیمەتیی خۆیمان پێشان دەدات •

سەرئەنجام هەرچی دەربارەی مەزنێتیی حاجی قادری کۆییەوە بووترێ هێشتا هەر ناگەینە ئاستی ئەو بیروڕایە پیرۆزانەی کـە شـاعیر پەخشیان دەکردەوە ، بە تایبەتی لە بارەی ئافرەت تەوە چونکە دەرهـەق خۆی یەکەم کەسەو پێشەوای ئەم کاروانەیە ، واتە کاروانی رزگـارکردنی ئافرەتکە شۆڕشێکـی گـەورەی بەرپاکـردووەو میللەتەکـەی لـە خەوەهەلساندووەو هوشیاری کردۆتەوە •

هەرچۆنێك بێت نوکە ڕوودەکەینە هۆنراوەکانـی شاعیر کە لە بـارەی

(٣٤) خەباتی شیعری کوردی لەپێناوی ئازادیی ئافرەتاندا گۆڤاری بەیان ژمارە ٢٥ مایسی ١٩٧٠ محمدی مەلا کریم ل ٧ •

(٣٥) بڕوانە تحریر المراة ـ قاسم امین ـ مطبعة روز الیوسف ـ القاهـره الطبعة الثانیه ١٩٤١ ل ١٩ •

ئافرەتەوە هۆنیویانەتەوە ئەوە بۆ ئــــەوەی بزانین لە سەرەتادا چــۆن بووەو چ جۆرە ڕێچکەیەکی گرتۆتە بەرو چۆنوێنەی ئافرەتـی کێشاوەو نەخشەی بۆ داناوەو چ نرخو پایەیەکـی دەداتێ ؟

پرسیارەکەمان بە جۆرێکی کە دەڵێینەوە ، ئایا شاعیری ناوبراومـان لە سەر هەمان ڕێچکەی شاعیرانی پێشخۆی ڕۆیشتووەو لــە بـــارەی ئافرەتەوە هەمان بابەتی بە کارهێناوە بێ زیادو کەم ، یان جیاوازیی هەیـە لە گەڵێکیاندا و ئەم ڕێگایەکی تایبەتیی گرتۆتە بەرو شەقڵو مـۆری خۆی هەیە ، ئایا حاجی قادر لە سەرەتای هۆنینەوەی شیعردا ، بە شیعری دڵداری دەستی پێ کردووە یان بە شیعری نیشتمان پەروەری کە ناوبانگی پــێ دەرکردووە ؟ هەرچۆنێك بێت ئێمە دیوانی حاجی قادری کۆیی لە بــەر دەستمان دایەو گەشتێك بە ناو هۆنراوەکانیدا دەکەین وردە وردە وەڵامی پرسیارەکان دەدەینەوەو ڕای ئەو نووسەرانەی کە باسی شیعرەکانی حاجی کردوون دەخەینەپێش چاو ئەنجـا سەرنجو ڕای خۆمان دەردەبریــن •

شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی هەروەکو علاءالدیــن سجادی باسیان دەکات دەکرێنە سێ بەشەوە ، یان لە سێ جۆردا دەردەکــەون غــەزەلو شیعری کۆمەلایەتیو شیعری نیشتمان پەروەری حاجی وەکو گەلێکی تر لە شاعیرەکانی کوردەواری لە سەرەتاوە ئیلهامی شیعری لـــە ئاوێنــەی ڕوومەتی پەری ڕووەکانەوە وەرگرتووەو بەدوای ئەوانـــەوە گرفتـار بـووە ، بۆیـە دەڵـێ :

بەشەستـی زوڵفو ڕووی ماهی وەکـو ماهی گرفتارم
گەهێ دڵ گەستەی مارم ، گەهێ جان خـەستەی نـارم

برۆفیسۆر عزالدیـن مصطفـی رەسول جیاوازی یەکمـان لە نێوان

شیعری دڵداری‌و شیعری نیشتمان پەروەریی حاجی قادر دا بۆ دەست ـ نیشان دەکات ، ئەویش ئەوەیە کە شیعرەنیشتمان پەروەری‌یەکانی شاعیر لە ڕووی ناوەرۆکەوەبەرزن ، بەڵام لە ڕووی ڕووخسارەوە بێ هێزترن واتە ناگاتە پلەی ناوەرۆکەکەی • پرۆفیسۆر عز الدین مصطفی رەسوول دەڵێ[٣٦] :

( ئەگەرچی حاجی لە کاتی دووریی لە وڵات‌و لەوەختی نامۆیی‌دا باسی سروشتی جوانی نیشتمانەکەی‌و ئافرەتەجوانەکانی کردووە کە لێیان دوورکەوتوتەوەو بە جوانی‌و سەرکەوتوانە ئەم بابەتانەی پیشان داوەو ، بەڵام ئەوە لێیان ڕەچاو دەکەین کە ڕووخساری شیعریی ناگاتە بەرزیی ناوەرۆك ئەمەش لەبەر بەهێزی‌و بیری نوێی حاجی‌یە ) •

[٣٧]دە مارف خەزنە دارو[٣٨] دە احسان فؤاد هەمان ڕاوبۆچوونی دە عزالدین مصطفی رسول دووپات دەکەنەوە ، کە شیعرە کلاسیکی‌یە تەقلیدی‌یەکانی حاجی واتە غەزەلەکانی لە ڕیزی پێشەوەی غەزەل خوانە کوردەکان دادەنرێ ، بەڵام شیعرەنیشتمانی‌یەکان لە ڕووی هونەری‌یەوە

---

(٣٦) الواقعیە في الادب الکردی • دە عزالدین مصطفی رسول ل ٧٧ •

(٣٧) بڕوانە پێشەکی کتێبی حاجی قادری کۆیی شاعیری شۆڕش گێڕو پێشکەوتنخوازو دیموکراتیی نەتەوەی کورد عبدالستار تاهیر شریف ل ١٦ •

(٣٨) بڕوانە دە ایحسان فوئاد ئەمە لە نامەی دوکتۆری‌یەکەی بە زمانی رووسی نووسیویەتی منیش‌لەدیوانی حاجی قادری کۆیی لێکوڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حمید میرانو کەریم شارەزا لە لاپەڕە ( ٢٠ )بیست وەرم‌گرتووە •

لە ڕوولاوازو ناگاتە ئاستو ڕادەی غەزەلەکان • حاجی قادر بەدامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردیدا دەژمێردری ، ئەو قوتابخانەیەش پێی دەگوترێ قوتابخانەی « تنویر – ڕۆشن – کردنەوە » یان قوتابخانەی ڕۆشنبیری ، ئەم قوتابخانەیە بەوە لەوانی‌تر جیا دەکرێتەوە ، ئێجگار نزیکە لە میللەتو باسی ئاواتو هیواو ئازارو داخوازیو پێداویستی‌یەکانی گەل دەکاتو بە شێوەیەکی فراوان دەچێتە ناو مەسەلەکەوە • ئەمەش هەروەك ڕەچاویدەکەین زیاتر لایەنی ناوەڕۆك دەگرێتەوەو پلەو پایەی ڕۆشنبیریی حاجیمان بۆ دەستنیشان دەکات کە تا چ ڕادەیەك هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوەو پێش میللەتەکەی کەوتووەو تەقەلا دەدات کە هوشیاریان کاتەوەوتیماری نەخۆشی زامو برینەکانیان بکات ، ئەمەش شیعرەنە تەوایەتیو کۆمەلایەتی‌یەکانی حاجی دەگرنەوە بۆ ئافرەت هۆنیویانەتەوە •

لە ڕاستی‌دا ئێمە غەزەلەکانی حاجی قادری کۆیی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەتوانین بکەین بەم دوو بەشەوە :

بەشی یەکەم : ئەو هۆنراوانەیەیان غەزەلانەیە حاجی تیایاندا باسی ئافرەت دەکات ، واتە لایەنی وەسفی جوانی ئافرەت ، لەم بەشەدا شاعیر هەرگیز لە سنوورو قوتابخانەی شیعری بابان کە نالیو سالمو کوردی پێشڕەوییان دەکرد ، کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم سەری هەلداوەتەوە دوور نەکەوتۆتەوە • ئەمە لە کاتی پێش‌چوونی بۆ ئەستەمبوول بووە هەرچەندیش ئێمە بەشێوەیەکی بڕاوە « قطعی » ناتوانین سنورێك لەم بارەیەوە دابنێینو کەسیش تائێستا بە نووسین ئەمەی

یەکالآنەکردۆتەوە ، بەڵام ئێمــە سەرنجی خۆمان کە چۆتە ئەستەمبــوولو لەوێ جێگر بووە کەوتۆتە سەرهەوای کوردایەتی ئەوەندە خۆی نەداوەتە قەرەی شیعری دڵداری غەزەل ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بانگەوازیــی داوەو داوای لە شاعیرانی کوردی کردووە کە ئیتر واز لە باسکردنــی چــاوی خەواڵوو زوڵفو خاڵ بێنن‌و باسی ئەو شتانە بکەن کە سوودو قازانج بــە گەل‌و نیشتمان دەبەخشن حاجی لەم هۆنراوەیەی‌دا دەڵێ[40] :

شاعیــرو شێــخ‌و خواجــە دەریـــەدەرن
لە قســەی بـــێ نەتیجـــەدا دەمــــرن
باســــی زوڵفی درێژو چاوی بــە خـــەو
ئەبیـــــــــراوە بــــووە خەســـرەو

هەر لە بارەی غەزەلەکانی حاجی قادری کۆییەوە رەفیق حیلمی بە شاعیرێکی بە تواناو بە دەسەڵات‌و لە ڕیزی شاعیرەکانی تری کلاسیکــی کــورددا دایدەنێ‌و دەڵێ : « هێزو توانای حاجیمان لێوە دیارئەبــێ » •

یان دەڵێ[41] : (حاجیش لە غەرامیات‌دا دواوەوەکو هەموو شاعیرە-کانی پێشوو ئەویش لە باسی‌خط و خاڵی ( دڵبەر ) خۆی پــێ‌نەگیــراوە سەری لە هەوای عیشق‌خاڵی نەبووە وەکو هەموو شاعیرێکی کۆن لە عالەمی غەرامیاتیش پەڕبازی کردووەو شیعری وتووە ) •

(٣٩) بروانه الواقعیه في الادب الکردی د• عزالدیــن مصطفــی رســـول ل ٧٢ حاجی قادری کۆیی بەشی دووەم ـ مسعود ل ١٦٧ •

(٤٠) دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ سەردار حمیدو کریم شارەزا ل ١١٦•

(٤١) ساغکردنە وەی دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ گۆڤاری بەیان ژمارە ١٢٠ حوزەیرانــی ١٩٨٦ ل ١٦ •

بگرە زیاتر لەمەش عبدالرزاق بیمار دەڵێ[٤٢] : ( ئەگەر غـەزەلەکانی نەبوایا ، نەدەکەیشتە ئەم پلەیەی لە نیشتمانپەروەری‌دا هەروەهـــا لـە یارەی زمانی شیعری حاجی‌یەوە ئەو ڕەچـاو دەکەین‌و دەڵێیـــن هـەتا بڵێی‌ی زمانێکی ساکارو ئاسان‌و زۆرنزیك بووە لە تێگە یشتنی خەڵقـی بە تایبەتی شیعرەسیاسی یەکانی‌و زۆربەی هەر زۆری شیعرە غەزەلەکانی‌ی دەورێکی کاریگەر دەگێڕێ کـە شیعرەکانـــی زۆر ناســـك‌و وردن‌و زاراوەی زۆر زانیاری زمانانی کۆکردۆتەوە گویان لەوەدا نی‌یـە کـــە هەرگیز لە شاعیرانی هاوچەرخی کەمتر نی‌یەو لە ڕووی داهێنانـــەوە لە گانێك نیگارە شیعرو قالبە هونەردا لەوان پێشکەوتووتــرە •

کە چی گیوی موکریانی شیعرە نەتەوای تی‌یەکانی حاجی لە شیعرەـ کانی تری بە سۆزترو پڕجۆش‌تر دادەنێـــت

بەلای ئێمەوە سەرەتای دەست‌پێکردنی هۆنینـەوەی شیعـر لای حاجی‌و چوونە ناو ئەم جیهانەوە بە شیعری غەزەل‌و دلداری‌و خۆشە ـ ویستی بووە •• مارف خەزنەدار دەڵێ[٤٣] : ( ئێمە لەگەڵ ئەوەیـن لـــە پێش چوونی شیعری سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی وتووە ) • بەلام نمـــوونەی بۆ ئەم مەبەسەدیاری نەکردووە پێشتر وتمان تائێستا ئەوە ســاغ نە بۆتەوە کە ئایا پێش‌یان پاش چوونی دەستی کردووە بە هۆنینەوەی شیعری سیاسی• بکرە هەندێ لە نووسەرانمان ڕایان بـــە تەواوەتی پێچەوانـــەی

---

(٤٢) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پیشوو ـ ل ١٦ •

(٤٣) پێشەکیی کتێبی حاجی قادری کـــۆیی شـــاعیری شۆڕشگێـرو پێشکەوتنخوازو دیموکراتیی نەتەوەی کورد ل ١٦ •

ئەمەوەیە • گیوی موکریانی ئەم بارە یەوە دەڵێ : ( حاجی لە سەرەتای هۆنینەوەی هەڵبەستەکانی‌دا پەیڕەی هۆنراوەی بوێژەکانی پێشووی کردووە ، بۆیە دەستی کردووە بە هۆنینەوەی ئەو هۆنراوانەی کە ناوەڕۆکەکانیان بریتی بووە لە لاواندنەوە ، بە دگۆڕێی ( هجمو ) تەسەوف (تصوف) ، ئایینی ستایش ، بە سروشت هەڵگرتن ، دلداریتی‌و بایەخی داوەبە وشە ڕازاندنەوەو کێشەکەشی بە پێی عەرووزبووە • ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە حاجی بوێژێکی کلاسیکی بووە ، چونکە وەنەبێ هۆنراوەکانی لە سەرشێوەی کلاسیکی دارشتبێ بەڵکو زۆربەی هۆنراوەکانی شێوەیەکی تازەیان وەرگرتووەو ناورۆکەکانیان جیاوازی هەیە لە گاڵ ناوەرۆکی وێژەی کلاسیکی )*•

هەرچۆنێك بێت شاعیری ناوبراومان ، لە سەرەتای شیعر دانانیا لە بارەی وەسف‌کردنی ئافرەت‌و جوانیی‌یەوە ــ کە بەرەبەرە باسیان دەکەین ــ هەر ئەو فەرهەنگ‌و کەرەسانە بە کاردەهێنی کە شاعیرەکانی پێش خۆی بە کاریان هێناوە ، یان لەبارەی وردەکاریی بە نابەردنە بەر شوبهاندن‌و لێکچواندن هەر ئەو ڕێچکەکۆنەی هەڵبژاردووە کە (نالی‌و سالم‌و کوردی‌یان بابا تاهیری عوریان‌و مەلای جزیری‌و فەقێ تەیران‌و سەیدی هەورامی و•• هتد ) لە سەری ڕۆیشتوون بۆچەسباندنی

---

* هەرچەندە زۆری شیعری حاجیش سەربە جیهانی کلاسیکی‌یە •

قسەکانمان لە دووایی‌دا وێنە دەهێنینەوەو دەگەێنە مەبەست •

لێرەداو پێش ئەوەی بچینە سەرباس‌و لێکدانەوەی هۆنراوە دلدارییەکانی حاجی قادری کۆیی پرسیارێك ڕوومان تێ دەکات‌و دەڵێ[٤٦]:
ئایا حاجی قادری کۆیی دلبەرێکی تایبەتیی هەبووە ؟
یان حەزی لە هەموو جوانی یەك‌کردووەو بەم جۆرە هونراوەی هۆنیوەتەوە ؟

علاءالدين سجادی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوەو دەڵێ • ( لەو کاروانەی‌دا کە چووە بۆ سابلاغوە بە سەر «لاجان»داچووە لەوەی چاوی بە «گوڵە»ی خوشکی قەرەنی ئاغا ئەکەوێ‌و کە ئەگەڕێتەوە بۆ کۆیە غەزەلێکی بۆ دائەنێ‌و باسێکی دەشتی لاجان‌و ئەوخەیمە سەرایەکاو ئەیدا بە « با » کە بۆی‌بگەیەنێ‌و لە ئاخری غەزەلەکەدا پێ‌ئەڵێ :

[٤٧] هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشتی ئاینی لاجان
ئاهستە بڕۆ نەك وەکو دێوانەی هەرزە
تا داخلی خەلوەت دەبی ئەمجا بەوەکالەت
خاکی قەدەمی ماچ بکە بەم تازە کەتەرزە
في الجملە وەکو خالی ڕوخی دلبەری حاجی
دلبەندە دەسابادی سەبا هەستەمە لەرزە

(٤٦) مێژووی ئەدەبی کوردی چاپی دووەم ــ ل ٣٤٦ •
(٤٧) دیوانی حاجی قادری کۆیی سردار حمیدو کەریم شارەزا ل ١٠٩ •

ئاشکرایە حاجی قادری کوێی دڵی چۆتە ئەم کچە سابڵاغی یەو کاتێ گەڕاوەتەوە ئەم هەڵبەستەی هۆنیوەتەوە ، هەروەکو مسعـــود محمـد باسی دەکاتو دەڵێ[48] : ( جگەلەو کچە سابڵاغییەکە دەگێڕنەوە حاجی خۆشی ویستووەو جگەلەگوڵێی لاجان کەوا حاجی بە پەلە مەیلو ئیعجابی خۆی بۆ دەربڕیووە نەبیستراوە دڵی حاجی بۆ کچێکـــی تـر چووبێو لە هەموو کوردستاندا ، بەنسبەت کچە سابڵاغیەکەوە لەوە دڵنیایین ئەگەر گۆتەی دەماودەم نەباچ سەرچاویەکی ترمان چنگ نەدەکەوت لـە شیعری حاجیوە یانووسینی خەڵقی تردا ئیشارەتێکی تێدابێ بـۆی .

ئیمەهیچ دەقێکمان تا ئێستاوە دەستنەکەوتووە کـە حاجی باسی ئافرەتێکی تری جگەلە «گوڵە» کردبێت کەواتە ئەو کچـە سابـڵاغییە ، تەنها قسەو باسی خەڵکییەو بەڵگەیەکـی سەلمێنەرمان بە دەستەوەنـییە ئەوەمان بۆ بە تەواوەتی بچەسپێنێ .

بە ڕای ئێمە ئەم خۆشەویستییەی حاجی لـە بارەی « گـۆڵە »ەوە ئەوەندەبەتینو بـە جۆش نەبووە کەوا کارێکـی گەورە بکەنـە سەردڵو دەروونی حاجییەوە چونکە ئەگەر وابوایە ، حاجـی بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێژ خولیای دەکەوتە سەرو ئازاروتاڵیی دەچێشتو هۆنراوەی تری بۆ دەووت نەك تەنها بەتاقە هۆنراوەیەکی سەرپێییو ئەو ئەڤینـەی لای وشكو بەتاڵ وتەواو دەبێـت خوشەویستیی بە تیـنو بە جوش هەروەکو ونمان بەم ئاسانی یەتێپەڕو گوزەرناکات .

---

(48) حاجی قادری کۆیی ــ بەشی دووەم ــ مسعود محمد ل ٢٣٢ــ٢٧٣ .

ئەمەش ڕامان بۆئەوە ڕادەکێشی کە بڵێیـــن ئەم خۆشەویستـیەی حاجی ڕاستەو ، لە غەریبیدا بووە کەم مـاوەتەوە لەوانەیـە کچـەکەش هەرپێی نەزانیبێو ئەم رازونیازی خۆیشی بۆنەدرکاندووە لەوانەیـە کچەکەی دووربەدوور بینیبێتو شۆخیو جوانیی کارێکی کاتیی کردبێتە سەردڵو دەروونی حاجی نەگەیشتبێتە ناو ناخیەوە •

حاجی لەم هۆنراوەیەدا خۆشەویستیی خۆی دەربڕیووەو بـای سەبا دەکاتە پەیامنێرو هەواڵی خۆشەویستیی خۆی بۆ ڕەوانە دەکـات پێیی دەڵێ لە جیاتیی من خاکـی قەدەمی ماچ بکەویەسـەر بـە خـۆویە نەزاهەتسەری زوڵفی لادەو لە خەوهەلیستێنەو ئەنجا دەڵێ ، ئەو گوڵە وانە خۆشەویستەکەی وەکو کوڵانی تری بازاڕی نییە ، کە تەنها لـەوە ـ رزێکدا دەگـــەشێنەوەو سەوزدەبن ، گوڵی مـنهەمیشە ســەوزو گەشـــاوەو بـــەڕەنگـە •

ئەمەش چەند دێڕێکی هۆنراوەکەیەکە بۆ « گوڵە »ی خۆشەویستە ـ کەی هۆنیویەتییەوە شاعیر دەڵێ(٤٨) :

---

(٤٨) دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ سەردار حمید میـــرانو کـەریم شـــارەزا ل ١٠٨ •

* دووروونییە حاجی وەکو هونەرمەندی جوانییەکەی کاری تێ‌کردبـێ شیعری بۆ گوتبێ لایەنی دلداریو «غـــرام» ، وەکەی ئەوەنـــدە قـــوڵنەبووەوەکـو ( نالـیو حبیبـە ) •

ئـەم خەیمەکە شەمسی یـەی شاهەنشەهی ئەرزە *
ا چادری نیلۆڤەری سەرتـــــــە پلـــــە کی بەزرە
ئەتتابـی وەکـوو تووکـی ئەمـــەل الامونـە ناخـی
ئەوتـاوی وەکـوو کێـوی ئوحـود مەرکـەزی فەیـزە
وەصفی چ بکەم تێونـی گوڵ ، دامەنی سوونبول
شایستــە سەناخوانی بکـەم هەروەکـو فـــەرزە

بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە حاجی قادری کۆیی لەم هۆنراوانە کەباسی خۆشەویستی‌و ئەڤینی خۆیمان بۆ دەکات ، کـە ئەوەندە قوڵ‌و ورد نەڕۆیشتووە هەرچەند ئەمە لەپلەی بەرزی شاعیر کـەم ناکاتـــەوە چونکە وتمان حاجی قادر زیاتر بە شیعرەنەتەوایەتـی یەکانی‌یەوە بـــە ناوبانگە ــ هۆنراوە یەکی صەیدی هەورامی دەهێنینە وەو لەگەڵ ئـــەم هۆنراوەیەی حاجی قادری کۆیی‌دا بەراوورديان دەکەین بزانیین جیاوازیی ئەم دوو شاعیرە چەندەو بزانیین صەیدی هەورامی چون بۆ دڵبەرەکـەی سووتاوەو دڵە کرۆزەوچ حاڵێکی هەیەو چۆن شەوڕۆژ دەباتـە سەرو لـە ناخی دڵ‌و دەروونی‌یەوە هاوارو فغـان دەکـات •

قەسیدەکە بە ناوی «هارەسەختەنی» دایـە • بابزانیین صـــەیدی هەورامـی چیمـان پـێ‌دەڵێ(٤٩) :

هارەسەختەنـــی ، هـــــارەسەختەنـــی
تۆخۆکـــەم قیمـــەت ، سەنگـی سەختەنـی

(٤٩) بۆ دەقی هۆنراوەکە سەیری دیـــوانی صەیدی هەورامی محمـد آمین کاردۆخی بکـە ل ١٩٩ •

چـــــی بوڵند ئەقبـــاڵ ، ساحێـب بەختەنــــی
یار ئامـــان وەڵات ، جەهـــــــدۆ بەختەنــــی
خەنێ کــس تاســــــەر ، هەرگیــز یار نیـــــەن
یاری ساحیب شـــــەرت ، وەفا دارنیـــــــەن
کاتــێ مەزانــی ، هۆرئێـــــزا بەقـــــــەس
چون بێ بەینشـــان ، جەتـــــۆش کێشـــادەس

پێشەکی صەیدی هەورامی لەگەڵ (دەستهاری) دا دەستـــــی بـە وتوێژکردووە ، ئەی دەستهار ، تورەو سەختی لـەگەڵ ئەوەشـانرخ هەرژانی ، بەلام خاوەن شانسی خاوەنگینی . بۆیـەنگیندا روگـورجو گوڵی چونکە یارم هاتوتە لاتو ئەوتا شیرین دانەتدەداتیو دەستــــی بەدەستەوەیەو تۆش لە خۆشیدا هاربووی ، چونکە ئاواتت هاتوتـەدی ، بەلام ئاگات لێبێ ، بریندارینەکەیو بێگومان ، بە هۆی ئەوەوە کـە دەستی شیرین وا بە دەستەوە ، دەبی برینی ئەو جێکاو قولنکانەساریـش بینەوەو چاك بینەوە ، ئەوە شیرینە ، دلت دەبا ، بەلام بێ وەفای وەك خۆی هەر نەبووەتەوە ، لەبەر ئەوە تۆخۆت خەرەی ئەو شیرینە بێ وەفایە مەکە، چونکە تا ئێستە لەگەڵ کەس یاریەتیو خۆشەویستیەت نەبردۆتەســەر هەرۆژێ لەگەڵ یەکێکدایەو ئەویش بە پێی مەسلەحەتـــی کاری خۆی ، کەی کاریپێی نەما ، بەریدەداتو لای لێناکاتەوە ، ئەگەر بە گوێـــم نەکەی تۆش وەكصەیدی لە ناو گۆماوی خەمدا مەلە دەکەی .

بە ڕاستی تابلوو وێنەیەکی ڕەنگینو جوانەو شاعیر هەڵسوکـەوتی خۆیو دڵدارەکەیمان بۆپیشان دەدات ، شاعیر ڕاستگۆیانـەو لە ناخەوە باسی دڵداریی خۆیمان بۆ دەکات دەستە هاری چواندووەتە (مرۆڤێ)وگفتو

گۆی له گەڵدا دەکات و وەکو گیاندارێك ڕازونیازی خـۆی پێ دەڵـێ • وەکو گیاندارێك حیسابی دەکات و پێی‌دەڵێ : (جەستەت بورزەخم) واته : ( سەرپاکی لەشت بریندارە ) ئەمەش بۆ گیاندارە نەوەك بۆ بەرد •

یگرە دەرمانیش بۆ برینەکانی پیشان دەدات ئەویش دەستی شیرین که بە دەستی دەستهارەوە یه ئاوازی شیعرەکان لـه گەڵ سـوورانەوەی دەست هارەکەدا گونجاوەو ( شیرین )و (دەستهار) یش کەوتوونەتـه لەنجەو هەڵپەڕکێ • صەیدی هەورامی له بۆ دڵبەرەکەی و دەردی دووری زامی هیجران چەندها هۆنراوەی هۆنیوەتەوەو لـــه خۆشەویستـــی گـەرمی خۆی‌ساردو کپ‌نەبۆتەوە •

سەرئەنجام ئەوەمان بۆدووپات دەبێتەوە که خۆشەویستی‌یەکـــەی حاجی قادری کۆیی خێراو لابەلایی‌و ئەوەندە بەهێزنەبووە ، تا ئەو کارە گەورەیـــه بکاتە سەر دڵ‌و دەروونـــی شاعیرکه لـــه بیری نەچێتـــەوەو بەردەوام بێت له باس‌کردنی ئەو خۆشەویستە که دڵی‌بردووە

مسعود محمد ڕای وایه : ( وابێ دەچێ له بیرەوری کاتی جحێڵـی هەر لایەنی مادی حەیوانی خۆی هێنابێتەوە بەر هۆشـــی حاجی که ئەویش پاشماوەیەکی ئاسایی عیشقی بێ‌ڕەگەو وێنەیەکی خـورتی‌و سەرگەرمـی دەوری گەنجایەتیـــــــه ) •

ئێمە دەڵێین نه ئەمەی مسعود محمـــد دەڵێ نەئەوەی کـــه بڵێیـــت خۆشەویستیەکی قووڵ‌و بێ پایان‌نەوە ، حاجی حەزی له کچێکی کردووەو بە پەرووشی بووەو ڕازو نیازو سکاڵای خۆی بۆی دەربڕیووە ئەمەشمـان له گەڵێ بەیت‌و هۆنراوەی حاجی‌دا بۆ ساغ‌دەبێتەوە لەم بارەوەوە هەرچەند

* حاجی قادری کۆیی بەشی دووەم مسعود محمد •

گیوی موکریانی بە گومانەوە سەرنجی بۆ ئەوە دەچێ کە حاجی رەنگە ئافرەتێکی خۆشویستبێ کە دەڵێ : ( بە پێی‌ی دەستوری سروشت دوور نی‌بە حاجیش لە سەرەتاو جەنگەی لاوێتی‌دا تووشی سەودای دلدارێتی بووبێ ، بەلاَم دلدارێکی پاكلاسایی کارانەو دووراودوور ) •

حاجی هەروەك وتسان هۆنراوەی زۆری هەیە لەم چەشنە بابەتانە پەردە لە سەر ئەم دوودلی‌و گومانە لادەدن کە کچێکی خۆشویستووە• حاجی دەلێ[٥٠] :

نیهایەت بسکوژن وەللا لە ماچی لێوی خۆش نابم
ئەوی خوا حەزنەکا نابێ ، ئەوی قەوماوە ، قەوماوە
لە حەققی قەدەمی (حاجی) قوری کوێی کەم بە سەر خۆما
دلێکم بوو لە دنیادا ئەویە بەێێکە تۆراوە

واتای‌هەردوو بەیتەکە ئاشکراو روونن حاجی حەزی لە کچێکی کردووەو ئەویش‌وازی لی‌هێناوەو ئەمیش نارەحەتی‌و خەمو پەژارەو ئازاری خۆی دەربریوە • حاجی قادری کۆیی هەروەکو هەموو شاعیرانی کلاسیك پێش خۆی شیعری داناوەو وەك ئەوان بۆ باس‌کردنی ئەڤینی‌و خۆشەویستی پەنای بردۆتە بەر سامانی نەتەوەییمان‌و نەتەوەکانی تری دراویسێمان ئا لەم بەیتە هۆنراوەیەی‌دا دەبینیین دلبەرەکەی بە ( زین ) دەشوبهێنی‌و خۆی بە مەم شاعیری ناوبراومان دەلێ[٥١] :

---

(٥٠) دیوانی حاجی قادری کۆیی گیوی موکریانی ل ١٤٢ •
(٥١) دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ گیۆی موکریانی ل ٣٨ •

جیهان بۆجزیـــرەی بەحــــری ئەکرەم
بە بـێ بوختـــان ئەتۆزیـــن و ئـــەمەن مــەم
لە جینســـی ئادەم وەك تـــــــۆ نـەزاوە
پەری ڕووپـــەك لە ئادەم تا بەحـــاتەم

یان دەڵـــــێ[52] :

دەزانــن مـــــن کــــە بــێ دارودیارم
ســـــەگی مەجنونـــم و غەمخواری لـــەیلا

حاجی ئەوەندە دلبەرەکەی دۆستدەوێ و بە چاوی بەوە ئەوەنــدە زەریفە دەگاتە ئەو ڕادەیە کە پێی بڵێ تائێستــا شتێکی بــر وەکو تــۆ لە جوانی نەزاوەو نەهاتۆتــە دنیاوە ، لە ئادەمەوە بیگرەتا دەگەیتەحاتەم .

یـــان دەڵـــێ[53] :

خاص وەصفی گوڵم نایێتە ســەر حەددو بەیـــان
شیرینو، فەرهادە ، لەیلای قەیـــس غەززای وامیــق

شاعیر بە لێکچواندنێکی قەشەنگ و بــە وشەی سادەوڕەوان و ساکار توانیویەتی مەبەستــی خۆیمان بگەیەنێــت .

(٥٢)دیوانی حاجی قادری کۆیی ـسەردار حمید میران و کەریم شارەزال٤٩.
(٥٣) دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ سەردار حمید میـــــران و کەریـم شـــارەزا ل ١٢٢ .

حاجی قادری کۆیی کۆمەڵەشیعرێکـــی ــ غەزەل ــ بەرزو جوانــی هەیە کە بەررێبازی کلاسیك دەکەونو تیایاندا پێرەوی ئەو شاعیرانە دەکات کەپێش خۆی ژیاون ، ئیستاش با گەشتێك بە نێـــو دیوانەکـــــەیدا بکەینو هەندێ وردو نزیك بینەوەلێیان • شاعـــیر چ لە ناوەرۆك و چ بە شێوەی دارشتن لە جوغزو بازنەی ئەو شاعیرانە لای نەداوەو بە پیـــێی عەرووز کێشەکەی هەڵسەنگاندووە • شــــاعیر کەباسی جوانیــــــی دڵخـــــوازەکەی دەکـــــات •

بەتانو پۆی جوانیـــی دڵبەردا هاتۆتـــە خۆارەوەو ڕوو.خسارەکەی بەبلێسەی شەم ، دەمەکەی بە خونچە ، چاوەکەی بـــە چاوی مەســــتو جارێکیش بەچاوی جادووگەر ، زووڵفـــەکانیشی جارێ بەزیننارو جارێکی کـــەش بە مارو کاهـــێ بـــە تاریکـــی چـــواندووە ، وەکـــــو لـــەم بەیتانەدا دەبینییـــن کـــە شاعیر دەڵـــێ(٥٤) :

مەهـــو میهـــری بە غـــارەتدا بە شوعلەی شەمعی روخساری
گولستانیـــــــش بە یەغمـــا چوو لەتەنگـــی خونچـــەیی زاری

لە نەشئەی چاوەکەی مەستی هەموومەیخانــــــە وێرانـــــن
هەموو کەس بەندی زیننارە ، لە سەودای زولفتاری •• هتد

حاجـــی قادری کۆیی لە جیهانـــی شیعر وتنـــدا پەنای بردۆتــــەبەر

---

(٥٤) بڕوانە دەقی هۆنراوەکە دیوانی حاجـــــــی قــــــادری کۆیی ــ گیــــوی موکریانــی ــ ل ٩ •

ڕەوانبیژیو لە ڕووی سازکردنی وێنەی هونەری نەخشەو نیگاری جوانی بۆ خۆشەویستەکەی کێشاوەو لەم لایەنەیدا پلەی دەگاتە پلەی زۆربەی شاعیرانی کورد • بەڵام بەلای ئێمەوە شاعیر لە هەموو شیعرەدڵداری ـ یەکانیدا ـ جگەلە دوو هۆنراوەکە لە دواییدا دێینە سەریان وبەشی دووەمی هۆنراوەکانی شاعیر دەگرنەوەبە دووروو درێژی باسیان دەکەین ـ شاعیربە هونەرمەندێکی سەنعەتکار دەدەینە قەڵەمو شیعرە غەزەلەکانی زادەی مێشکنو بەرهەمی ئوستادینو ئەو کلپەو گردەو سووتانەی تێیاندا ڕەچاو ناکەین ، کە بە دەست خۆشەویستەکەیەوە تووشی هاتبێو شاعیرمان ئەو گریانو فەغانو دادوهاوارەی بە گوێرەی شاعیرانی تروەکو مەلای جزیریو سەیدی هەورامیو نالیو سالمو کوردی نییە ، چونکە ئەگەر بگەڕێینە وەبوغەزەلەکانی نالی یان کوردی کە ئێمە لێرەدا داباسیان ناکەین ـ دەگەینە قەناعەتێکی تەواوەوەکە گەیشتوونە تە پلەیەکی بەرز چونکە ئەمانە دووچاری دڵدارییی بێ ئامان بوونو هەتا دواهە ناسەی ژیانیان ئاگرو بڵێسەی خۆشەویستیان تینی هەبووەو دانەمرکاوەتەوە •

بەڵام هەروەکو وتمان پلەی لە هەندێ شاعیرانیتر کەمتر نەبووەو بەڵکو بەرزتروو بلیمەتریش بووە •

حاجی قادری کۆیی لە جیهانی لێکچواندن وائە سپی خۆی تاوداوەو گشت جۆرەکانی بە کارهێناوە دەبینین لەم بەیتە شیعرەیدا هەر چوارە گەزەکەی بە کارهێناوە • شاعیر دەڵێ[55] :

---

(٥٥) دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ سەردار حمید میرانو کەریم شارەزا ل ٧٩ •

بەشەستی زولفوڕووی ماهی وەکو ماهی گرفتارم
گەهی دلگەستەیی مارم ، گەهی گیان خەستەیی نارم
دلبەرەکەی لێچوەو « ماه » واتەمانگ لەوچووە
واتە جوانیی ڕووی دلبەرەکەی وەکومانگوایە
« وەکو » ئامرازی لێکچواندنەو شوبهاندنە کەش
لە هەردوو لادا لە جوانیدا یەك دەگرنەوە
واتەجوانیی ڕووی دلبەرەکەی وەکومانگوایە

یان دەلێ :[56]

لە یادی نەخلی بالآت ئاو لە چەوما بێقصور هەردەم
دەجۆشێ غایەتی دوورم ، دەزانی من وەفا دارم

لێرەدا «بالآ» لێچووەو «نەخل» «لەو چووەو ئاوو فرمێسك » وێنەی لێکچواندنە ، دەبینین ئامرازی لێکچواندن بۆ جۆرە زیادڕۆیەك فڕێدراوە •

یان شاعیرکە وەسفی جوانیی دلبەرەکەی دەکات بە ڕۆژ دەیشوبهێنێ حاجی قادری کۆیی دەلێ[57] :

---

(٥٦) دیوانی حجی قادری کۆیی – سەردار حمید میران کەریم شارەزا ل ٩ •
(٥٧) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٥٠ •

ئافتابـی حوسنی تۆرۆژە کـــــە دێو ئـاوا دەبـــێ
قامەتیشت وەك هێلانـی‌یەك شـەوە ئاوا دەبـــێ

یان کە باسی قەشەنگیی ئەو خۆشەویستــــە دلبــەرە
دەکات لای لە هەموو جوانیـی‌یەکی تـر جوانتـــرەو

هیچ جوانیی‌یەك نایگاتێ ، چونکـە ئەو جوانی یـــە
بەلای شاعیرەوە لەڕادە بە دەرەشاعیر دەلێ(٥٨) :

باسی حوورو باســی غیلمــانو پەری بـۆ من مەکـەن
وەك مەهــی بێ‌میهــری خۆم ئەم‌دیتوەو نەم بیستـــووە

نیوە شەو گەردەرکەوێ وەك ماهی سەرکەل طەلعەتـــی
وا دەزانــن ئافتابو موشتـــەری سەربەستـــــووە

ئەوەی لێرەدا رەچاو دەکرێ، واتە لە بەکارهێنانی لێکچوانـــدنو خواستەو خوازەدا ، هەست بەوە دەکەین کەلە ژینگەی کـــوردەواری بەوەهەلقولاونو لە هەستو نەستی ئادەمیزادێکی کوردەوە دەرکەوتوون.
ئێستاش بابزانین حاجی قادری کۆیی چۆن روانیوەتە دلبەرەکـەیو چ جۆرەپایەکی داوەتــێ شاعیر دەلێ(٥٩) :

دەستوپێی ئـەو پادشاهــی حوسنە کۆیلەم پێ دەلێن
هێندە ئەنگوستێ بەشیمانـم لە حەســرەت گەستـووە

---

(٥٨) هــەر ئــەو سەرچاوەیــە ل ١٣٠ .
(٥٩) هەر ئەو سەرچاوەیـە ل ١٣٠.

دڵ‌لەکونجـی سینەدا ، گەر خوێنی دەتۆشیو غەم دەخوا
( حاجی ) بە قوربانی عیـدی وەصڵی تۆدایـەستـووە

حاجی دڵبەرەکەی بە پادشاهی حوسن دادەنـێو خۆی بە کۆیلـەی دەزانێ ، نەك هەر ئەمەش بگرە خۆی دەکات بە قوربانی ئەو یارە پادشاهە پایە بەرزو بڵندە خاوەن شکۆیـــە •

حاجی لە ئاستی پایەبەرزیی دڵبەرەکەی خۆی بە هیچ دەزانێ حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانی‌دا ، دیاردەیەکی کەشی هەیە ، ئەویش دیاردەی زیان بە خش‌و بێ‌سوودوبێ وەفایـی‌یە ، لە لایەن دۆستو یارەوە باسەرنج لەم چەند بەتیانەش بدەیـنو بزانین شاعـیر چیمـان پـێ‌دەڵـــێ (٦٠) :

عادەتـــی گرتـووەو عوشاقـی نە بـــێ‌هەڵناکـــا
وەرنـەبۆ کوشتنیـان نیمەنیگا هێکی بەســـە

یـان دەڵــــێ(٦١) :

غەیـری دڵ ماوێـژە کەس تییرت لە رۆحی من کـــەوێ
تا بە جۆشی خوێنـی ( حاجی ) سینـــەکەو گیـری نەکا

یـــان دەڵـــێ(٦٢) :

---

(٦٠) هەر ئەو سەرچاوەی ل ١١٤ •
(٦١) هەر ئەو سەرچاوەی ل ٥٤ •
(٦٢) هەر ئەو سەرچاوەی ل ٧٧ •

وەکو ڕۆژو شەوەفەرقی گودازی شەمعو سووتانم
کە ئەو هەرشەوەدەسووتێ ، من هەموو دەم گەرچی ئینسانم
یان دەڵێ[٦٣] :

ئەگەر لێدانە مەقصودت بفەرموو
وەگەر قەتڵە مەرامت ها دەسازوو

یان دەڵێ[٦٤] :

ئەو خاڵە لە سەرگۆنای شەریفت
وەیاخود دانەیی داوی بەڵایە
خەمیدەقامەتی داوی خەمی تۆم
ئەمەندە ڕاستە « حاجی » بێ ڕیایە

لەمانەو لەگەڵێ هۆنراوەیتری شاعیری ناوبراومان ئەوە ڕەچاو دەکەین کە شاعیر ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ بە رانبەربەبێ وەفاییو دڵڕەقی دڵبەر دڵبەریش هەرگیز بەزەیی بە حاڵو بێ قەراریو برینداریی ئەمدا نەهاتووە •

ئەم جۆرە وەسفانە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیدا لە ڕاستیدا لە نرخی ئافرەت دەشکێنێو بە وێنەیەکی نالەبار لە پێو باسیکردنی ئافرەت لە قەڵەم دەدرێ •

(٦٣) هەر ئەو سەرچاوەی ل ١٠١ •
(٦٤) هەر ئەو سەرچاوەی ل ١١٦ •

دووەم : ئافرەت وەکو مەسەلەیەك . لە بەشی یەکەممان‌دا ئـەوەمان بە دوورودرێژی باس‌کرد کە لایەنـی وەسفی جوانیـی ئافرەت بــووو گەیشتینە سەرئەنجامێـك کەشاعیـر لە سنوورو چوغـزی شاعیـرانی پێش‌خۆی نەچۆتە دەرێ‌و هەمان ڕێبازو ڕێچکەو فەرهەنگ‌و شێـــوەی شاعیرانی کۆیی پێش‌خوێی بە کارهێناوەو لە زۆر جێگــادا دەگـــاتە پلەی شاعیرە ناودارە بلیمەتەکانی کوردو شاعیر وەستایانە ئەسپـی خۆی لەم مەیدانەدا تاو داوەو شۆڕە سواریکی ئەم مەیدانەیە ، ڕوانینی حاجی قادری کۆیی بە ئافرەت کەنیوەی کۆمەڵەوەکو مرۆڤێك سەیـری دەکــات یان وەکومەسەلەیەك باسی دەکات . مەزنێتـی شاعـیر لێرەو لەشیعـــرە نیشتمانی یەکانیدایە ، چونکە هەروەکو لە باسی ژیانی شاعیردا باسمـان کرد ، بە یەکەمین شاعیری کورد دەژمێردرێت کە ئاڵای سەربەستــیو مافدان بە ئافرەتی هەڵگرتبێ ، لــەم بارەیەوە داوای یەکسانیـی کردوە لەگەڵ پیاودا ، چونکە حاجی لەگەڵ کاروانــی ئەو هونەرمەندانەدایە کە باوەڕیان ئەوەیە دەبێ هونەر بۆ گەل بێت‌و ســـوودبەخش‌و بــــە کاربــێ‌و ئامانجــی هەبــێ .

ڕۆشنبیریی حاجی قادری کۆیی لەو کاتەدا گەیشتۆتە ئەو رادەیە کە بیر لەوە بکاتەوە کە پێوەندی یەکی بەهێزو بەتیـن هەیـە لە نێــــوان پێشکەوتنی ئافرەت‌و پێش کەوتنی گەل‌و نەتەوە یان دوواکەوتنی ئافرەت‌و دواکەوتنی نەتەوە،بۆیە شاعیر دەیەوێت هوشیاری خەڵقی بکابەوە کە هەرگیز فەرق‌و جیاوازی لە نێوان پیاو وژندا نی‌یە ، یان لە نێوان نێرومێ‌دا نی‌یە لەچێرۆکە(٦٥)دینی‌یە ئاسمانی‌یەکان‌دا باســی ئەوە هەیــە کە خوای

---

(٦٥) بــڕوانە تحریر المراة ــ قاسم امین ــ ل ٢٩ .

گەورەی میهرەبان حەوای لە پەراسووی ئادەم دروستکردووە هەردووکیان پێکەوەیەك کۆدەکرنەوەو تەواوکەرێ یەکترین و نابێ لە یەکتری جـــودا بکرێنەوە هەر لەبەر ئەم هۆیەرۆژئاواییەکان بە ئافرەت دەلێن «ئافرەت نیوەی پیاوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەردووکیان پێویستیان بـــە یەك دەبێـــت و ئەم یەکگرتنەش دەیانگەیەنێتە پلەی تەواو •

بەڵێ یەکسانیی ئافرەت لەگەڵ پیاو لە مافی گشتیدا دیاردەیەکـــی پرشنگدارە لە ئایینی ئیسلامدا بەڵام کۆمەڵ ئەو کاتە لە پلەیەکی نەزانیـــندا بوو هەستی بەمە نەکردووە جا هوشیاریی حاجی قادری کۆیی لەوەدایـــە کەبە چاوێکی ڕۆشنبیریی و مێشکێکی تێگەیشتووی گەورەودووروبینیـ یەکـــی ڕۆشنەوە دەڕوانێتە مەسەلەکەو بۆی دەچێ ئەمەش ڕاستییەکـــە ئێستا لە چەرخی بیستەمدا باس دەکرێت کە هەرگیز جیاوازی لە نێـــوان پیاووژن دانییەو ئەگەریش هەبێـــت ئـــەوە دەســـتکردی کـــــۆمەڵ خۆیەتـــی و توانای[٦٦] لە توانای پیـــاو کەمتر نییـــە •

لەم[٦٧] ڕوانگەیەوە حاجی قادری کۆیی بە شاعیری « تنـــویر » ڕۆشنکەرەوە ، دەدرێتە قەڵەم • هەروەکو پێش ئیستـــا باسمانکـــرد شاعیر هێرش دەکاتە سەر ئەو شاعیرانەی کە بەردەوام خۆیان بە باســـی زوڵفی درێژو چاوی خەوالو خەریكدەکەن ، ئەم شاعیرانە لە ریزی شێخو

---

(٦٦) هـــەر ئەو سەرچاوەیە ل ١١ •

(٦٧) بڕوانە کێشەی ئافرەت لە کلاورۆژنەی شیعری هەندێ لـــە شاعیرانی هاوچەرخدا گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمـــارە ٨٥ نیســـان، مـــایس ١٩٨١ کاکە ئازادی حەمەمین ل ٩٠ـ٩١•

مەلا دەستبرە فێڵبازەکان دادەنێو پەردەیان لەســـەر لادەداتو ڕووە ڕاستەقینەکەیان ئاشکرا دەکات ، کە راستی دەشارنەوەو دەستو مەچەکی خەڵکی لە پێناوی پەرژەوەندیی خۆیان دەبڕن راستــە لە دوای حــاجی قادری کۆیی ئافرەت وەکو کێشەیەکی سەرەکی خۆی لە شیعری کوردیدا بە دیاردەخات کێشەی ئافرەتی کوردیش دەتوانیین بە شێوەیەکی گشتــی بۆ هەموو ئافرەتانی جیهانی سێیەم بە نموونە بهێنینەوە ، چونکە ئافــرەت لەهەموو ئەو ولاتانەدا بەدەســت ئازاری نەزانیــنو دیلێتــی ناو چــوار دیوارەکەی ماڵەوە دەناڵێنێ ، دوورە لە مەیدانــی سیاسیو کۆمەڵایەتیو بێ بەشە لە هەموو ئەو نازو لایلایانەی بۆ مرۆڤ هاتووە ، یانچاکتـــرە وا بڵێین کە بارێکی وای بۆ نە خولقێنراوە کەسەنگو نرخەڕاستەقینەکەی خۆی هەبێ نەوەك چەوساوەو کەلوپەلێــك لە خــزمەتی هاوجنسەکەی خــــۆیدا بێـــــت .

هەر بۆ ئەمەشە حاجی قادری کۆیی بە ڕابەری ئــــــەم مەیدانـــە دەدرێتە قەڵەم ، چونکە شاعیر دەیەوێ گەلەکەی هوشیارکاتـــــەوەو بەرچاویان رۆشـــن کاتەوەو لەو تاریکیو نەزانینەدا کە تیـــایا دەژین ڕزگاریان بکات . حاجی قادری کۆیی چەنــد ڕۆشنبیرو رووناك بــیرو مێشك ئازاد بووە ، لەو کاتە بە ئاشکرا داوای فێرکردنی خوێندنــی ئافرەتانی کردووە بگرە ئەو کۆلکە مەلایانەی تاوانبارکردووە کە دواکەو ــ تووانەو کۆنە پەرستانە دەڕوانتە مەسەلەکەو بەو چەشنە سەیری ئافرەت دەکــەنو خوێندەواریــی ئافرەت بە حەرامدەزانن .

حاجی قادری کۆیــی دەڵـــێ[٦٨] :

---

(٦٨) دیوانی حاجی قادری کۆیی ــ گیوی موکریانی چاپی سێیەم ل ٩٠.

بۆچـــــی فەرموویەتـــی نەبـــی الامیـــــن
( اطلبـــــوا العلــــــم ولـــو بالصیـــن )
تێـرو مـــێ لەم حــــــەدیثە فەرقـــی نـــی‌یە
گەر مـــەلا نەهیی فـــــــەرموو دینی‌نـــی‌یە

بەڵی حاجی قادری کۆیی ئەوەی ڕەچاو کردووە کە ئافرەت هیـــچ دەورێکی نەبووە ،تەنها بۆ خزمەت‌کردنی پیاو نەبێ تەنها لـــە بەر ئەوەی کە ئەو ژنەو ئەم پیاو کەسایەتیی ئافرەت لەنێو کەسایەتیـــی پیـــــاودا توابۆوەوە ، پیاو بە هەوەسی خۆی فەرمانی دەدایـــێو قەدەغەی هـــەموو شتێکی لێ‌کردبوو ، لە نێوچوار دیوارەکەدا لە نێوتاریکـــی‌ی نەزانینـــی‌دا دەژیا زانین تەنها بۆ خۆی حەڵاڵ بوو ، واتـــە پیاو ، ئەمیش تاریکـــــی‌و نەزانین ، ئەو ڕۆشنایی‌و سەر بەستـــی ، ئـــــەمیش دوور لە ڕووناکی‌و لە بەندایەتی دا ژیانی دەبردە سەر . حاجی سەیری کردووە کەس ئـــاوڕی لێ‌نەدانەوەو پشت‌گوێی خستـــــووە ، واتە فێرکردنی خوێندنی ئافرەت ، ئەمەش بەلای حاجی‌یەوە زوڵمێکە دەرهەقی ئافرەتان‌و دەبێ ئەم زوڵمـــە لابدرێت‌و لە جیاتیی سەربەستی جێگای بگرێتەوەو ئەو بەندو دیوارانەکە ئافرەت تیایاندا بەندکراوە دەبێ خاپووربکرێن ، بۆ ئەوەی تیشکی ڕۆژ لێ‌یان بدات‌و لەو نەخۆشی‌یەی کە تیایا دەژین ڕزگار وچـــاك‌بێتـــەوە . حاجی قادری کۆیی دەرمانـــــــی نەخۆشـــیی گەلـــەکەی دەســـت‌نیشان کردووەو بە دەنگێکی بەرز تێ‌یان دەگەیەنێ کە تیمـــــاری زام‌و دەردو نەخۆشـــی‌ی خـــــۆیان بکـــەن .

بەڵێ ئێمە حاجی قادری کۆیی لە گشت کات‌ووەختێکدا بەو چاوەوە سەیری دەکەین ڕابەرو مامۆستایەکی مەزنە . حاجـــی قادری کۆیی داخی

دلی خۆی هەلئەرێژا لەوە کە خەلکی گوێ لە قسەو شیعری دلداریو خۆشەویستی دەگرنو شیعرەکانی ئەمیان فەرامۆش کردوون ، شیعری دلداری بەلای حاجی قادرە وەبە ئەندازەی پوشێك کارناکاتە سەر هوشیارکردنەوەی خەلكو گۆرینش باری کۆمەلایەتیو پێشکەوتنی ژیانی، ئەمجۆرە هۆزاوانە بەلای شاعیرەوە بێ کەلكو بێسوودن ، حاجی دەیەوی مێشکیان زاخاو بداتو لەو زەنگاوییە پاکیانکاتەوە ، بۆ ئەوەی لە نەزانینو دوواکەوتنە قورتاریان بێتو بگەنە ئاستی نەتەوەو پێشکەوتووەکانی تری ئەمسەرزەمینە ، پێیاندەلێ(٦٩) :

ئەو هەمموو مەدحی بادەو دولبەر
نووسراوە لەسەر هەزار دەفتەر
وەکو ( خەمسەی نظامیی گەنجە )
کەلای خەلکی کیمیاو گەنجە

یاوەکو « ثلثی شیرینو فەرهاد »
بەیتی حاجی لەبەرکرایە بەیاد

حاجی قادری کۆیی بە مانەوە ڕاناوەستیو ئارام ناگرێ بگرە دەیەوێ دلبەرەکەی خوێندەواربێو مێشکی کراوەو بەرچاو ڕوونالكو ڕۆشنبێ ، نایەوێ نەخوێندەوارو نەزان بێ .

---

(٦٩) حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد محمدی مەلا کەریم ل ٢٦ــ٢٧ .

لەم کاتەی ئێستاشماندا هەندێ کەس ، بەڵکو زۆرهـەن لەو باوە ـ ڕەدان کە فێربوونی خوێندەواریی ئافرەت بە پێویست نازانـن ، ئـەمەش لە ڕوانگەی کورتبینیو بیر تەسکیانەوە سەری هەڵداوەتەوە گوایە ئافرەت ئەگەر بخوێنێ ئەگەر نەخۆێنێ ئەوەڵو ئاخر شوودەکات ، یان هـەندێ کەشیان پرسیار دەکەن ئایا شتی وا لە شەرعو ئاییـندا هەیـە ، بـەڵام حاجی قادری کۆیی پێش سەدساڵ یان زیاتـر لـە سـەد ساڵ هەستی بەوە کردووە کە نابێ ئافرەت لە خوێندەواریو زانیین دوور بخرێتەوە وهیـچ جۆرەجیاوازی یەك لە نێـوان پیاو ئافرەتدا نابینـێ •
شاعیـر دەڵـێ[70] :

تا لە مەکتەب ئەو مەهەمدی مەشقـی ئەلف وبێ‌دەکـا
چاوەکـەم بۆتە دەویـتو گریە بە سورخـی تێ‌دەکـا

نەك هەر ئەمانەش ئەوەی نەزانو نەخوێندەوارییـت[71] ئـەگەر تووشی شتێك هاتو پێویستی بەڕایەکی ڕاسـتبوو هیـچ بە دووری مەزانە ڕا خراپو هەڵەوچەوتەکـەی پەسەنـد بکات • نەوەك کابرایەکی خوێندەوارو زانا کە ڕێگای چەوتو ڕاسـت بـە ڕووناکی دەبینێـتو دەزانێت کامیان ئەنجامی چاکە دەداتەوەدەست •

بگرە هەتا لە مەسەلەی دڵداریو خۆشەو ویستیشدا کـە شاعـیری ناوبراومان زۆر جوان پەنجەی بۆ درێژ کردووە ، دڵداری دیسان پێویستی

---

(٧٠) دیوانی حاجـی قـادری کۆیی ـ گیـوی موکریانـی چاپـی سێیـەم ل ٢٩ •

بە جۆرە یەکسانی‌یەك هەیە لە ڕادەی تێ گەیشتنی و پلەی فێربوون ، چونکە باشتر لە یەك تێدەگەن و مەوداو بۆشایی لەم لایەنەدا لە نێوان هەردوولادا دەتوێتەوە ، حاجی قادری ڕۆشنبیرو هوشیاردەرکی بەمانە کردووە ، بۆیە دەیەوێ دلدارەکەی خوێندەوارو ڕۆشنبیربێ ، ئەی ئەوە نەبوو ، چاوەڕوانی دەکات و فرمێسکی بۆ دەڕێژی و دەلێ کەی یارەکەم لە مەکتەب بێتەوە . هەقە ئەم پیاوە بیرتیژو بلیمەتە ، ئەم شاعیرە دل ناسك و هۆشمەندە ، هەرچەند لەم بارەیەوە بووترێ هێشتا هەر کەمەو دلۆپە ئاوێکەلە نێو زەریایەکی ڕەوان و قوول و بێ بەیدا .

چونکە یەکەم شۆڕەسواری ئەم مەیدانەیەو شایستەی ئەوەیە کە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بە چەرخی حاجی لە ئەدەبدا لە قەلەم بدرێ .

پیش حاجی قادری کۆیی خانی مەزن شیعرێکی هەیە هێما بۆ ئەوە دەکات کە دەبێ ئافرەت سەربەست بێ ، یان یەکسانیی ئافرەت لەگەل پیاودا لابەلا پیشان دەدات ، کە مافی ئەوەی هەیە خۆشەویستی خۆی هەلبژێرێت و پێکەوە بچن بۆ گەشت و سەیرانگاو لەگەل یەکدا بنوەکو دەلێ :

| | |
|---|---|
| [71] وەقتێ وەکو شەهسواری‌خاوەر | تحویل دەکردە ماهی ئازەر |
| یعنی کودە هاتە بورجی سەرسال | قەت کەس نەدما دەمسکنی و مال |
| بالجملە دە چوونە دەرژمالان | حەتا دەکەهیشتە پیرو کالان |
| ڕۆژا کودەبوویە عیدی نەورۆز | تعظیم ژ بۆ دە مادل ئەفرۆز |

---

(71) مەم و زین ــ ئەحمەدی خانی ، چاپی سێیەم ــ چاپخانەی هەوالێر ١٩٦٨ ز ل ٥١ .

صحراءو چەمەن دەكرنە مسكن    بەیداو دەمەن دەكرنە گولشەن
خاصما عزبو كچی دەباكر    القصە جواهری دەنادر
تێكدا دەمزینو ملیت    نیكر لە تەفەرحی مرخص
لیكن نەبەتهمەتو بە منت    بەلكی بە طریق شرعو سنت
لۆراكو ئەوان غرض ژ گەشتی    مقصود ژ چوونیان بە دەشتی
ئەوبوو كو چ طالبو چ مطلوب    یعنی دور طرف محب ومحبوب
ئەڤهەردوو جلب كوهەڤ ببینن    كەغوی‌دا خوریش‌وژ بۆ خوەببینن

## مـــــەلای گــــــەورە

۱۸۷٦ — ۱۹٤۳ ز

مەلای گەورە هەر لە منداڵی‌یەوە دەستی‌کردووە بە خوێندن ئەمەش هەر لەبەر ئەوەیە چونکە لە بنەماڵەیەکی زانستی خـاوەن پرتووكخـانەو قوتابخانە بووەو هەر[۷۲] (لە سەرەتای پێ‌گەیشتنیەوە بەهرەی شاعیریەتی‌ی هەبووەوە شیعـری هەڵبەستووە)

درەوشانەوەی ئەم ئەستێرە گەشە پرشنگدارە لە کاتێکـــــی زۆر پێویستدا لە ئاسمانی کوردستاندا رووناکیـــی خـۆی پەخش‌کـردەوە ئەو کاتەی کە کوردستان لە ژێر چەپووکی دەرەبەگایەتـی‌دا دەتلایەوە ، مەلای گەورە بە هەستە ناسكو گیانی کوردایەتی وبیرتیژو هوشیـاری یەکەیەوەقۆڵی مەردانەی‌لێ هەڵماڵی‌وە بۆ رزگارکردنی نەتەوەکەی لـەو هەموونەخۆشیانەی کە بووبوونە هۆی دواکەوتنی ، نەخۆش‌ی نەخوێندەـ واری‌و نەزانیین‌و بیری دواکەوتووی ، ئەم بارووزروفـەی میللەتەکەمان کارێکی گەورەی کردۆتە سەرهەستو نەستو دەروونی شاعیری ناوبراـ وەمان،ئەوەش لە یادنەکەین،شیعرە نیشتمان پەروەری یەکانی حاجی قادری کۆیی کارێکی گەورەی کردۆتە سەر مێشكو بیری مەلای گەورە ، چونکە

---

(۷۲) بەسەرهاتو ژیانی مەلا موحەمەدی کۆیی • نووسینی عبدالخالـق علاءالدین چاپخانەی قضاء نەجەف ۱۹۷۲ — ل ۸۷ •

جەنابی مەلای کۆیەش وەکو محمدی مەلا کەریم دەڵێ[٧٣] : ( هـــەرلە گیانی بەرزی حاجی یەوە ئیلهامی وەرگرتووەو خاوەن ڕۆشنبیری یەکـی فراوان بووەو ئاگا داری جیهانی دەرەوەی کوردستان بووە ، شـــیعرە مباسی یەکانی بەڵگەن بۆ قسەکانمان ئاکاداری[٧٤] بەرهەمەکانی محمـــد عبدەو جمال الدین ئەفغانی و غاندیـی هیندستان و سعــد زەغلــولی میسرو ئەو کارە ناڕەوایانەی کە داگیرکەران وەکو ئینگلیزو فارس و تورك بەرانبەر بە گەلانــی جیهانی دەیکەن ، هــەموو ئەمانــەی بــە وردی زانیـــووە دە عیــزەددین مستەفــا کە پێشــەکی بۆ کتێبــی « مەلای گەورە » لە نووسینی مومتاز حەیدەری و پێداچوونەوەی کەریم شارەزای نووسیووە ، لە بارەی شاعیری ناوبراو مانەوە دەڵێ[٧٥] : ( شاعیر سەر بە دووپەیڕەوی ئەدەبی ی بە یەکترەوە بەستراوە ، کە پەیڕەوی بیرروو ناکی یا زانســـت پەروەری و پەیڕەوی ریالیزمی رەخنەگری یە ) .

وەئەوەی یارمەتیی مەلای گەورە داوە بۆ فراوان کردنی ئاســـوی بیرورۆشنبیریی جگە لە[٧٦] زمانی کوردی زمانی عەرەبـــی و فارسی و تورکی باشی زانیووەو لە شێوەو داڕشتن و بیرو بڕوادا چوونە قوتابخانەی

---

(٧٣) « حاجی قادری کۆیی ـ شاعیــری قۆناغێکی نوێیە لـــە ژیانی نەتەوەی کورد محەمدی مەلا کەریم .

(٧٤) مەلای گەورە مومتاز حەیدەری ـ ل ١٨ ـ ٤٥ ـ ٤٦ ـ ٤٨ .

(٧٥) مەلای گەورە مومتاز حەیدەری ـ لە پێشەکیەکـــەی کە دوکتۆر عزالدین مصطفی رەسوول نووسیوویەتی ل ١٨ .

(٧٦) بەسەرهات و ژیانی مــەلای موحەمــەدی کـــۆیی ـ عبدالخالــق عــــلاءالدین ل ٥٢ .

شاعیری شۆڕشگێڕی مەزنی کورد حاجی قادری کۆیی‌و لەسەر ڕێبازەکەی ئەو ڕۆیشتووەو باسی گەلی بابەتی‌نوێ‌ی‌کردووە ـ کەبەرە بەرە باسیان دەکەین ـ کە حاجی باسیان نەکـــردووە •

ئێمە تەنها ئەو هۆنراوانەی کە پێوەندی‌یان بە ئافرەتەوە هـــەیە دەکۆڵینەوەو ئەمانە(٧٧) پێوانەی پێشکەوتن خوازی ڕاستەقینە لە مەسەلەی رزگاری ئافرەت‌دا خۆی دەتوێنێ بە تایبەتی لە کۆمەڵــی دواکەو تووودا. تا ئێستا ئەو مەسەلەیە لە کوردستاندا نەك تەنیا بە گشتــی کۆمەڵانـــی خاڵك هەڵوێستیان زۆر سەلبــی یەکـــە پاشمــاوەی ڕژێمــی دەرەبەگی بیـــروباوەڕی کۆنـــەپەرستی‌یە ) •

مەلای گەورە ، نەتەتهایە قسەو وتوێژ ڕایە ڕووناك‌و ڕۆشنبیـــری‌و پێشکەوتوانەی خۆی لە بارەی ئافرەتەوە دەربڕیووە بالکــو بــە کردەوە ئەوەمان بۆ دەچەسپێنێ • سالی(٧٨) (١٩٢٦ز) نەك هەرکوڕ پەلکو کچی خۆیشی خستە قوتابخانەی کوڕانەوەو سەیری کۆمەڵی کوردەواریـــی دەکردو ئەوەی دەیبینی بۆنی دواکەوتوویی‌و کۆنەپەرستــی‌و خورافاتەوە لێ‌ی‌دەهات هێرش‌و هەڵمەتــی دەکردە سەرو(٧٩) ئیتـــرهیـــچ دیمـــەنی ئیجتماعی نەما لە ناو کۆمەڵەکەی هەڵمەتی نەباتەسەر کە گەشتێـــك بــە تێوباغ‌و باغاتی هۆنراوەکانی شاعیری ناوبراوماندابکەین‌و بزانین لـــە بارەی ئافرەتەوە چــی‌ی وتـــووەو چـــۆن سەیریان کـــردووەو لـــەچ

---

(٧٧) مـــەلای گەورە ـ مومتاز حەیدەری ل ٥١ •

(٧٨) دیاری مەلا محمدی کۆیی ـ چاپی سێ‌یەمین ل٣ •

(٧٩) گەلاویـــژ ـ ژمارە ـ ١١ ـ سالی ـ ٥ ـ تشرینی‌دووەم ١٩٤٤ل٤٩•

چـوره‌پلـه‌یه‌كدا دانـــاوون ؟

ئه‌وسا بۆمان ئاشكـرا ده‌بێـت تا چ راده‌یه‌ك پێشكه‌و تنخوازوبیـر فـراوان‌و تـێ گه‌یشتـــووبووه •

شاعیر چ له كاتی هه‌رزه‌كاری‌و چ له كاتی هه‌ره‌تـــی لاوێتی‌دا یان چوونه ناو ته‌مه‌نی پیری‌یه‌وه هۆنراوه‌یه‌كی نه‌هۆنیوه‌ته‌وه كه باسی جوانیی ئافره‌تی كردبێ ، یان وه‌كو شاعیرانی پێش خۆی كه جۆره‌هـا كه‌ره‌سه‌ی جوانكاری‌و تشبیه‌و لێكچواندن‌و خوازه‌خواسته كه جیهانی ئافره‌تیان پـێ رازاندۆته‌وه‌و باسی ڕوومه‌ت‌و خاڵ‌و زوڵف‌و باڵای دڵبه‌ریان كـردووه‌و له لایه‌كی تریشه‌وه باسی ئه‌ڤینی‌و دڵسووتاویی‌و هه‌ڵقرچانی خۆیانیان ـ كردووه‌و له ئه‌نجامی دووریی‌یاردا ئارامیان لێ بڕاوه‌و قسه‌ی نالایه‌قیـان ده‌رهه‌ق‌كردوون ، وه‌كو ، بێ‌وه‌فا ، بێ‌مروه‌ت غه‌ددار ، جه‌للاد ، خوێن ـ ڕێژ •• هتد •• لێره‌دا هه‌روه‌ك ده‌بینین جیاوازی‌یه‌ك له نێوان شاعیرانی پیشوو شاعیری ناوبراوماندا سه‌ر هه‌ڵئه‌داته‌وه‌و ڕێبازێكی تایبه‌تیـــی گرتۆته‌به‌ر كه حاجی قادری كۆیی ڕابه‌رو پێشـــه‌وای بــوو وه‌كـو كه‌ریـم شـــــاره‌زا ده‌ڵـێ[80] :

( دووا به‌دووای حاجی ده‌سته‌یه‌ك له شاعیری چاكـه خواز هاتـن‌و نامه‌ی ئه‌ویان ته‌واوكرد ، یه‌ك له‌وانه مه‌لا مه‌حه‌مه‌دی كۆیـــی‌بوو ) • له جیاتی ئه‌وه‌ی خۆی به پیاهه‌ڵدان‌و وه‌سف‌كردنی جوانیی ئافـــره‌ت‌و خۆشه‌ویستی دڵ سووتێنه‌رو دادوفه‌غان‌و هاواررقورپێوانه‌وه خـه‌ریك ـ بكات • ئه‌م داوای یه‌كسانیی ئافره‌تی له‌گه‌ڵ پیاوداكرد داوای ئـــه‌وه‌ی

---

(٨٠) ئافره‌ت له ڕوانگه‌ی كۆن‌و شیعری هاوچه‌رخـی كوردی‌یه‌وه كه‌ریم شاره‌زا ــ به‌یان ژماره ــ ٥٨ ــ ١٩٧٩ ــ ل ١٨ •

کردووه ، که هەرگیز جیاوازی له نێوان نێرینـــەو ، مێینەدا نەکردێـــت، داوای ئەوەی کردووه ، که نابێ ئافرەت نەخوێندەواربێت ، دەبێ ئافرەت خوێندەواربێتو ئاگای له گشت جۆرەزانستێك هەبێت ، یەکەم هەنگاویشی بۆ چەسپاندنی ئـــەم قسانەی هەروەکو باسمـــانکرد ، کچــــەکەی خۆی خستە قوتابخــــانەی کوڕانەوە •

ئامانجێکی بە رزوپیرۆزی شاعـــیر له ماوەی ژیانیاو ئەو تێکۆشانـــە بوو که له پێناوی ئازادبوونی ئافرەتدا کردیو لەو بڕوایەدا بوو کـــــە پێویستە مافی زەوتکراوی ئافرەت بگەڕێتەوە بۆیو ڕیگای سەربەستیی بۆ والآبکرێتەوە ، بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی سوودبەخشو کەڵـــك لـــە ناوکۆمەڵداو له کۆتیپیـــری کۆنەپەرستی رزگاریبێ •

ئافرەت هەرگیز ئازادو سەربەست نابێت ئەگەر هاتو له نێوان چوار دیوارەکەی ماڵەوەدا بەندکراوقەدەغەی چوونەدەرەوەی لێکرا •

مەلای گەورە گەلێ دووربینو هۆشیاربووه ، دەرکـــــــی بەوەی کردووه[٨١] ، که پەیوەندییەکی بەهێز هەیە له نێوان خێزانو پێشکەوتنیو پێشکەوتنینەتەوە ، چونکه خێزان بنچینـــەی نەتەوەیەو ئافرەتیش کۆڵەکەی بنچینەی خێزانە ، پێشکەوتنی ئافرەت ، یان دواکەوتنـــــی یەکـــــەمین کاریگەرە بۆ پێشکەوتن یان دواکەوتنـــی نەتەوە •

( ئەگەر ئافرەت فێری خوێندنو نووسینبوو ، دەرکی بە ڕاستییەـ کانیکردو شوێنو جێگای دەوڵەتانیزانی ، ئاگای له مێژووی نەتەوەکـــان بوو ، شتێك له زانستنی سروشتو نەریتە ئاینییەکان بوو ، مێشکـــــی

---

(٨١) هەر ئــــە ســـــەرچاوەیـــە ل ١٨ •

ڕایە تەواوەکانی قبووڵکردو شتەخورافی یەکانی لە مێشکدا دوورخرایەوە ئەمانــە هەموو سوودبەخشن بو نەتەوە ) •

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئافرەت دەوری سەرەکــی لــە پێشکەوتنی کۆمەڵو نیشتمانندا دەبینێت کە ئێستا زانستی نوێ خەریکە بە وردی دەچێتــە بنەوانیانەوەو لێــیدەگوڵنەوە ، مەلای گەورە ئـــەو وەختە بەم ڕوانگەو چەمکەوە بۆ مەسەلەکەچوەو تێکۆشاوە بۆ ئازادیی ئافرەتی کوردو ناتەواوی‌یەکانی کۆمەڵەکەمان دەستنیشان کردووەو ڕێکاو چارەشی بۆ دیارکردوەو پەنجەی بۆ درێژکردووە •

بەلای شاعیرەوە ئەگەر ئافرەت خوێندەواربێت هەرگیز بە فڕوفێڵــی هیچ شێخو مەلایەك ناخەڵەتێ ، چونکە ئەو کاتە زۆرجاروا رووی‌داوە ، مەلا بە هەوەسی خۆی کچەنازدارێکی جوان ، مارە بۆ کوڕێك دەکـرد کە هەرگیز شایانی ئەو کچە نەبووە بەلام کچی بەستەزمان چــی بکـــات ئەگەر مەلا یان شێخ وا فتوا بداتو بە قسەی زل زل پێیان بلێ ئایــن وا دەڵێ یانزۆر جار ژنو مێردی لە یەكجودا دەکردەوە بابزانین مــەلای گەورە ، لە هۆنراوەی «ممنونی شێخ دا » • چیمان پێ‌دەڵێ(٨٢) :

هەمــوو مەمنوونــی شێـــخ ••• یمیـــن
کــە سری ئــەم طریقــەی اشکـــرا کـــرد
حجابــی بەینــی نێــرو مێی فـــرێدا
هەرامەو هینـــــی پێکـــدی آشنـاکـرە

(٨٢) دیاری مەلا محمدی کۆیی چاپی سێ‌یەمین ــ ل ٢٧ •

له خەڵوەتخانـەی بـەزمی مریـدان
به پێـی خـۆی دانس و هەڵپەرکێی پەیاکرد
بـه ئەفسونی فەسانەی صۆفـی تۆفیـق
هەزار مێـردو ژنـی لێکـدی جـودا کـرد
ئەزۆکـی گەر بە اخلاصـی ڕوو لەوی کـا
دەبینـی شێـخ کوڕێکـی پێ‌عطـا کـرد
ڕەواجـی دایـە دەستوری ژیانی اباحـی
کتێبـی شـرع و عیلمـی بێ بەها کـرد

مەلای گەورە ، هۆنراوەیەکی دیکەی لە ژێر ناونیشانی « شۆڕەژن »دا هەمان مەبەست دەبەخشێت ، کە تیایدا ، هەر فڕوفێڵی شێخ و مـەلاکان دەردەبڕێ و هەم پلەی دواکەوتوویی ئافرەتمان بۆ دەستنیشان دەکـات ، کە چۆن بە قسەو گوفتاری مەلای درۆزن بڕوا دەکـەن و دەخەڵەتێـن و مەلا ئارەزووی خۆی‌وەچنـك دێنێ و ئافرەتـی هەڵخەڵەتاویش لەکردەوەی چەوت و پڕ هەلەی خۆی‌پەشیمان دەبێتەوەو مەبەستـی سەرەکیـی شاعیر لەم هۆنراونەیدا ، ئەوەیە دەیەوێ هوشیاری ئافرەتان بکاتەوەو بەرچاویان ڕوون‌بکاتەوە بۆ ئەوەی شتی ڕاسـت و درۆو هـەق و ناهـەق لەیـەك جودابکەنەوە . شاعیر دەڵـێ[٨٣] :

شـۆڕەژن من لە هەوەڵ پێـم‌نەووتـی
ئاخـری حضرەتـی شێخ تێت دەکوتـێ

---

(٨٣) بۆ دەقی هونراوەکە بڕوانە دیاری مـەلا محمـدی کۆیـی چاپـی سێیەمیـن ل ٣٨ .

ئەویدیم دی‌و پەشیمانیش بووم ــ ئێستەکەش ماوە خوداو مــەر ــ حەمەتی مەلای گەورە چەندین دیاردەی ناڵەباری کۆمەڵایەتیــی رەچاو ــ کردووە ، کە تیایا ئافرەت کڵوڵو زەلیل‌و ناهومێد بووە ، لەم مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاوداوەو بە هۆنراوە تیژو ڕەوانەکانی کــە هەموو کـــەس لێی‌تێ دەگات رەخنە لەمەلاو شێخ درۆزنەکان دەگرێت کــە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام ناکەن‌وبە هەوەسی خۆیان‌و لەبەرپەرژەوەندیی بێ ویــژ ــ دانییان فتوا دەردەکەن ، تیایا زوڵم‌و زۆرو ناهەق دەسەپێنن دیسانەوە نە هەمان ڕوانگەوە هوشیاری خەڵکەکەش دەکاتەوە کێشەو ناکۆکی‌یەکانیان، چارەسەرکردنیان دەدۆزێتەوەو وەکوبەرماڵ لەبەردەمیاندا ڕای‌دەخـــات هەروەك لە هۆنراوەی تەلاقدا دەبینیین چەند بــە وردی‌و جوانــی باسی مەسەلەکەی دەکات‌و بەرگری لە مافی ئافــــرەت دەکـــات ، مــەلای گـــەورە دەڵــێ (٨٤) :

خــوا دەڵــێ لە قورئــان « الطـــلاق مــرتان »
فامســاك بمعــروف او تسريح باحســـان
بڵێیــن بە قــەومی کوردان دەستی من‌و دامێنیــان
عەیبــە بە حەقی یەزدان ژن هێنـــان‌و تەلاقدان
ژن‌زینەتـــــی دونیایە ، ئەمانەتــی خودایـــە
حبیبــی مصطفایە قەلاتـــــێ لە بۆ مێـــردان

---

(٨٤) بۆ دەقــی هۆنراوەکە بڕوانــە دیاری مەلا محمـــدی کۆیــی ــ چاپی سێ‌میــن ل ٤١ــ ٤٢ ــ ٤٣ .

حاجی له زەمانێك دا ژیاوە پیاو بە هەوەسی خۆیو بێ ئـــەوەی ژنەکەی کارێکی نارەوایان نابەجێی کرد بێت ، وشەی تەلاق بــە لایانەوە زۆر ئاسان بووە ، وەکو بڵێین ئافرەت هیــچ مافو حەقو هوقوقێکــی نییە بە سەرەوە ، هەرگیز گوێیان نەداوەتە بیروباوەڕی ئیسلامەتی یان ئەو ژیانەتاڵوتفتو شیرینەی کە ژنەکەی لەگەڵدا تیایا بەشداریـــیکردووەو دایکی منداڵەکانێتی زۆرجار دەبینی ــ ئەمەش لــە نەزانینەوەیە ــ پیاوێك دەکەوێتە گەرمەی وتووویژیان لێکۆڵینەوە لەگەڵ یەکێکــی ترداوپێشــی دەڵێ ئەگەر ئاوانەکەی یان ئەگەر ئاوا نەبوو تەلاقم کەوتبێ ، ئەگــەر کابرا بە پێچەوانەیەوە جوڵایەوە ، یان شتەکــە وەکو قسەکەی دەرنەچوو ئەوا هەرچەند ئەو ئافرەتە ئاگای لەهیچ نەبووە تەلاق دەدرێ ، هەرگیز بە دووریشی مەزانەو لەوانەیە ئەو پیاوە ئیجگار ژنەکەی خۆش بوێ •

یان پیاوێك لەبەر شتێکی زۆر ئاسان کە پێوەندی بەماڵەوە هەیــە هەردوو دەکەو نەقاڵەوکوت وپرپیــاوەکە لە کاتــی توڕەییدا تــــەلاقی ژنــەکەی دەدات • هتد •• وچەندین حاڵەتــی وا رووی داوەو ژنو مێرد لێكجیابوونەتەوە ، ئەمەش خراپتر کە دەچنە لای شێخو مــەلاو کولکــــە خوێندەوارەکان بۆ ئەوەی ڕایان وەرگرن ، لە وەڵامدا پێیان دەڵێن شتەکە تەواوبووەو بڕایەوە تۆتــــەلاقتداوە •

مەلای گەورە لەم ڕوانگەیەوە ســەیری تەلاقدانــی کــردووە کــە فەرمایشتەکانی خوای گەورەی میهرەبانو قسەکانــی پێغەمبەر (د•خ) خوا فەرمایشتەکانی خوای گەورەی میهرەبانو قسەکانی پێغەمبەر (د• رخ) خوا دەڵێ : (فان کرهتموهن فعسى ان تکرهوا شیئا ویجعل الله فیه خیرا کثیرا)•

---

(٨٥) تحریر المراة ــ قاســم امین • ل ١٤٥ •

مەلای گەورە هەر لە هەمان هۆنراوەیدا ئەوەمان پیشـان دەدات کە هیچ فەرقو جیاوازی نەك لە نێوان نێرینەو مێینەدا نییەو ئافرەتیـش هەروەکو پیا مرۆڤەو نابـێ چاو لە مافەکانی بپۆشرێت ، نەك هەر ئەمـەش بەڵکو زۆر لـــەم یەکسانییە گەورەترو نـرخدارتـر پیشانـی دەدات کاتـــێ دەڵێ [٨٦] :

وەظیفەی زۆر گەورەیــە دەزانـی ئەویـش چیـە
منــداڵبوونو تربیە ، بــێ مسخرەو جوێنپێدان

کەوابێ هەرگیز نابێو نالوێی پیاو بە چاوێکی نزمەوە سەیری ئافرەت بکات ، یان جنێوی بداتێو ئەو ئەرکـەی کە دەکەوێتە سـەر شـــانو ئەستۆی ئەرکێکی پیرۆزو مەزنە ، کە ئەویش پەروەردەکردنی منداڵـە. لە کۆتایی هونراوەکە ، ئامۆژگاریی هەردوو لایەن دەکات کە لەگــەڵ یەكدا ڕێكبکەونو وەکو روح چۆن لە گەڵ لەشدا تواونەتەوە ئەمانیـش دەبێ ئاوابن ، بۆ ئەوەی ژیانێکی پڕ کامەرانیو خۆش ببەنە سەر .
بگرە[٨٧] ( مەلای گەورە ئامۆژگاریی مەلاکانی دەکرد کە هەرگیز کچـان بە منداڵی لە کوڕان مارەنەکەنو مارەکردنیشـــی بــە بێ ڕەزامەنـــدی کــچ لا ڕاســت نەبــووە ) .
هەروەها دژی ئەوەش بووە کە ئەگەر هاتو دایكو باوك لە یـەك جیا ببنەوە باوك منداڵەکە ببات ، واتــە نابێ منداڵ بە ساوایی لە دایك ــ

---

(٨٦) دیاری مەلا محمدی کۆیی ــ چاپی سێیەمین ل ٤١ ــ ٤٢ ــ ٤٣ .
(٨٧) مەلای ــ گەورە ــ مومتاز حەیدەری ــ ل ٥٢ .

دووربخرێتەوە ، چـونکە دایـك زیاتـرو چاکتـر منداڵەکە بەخێـــو دەکـاتو پێـی دەگەیەنـێ •

شاعیـــر دەڵـــێ(٨٨) :

داك مامۆستـای فطریـە پەیـدا بوونت لەویـــە
بە مادی مەعنەوی خـراپە لـە پێی لادان •

هەر لە بارەی دەوری داك لە بۆپەروەردەکردنی منداڵ مەلای گەورە بە یەکەم شاعیری کورد دەژمێردرێـت کە (لای لایـــەی دایك)ی بـۆ کۆرپەی شیرینـی هۆنیێتەوە ، شاعیـردەڵـێ(٨٩) :

ئەووەڵ چشتی دەچیتە گوێی منداڵ لە ناو لانکـی
گەرچاکـــە گەر خراپە لای لایـــەی دایکـی
لای لایەی ڕۆڵە کەم ، بە روح خزمـەتت دەکـــەم
تا خزمەتـــی مەفتەن کەیو بـە ئازایـیو چاپکی

مەلای گەورە چەند دوور بینو هۆش‌فراوان بووە پەیوەندی‌یەکی بەتیـن لە نێوان پەروەردەی چاکی دایكو خزمەت‌کردنی نیشتمانی پیرۆزدا دەخاتە ڕوو دایکی داناو تێگەیشتوو ، دەزانێت چۆن بەچکەکـــەی پەڕوەردە بکاتو دووا رۆژ ببێتە لاوێکی ئازاو بە جەرگ کە بتوانێت خزمەتی مەفتەن واتە نیشتمانەکەی بکات بە کاوەی ئاسنگەر دەیشوبهێنـی چون تەخـت وبەختو تاراجی زوحاکی خوێن مژی رووخاندو میللەتـی کوردی لـێی

(٨٨) دیاری مەلای مەلا محمدی کۆیی ــ چاپی سێیەمین ــ ل ٤٣ •
(٨٩) هەر ئـەو سەرچاوەیـە •

رزگـارکـرد • شاعیر دەڵـێ[٩٠] :

ئومێـدم وایە لاوە ئەتۆش هـــەروەکو کـــاوە
لە بـۆ کوردان هەڵبکـەی ڕایەتـی ئەتابکـــی
منیش ئـەوا دەگریم ڕۆڵـە لـە بـۆقەو مـی تۆ
هەمـوو جـەرگ‌و هەنـاوم ئەوا هاتـە سفتوسۆ

مەلا تەنها مەبەستی ئەوە نەبووە دایك‌و منداڵەکەی هۆشیارکاتـەوەو خۆشەویستیی نیشتمان‌و نەتەوەی دەربڕیـووە بەڵکو دوورتـر لـەمە ڕوبشتووەو بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی نەتـەوەی کورد بۆ ئـــەوەی بیر لە خۆیان بکەنەوەو ڕاپەڕن ومافی ڕەوای خۆیان وەربگرن‌و سەربەست‌و سەرفراز بژین • بەڵام ئەگەر هات‌و ئەو دایکە نەخوێندەوارو ژێردەست‌و ئاگای لە هیچ بووبێ ومافی پێشێل‌کرابێ ، بەلای شاعیرەوەئەمە کاردەکاتە سەر ڕۆڵەکانی‌و جۆری پەروەردەکردنیان مەلای گەورە دەڵێ[٩١] :

ژنێکـی دەربەدەربـێ ــ دڵ پڕ غەم‌و کـەدەربێ
ڕەزیل‌و دەست بە سەربێ‌وەك محبوس لە ناو زیندان
دەبێ ئەولادی کوبێ بێ ڕەوت‌و هـەم بـێ ڕووبـــێ
مێشکی وەکو کەڕو ترسنـوك وەك یەهـــودان

کەوابێ دایکی تێگەیشتوو دەزانێ چۆن پەروەردەی منداڵەکانـــی

---

(٩٠) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٥٦ •
(٩١) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٤٢ــ٤٣ •

دەکات ، بەڵام ئەگەر هاتو ئەو دایکە لەبارو زروفێکی نالەبارو دەربەدەرو مێردەکەی زوڵمو زۆری لێبکات ، ئەوا کار دەکاتە سەر ئافرەتەکەو لە ئەنجامیشدا منداڵەکانی بە چاکی پەروەردەو گەورە نابن ، بەڵکو زەعیفەو لاوازو زەردو سیسو گوێگرانو نەزان دەبن •

شاعیر بە شێوەیەکی رەخنەگرانە پەنجە بۆ هەندێ ناکۆکیو ناتەواویی کۆمەڵیان خێزانی کوردەواریمان درێژدەکات ، کاتێ دێتە سەر باسی ژنخاستنو بووك گواستنەوە ، کە پاش ماوەیەکی کورت ئاژاوە لە ناو ماڵدا سەرهەڵئەداتەوە بە هۆی دایكو خوشکی کوڕەوە هانی دەدەن بۆ تەڵاقدانی ژنەکەیو سەرلەنوێ خواستنی ژنێکیتر • شاعیر دەڵێ[٩٢] :

دۆڵو زۆرناو هەڵپەڕین ژن بۆ کوڕمان دێنین
زۆرپێ ناچێ دەبینین شەڕوو شوورو تێکەڵدان
ئەوەڵ خەزورو خەسوو تێدەکۆشن دووبەدوو
بە دژی یاروو بڵڕوو لێکیان دەکەن بە فەندان
رۆڵە ژنت تەلاق دە ، بۆتدەهێنم هەتادە
لە کچانی بەگزادە بیکەینە خەنەبەندان
دەبینی بووکی سالی دەریدەکەن لە ماڵی
بەتای سۆڵو بەرماڵی بێئاوێنە وبێ کلدان

سەرئەنجام شاعیری ئاوبراومان ، لەبارەی یەکسانیی ئافرەت لەگەڵ پیاوداو سەربەستیو ئازادیی ئەم کۆمەڵە بەشخوراوە ، کە لە هەموو

---

(٩٢) هەر ئەو سەرچاوەیە •

مافێکی ڕەوای • دوورخرابۆوەوەو لە شەوە زەنگ‌و تاریکی‌ی نەزانین‌و پابەندی ئارەزوو داواکانی پیاودا دەژیاو تەنها وەکو خزمەتکاری پیـاو سەیردەکرا ڕاپەڕینێکی بەرپاکرد هەموو گیروگرفت‌و ناتەواوی‌یەکـانی کۆمەڵی خستە بەرچاو پەنجەی بۆ درێژکردوە چارەسەری‌یەکانیشـی دەستنیشان کردوە ، بۆ ئەوەی هەردوولا هۆشیار بینەوەو ئافرەت لـە زنجیری زۆرو بێ دادی پیاو رزگارو ئازادبێ‌و ڕێگـای بزوتنـەوەی بدرێتێ ، بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی سوودبەخش‌و بـە کەڵککەشـان بە شانی پیاو نـە بنیاتنـانو هەمووو کارێکی تری ژیان بەشداری‌بکـات شاعیر دەنگ‌و ئاوازێکی بڵندی بەرگوێی نەوەکەی‌دا هەڵ دەدا بۆ ئەوەی لەخەو ڕاپەڕن • هەر لـەو دەمەوە وردە وردە داوای باشکردنی ژیـانی ئافرەتان‌و بەشدارکردنیان لە ژیانی ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتـی‌و سیـاسی‌و دانەوەی ئازادی‌یان کەوتە سەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامە کـوردی‌یەکان‌و لە کۆڕوگەلێ جێگاو لە شیعری شاعیرانماندا جێ‌بەکی دیاری‌گـرت‌و کاریگەر بوون‌و ئەنجامێکـی چاکـی وەدی‌هێنا •

# ئەحمەد موختار جاف*

## (١٨٧٥ز – ١٩١٧ز)

شاعیری بە ناوبانگی جوانەمەرگمان دیمەنی قەشەنگی دلڕفێنی کوردستانو شیعرە جوانو بەرزو بەتامەکانی شاعیرانی کورد وەکو تاهیر بەگی کاکیو نالیو سالمو کوردیو مەولەویو ناری .. هتد دیسانەوە ئەڤینییو خۆشەویستیی بێ پایانی بەرانبەر بە دلبەرەکەی ، ئەمانە سەرچەم سەرچاوەی ئیلهامو خوربەو بزواندنی تەلی سۆزو بیرومێشکو هۆشی شاعیربوون کە دەستبکاتە هۆنینەوەی شیعرو لەم زەریا بێ بەدامەلەوانیبکات یان بیتە ئەستێرەیەکیهەرە پرشنگداری ئەتەوەکەمانوبە شاعیرێکی پایە بەرز بدرێتە قەلەم . هەرچۆنیك بێت با لە باسەکەماندا دوور نەکەوینەوەو خۆمان بەم لاوبەولادا خەریك نەکەین ، چونکە تەنها مەبەستمان ئافرەتەو ئەوەی پیوەندیی بەم جیهانە فراوانو پانو بەرینە هەیە هەلدەبژێرین بەلام دیسانەوە هەروەکو شاعیرانی پێشو کە باسمان کردو وپێش ئەوەی بچینە ناو باسەکەمانەوە . دەبێ ئەوە بزانین ئایا شاعیری ناوبراومان حەزی لە ئافرەتێکی تایبەتیی کردووەو ناوی ئەو ئافرەتەی لە هۆنراوەکانیدا بە ئاشکرا هێناوە ؟ یان .. نە .. تەنها حەزلێکردنێکی سەرەکیو دوور بە دوورو یەك لایەنی ، واتە حەزی لە ئافرەتان کردووە بە شێوەیەکی گشتی ؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم دووپرسیارە ڕوودەکەینە

---

* بۆناوی شاعیرو سالی لە دایكبوونو ژیانی بڕوانە ئەم سەرچاوانەیە:

هۆبراوەکانی شاعیرو لێکیان دەدینەوە ، بۆ ئەوەی بگەینــە ئەنجـامێکی ڕاســتو ڕەوانو ئەگــەر گۆمانێکیش لەم لایانەوە هەبێــت ئەوا پەردەی لەســــەر لادەدەیــنو ئاشکــرای دەکەیــن •

جارێکان با بزانین نووسەران لەم لایەنەوە چییان وتووەو چۆن ڕای خۆیان دەربڕیوون ، ئەنجا ئێمــەش ڕای خــۆمان بــە دەقی هۆنراوەوە دەردەبڕین علاءالدین سجادی لە مێژووی ئەدەبــی کوردی دا دەڵــێ[97] :
(ئەحمەد موختار لە دەوری سەرەتادا نەپەیکەرێك بووە ڕووی تێ کاوە نە هەیکەلێکیشی بووە باوەشی پیاکا کە چی لەگەڵ ئەمەش وەکو شاعیرەکانی تر دیسان هەر دڵی کردووە بە هێلانەی خاڵو خەتو زمانیکردووە بــە مەکینەیەکی دایمەگەڕبۆ دروسکردنــی ستایشی چاومەستانی قەدباریــكو زوڵفی ڕەشی وەك شەوی تاریك ) •

کەوابی بەڵای نووسەری ناوبراوماندا ، ئەحمەد موختار دڵی لــــە هیچ ئافرەتێك نەچووەوگیرۆدەی دڵداری ڕاستەقینە نەبووەو ئــەم هەموو

(٩٣) دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف چاپی دووەمیــن ، چاپخانـــەی هــەولێر ١٩٦٩ ل ٥ •
(٩٤) مێژووی ئەدەبی کوردی چاپی دووەم ، علاءالدین سجادی ل ٥١١ •
(٩٥) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، ڕەفیق حیلمی ، چاپخانەی « تفیــض » بــــەغدا ١٩٤١ ل ١٤ •
(٩٦) دیوانی ئەحمەد موختار ئامادەکــردنو بەراوردکــردنو لێکدانەوەو پیشەکی بۆ نووسین پرۆفیسۆر دە عیزە ددین مستەفا ڕەســول ، چاپخانــەی ئەدیــب ، بەغدا ١٩٨٦ •
(٩٧) علاءالدیــن سجادی مێــژووی ئەدەبــی کوردی ــ چاپی دووەم ــ ساڵــی ١٩٧١ • ل ٥٤٦ •

ھاوارو دادو دڵسووتانو قرچانو خۆشەویستی‌یە بە سۆزو بەتین‌و ئاودارانە کە بۆکروزی سووتانی ڕاستەقینە لی‌یان دێت کشت ئەمانە بەلای نووسەرەوە لاسایی شاعیرانی کلاسیکی‌ی پێش خۆی کردۆتەوەو دووبارەی کردنەوەی وێنەو کەرەسەی شاعیرانی ترن نەوەك خۆی تووشی ئەم دەردە ـ یابڵێین دەرد هەر بە زمانی شاعیرانی کلاسیك بوویێت •

دیسانەوە ، بەهەمان شێوەو بۆچوونی سوجادی لە دیوانی ئەحمەد موختار جاف‌دا(۹۸) ئەم چەند دێرانەمان هەڵبژارد : ( ئەحمەد بەگیش لە سەرەتای‌دا هەروەکو هونەرو هەستیارەکانی پێشوومانو بە ناوی چاولی‌کەری‌و هەوای گەنجایەتی‌یەوە کەوتۆتە ناوگێژاوی دڵداری‌یەوەو بە شوێن زولف خەت‌و خاڵی نازدارانداا ئەودالو سەرگەردان بووە • وا دیارە ئەم قسەیەی لە مێژووی ئەدەبی کورد ی علاءالدین سوجادی‌یەوە وەرگرتووەی پەنجەی بۆ درێژنەکردووە •

هەر لەم بارەیەوە د• عیزە ددین مستەفارەسول ، لە پێشەکیی دیوانی ئەحمەد موختار جاف‌دا ڕای خۆیسان بۆ دەردەبڕی‌و لەگەڵ نووسەرانی پێشوومان‌دا ڕێك‌ناکەوی ، هەرچەند ، ناوی دڵدارەکەی شاعیرمان بۆ دەست‌نیشان ناکات بەلام پشت بە دەقی هۆنراوەکانی بەستووە ، کە شاعیر دڵداری تایبەتی خۆی هەبووەو هۆنراوەکانی ئاراستەی ئەوەی

(۹۸) بڕوانە دیوانی ئەحمەد موختار جاف ـ چاپی دووەمین ـ چاپخانەی هەولێر ۱۹٦۹ز ـ ل۱۲ •

کردووه ، د. عیزەددین مستەفا ڕەسوول دەڵێ[99] . (ئەگەر بە پەنهانــی زانینەوەبێ ، یا بە هۆی شیعرەکان خۆیانەوەبێ ، ئەوەبڵێین کە ســۆزی عەشقێکی ڕاستەقینە لە شیعری ئەحمەد موختاردا دیارەو وەسفــی جوانیی زیاد لە دولبەرێکیــش ، ئاشکرایــە :

( ئەحمەدی ) بێچارە بۆ دەردو موسیبەت مایــەوە
دولبەری بێ ڕەحمی ئەو سەیرو سەفای بەغداد ئەکا

لە ڕاستیدا ئەم ڕایەی د. عیزددین پەسەند دەکەین و بۆ چەسپانــدن بۆ دووپاتکردنەوەی ڕایەکەمان چەند نموونەیەکــی تریــش دەهێنینەوە، ئەمەو جگەلەوەی تێکرا ، لە کشت هۆنراوە دلداری و غەزەلەکانی شاعیردا هەرگیز لەوە ناچێت کە ئەم هەموو سۆزوخۆشەویستی و هەست دەربڕینانە لە خۆراییەوە هاتبێت شاعیر لە هەلبەستێکیدا دەڵێ[100] :

لەو ڕۆژەوە وا دولبــەرەکــەم ڕۆیــوە خەڵقــــە
بێنوورە لــە بەرگریــەو زاری بــەصەری مــــن

لە بەیتێکی تریدا ، شاعیر دەیەوێ ناوی دلبەرەکەی بهێنێ ، لەوانەیە هەروەکو لە هۆنراوەکەدا دیارە ناوی هێنابێت ، بەڵام نەگەیشتۆتــــە

---

(٩٩) دیوانی ئەحمــەد موختار جاف ــ ئامادەکــردن و بــەراووردکردن و لێکۆڵینەوەو پێشەکی بۆ نووسین پرۆفیســـۆر د. عیـــزەددین مستەفا ڕەســـول ــ ل٣٢ .

(١٠٠) هەر ئەو سەرچاوەیــە ــ ل ٩٨ .

دەستی کەس و هەروەکو هەلبەستەکانی تری بێ سەرو شوێنماوە ، لەوانەشە شاعیر لەبەر کس و کاری ئافرەتەکە نەیویستبێ یان نەیوێرابێ ناوی ئاشکرا بکات ، ئەمەش هەروەکو دەزانین باری کۆمەڵایەتی و خێزانیی ئەو کاتە ئەو بوارەی نەداوە کە دلداری بە ئاشکرا لە نێوان کورو کچێکدا باس بکرێت ، شاعیر دەڵێ[101] :

لەمەوپیش قافیە بەندەم ، ئەمێستا بوو بە عەبدی من
کە مەجبورم بهێنم ناوی ئەو مەحبووبە نازارە

سەرئەنجام ئێمە لەو ڕایەداین ، هەروەکو وتمان ئەحمەد موختار جاف حەزی لە کچە کوردێکی جوان وقەشەنگ و دلڕفێنی کردووەو بۆتە سەرچاوەی ئیلهامی شاعیرو ئەم هەموو غەزەل و هۆنراوە دلدارییانەی لە پێناو یاندا هۆنیوەتەوە ، کە گەلێ بەرزوتەڕو ئاوداڕوناسك و جوانن .

بەگشتی دەتوانیین ئەو هۆنراوانەی کەشاعیری ناوبراومان لەبارەی دلداری ، غەزەلەوە دایناون بیانکەین بە دووبەشەوە :

یەکەم : هونراوەی دلداری لاسایی کار ــ نەك بە واتایەکی کت و متــ وەکو .دە. عیزە ددین مستەفا رەسوول دەڵێ[102] : (کە ئێمە بێین و بەراوود بکەین ئەبینین شاعیر لەکاروانی بەرەوپێش چوونی شیعری

(١٠١) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١١٣ .
(١٠٢) هەر ئەو سارچاوەیە ــ ل ٢٨ .

نەتەوەکەی خۆی‌و زۆژهەلاتدا نەبڕاوە بەلکو شوێنی خۆی‌و شوێنی پەنجەی لەبەرەوپێشی رۆیشتنی ئەو کاروانەدا دیارەو ئەنجامیش هەر ئەوەیە کە وێنەکان بە دەنگ‌و بە خامەی تایبەتی‌و بەهەنسکی قولایی دلی‌ڕاستگۆی ، ئەحمەد موختار بە زمانێکی تایبەتیی شاعیرانەی خۆی داڕێژراونەتەوە ) د. ئیحسان فوئاد لە پێشەکیی چیرۆکی مەسەلەی ویژدان ) دا جێگایەکی تایبەتی‌و بەرزو جوان لەئەدەبی نەتەوەکەمان‌و بۆ دادەنێ کاتێ دەلێ : (موختار بەگی جاف ــ شاعیری جوانەمەرگ ــ بە هۆنراوە بەسۆزەکانی شوێنێکی ڕەنگینی بۆ خۆی بەجێ هێشتووە لە ئەدەبی کوردیدا ) .

هەر لەم بارەیەوە ، واتە لە بارەی غەزەلەکانی شاعیری ناوبراوماندا، علاءالدین سجادی بەرێچکەشکێن دەیداتە قەلەم بە تایبەتی لە لایەن بەکار هێنانی وشەی پەتیی کوردی وەکاتێ دەلێ[(١٠٣)] : ( ئەکەوێتە سەر ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی ئەدەبی‌یەو بە هەموو جۆرماوەی ئەوەی هەیە کە خزمەت‌بکرێ‌و لە وشەی بێگانەدووربخرێتەوە ، دێنێ ئەم ڕێچکەیە ئەشکێنێ‌و بەونیازە دەست ئەکا بە وتنی شیعری کوردی پەتی : شاعیر دەلێ :

گریەوگڕەی تەنوورە ، بلێسەی هەناوم
سیروان وتانجەرۆیە ، فوەی ئاوی چاوم
شێواوی موی خاوی کەسێکم بە ڕۆژو بە شەو
بۆیە بەشێوە ئێستەکە ، بیرەبلاوەکەم

ئەحمەد موختار جاف گەلی جار کە باسی خۆشەویستەکەی بۆمان

---

(١٠٣) مەسەلەی ویژدان ــ ئەحمەد موختار ــ پێشەکی‌و لێکۆلینەوە د. ئیحسان فؤاد چاپخانەی ئیرشاد ــ بەغدا ١٩٧٠ ــ ل٤ .

دەکات ڕوودەکاتە سامانی نەتەوەکەی خۆیو هەستی[١٠٤] پڕسۆزو بەجۆش•

گەرمی خۆی لەم سووجەوەبۆمان دەردەبڕێو دەڵێ[١٠٥] :

ئەمن ئەمڕۆ عەشقا جێ‌نشینی تختی فەرهادم
نیگاری نازەنینیشم لە سەرڕەفتاری شیرینە

یان دەڵێ[١٠٦] :
بە نووکی تیشەیی ناخون لەسەر سینەم بەیادی تۆ
ئەکێشم نەقشی شیرین حەیفە گوم‌بێ نەقشی فەرهادی

شاعیری پایەبەز مان داستانی شیرینو فەرهادمان دەخاتەوەیادو وێنەی خۆیو دلدارەکەیچ لە خۆشەویستیوچ لە جوانی‌دا دەکێشێو دەخنە پاڵ ئەوانو دەبنە جێ‌نیشینیان•

نەك هەر ئەمەش بگرە وا دەردەکەوێ کە ئاگای لە سامانی ئیسلامیو عەرەبی هەبووەو لە بۆپیا هەڵدانی دۆستەکەی ناوی چەندین ئافرەتی

(١٠٤) مێژووی ئەدەبی کوردی ـ علاءالدین سجادی چاپی دووەم ١٩٧١•
(١٠٥) دیوانی ئەحمەد موختار جاف ـ ئامادەکردنو لێکۆلینەوە ـ پرۆفێسۆر د• عیزەددین مستەفا رەسوول ـ ل ١٣٧ •
(١٠٦) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ١٧٣ •

جوانو قەشەنگی هێناوە ، شاعیر دەڵێ[107] :

قەیسی عامیر جێگەیی وادیی دووجەیل بوو چاوەکەم
خۆمنیش ئێستاکە وێڵی دەشتەکەی شێرواتم

یان دەڵێ [108] :
مەکەن مەنعم کەوەك مەجنوون خەریکی هاتو چۆی کێوم
بەشێوی لەیلی کوردم تاکو ڕۆحم دێتە سەرلێوم
یان دەڵێ[109] :

دەخیلم لەیلەکەی ئەسلم بکە رەحمێ بە خاڵاتم
کە ئەم عاشقتە وەك مەجنون جێگای کێوو بیابانە

جیهانی ئافرەت لای شاعیری ناوبراومانا ئێجگار فراوانو پانو بەرینەو لە هەموویاندا گڕوگلپەی عەشقێکی ڕاستەقینە دەنوێنن :

ئێستاش کەشتێك لە تێو هۆنراوەکانی شاعیردا دەکەین بۆ ئەوەی بزانین لە بۆ ئارایشو رازاندنەوەی ئەم جیهانەچ چەشنەفەر هەنگێك لە وشەو زاراوەو دەربڕینی بەکارهێناوە ؟ لە هۆنراوەکانی ئەحمەد موختار

---

(107) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٧٨ •
(108) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٧٦ •
(109) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١٣٩ •

جاف‌دا ئه‌وه‌مان بو ساغ‌ده‌بێته‌وه که په‌نا ی‌بۆ شاعیرانی پێش خۆی بردووه‌و وشه‌و زاراوه‌کانیان وه‌رگرتووه‌و گه‌لێ وشـه‌ی تری بۆ زیاد کردووه •

شاعیر ئه‌م وشه‌و زاراوانـه‌ی ( دولبـه‌ر )(۱۱۰) ، ( عـزیز ) (۱۱۱) ، ( یار )(۱۱۲) ، (مه‌حبوب)(۱۱۳) بۆ خۆشه‌ویسته‌که‌ی به‌کارهێناوه •

ئه‌حمـه‌د موختار جاف له‌سه‌ر هه‌مان ڕێچکه‌و په‌یڕه‌وی شـاعیرانی کلاسیك کـه پێش خـۆی هۆنراوه‌یان هـۆنیوه‌ته‌وه ده‌رباره‌ی کـه ئه‌ڤینه‌که‌ی وێنه ده‌کێشێ ئه‌ووشه‌و زاراوانه‌ی :

(۱۱٤)(دلدار) ، (۱۱٥)(عاشق) ، ی به‌کارهێناوه

---

(۱۱۰) بڕوانه هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو ــ ل ٥۲ ، ٥۳ ، ٥٤ ، ٥٦ ، ٥۹ ، ٦۰ ، ٦۱ ، ٦٦ ، ۷۲ ، ۷۸ ، ۸۳ ، ۸٥ ، ۸۷ ، ۹۸ ، ۱۰٤ ، ۱۰۹ ، ۱۱۱ ، ۱۱٥ ، ۱۲٦ ، ۱۳۰ ، ۱۳۹ ، ۱٤۱ ، ۱٤٥ ، ۱٥٦ ، ۱٦۰ ، ۱٦۲ ، ۱٦٥ ، ۱٦٦ ، ۱٦۷ ، ۱۷۱ ، ۱۷۳ ، ۱۷٤ ، ۱۷٥ ، ۱۸۰ •

(۱۱۱) هه‌ر ئه‌و سه‌رچاوه‌یه ــ ل ۹۷۸ •

(۱۱۲) هه‌ر ئه‌م سه‌رچاوه‌یه ــ ل ٥٥ ، ٦۱ ، ٦۲ ، ٦٤ ، ٦۷ ، ۷۱ ، ۷۸ ، ۷۹ ، ۸٥ ، ۹۹ ، ۱۰٤ ، ۱۰۹ ، ۱۱۳ ، ۱۱۷ ، ۱۱۸ ، ۱۲۲ ، ۱۲٦ ، ۱۲۷ ، ۱۳۲ ، ۱۳۷ ، ۱۳۹ ، ۱٤۲ ، ۱٤٥ ، ۱٥۰ ، ۱٥۳ ، ۱٥۸ ، ۱٦٦ ، ۱٦۸ ، ۱۷۱ ، ۱۷۳ ، ۱۸۰ ، ۱۸۲ •

(۱۱۳) هه‌ر ئـه‌و سه‌رچاوه‌یـه ــ ل۱۱۳ ، ۱۲٥ •

(۱۱٤) هه‌ر ئه‌و سه‌رچـــاوه‌یه ــل ۸٥ ، ۹۲ ، ۹۳ ، ۱۸۸ ، ۱۲٥ ، ۱۳۲ ، ۱٦۰ ، ۱۸۱ •

(۱۱٥) هه‌ر ئه وسه‌رچاوه‌یه ــ ل ٥۳ ، ٥٦ ، ٥۸ ، ٦۰ ، ٦٤ ، ٦۷ ، ٦۹ ،

هەروەها لە بۆپێوەندی نێوان خۆی و خۆشەویستەکەی‌دا دیسانەوە هەر ئەو وشانەی بەکارهێناوە کە بابا تاهیرو مەلای جزیری و فەقێ تەیران و سەیدی هەورامی و نالی •• هتد ی کە بە کاریان هێناوە ، وەکو :
(عەشق)(١١٦) ، (عەشقبـــازی)(١١٧) ، (مەحەبـــەت)(١١٨) ، ( میهـــر )(١١٩) •

بەڵێ ئەحمەد موختار جاف زۆرجار هەنگاوێکی پەرەونەریتـــی کۆمەڵایەتیی دواکەوتوو دەربارەی ئافـرەت هەڵگرتووە ، ئەمەش لەوەدا ڕەچاو دەکرێت کەزاراوەی (هەجـــر)(١٢٠) ، (مەهجـــوور)(١٢١) ، (ڕەقیب)(١٢٢) ، پیشانمان دەدات چۆن وێنەی ئـــافرەت بە هـــۆی

---

٧٠ ، ٧٢ ، ٧٦ ، ٨٠ ، ٨١ ، ٨٣ ، ٨٥ ، ٩٩ ، ١٠٤ ، ١١١ ، ١١٧ ، ١١٩ ، ١٢٧ ، ١٢٩ ، ١٣٠ ، ١٣١ ، ١٣٢ ، ١٣٧ ، ١٤٢ ، ١٤٥ ، ١٥٢ ، ١٦٠ ، ١٦٢ ، ١٦٥ ، ١٦٨ ، ١٧١ ، ١٧٣ ، ١٧٤ ، ١٨٠ ، ١٨١•

(١١٦) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٦٠ ، ٦٤ ، ٦٥ ، ٧٠ ، ٧٥ ، ٧٩ ، ٨٢، ٨٥ ، ١١٨ ، ١٢٥ ، ١٣٢ ، ١٣٧ ، ١٣٩ ، ١٥٣ ، ١٦٢ ، ١٦٦ ، ١٦٨ ، ١٧٧ •

(١١٧) هەر ئـــەو سەرچاوەیە ــ ل ١٠٤ •

(١١٨) هەر ئەو سەرچـــاوەیە ــ ل ١٦٢ •

(١١٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٨٣ ، ٨٥ ، ١٧٧ ، ١٧٨ •

(١٢٠) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٥٦ ، ٥٩ ، ٦٠ ، ٦٩ ، ٧٦ ، ٨٢ ، ٩٣،١١١•

(١٢١) هەر ئەو سوەرچاوەیە ــ ل ١٦١ •

(١٢٢) هەر ئـــەو سەرچاوەیە ــ ل ٥١ ، ٥٣ ، ٥٤ ، ٦٤ ، ٦٨ ، ٧٠ ، ٧١ ، ٧٦ ، ٨٣ ، ١٦٢ ، ١٧٣ •

گوێرەوەری و ئێش و ئازاری دڵدارانداوێنەکێشراوە • ئەم راستیانەش بە تایبەتی لە جۆری بەکارهێنانی ئەم دەربڕینانەدا دەردەکەوێ کە شاعیر لە هۆنراوەکانی‌دا بەکاری هێناوە ، وەکو :

(گوڵ و سەنبول)(١٢٣) ، (بێ‌وەفا)(١٢٤) ، (لەهیجری یار)(١٢٥) ، (زولفی) ڕەشمار)(١٢٦) ، ( شمشێری برۆ )(١٢٧) ، تیری موژگان )(١٢٨)، (دیدەی ئەشکباز)(١٢٩)،(قامەتی سەرویار) (١٣٠) ، (رووی قەمەر)(١٣١) (لەبی شەکەر)(١٣٢) ،و ( شەمع و پەروانە )(١٣٣) •

---

(١٢٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ٥٤ ، ٧٥ ، ٨٠ ، ١٠٨ ، ١١١ ، ١١٥ ، ١١٨ ، ١٢٢ ، ١٢٧ ، ١٣١ ، ١٣٢ ، ١٣٧ ، ١٣٩ ، ١٤٨ ، ١٥٣ ، ١٥٨ ، ١٦٠ ، ١٦٦ ، ١٧٧ ، ١٨١ •

(١٢٤) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ٥٥ ، ١١٥ ، ١٢٤ ، ١٣١ ، ١٦٨ •

(١٢٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ٥٦ ، ٥٩ ، ٦١ ، ٦٩ ، ٧٦ ، ٧٩ ، ٨٢ ، ٨٣ ، ١١١ ، ١٣٩ ، ١٧٧ •

(١٢٦) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ١٠٨ ، ١٥٨ ، ١٦٦ ، ١٧١ •

(١٢٧) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ١٤٥ ، ١٦٢ ، ١٦٥ ، ١٥٥ ، ٥٢•

(١٢٨) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ٨٥ ، ٩٢ ، ١٠٢ ، ١١١ •

(١٢٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ١١١ ، ١١٩ ، ١٥٦ •

(١٣٠) هەر ئەو سەیچاوەیە ـ ل ٧١ ، ٨٣ ، ٩٣ ، ٩٩ •

(١٣١) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ٩٢ •

(١٣٢) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ٩٨•

شاعیری ناوبراومان ، له بۆڕازاندنەوەی جیهانی ئافرەتداو وێنەکێشانی ئەم جیهانە پەنا بۆ دەربڕیـنو کەرەسەی رەوانبێژی بردووەو بە شێوازەکانی لێکچواندنو خوازەو خواستە هەستو نەستیخۆیمان دەربارەی ئـافرەت دەربڕیووە ، لەم لایەنەشەوە هەرچەند ئەو زنجیرەیەی کـە لە نێـوان خۆیو شاعیرانـی کلاسیکی پێشخۆیدا نەیچراندووە ، بەڵام کەوێنـەی جوانو نایابو نوێی هێناوەتە ئاراوەو سەرکەوتوانە لەم جیهانە تەلیسماوییە مەلەوانیی کردووە • وەکو لەم چەند نمـوونانەی خوارەوەدا ڕەچـاوی دەستو بازوی هونەرمەندانەی شاعیر دەکەین(١٣٤) ، کە دەڵێ :

کەتۆسـەروی منـی بێچارەقومریی دڵ حەزینیتۆم
هەمیشە بولبـول ئاسا وام لە دەوری باغو گوڵزارت

ئەم نموونەیە لێکچواندنێکی تەواوە ، لێرەدا ( خومریی دڵ ) لێچووە، ئاسا ) ئامرازی لێكچواندنەو (بولبـول) لـەوچووەو ( حەزینـی) وێنـەی لێـكچواندنـە •

هەروەها لێکچواندنـی بـێ ئامـرازو بێ وێنـەی لێکچواندن زۆرن لە هۆنراوەکانی شاعیردا ، ئەحمەد موختار جاف دەڵێ(١٣٥) :

دەمتغونچـە ، قەدت سەروە ، لە بتلەعلی بەدەخشانـە
عەجەب شۆخێکی غـەدداری فیدای ئەو زوڵفی تاتاتـم

---

(١٣٤) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ٧١ •
(١٣٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ٦٤ •

لێـرەدا ( دەم ) لێچووەو غونچە لـەو چووەو بناغـــەکانی تـری لێکچاندن بە مەبەستی زیان رۆیی فڕێدراون • هەندێ جار ، ئەحمـەد موختار جاف زۆر بـە وردیو بە چەشنێکی ئێجگار قەشەنگو ڕەنگین ، وێنەی سازکردووە لە هونەری لێکچواندندا شاعیر دەڵێ[١٣٧] :

نە خۆش کەوت نیرگسـی بێچارە بـۆ ئەو چاوە بیمـارە
قەدی نوشتایەوە مەرمەرکـەدی بالآیـی ئـــەو یـارە
برینی سەر دلی دیسان بە ناسۆر کەوتەوتەوە نالـــــە
لە داخـی لێوی ئالـێو نیگارەی بێچـــووە عەیـارە
کەتای زولفی نواند سوئبول ، خەجالەت بوو لە ناو باخا
فیراری کردورووی کـــردە بیـــابان وێڵـەو بێچـارە

بە هەمان ڕووانگەو شێوە ئەحمەد موختار جاف دڵدارەکەی بەهۆنەری خواستە ئارایشت کردووەو رازاندوویەتەوە کـە دەڵێ[١٣٨] :

چاوەکەم دووربێ لـە ڕووت دا چاوەکانـم ژان ئەکـەن
هەر لەسورمەی خاکی ڕێگات ئارەزووی دەرمانئەکـەن

---

(١٣٦) هەر ئە سەرچاوەیە ــ ل ٨٠•
(١٣٧) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانەهەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١١٣ •
(١٣٨) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١٠٤ •

لێرەدا وشەی (چاو) لەم وێنەیەدا لە ڕێگای هونەری خواستەوەبووە بە مرۆڤێك ، کە شاعیر لەگەڵ دا قسەدەکاتو سۆزو خۆشەویستیی بێ پایانی خۆی بۆ دەردەبڕێت • دیسانەوە بێجگە لە وانە یکە باسمانکرد ، شاعیری دڵسۆزو دلدارمان ، پەنای بـــۆ بەکارهێنانـــی درکەوکنایـــەی بردووەو زۆرجوان وێنەی خۆشەویستیو قەشەنگیی بێوێنەو بێئەندازەی دڵبەرەکـــەی بۆمان کێشاوە کـــە دەڵێ[139] :

که دوڵبەر خۆی نواند خورشیدی خاوەر زووفیراری کرد
خەجاڵەت ماوبەزەردی عـــەزمی پشتـــی کوهساری کرد
بە ســـۆزی سینەناڵانـــی لەفەسڵـــی پایـــزا بولبـــول
کەڕۆیـــەناوگوڵستانو خەیاڵـــی نەوبەهاری کـــرد

لە بارەی بەلاغەتو بەکارهێنانی ئەم هونەرە بەرزەکەزوربەی شاعیرانی کلاسیکمیان پەنایان بۆ بردووەو تواناو دەسەڵاتی خۆیان لـــەم بارەیـــەوە نواندووەو گەلێ جار هەروەکو بینیمـــان ئەحمـــەد موختار جاف ئەسپی خۆی تیادا تاوداوەو • د• عزالدین مصطفی رسول دەڵێ[140] :: ( دیمەنی گەورەی شیعری ئەحمەد موختار جاف ڕاستگۆییو زۆر لە خۆنەکردنـــە• بەلێ بە ئارەزووو بۆ بەهرە نواندن بەلای بەلاغەت کاریدا نەچووە بەلام کە سنعەتێکی سەر بە بەلاغەت خۆی هاتۆتە بەردەست ، زۆر بە ڕەوانـــی شنێکی جوانی لێ دروست ئەکا بۆ نموونە سەیری ئەم (جیناس)ە بکە :

---

(139) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ـــ ل72 •
(140) هەر ئـــەو سەرچاوەیە ـــ ل 30 •

بە خەتا چووبوو خەتای کـرد ، بەخودا موشکـــی خەتا
هاتبــوو لافــی لەگەلی پەرجـــــەمی تـۆدا لـــێدا

هەرچۆنێك بێت لەم بارەیەوە واتا هـۆنەری ڕەوانبێـژی وەکـــو بێنیمان ئەحمەد موختار جاف کەرەسەی شاعیرانی پێشووی لەبەردەستــدا بووەو سوودی لێوەر گرتووە نەوەك لاسایــیەکی کتومتو بێ گۆڕان، بەڵکو گەلێ وێنەی نوێی هێناوتە ناوەوەو داهێنەرانە ئاسمانی هۆنراوەی کوردیی پێ یان ڕازاندۆتەوەو دەست پەنجەی ئــەم نوێــیو تازەیـــەی دیارەو هەرگیــز فەرامۆش ناکرێــت .

شاعیر لە بۆ وێنەکێشانی جیهانی ئافرەت دووشێوەی جیاواز ، یانوا بڵێین لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە وێنــەی ئەو جیهانەی کێشاوە ، لە لایەکەوە ، ئەوپەڕی نرخو ڕێز لە ئافرەت دەگرێتو لە لایەکی ترەوە کــە ڕوانگــەی ملکەچ کردنەبۆنەریتی دوواکەوتووی کۆمەڵی کوردەواری ، واتە لێرەدا شاعیر دوو دیاردەی دژ بە یەك دەنوێنێو دەیانخاتە بەردەستمان .

یەکەم : دیاردەی ڕێزلێگرتنو نرخ پێدانی ئافرەتەکە شاعیر ، پەنــا دەباتە بەر جۆرەها کەرەسەی جوانو ناسك بۆ ڕازاندنەوەو نەخشەکێشانی جیهانی ئافرەت ، کە باسی ڕەنگینیو قەشەنگیو جوانیــی دڵدارەکــەی دەکات ، بەم جۆرە دەڵێ(١٤١) :

---

(١٤١) هەر ئەو سەرچاوەیــە ل ٦٦ .

حوورو پەری یوغیلمان بێ قەدرە لە لای ئەحمەد*
لەو وەختەوە وا دیویە ڕوخساری نیگارێت

شاعیر لە بۆ پیشاندانی پایەو ریزلێ‌گرتنی خۆشەویستەکەی ، تەختی پاشایەتی بە هیچ دەزانێ دەلێ(١٤٢) :

هەرکەسێ ئەمڕۆ لە ڕێگای ئەو نیگارەڕێی بێ
بۆ سبەینێ گەپ بە مولكو تەختی شاوسولتان ئەکا

هەر لەم بارەیەوە ، شاعیر ئەوەندە دۆستی خۆشەویستەکەی دەوێ ؛ خۆی دەکات بە قوربانی دولبەرو ، گاڵتە بە تەختو تاراجو پایەو دارایی قەیسەرو خاکان دەکات • دەڵێ(١٤٣) :

جانفیدای ئەو دولبەرانم وا بە خەندەی لێویان
بێ موداوا زامی قەلبی عاشقان دەرمان‌ئەکەن
ئەو کەسانەی خادیسی دەزگای نیگارن دایما
گاڵتەو سوحبەت بە تەختی قەیسەرو خاکان ئەکەن

---

* واتە حووروپەری چەند جوانو شیرینن ، بەڵام بە هیچ دەیانزانێتو لە جوانیاندا ناگەنە ئاستی جوانیی دلبەرەکەی •

(١٤٢) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٥٦ •

(١٤٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٠٤ •

یان دەڵێ[144] :

قوربان غولامی قاپی‌یەکەت وئەحمەدە بەدڵ
سایکوژە لە دەردو ئەلەم بێدەزوو ئەجات

یان خۆی دەکا بەدیل «عبد»ی دولبەری نازەنیین شاعیر دەڵێ[145] :

دەست لە تۆ هەڵناگرم هەر عەبدو خزمەتکاری تۆم

یان ئەبروکانی بە قیبلە دەشوبهێنێو خاڵەکانی بە حەجەروالاسود دەڵێ[146] :

دولبەرێکم هەیە سمین بەروخوش ڕەفتارە
چاوی وەك بوکێ شەهلا هەموو دەم بیمارە
ئەبرۆی قیبلەیە ، خاڵی حەجەرو لئەسوەدە ئەو
پەرچەمی میسلی سەلیب زوڵفی ئەڵێی زوننارە
بگرە شاعیر سوجدە بۆ ئەو ئەبرۆیە دەبات ، بە مانگی یەکشەوە دەیشوبهێنێ . کە دەڵێ[147] :

---

(١٤٤) هەر ئەسەرچاوەیە ــ ل ٦٢ .
(١٤٥) هەر ئەسەرچاوەیە ــ ل ٨٧ .
(١٤٦) هەر ئەسەرچاوەیە ــ ل ١١٥ .
(١٤٧) هەر ئەسەرچاوەیە ــ ل ١١٨ .

هیلالی یەك شەوەم دی سووجدە بەربووم بێ تەئەموول من
موبارەك بوو لەلام چونکە ئەلێــی تاقی بـــرۆی یارە

یان دولبەرەکەی نەك دەشوبهێنێ بە قورئان ، بەلکو بە قورئـــان دایدەنــێ کەپــێی دەلــێ[148] :

سایەبــی گیسووی جلیــان لابدە جانا لــە رووت
بۆچ بە زولمەت دائەپۆشی چاوەکـــەم قورئانــی مــن

یان ئەوەندە گیرۆدەی دولبەرەکەی بووەو خۆشیویستووە ، خۆی بە رانبەر بەو دولبەرەبە هیچ زانیوەیان خۆی بە سەگ زانیوە دەلێ[149] :

کە من بەروانە بێ شەمعــی سەری دوو کولمی تۆم جــانا
دلی ئەحمەد بەفیتنەی ئەو سەگــی پەتیارەمەشکێنــــە

دووەم : دیارە رێزلێ نەگرتن وێنەکێشانی دلـــداری ئافرەت بــە چەشنێکی زیان بە خشو بە ئامرازی بکوژو بریندارکردن دەیشوبهێنــێ ، ئەمەش هەروەك دەزانیین لای شاعیرانی کلاسیكدا باوبووەو هەمووبان لەسەر ئەم رێچکە یە رۆیشتوونو پەیرەوی ئەم رێگایەیان کردووە •

(١٤٨) هەر ئەو سەرچاوەیــە ــ ل ١٠٢ •
(١٤٩) هەر ئەو سەرچاوەیــە ــ ل ١١٧

شاعیـر دەڵـــــێ[150] :

خوا چیبکەم لە دەس جەورو جەفای ئەو شۆخە بێ باکـە
چ دڵ ڕەنجێن و غـەددارەچ مەجنوێکـی سەفاکـــــە
وتم بەو تیغی ئەبـرۆتە دڵم لـــــەت بـووە قـوربان
کەچی فەرمووی ئەگـەر بشتکوژم تـۆ هەر بڵـێ چاکە

بەم جۆرە ، ئافرەت وەکو دوژمنێك یان بکۆژێکی پیاووایە،بەردەوام ئازاری پیاو دەدات و زامداری دەکات یان شاعیر لە داخ و دووری و هیجرانی دولبەرەکەی ئازار ئەچێژێ خـەفەت و خەم دەخـوات و بەردەوام لـــە پەژارەدایـە شاعیـــر دەڵێ[151] :

دڵ وەکو بولبول لە هیجری ئەوگوڵـێ ئەفغان ئەکـــا
ناری جەرگ و سۆزی سینـەم عالەمــی نوریان ئەکـــا

یان دەڵـــــــێ[152] :

سینەکـون کون بووم وەکـو نەی من لەبەر هیجرانی تـۆ
سەر وەکـو سەمتورە ، دڵ هەر ناڵەیەتـــی وەك روباب

(١٥٠) هەر ئەو سەرچاوەیـە ــ ل ١٢٥ .
(١٥١) هەر ئەو سەرچاوەیـە ــ ل ٥٦.
(١٥٢) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٦١ .

یان دەڵێ[153] :

هیجری تۆ چەند سەعبە ، دوڵبەر ماڵەکەم وێرانە بوٚت
ڕۆژو شەو غەمباری ڕووتم دیدەکەم گریانە بوٚت
ئەشکی چاوم بادەیە ناڵەی دڵم عەینی نەیە
خاك بەسەر بێکەس لە حەسرەت جەرگەکەم بوریانەبوت

لە ئەنجامی ئەم دووریو بی مەیلیو ئەشكو فرمێسك ڕشتنە ، شاعیر وای لێ دێتکە دڵداری بە ریسوابوونو عەیبیو شورەیی دابنێ ، کاتێ دەڵێ[154] :

ئەوەند (ئەحمەد) کەمەدحی رووبی توێ کرد شێتو ریسوابوو
بە خەڵلاق زەمین لەم شیعرە جاتر بەندە نازانم

ئەحمەد موختار بەمانەشەوە ڕاناوەستێ زورجار هیرش دەکاتە سەر دڵدارەکەیو بە بێوەفاو غەددارو بێ مروەتو دڵ ڕەقو خوێنرێژ دەبداتە قەڵەم ، نموونەی ئەم جۆرە هۆنراوانەش لای شاعیر گەلێکن . کاتێ بە دوڵبەرەکەی دەڵێ[155] :

---

(153) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل 69 .
(154) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل 82 .
(155) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل 55 .

یان دەڵێ[156] :

ئەی خودا تاکەی لە دەرهەق مـن وەفا مەیلـی نـیـیە
بۆچ گلۆکەی بەختـی من هەر ڕوو لە جێگەی لێژئەکـا

یان دەڵێ[157] :

مەیێلـە ڕۆژی عاشق ڕەش‌ببی ئـەی یاری بـێ مروەت
لەسـەر سوبحی جەبینـت لادەجانا زوڵفەچیـن چینـت

ساحیبـی عیشوەیـە غارەتگـەری ئیمانـی مەیـە
دڵ‌ڕەق‌و زالمـە بـێ میهـرو وەفـاو عەییـارە
بەفریی دڵی ئەحمەد هەموو دەم ئەو شۆخە حازرە پارەبیـی ئـەو
دولبـەرەچەنـد مەککـارە

یان دەڵێ[158] :

وتم تاکەی لە حەق من چاوەکەم تۆ بێ وەفاو مەیلـی
وتی نازانی ( ئەحمەد ) ئێستەکـە بـێ مروەتـی بـاوە

هەروەها ئەوەی لە ناوەرۆکی هۆنراوە دڵدارییەکانـی ئەحمـەد موختاردا ڕەچاوەکرێت شاعیر دڵدارێکـی ڕاستەقینەو پاکو خاوێن‌بووە،

---

(156) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل 67 •

(157) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل 115 •

(158) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل 131 •

راستگوو رەسەنبووە ، هەرچەند وێنەی سووتانو برژانو هەڵقرچــــانی دڵی خۆی وەکو شاعیرەکانی پێش خۆی ڕۆژهەڵاتـــــی یان کـــوردی دەربڕیووە ، بەڵام ئەنجام هەر شاعیرێکی کوردو گەلێ جار هـــەروەکو بینیمان بە وێنەو دەربڕینو زاراوەی نوێو کوردیـــی پەتی جیهانی ئافرەتی نەخشاندووەو ڕەنگاورەنگ کردووە .

وتمان دڵداری‌یەکـــی پاكو خاوێن ، هەرچەند زۆر جار لە هۆنراوە-کانیدا ، باسی ماچو مەمكو خۆشەویستی‌یەکی بەتینو بەگوڕبــــۆمان دەکات ، بۆ وێنـــە شاعیـــر دەڵـــێ[159] :

فووتـــی دڵـــم بەماچـــی‌دەمو لێـــوی ئاڵتـــــــــە
ژینـــم بەمەدحــــــی غەمزەیـــی دووچـــاوی کاڵتــە

یان دەڵـــــــــێ[160] :

هەرچــــــەند وجــــوودی من سووتاوی غەمی تۆیــــە
ماچـــی لەپــــی ڕەنگیــــت بۆ من وەکو دەرمانـــــە

---

(١٥٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١٢٩ .
(١٦٠) هە ئەو سەرجاوەیــە ــ ل ١٣٠ .

یان دەڵێ[161] :

مووڵەپەنجەم بێتە دەرگەر دەستبیەم بۆ پیاڵە من
گەر بیێ دەستم کوێ دوو مەمکی وەك فنجانەکەی

یان دەڵێ[162] :

خوا کەی بێت کە من بەشتانی باڵاو قامەتی تۆبم
چ وەختێ پڕ بە چنگ بگرم دوو لیمۆی نەورەسی کاڵت

ئەمانەو گەلێ نموونەی تریش هەن ، لە ڕاستیدا ناچنە خانەی دڵداریو چەشنی لەش بەرستی‌یەوە ، بەڵکو وەسفێکی جوانو ڕەنگینن‌و نموونەیان لە هۆنراوەی فۆلکلۆری نەتەوەکەماندا زۆرن‌و لە تام‌و چێژی پاکی زیاتر مەبەستێکی کە نابەخشن •

دووەم : شاعیری ناوبراومان ئافرەت وەکو مەسەلەیەك یان وەکو شۆڕشگێڕێك باس دەکات کە جیاوازی‌یەکی ئێجکار زۆری لەگەڵ بەشی یەکەمدا هەیە ، کە تەنها باسی دڵداریو وەسفکردنی جوانیو لەنجەو لاری ئافرەت بوو کە بەدووروودرێژی باسمان لێی‌یەوە کردو نموونەشمان بۆ گشت جۆرێك هێنایەوە •

نووسەرانمان کە لە هۆنراوەپایەی شاعیری ناوبراومان دەدوێن ، زیاتر ئەم لایەنە واتە بەشی دووەمی هۆنراوەکانی سەرجیان ڕاکێشاوەو بە پیشڕەو شۆڕشگێرو نیشتمانپەروەر دەیدەنە قەڵەم ، بەڵکو لە گەلێ لایەندا کە بەرەبەرەباسیان دەکەین دەرهەق شاعیرێکی ڕێچکەشکێنە •

---

(١٦١) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١٧١ •
(١٦٢) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٦٥ •

شاعیر لەم قۆناغەی‌دا ڕاستە زۆرجار باسی دڵداری‌و خۆشەویستی‌ی کردووە ، بەڵام یان لە کۆتایی یان لە ناوەڕاستی هۆنراوەکەدا باسی نیشتمان پەروەری‌و میللەتەکەی دەکات ، وەك خورپەی دڵ پێ‌گیرانەوەو خوراگرتن خۆی بنوێنێ ٠

نموونەشمان زۆرە ، شاعیر دەڵێ(١٦٣) :

بێتو بەنازەوەکە بڵێ مەیلی ڕاوئەکەم
بۆ دەنکە خاڵەکەی ملی خۆم تووشی‌داو ئەکەم
ئەی گیانەکەم بە چاوی ڕەشت‌سویند ئەخۆم بە دڵ
بۆ دینی چاوی تۆیە کەهەر چاوە چاوئەکەم
با بێنی بۆنی سنگ‌و مەمەت، کەی منی هەژار
ئیتر خەیالی بۆنی وەنەوشەو گوڵاو ئەکەم
لۆمەم مەکە کە من ئەمەوی ڕووبەرووت ببم
بێ‌بەرگ‌و ڕووت‌و قووتم‌و مەیلی هەتاوئەکەم

ئەمەنە ژێر تەئسیری شیعرێکی نالیدایە کە ئەڵی(١٦٤) :

هەرچەندە کە ڕووتم ، بە خودا مائیلی رووتم
بێ‌بەرگی‌یە عیللەت ، کەهەتیو مەیلی هەتاوە

---

(١٦٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٩٠ ٠

(١٦٤) بڕوانە دیوانی نالی ، لێکولینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس‌و فاتح عبدالکریم چابخانەی کۆڕی زانیاری کورد ــ بەغدا ١٩٧٦ ــ ل ٥٥ ٠

پێتو دەسم بدا لە دەسی پیاوی ناوەجاخ
حەوجار بە ئاوو قورِ دەسو پەنجەم گلاو ئەکەم
بەم حالە زینیو بەزەیی کورد گەر هیوام ببێ
شێتم بزانە من کە خەیالی بلاو ئەکەم

ئەحمەد موختار جاف گەلێ جار ڕێچکە دەشکێنێو بابەتی نوێ دێنێتە نێو ئەدەبیاتی نەتەوەکەماندا ، ئەوەتا لە یەك هۆنراوەدا ، باسی مەینوشیو دلداریو نیشتمان پەروەری تیکەڵو ئامێتەدەکات ، بەوێنەی جوان جیهانی ئافرەت دەنەخشێنێو رازاوەی دەکات ، کاتێ دەڵێ[١٦٦] :

ساپێنە تو خوا ساقی مەیو شیشەو فنجان
ئەم بەزمە موعەتتەر بکە تۆ وەك گولی خەندان
گریانی منو رووەمەتی تۆ ئەی بتی ڕەعنا
تەمسیلی ئەکەن شەونمو گوڵ سوبحیبەهاران
خۆت شێت کە ئەگەر تالیبی مەسعوودیو بەختی
چەند زەحمەتی دی ئادەمی بێچارە لەشەیتان
لەم مەتنیقەدا فەرقی نیيەئێستا موساوین
یەك سان ئەنوێنێ ، رەوشی وەحشیو ئینسان
مەعنایی وەها لێك ئەدەنو بەعزێ موەززەف
قانوون ئەوەتەکەشفی بکەن باخەڵو گیرفان

---

(١٦٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٩٦.

تاریکیی زولفت بووەتە باعیسی کوفرم
سادەرخە توخوا مەسحەفی ڕووتەی مەهی تابان

د. ئیحسان فؤاد لە پێشەکیی چیرۆکی ( مەسەلەی ویژدان )ی شاعیر ئەحمەد موختار جافدا لە بارەی ئەم چەشنە شیعرانەی شاعیری ناوبراومانەوە دەڵێ[166] :

( شەیدای چارەسەرێکە بۆ هەموو ئەو ناتەواوی و دواکەوتنەی لە ژیانی کوردەواریدا ئەیبینیت بەرەفتەگرتن و ئامۆژگاری و سکالاکردن و بانگ‌ئاواز ، ئەیەوێت میللەتی کورد بخاتە سەر ڕاستەڕێی شەقامی ژیان ، ئەم ڕێبازە مەزنە لە سەدەی نوزدەهەمدا کەوتە ئەوپەڕی بەهێزبوون و گەشەسەندن لە لایەن حاجی قادری کۆیی‌یەوە (١٨١٦ــ١٨٩٧)وە لە پاشاندا لەسەرتای سەدەی بیستەمدا گەلێ لە شاعیرانی کورد پەرەویان کرد وەکو (پیرەمیرد)و (زێوەر)و (بێ‌کەس)و (سەلام)و (جگەرخوێن)و گەلێکی تر ، ئەم سوود وەرگرتنە لە تەقالیدی ئەدەبی کوردی بەڵگەیەکە بۆ شارەزایی ( ئەحمەد موختار جاف ) لە تەقالیدی ئەدەبی کوردیدا ، سەدە بە دوای سەدەو بە شێوەیەك کە گونجاوە لەگەڵ باری نوێی کۆمەڵەکەیداوە لەگیانی ئەو سەردەمەی شاعیر تیایدا ژیاوە جیابۆتەوە ) .

(١٦٦) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٩٦ .

بکەنەوە کاتێ دەڵێ[169] :

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاوبکەن
کەم خەیالی پەرچەم‌و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول یالقی لاولاوبکەن
ئیوەتەدبیرێکی حالی قەومی دڵسوتاوبکەن
زووبەزووتا ئیش لە دەس دەرنەچووە ساهەولی بدەن

ئێوە تەعریفی مەی‌و پیالەو گوڵ‌و سەهما ئەکەن
دائیما هەر باسی لەنجەو قامەتی رەعنائەکەن
سەرخۆشی خۆشە ، وەیا سەربەستی ؟ بۆجی وا ئەکەن
تاکوکەی ئێوە قسەی وا پووچ‌وبێ مەعنا ئەکەن

زووبە زوو تا ئیش لە دەس‌دەرنەجووە سا هەولێ بدەن ... هتد
ئاشکرایە شاعیر ڕووی دەمی کردۆتە شاعیرانی کوردو بە بێ پێچ‌و پەناو ئەم لاو ئەولایەکسەر پێ‌یان دەڵێ : واز لەو بابەتە کۆن‌و بەجێ‌ماوانە بێنن‌وباسی گەل‌و نیشتمان‌و دەوری ئافرەت بکەن ، نەوەك خۆتان بە هیچ‌و بوچ‌و بێ‌ماناوە خەریك‌بکەن ئەمانە هەموو بێ سوودو بێ ئەنجامن‌و تونێکڵن .
شاعیر چ لە بارەی‌ناوەرۆك و چ لە بارەی بەکار هێنانی وشەی بەتیی کوردی‌یەوە پێشرەوی یەك بۆ خۆی تۆمار دەکات‌و بەیەکێك لە شاعیرە مەزنەکانی کورد دەژمیردرێت .

---

(169) دیوانی ئەحمەد موختار جاف ، ئامادەکردن‌و لێکۆڵینەوە .
د. عیزەدین مستفا رەسوول ــ ل 106 .

دەڵێ[171] : ( بێ کەس دووژنی هێناوە یەکەمیان لە ساڵی (١٩٣٥ز) کە پاش ساڵێك بە دەردی سیل کوچی دوایی کردووەو مردنەکەی کارێکی زۆری کردوتە سەر دەروونی بی‌کەس‌و وای لی‌کردووە ماوەیەك گوشەگیر ببێ‌و لەم ژنەی کچێك‌و لە ژنی دووەمی دووکچ‌و کورێکی‌بووە لە یارەی ژنی دووەمی‌یەوە پرۆفیسور عیزەددین مستەفا ڕەسوول دەڵێ[172] : (ناوی (شەفیقە)ی سەعیدی وەستا حەسەنی فاسمەغە زائی‌یە ) •

ئیتر شتێکی ترم بەرچاو نەکەوتووەو شاعیر هەرگیز لە هونراوەکانی‌دا باسی ئافرەتێکی نەکردووە کە حەزی لێ‌کرد بێت‌و بە جوانی‌و باڵای‌دا هەڵدابیت‌و ناوی هینابیت هەرچەند لە نووسینەکەی محمدی مەلا کەریم‌دا کە باسمان کرد بێ‌کەس زور خەفەت‌بار دەبیت بو کوچی دوایی ژنی یەکەمی لە بۆ کۆچ کردنی ئەم پارچە هونراوەی هۆنیوەتە ، کە سۆزو خەفەتی خۆی تیادا دەربڕیووە •

شاعیر دەڵێ[173] :

گیانە رۆیشتی ، منت‌بە چێ‌هیشت
ئەزانی دوای و چەندم جەفا چیشت ؟
قەسەم بە دلی مات‌و خەمگینت

---

(١٧١) دیوانی بێ‌کەس ـ محمدی مەلا کەریم ـ ل ٧ •
(١٧٢) ئەمەم لە د• عزالدین مصطفی رەسوول وەرگرت •
(١٧٣) دیوانی بی‌کەس ـ محمدی مەلا کەریم ـ ل ١٧٢ •

بەرەنگـــــــی زەردو لەشـــی بێ‌تینـــــت
بە دەم‌و واتــە بـــــی خـــوش‌و شیـــــرینت
خوراکــم بوتـــــــە شیـــــــوەن‌و شینـــت

بەڵام ئەمە هەرگیز بەڵگەی ئەوە نی‌یە کەپێش خواستنــی خۆشـــی ویستبێت‌و خەفەت خواردنیشی بومردنــی شتێکی زۆر ئاسایی‌یــە چونکە خێزان‌و هاوسەر هاوژیانی بووەو دایکی کچێتی ، ئیتر چۆن دڵغەمگیــن‌و نارەحەت‌و گوشەگیرنــە بێــت •

ئیستاش گەشتێك بە نێو دیوانی شاعیری ناوبراوماندا دەکەین بـۆ ئەوەی بزانین چیمان پێ دەڵی‌و دەگەینە چ ئەنجامێــك‌و چ بڕیارێکـــی بــە سەردا دەدەیــن ؟

پێش ئەوەی ئەم کارە بکەین ، ڕای هــەندێ نووسەران لــە بارەی شیعرەکانی‌یەوە پیشان دەدەین بـــۆ ئـــەوەی بـزانین چـــی‌یان لـــەم بارەیـــــەوە دەربــڕیــوە •

علاءالدين سجادی دەڵی : (لەغەرامدا نەیگەیاندوتە شاعیرەکانـــی‌تر واتــە لە ڕیچکــــەی ئــەواندا ) •

علاءالدين سجادی بێ کەس بە شاعیریکی هەرە بەرز ی نە تەوایەتـــی دەداتە قەڵەم‌و جیگایەکی لوتکەدا دایدەنـــی •

لە جیگایەکی تردا بە جورێکی کە باســی شاعیری ناوبراومان بـــو دەکات بەرێچکە شکێـــن مەیدانی شیعـــری دڵـــداری‌و مـــەی نۆشـــی‌و

---

(١٧٤) مێژووی ئەدەبی کوردی ــ علاءالدين سجادی ــ ل ٥٨٠
هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ٥٦٨ •

نیشتمانپەروەری دەیژمێرێت ، واتە لە هەڵبەستێکدا ئەم سێ بابەتەی تیادا بێت خۆشەویستی مەی ، نیشتمان پەروەری بە کەسی خوی هەستی بەوە کردبوو کە لە سەرو رواڵەت داوا لە باری جوانیدا مەکەروینەکەی خوێ وا بوایە لە ئاوێنەدا ئەگینا کسی پڕ لەو نەئەچووا ئەبی بەچ ـ ڕوبکاوە بکەوێتە شۆخی بازیو لەگەل ئەو دلبەرانەدا کەسای گەردنیان لە سای هەسانا ، وەك تریفەی مانگە لەبەربەنەنا ! کەوا بووە ئەبێ بە جورێ بێتە مەیدانەوەکو دلی نازداران لە گۆشەی ڕەشمالانا بە چەشنی بکا ، بە پەروانەی دووری چرای خوی کەهەموو کەس لە گوشەی ئاسایشەوە سەیری ئەم فەسالی بێکەسو جەمالی ئەو فریشتانە بکا ، ئەمەش مەکەربەو جورەبێت ، کەرەجەیەکی تازە بشکینی بو غەرام ، ئەگینا ئەگەر وەکو هی پیشینەکان بێنەوەك هەڕ نازداران بەلکو کەس ئاوری لێناداتەوە جا بەم بونەوە بی کەس هات ئەم جورە غەرامەی خستە ناوەوە ، هات دلی کرد بە هەیکەلی بادەو پەیکەری عەشقو سەرچاوەی جوانیو شەرابی ئەرغەوانی ، بو ئەوە هەتا یاری نازدار بە جاوی‌پر خومارو بالای وەك شمشالو بە نازی بی ئەندازەوە سەیری بکا !.. ئەگەر تەماشای ئەم سووچە بکەێن بێکەس شاعیرێکی غەرامیبە ، نەك هەر ئەوەندە بەلکو تیایا کولاوەو شیعرەکانی شانشینیکی هەرە بەرزبو خویان تەرخان ئەکەن ) . سەجادی دوو ڕای جیاوازی دژ بە یەك لەیەکێکیاندا لە بارەی هونراوەدلداریەکانی بێ کەسەوەدەربڕیووە .دەلی پایەی شیعرەکانی بیکەس ناگاتە شاعیرە کلاسیکیەکانی پیشخویو لە جێکایەکی تردا بە ریچکەشکین دەیداتە تەلەم .

هەرچونیك بیت لە بارەی رای دوایی علاءالدین سجمادییەوە ئێمە سەرنجو بۆچۆنی خۆمان هەیەو مەسەلەکە جێگای وتووێژو

ولاتێکی وەك ولاتی خۆمان تەکاتێکــی توندی پێ نەدابێو نەیهەژاندبێ ، شیعری لەو چوارچێوەیە دەرنەچووە کــە وتمان •

لێرەدا ئێمە زیاتر ڕای دووەمی محەمەدی مەلا کەریم پەسەند دەکەین، هەروەك زوربەی هەرە زۆری شاعیرانی کورد ژیانی کەساسیو ئاوارەییو بەدبەختی شاعیر لە سەرەتای دانانیدا زیاتر کاری کردوتە سەر دڵو دەروونیو ڕەنگدانەوەی ئەو بارە ناهەموارەن کە بە سەر شاعیردا ڕیەریوون باشترین بەڵگەشمان ئەوەیە بێ کەس دەکەویتە عەودالی مەی نۆشــیو سەرخۆشی ـ یەوەو دەیەوی لەم ڕیگایەوە خەمو خەفەتو بەدبەختیی خوی لە بیربباتەوە ـ علاءالدین سەجادی لەم بارەیەوە هەمان رای هەیە کە دەلێ : (بێ کەس ـ یەردەی غەرامیدا ئەداتەوەو ئەکەویتە عالەمی سەرخوشییەوە ، ئەکەویتــە ئەو عالەمەوە کە لە سەرەتاوە عەودالی بوو بوو • هــــــەر ئەو عەودالیــە بووتوشی غەرامی کرد بوو ئەگینا ئەوچیو غەرامی کولەنجەریــی چــێ ؟!

شاعیری ناوبراومان لە سەرەتای شیعر دانانیا لە سەر هەمان ڕێچکەی شاعیرانی پێش خۆی شیعری داناوەو بە غەرامو هونراوەی دلداری یەوە ئالاندووە کەوتوتە داوی دلخوازییەوە لەم مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاوداوە، نموونەیەك لەم هونراوانەیەی ئەم پارچە شیعرەیە •

شاعیــــر دەلــــێ(۱۷۷) :

دلــێ تــەڕ نەبــێ ••• دلــێ تــەڕ نەبــێ
دلــێ لە خــــۆیا دائیــــم تەڕنەبــــێ
ســــەرخۆشی بادەی رووی دولبـــەر نەبــێ
بە جامی شــەراب گەیـــلو مەستەکــــەی

(۱۷۷) دیوانی بێ کەس ـ محمدی مەلا کریم ـ ل ۱۳۲ـ۱۳۳ •

قســەی شیرینــە ، شیلەیـــــە
ئــەو چاوشینـــە خنجیلەیـــە
بە نــازو مەکـــــروحیلەیـــە
باوەر بــە وەعـــدەی ئەو نەکەی

شاعیر زۆر جار پینج خشتەکیی لە سەرغەزەل‌و هۆنراوەی شاعیرانی پێش خۆی هۆنیوەتە بۆ ئەوەی ئەوە دووپات‌بکاتەوە کـــە لەو شاعیرانە کەمتر نەبووەو بە دەسەلات‌و بە توانایە ، ئەمەش نموونە یەکە لەم جۆرە پینـــج خشتـە کیانە کەلە سەر غەزەلێکـی « ســالم » داینـــاوە

شاعـــیر دەڵێ [179]:

ســاقی لە پـــەردە دەرهــــات

گــەردو کولی بەیان بوو سەبا کیتابــی هێنــــا
لـــــەو یارە نازدارە رازو عیتابـــــی هێنــا
لە خۆشیــا کــە قاسیــد هــات‌و جــوابی هێنــا
« ساقـــی لە پەردەدەرهــات جامی شەرابی هێنا
دڵ‌خیــرە ما لــە حیرەت مەه ئافتابــی هێنــا

(179) دیوانی بێ‌کەس ــ محمدی مەلا کریم ــ ل ١٢٥ .

هەروەهاو لە سەر هەمان شێوە بێکەس پێنج خشتەکیەکــــی لەسەر غەزەلێکی « کوردی »ی هۆنیوەوەتەوە شاعیر دەڵێ[180] :

نائــــــــومێدی

لە دنیادا نییــە وەك من بە عەشق ئــەو گرفتــارێ
سەرو ماڵم لە ڕێی دانا ، کەچی لوتفی نەبوو جــارێ
سەفیلو دەربەدەر ڕۆژێ ، لە کوچەو قوژبنی‌شارێ
« ئەمان مردم عیلاجێ ، سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ
ویساڵ یا قەتل یا تەسکین،لە هەرسێ بۆم بکەن چارێ»

ئەوەی لەم چەند غەزەلانەی شاعیرەوە ڕەچاوی دەکەین نموونــەی بەرزو توانای سەرکەووتووویمان بو دووپات دەکاتەوە ، هەرگیز ناتوانین دەسەڵاتو سەلیقەی بێکەس لەم‌بارەیەوە یەکــەم نرخو ئاستــی نــزم لە قەڵەم بدەین ، بەڵام هەرگیزیش ناتوانین بیدەینە پاڵــــی دڵداری‌دا ، لە ئاسمانی هۆنراوەی کوردی دەدرەوشێنەوەو بــــەرزترین نــموونەی هۆنراوەی ئەڤینــی دەنەخشێنــن •

لایەنی دووەمی هۆنراوەکانی بێکەس لــە بارەی ئافرەتەوە کــە ئەم جبهانەی بە دەستو خامەکەی ڕازندۆتەوەو ڕەنگاو ڕەنگــی کــردووە ،

---

(١٨٠) بڕوانە دەقی هۆنراوەکە بێکەس ــ محمــــــدی مەلا کــەریم ــ ل ١٣٤ ــ ١٣٥ ــ ١٣٦ •

ئافرەتی وەکو مەسەلەیەك یان مرۆڤێك ، یان شۆڕشگێڕێك باس کردووە، لێرەداو لە زۆر جێگادا کە باسی دەکەین شاعیری ناوبراومان بە پێشڕەو دەدرێتە قەڵەمو بە تایبەتی لە باس کردنی پەچەو عەبادا لێرەدا شاعرێکی تریێش ئەم باسی نەکردووەو هوشیاریو ڕۆشنبیری شاعیرمان بە تەواوەتی بۆ دەردەکەوێ چون دەستی میللەتەکەی بە نێرو مێیەوە دەگرێتو ڕێگای ئازادیو سەربەخۆییو رزگارییان پیشان دەدات ، ئەم هۆنراوانەیە هەریەکە دنیایەکی گەورەو فراوانن ، هەریەکە چەندەها مەبەسو هیوایەکی تیادا دەبینرێتو جگە لەمەش جەربەزەییو ئازایەتی بێکەسی شۆڕشگێرمان بۆ دووپات دەکەنەوەو وەکو لە سەرگوزشتەیی ژیانی شاعیردا دەبینرێ چەندین جار لە لایەن کاربەدەستانی ئەو دەمەوە گیراوەو تار دراوەو لە کەسو کارو هاوڕێیانی دوور خراوەتە ، ئەم رەفتارانەش هەرگیزو هەرگیز گاریان نەکردۆتە سەر هەڵوێستی چەسپاوو بڕوای بەتینو بەهێزی شاعیر •

ئیستاش بابزانین بێکەس لە بارچە هۆنراوەی « نەسرین »دا چیمان پێ دەڵێ[181] :

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە
گیرودەی بەندی ، ژیانت زوڵمە
وا من پێت ئەڵێم چونکە لە سەرمە
هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

---

(١٨١) دیوانی بێکەس ــ محمدی مەلا کریم ــ ل ١٠٢ــ١٠٣ •

شاعیر خەفەت‌بارەو داخ لە دڵە لەبۆ باری دواکەوتووی کۆمەڵەکەیو لە بۆ بەندیی ئافرەتو دوورخستنەوەی لە بەشداریی‌و کۆمەك‌کـــردنو هاریکاریی لە گەڵ پیاواندا لە تێکۆشانو کارەکانی تری ژیانو ئەنجـــا پێیی دەڵێ‌ئەو سەرپۆشە فڕێ دەو هەرگیـــز شەرمی ناوێ کە بچێتـــە مەیدانە وە بێ‌کەس بە یەکەمین شاعیری کورد دەژمێردرێت کە بـــەم جۆرەو راستەو خۆ لەگەڵ ئافرەتدا قسە بکاتو داوای ئەوەی لێ بکات کە ئەم پەچەو سەرپۆشـــە فڕێ‌بدات ئەنجا پێی دەڵـــێ[١٨٢] :

ئەمڕۆ زەمانـــی عیلـــمو وعیرفانـــــە
عالەم شـــەو رۆژ لـــــە فرمانـــــە
فەرقـــی نێرو مـــێ نی‌یـــە یـــــزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنـــت گەرمـــە
سەرپـــــۆش‌فـــڕێ دە چ وادەی شەرمـــە

بەڵێ نێرو مێ‌ینە هیچ فەرقو جیاوازی‌یەکیان لە نێـــواندا نی‌یەو هەردوو مرۆڤن‌و هەردوو خاوەن مێشك‌و هەمان ئەندامی لەش‌و ولارن ؛ داوای لێ دەکات کەوەکو پیاو بە دووی زانستو خوێندن‌و فرمـــاندا بگەڕێن ، ئیش‌و فرمان بکات ، تا لەهەرەتی لاوێتی دان چونکە کـــە تەمـــەن تێبەڕی ئەوســـا ئـــەو هێـــزو توانایـــەی چ کارکردن چ بـــۆ داواکردنـــی زانســـتو خوێنـــدن نامێنێ .

---

(١٨٢) هەر ئەوە سەرچاوەیەی پێشوو ــ ل ١٠٢ .

ئەنجا پێـــی دەڵـێ[183] :

مەڵـی من کچم تـــۆش وەکـو منـی
موحتاجـی عیلمو فـەنو خوێنـدنی
مەجبوری ئیشو خـزمەتکردنـــی
هەستە تێکوشـە تا خوێنـت گەرمـە
سەرپـۆش فـــرێدەو چ وادەی شەرمـە
هێنـــدە دانیشتی بشتت چـەمـــاوە
زەردو لاواز بوویـت هێـزت نەماوە
کچی بێگانـەت خۆلەبەر چــــاوە
هەستـە تێکۆشـە تا خـۆێنـت گـــــەرمە
سەرپۆشفـرێدە چ وادەی شـەرمە

بێکەس ئاگاداری ئافرەتانی کورد دەکاتەوەو پێیان دەڵێ سەیـری ئافرەتانی بێگانە بکەنو بزانن چۆنپێشکەوتوونو شانبەشانی پیاو ئیشو کار دەکەنو بەردەوام فێری زانستو گشت جۆرە کارێکی سوودبەخش دەکـەن لـە بۆ پێشخستنـی کومەڵو وڵاتەکەیـان •

ئەنجـــا دەڵـــێ[184] :

خشڵو جوانیـی تۆ حـەیاو فێربوونـە
پاشـە ڕوژێشـت هەر بـــە وانا روونـە

(١٨٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١٠٢ •
(١٨٤) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١٠٣ •

کچی بێ عیلم دیلو زەبوونە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

بێکەس رەخنە لە ئافرەتانمان دەگرێو بۆیان روون دەکاتەوە کە ئارایشتکردنو کڕینی خشڵو خۆڕازاندنەوە ئەمانە هیچو پووچو توێکڵن ، بەڵکو جوانیی ڕاستەقینەی ئافرەت لە رادەی زانینو فێربوونی دایەو دوارۆژیشی هەر بە عیلمو خوێندنو زانینی یەوەیە ، چونکە ئەوەی نەخوێندەوارو ئاگای لە زانین نەبێت بەلای بێکەسی شۆڕشگێرەوە ئەوە « دیلو زەبوونە » .

خۆ کەسیش قایل بەوە نابێت کە پێی بڵێین تۆ دیلو زەبوونیت بێکەس لە دووا کۆپلەی هۆنراوەکەی دا ، بە نەسرین وهەموو ئافرەتانی کورد زمان دەڵێ[185] :

وەك خوشكو برا ئەبێ هەردووکمان
قۆڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان
تاکورد بەرینە ڕیزی میللەتان
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

بەڵێ بەهاریکاریو تێکۆشانی هەردوو لا واتە ئافرەتو پیاو یان

---

(١٨٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١٠٣ .

مێ‌ینەو نێرینە، دەتوانین میللەتەکەمان بگەیەنینە ڕیزی گەلانــــی تـری سەرزەمین کە لە ئێمە پێشکەوتووترن •

نەك هەر ئەمەش بگرە شاعیر «شیرین»و هەموو ئافرەتانی کــوردی بەخوشکی خۆیدەزانێت دەیەوێ ئەو شەرمو سلەمینەوەیە لە نێوانیــاندا نەمێنێو پێکەوە ڕێگای ژیان بگرنەبەرو خزمەتی گەلونیشتمان بکەن •

بەراستی بێ‌کەس بە یەکەمین شاعیری کورد دەژمێردری لە سەردەمی خوێ کە بەم چەشنە روو لە ئافرەتانی کورد کردبێتو وەکو خوشکێــك لەقەلەم دابێ هەرگیز شاعیران هۆنراوەی وایان نەهۆنیونەتەوەو بێ‌کــەس لێرەدا بێ سێ‌و دوو جلەوی پێشڕەوایەتیی گرتۆتە دەست •

شاعیری ناوبراومان لە هۆنراوەی ( داری ئــازادی )دا ژنو پیــاو بە دوو قولی بە تەواوکەری کۆمەڵ دادەنێ ، بە خەباتو تێکوشانـــی بــی وچانیی هەردوو لا ئامانجی گەل دێننەدی ، ئەگینا ڕزگاریــی لــە بــاری دواکەوتووی‌و دیلێتی هەرگیز نایەتەدی چونکە وەکو خۆی وێنەی ئــەم ڕاستی‌یەپەمان بو دەکێشێ کە نە مەل دەتوانێ بە یەك باڵ بفرێ‌ونە کەسیش دەتوانێ بە یــەك دەستچەپلە لێ‌بدات ، دەبێ پێکەوە بــە جووتــە کاری خۆیان بگەیــەننە ئەنجــــام •

بێ‌کەسی خەباتگێــڕ دەڵــێ[186] :

ئێرو مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن

دوورە دەرچوونی لە دیلی ، مەل بە باڵی نافــڕێ

(١٨٦) دیوانی بێ‌کەس ــ محمدی مەلا کەریم ــ ل ٨٢ •

هەولی ڕاستی هەردوو لا ئامانجی میللەت سەر ئەخا
چونکە مەعلوومە بە یەك دەس چەپلە قەت لێ نادری

شاعیر لـە زۆربەی هەرە زۆری غەزەلەکانـیدا دڵـداریو بـاری کۆمەڵایەتیو خەباتی سیاسیو گیانی شارستانێتیی نوێ هەموو ئامێتـەی یەك کردووەو هەرگیز لە یەك جودایان نەکردوەتەوەو سنوور لە نێوانیاندا دانەناوە دڵداریو مەی نۆشیو نیشتمان پـــەروەری تێکـەڵ بە یـەك کردووە وەکو هۆنراوەی •

« ئاواتی دڵ » دادەینین داوا دەکات کە دلبەرەکـــەی بە پەنجـەی شیرینی فنجانی مەیی بداتێ ، بۆ ئەوەی نەشئەو خۆشیی بگاتە پلـــەی تەواوەتیو ناخۆشیی لە بیربانەوەو کاتێـك بە سەیرو سەفا بەرێتـەسەر ، یاری لەگەڵدایەو هەردەمو پەیتا پەیتا بە دەستو پەنجە ڕەنگینوناسکەکانی پیاڵەی مەی دەداتێ ، دڵی خۆشە نەك تەنها لەبەر دلبەرو ئـەو مەی یـەی کەسەرخۆشی دەکات ، بەڵکولەبەر گیانی نەتەوەکەی چونکە بە تەواوەتی گیانی لەگەڵدا تێکەڵاو بووە خۆشـــیو دڵئارامـیو بـەزمو ڕەزمـی پـــێ دەبەخشـــێ •

شـــــاعیر دەڵـــێ(١٨٧) :

دڵ کە زۆر مەسرورە ئەمڕۆ ، ئارەزووی ئیزهار ئەکـــا
حەز لە فنجانی شەرابی دەســتو پەنجـــەی یار ئـەکا

---

(١٨٧) دیوانی بێکەس ــ محمدی مەلا کریـم ل ــ ١٠٩ •
* بڕوانە دیوانی سالم ، چاپـی یەکەم ، چاپخانەی ایتام ــ بغداد ١٩٣٣ ل١٢٠ ناشر ، کوردی مەریوانی •

دڵ گەشە ، وەك گوڵ وەھایـــە ، دەردو ئازاری نەمـــا
تالیبی‌و ێسکی‌و شەرابـە ، حـەز لـە عودو تار ئەکـا
دڵ بە نەشئەو بەزمی میللی‌یەت‌شوکـــر بووژایـــەوە
شایی‌یە ، سەیرانە ، بەزمە ، پڕبـــەدەم ھـاوار ئەکـا
دڵ بە ئاواتـــی گەیشت‌و لاوی کوردی دی کەــــوا
یەك‌دڵ‌و یەك دەم خەریکـــە میللەتی ھوشیـــار ئـەکا

بێ‌کەس سەرکەوتووانە لە یەك پارچە ھۆنراوەی‌دا ئەم چەند بابەتانەی کە باسمان کرد باس کردووە ، لێرەدا ھیچ شاعیرێکی تری کورد ، تەنھا مەگەر «سالم» نەبێت ئەم جۆرە ھۆنراوەی،ھۆنیوەتەو بلیمەتی‌و شاعیرێتی شاعیرمان بە تەواوەتی بۆ دەردەکەوێ • یەکێ لە شیعرە ھـەرە جـوان‌و نایاب‌و قەشەنگەکانی بێ‌کەس ھۆنراوەی «ئەی مانگ» ، شاعیر ، سکاڵاو خەم‌و خەفەت‌و پەژارەی دڵی خۆی بۆ مانگ باس‌دەکات ، کەتەنیایـــەو دڵبەر لێی دوورەو دڵ‌قرچاوە ودەروون سووتاوە ئارامی لێ‌براوەو خوی لە رەنگ‌زەردی‌و تەنیایی‌دا بە مانگ دەشوبھێنێ ، لە دوایی دا دیسانـــەوە دێتەوە سەر باسی کوردستان میللەتە ھەژارەکەی‌و ئەو شەھیدانەی کە لە رێگای سەرفرازیی نیشتمان‌دا ژیانی خۆیان بەخت‌کردوە •

شاعیــــر دەڵـــێ(١٨٨) :

ئەی مانـــگ من‌و تۆ ھەردوو ھــــاودەردین
ھەردوو گرفتـــار یــەك ئاھـــی ســـــەردین

(١٨٨) بۆ دەقی ھۆنراوەکـە بڕوانە دیوانی بێ‌کەس ــ محمــدی مـەلا کەریـــم ــ ل ١٥١ •

تۆ بوێڵ و ڕەنـــــگ زەرد بە ئاســـــــانەوە

منیـــش درەبـــــەدەر بە شـــــــارانەوە

پێـم بڵێ توخوا چەند جووانت دی ؟

چەند جووتە یاری دەس لە ملانت دی ؟

چەند کۆڕی بەزمـی عاشقانـت دی ؟

چەند تەخت بەختو خانو مانت دی ؟

چەند کفنی ئاڵـی شەهیدانـت دی ؟

چـەند بێکەسانـــی پەرێشانت دی ؟

شاعیر لەبەر ئەو دڵبەرە جوانو نازدارە کە دڵی بردووەو بەتیـــن خۆشی دەوێو گیرۆدەی بووە ، گەلێ بێزارو پەستو غەمگینو بێقەرارە، شێتو شەیدای بووەو لە گریانو فرمێسك رشتن زیاتر هیچ دەسەلاتێکی تری نی‌یە ، بۆیە لە مانگ دەپارێتەوەو داوای لێدەکات کە بگاتە فـریای ، چونکە کەسێکی‌کە شك‌نابات تا پەنای بۆ بەرێتو لەم حاڵەتـــەی کـە تیادایە ڕزگاری‌بکات ، دیسانەوە ، بۆیە مانگـی هەڵبژارد ، چونکـە لـە یەك چوونێك لە نێوانیاندا هەیە هەردوو تەنیاو بـــێیارو بـێهەڤاڵو بێدوستن هەردوو ڕەنگ‌زەردو مەلولو دڵسووتاو دڵبریندارنو لـــێی دەپارێتەوە کە بەسەرهاتی خۆی بۆبگێرێتەوە بۆ ئەوەی نەختێـك دەردی قـورسو گرانی سووكو ئاسـانبکات .

بێکەسی شاعیر ، تەنها گیـــرۆدەی یەك خەم نی‌یـەو تەنهـا پەژارەی دۆستو دڵبەرەکەی نی‌یە ، بەڵکو خەمو بەدبەختی میللەتـــەکەیو باری

ولاتەهەژارو بێنەواکەی ، ئەمانە هەموو یەکانگیربوونەو پێکـــەوە دڵو دەروونی ونجـــڕ ونجڕ کردوونو لەبەریان دەتلێتـــەوەو ئارامی لێبڕاوەو دەردەی بۆ مانگ دەگێڕێتەوە چونکە ئەویش ئەوەندە کارەساتی جگەربڕو دڵسووتێنەری بینیکە ناگەنە ئەژماردن هەر بۆیەش ئاوا نـــەخۆش و ڕەنـــگ زەردو پەرێشــــانە •

ڕاستە بێکەس لە هەندێ وێنەیدا لاسایی شاعیرانـــــی پێشووی کردووەو هەروەکو ئەوان بێ لادان باسی ئەڤینیو دەردی خۆشەویستـــیو جوانیـــی دڵبەرەکەی کـــردووە وەکو دەڵـــێ[189] :

دڵـــــزارو بێـــزار پەســـتو غەمگینـــــم
گیـــــرۆدەی داوی یـــاری شیرینـــــم

بەڵام پێشرەوایەتیی شاعیری ناوبراومان لەوەدایـــە ئەم جـــورە یەکچوونەی لەگەڵ مانگدا دۆزیووەتەو لەگەڵا وتوێـــژو بەسەرهـــاتی خۆیو دڵبەرەکەیو میللەتو نیشتمانەکەی دەگێڕێتەوە ، ئەمانە هەروەکوو وسان تەنها لە یەك پارچەهۆنراوەدا • بێکەس لە هۆنراوەی « دایـــك »دا ئەوپەری دڵسەوزیو خۆشەویستیو ئەمەکداریـــی خـــۆی بەرانبـــەر دەردەبڕێو دەوری ڕاستەقینەی پەروەردەکردنو بەخێوکردنی دەداتـــێ ؛ شاعیر دایك بە سەرچاوەی مانەوە دەزانێو ئەگەر ئەو نەبووایە ئەمیـــش ژیانو مانەوەی بۆنەدەنووسرا ، دایك بەشەونخونیو بە لایەلایەو گۆرانیو رەنجی بێوچانی پەروەردەی ساواکەی کردووەو ئێستا ئەو ساوایـــە لـــە دایکدا ێیت ، شاعیـــر ئـــەو چاکـــەیەی دایکـــی هەرگیز لـــە یـــادی

(١٨٩) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانە دیوانی بێکەســەمحەمەدی مەلا کەریم•

ناچێتو لەبەر چاوی دایەو دەڵــێ[190] :

ئەبــێ دڵی نەشکێنـــم
ئـارەزووی بەجێ بێنـــم

شاعیر دایك لە پلەیەکی بەرزو گەورەدا دادەنێو بەچاوێکی پیرۆزەوە تەماشـــای دەکات ، بۆیــە پێی دەڵـــێ[191] :

چاکـــەی وا لەبـــەر چاوم
هـــــەتا لـــە دنیـــا مـــاوم

سەرئەنجام جیهانی ئافرەت لە هۆنراوەکانی بێ‌کـــەس دا بـــۆ دوو چەشنی جیاواز ڕازاندراوەتەوە ، جیهانێك کە ئافرەت هیچ دەورو ڕۆڵێك لە کۆمەڵدا نابینێتو دەستەیەکی کەنەفتو زۆر جار بــێ‌نرخو بگـــرە زیانبەخش دەبێت ، ئەمەش هەروەکو وتمـــان ڕێگایەکی لاسایی‌کارو زیاتر شێوەی وەسف‌کردن دەگرێتە خۆ کە لای هەموو شاعیرانی کلاسیکمـــان باوبووەو دووبارەبۆتەوەو هەمان کەرەســـــەی دەربڕیـــــنو وێنەی هونەرییـــان بەکارهێنـــاوە •

بێ‌کەس لێرەدا هەرگیز لەو شاعیرانەی پێش خـــۆی لای نەداوە ، بەڵام زۆر جار ناگاتە پلەی ئەوانو تارادەیەك هۆنراوەکانـــی لـــە کـــاری

(١٩٠) دیوانی بێ‌کەس ــ محمدی مەلا کریم ــ ل ١٨٦ •
(١٩١) بۆ دەقی هۆنراوەکە بڕوانەهەر ئەو سەرچاوەیە ــ ل ١٨٦ •

ڕەوانبێژیو خوازەو خواستەو وێنـەی هونەریی بەرز پێبەشنو بە زمانی سادەو وێنەی ساکار کە زیاتر لە خـەڵکەکەوە نزیکـە هۆنراوەکانـی ڕازاندۆتەوە • لایەنی دووەم ، ئافرەتی ، خاوەن دەسەڵاتو پایەبەرزو کـە دەوری کاریگەر دەبینێو هیچ فەرقو جیاوازییەکی لەگەڵ پیـاودا نییە ، ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو ئەگەر ئەم نیوەیە نەبێت ئەو نیوەکەی تر کـە پیاوە ناتوانێت گشت ئەرکو پێداویستیو کارەکانـی ژیان بەئەنجـام بگەیەنێت هەرچەند هەندێ لە شاعیرانی پێش بـێکەس ، ئەم جـۆرە بابەتەیان باسکردووە ، بەلام هیچکامیان باسی فرێدانی سەرپۆشو وەکو بێکەس لە یەك هۆنراوەدا بابەتـی دڵداریو مەیتۆشـیو نیشتمـان پەروەری ئامێتەنەکردوون* •

لێرەدا ئەگەر زاتی ئەوەمان نەبێت کە بڵێین ڕێچکـەشکێنە خـۆ هەقی خۆیەتی کە بڵێین لەم بارەیەوە هەنگاوێکی زۆرتری ناوەوەو بـە یەکێك لەو پیشرەوانەی ئەم مەیدانە دەدرێتە قـەڵەمو دەناسرێـت • هەرچونێك بێت • بێکەس ، ئەگەر سوزو خۆشەویستیی بەرانبەر بـە ئافرەتێکی تایبەتیو بەئاشکرا پیشان نەدابێتو ناوی کەسێکی نەهێنابێت ، بەلام ئەوا لە هۆنراوەکانیا ئەو سۆزو عاتیفەیە بەدی دەکرێنو لـە سۆزی سینە ، ئەم جۆشە کولێناوەو ئاگرەکەشی لە دلێ خۆیا حەشارداوە ، لەوانەیە زیاتر لە هەندێ شاعیران ژاڵەی تەڕی بەرەبەیانی نوشیبێـتو لە نێـو

* پێش ئەم وەکو ووتمان «سالم» شتی وای هەیە •

خەمەکانی دا بە تەنیایی و بێدەنگی و بێ ئەوەی ئاشکرایان بکات تلاوەتەوە.
بەسە ئەوە بڵێین بێکەس بە پەرێشانی هاتەدنیاوەو هەر ئاواش ئەم جیهانەی بە جێهێشت.

# بەشی سێیەم

## سەرەتایەکی کورت بۆ ئەدەبی هاوچەرخی کورد یمان

## بەشــــی ســێیەم

### سەرەتایەکی کورت بۆ ئەدەبی هاوچەرخی کوردیمان

شۆرشی بورجوازی دیموکراتی کە لە ئەنجامی پەیدابوونی قۆناغێکی سەرمایەداریو هەرس‌هێنانی قۆناغی دەرەبەگــیەوە دەستی‌پێ‌کـــرد ، ئەنجامێکی سروشتیی ئەو بارودۆخەو بارەیــە بوو کە لە پێوەنــدی هێنانە بەرهەمی ناو کۆمەلی ئەوروپای رۆژ ئاواوەو باشوریو تارادەیەکیش ئەوروپای ناوەراستدا پەیدابوو •

ئەم شۆرشە بورژوازییە دیموکراتیە ئەبــوو هــەموو سەرێکی ژیان‌بگریتەوە کە یەکێکیان ژیانی ئافرەت بوو ، ئافرتــی چینــی دەرەبەگی وەك چەوساوەی دەستی رژێمی ئابووریی دەرەبەگی بــوو چەوســاوەی ماڵەوەو خاوەنــی ماڵو بە تایبەتــی مێــردو پێــش ئەویـــش بــراو باوكو مــام کــەسو کاربـــوو •

لە ئەنجامی رووخانی دەرەبەگیو پەیدا بوونـــی پیشەســـازیو دامەزراندنی هەزاران کارگەی گەورەو بچووکەوە کە سەرمایەدارەکــان بۆ سوودی خۆیان لە دووی هەرزان‌ترین کرێکار دەگەرانو بــۆ ئــەم مەبەستە ئافرەتو منال لە هەرکەس زیاتر ئاســـانتر دەردەس‌دکــران ، ژیانی ئافرەت کەوتە نارەحەتی‌یەکی واوە بە درێژایی مێژووش ئادەمیــزاد لەوە ناخۆش‌تری بە خۆیەوە نەدیبوو • بۆیە مەسەلەی تایبەتیی ئافــرەتو بە تایبەتیی ئافرەتانی رەنج‌کێش ، شان‌بەشانی هەموو داخوازیەکانی چینی کرێکار ، لەگەل بلاوبوونـــەوەی بیـــروباوەرەکانــی شـــۆرشی

دیموکراتی بـورجوازیدا هاتەناوەوەو لەگـەڵ گەلالەبوونـی سەرەتای بیری سۆشیالیستیـدا زیاتر پەرەی‌سەنـد •

بەش بەحاڵی میللەتی کورد بیروباوەڕی شۆڕشـی دیموکراتـی بورجوازی راستەو خۆ لە ژیانی گەل خۆیەوە هەڵنەقولاّ ، چونکە گـەڵ ساڵەهایەکی تری دەویسـت تا بنەمـای بیری ڕژێمـی دەرەبەگایەتـی تیابکەوێتە لەرزەو ئەم بیروباوەڕەی تیا بلاّوبێتەوە ، هەر لەبەر ئـەمەش بوو کە ئەم بیروباوەڕە یەکەم جار لەلایەن هەندێ ڕۆڵـەی ڕۆشنبـیری کۆچ بۆ هەندەران کردوو یان هەندەران دیتـووەو لەرێگـای شیعـرو ئەدەبەوە کەوتە سەرزاری خەڵك ، چونکـە هۆیـەکی تـری لە شیعـر بەولاوە لە کوردستاندا نەبـوو دەنگی جیهانی نـوێ بە کوردستـان رابگەیەنێ ، حاجی قادری کۆیی پێشرەوی ئەم کاروانـە پیرۆزەیە بـوو وەکو لە بەشی دووەمدا بە دووردورێژی باسمـان‌کردو ناومان لـێ‌نا چەرخی ڕاپەرینە • هەر ئەویشە لە مەیدانی بلاّوکردنەوەی بـیروباوەڕی شۆرشی دیموکراتی بورجوازیدا لە کوردستاندا بەر لە هەرکەس لەسـەر ئافرەت هەڵی‌داوەتێ لەسەر بنەمای مەعنا لێدانەوەیەکی ئایینی فەرموودە-یەکی پێغەمبەر (د • خ) داوای هاوسانی پێ‌کردنی پیاوو ئافرەتی لەمافـی خوێندندا کردووە • دوا بە دوای حاجی ڕێچکەی شاعیرانو ڕۆشنبیـرانو نووسەران هەریەکە دۆڵچەی خۆی لەم مەیدانەدا دا هێشتووە ، بەلاّم ئـەو نوێ‌خوازیو تازەکردنەوەیە زیاتر لایەنە بیری‌یەکەی دەگـرتەوەو لـە شێوەیەکی تەسلىدا دەجولاّنەوەو زۆر لایەنـی کەش نەدەگرتەوەیان بلێت رەگەزەکانی تـری هۆنراوە وەکـو روخسـارو لایـەنی زمـانو کێشو ئـاواز هتـد •

ئەمانەی دوایی واتە نوێ‌خوازیـی راستەقینەو سەرتاپایـی ئەدەبـی

هاوچەرخــــی کوردی ، کــە گەلێ لایەنی تێبینری نیشتمانپەروەری و
کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە گرت • دەتوانین گۆران و هەندێ شاعیری تــری
نەتەوەکەمان کە هاوڕێی گۆران بوون و لە عەینــی کاتا شیعری نوێیــان
هۆنیەوە ئەمانە بە پێشەنگی شیعری کوردی هاوچەرخ دەدرێنە قەڵەم کە
بەگەرم و گوری هاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە و ناتەواوی‌یەکانی کۆمەڵیان
بەتایبەتی لەبارەی ئافرەتەو ئەو ستەم و ناتەواویانەیان خستۆتە ڕووو داوای
مافی ئافرەتیان کردووە و ئابڕووی دەرەبەگ و ئەو ئاغا کۆنەپەرستانەیان
بــــردووە •

گــــــــۆران(۱۹۲)

---

(۱۹۲) ناوی عەبدوڵلا بەگ کوڕی سلیمان بەگی کوڕی عەبدوڵلا بەگــە ،
لە ساڵی ١٩٠٤ یاخو لە ١٩٠٥ لە شاری هەڵەبجە لە دایكبووەنــەوەی
سلیمان بەگ کوڕی عەبدوڵلا بەگە کە لە ناوچەی سلیمانی و هەڵەبجە بە
کاتب فارسی «ناوبانگی ڕۆیشتوو ، چ باوکی و باپیری لــە شیعــرو
ئەدەبدا بەهرەیان بووەو بە کوردی و فارسی نووسیویانەو شیعریان داناوە•
لە ١٨ــ١١ــ١٩٦٢ شاعیری داهێنەرو نیشتمانپەروەرو ئاشتــی خوازی
بلیمەت • گۆران ، بەنەخۆشی سەرەتانی گــەدە ئــەم جیهانەی بــە
جێهێشــتو ڕووی کــردە سەیوانــی ماتەم • تەخەلوصی «گۆران»
ڕەشید نەجیب ایوب ساڵی ١٩٣٠ بڕوانە ، شیعرو ئەدەبیاتی کــوردی
ڕەفیــق حیلمــی • بەرگـــی دووەم ، چانخانــەی ــ الشبــاب ــ
بەغــــدا ١٩٥٦ • ل ١٤٧ •

یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەو مەزنەکانی نەتــەوەی کورد ، لە جیهانی نوێ کەرەوەو داهێنانو هەستناسکیو جوانی پەرستـــیدا لـە سەراسەری مێژووی ئەدەبیاتـــی کـــوردیماندا نمـــوونەی ئـەگەر هەش بێــت ئـەوا زۆر دگمەنــە .

گەورەیی گۆران وەکو دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول دەڵێ[193]:

هەر لەوەدا یەکە شیعرەکانی لە ریزی بەرهەمی شاعیرە مەزنەکانی جیهاندا جێیان دەبێتـــەوە . بەڵکو لە روویەکی ترەوە ، هەر لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا نموونەیەکـــی دەگمەنە . ئەویشی ئەوەیە کـە گۆران لە شیعری خۆیدا ، بەچەند ڕێبازدا رابورد ، چەند بیروڕاو ڕێبازیش لە شیعرەکـــانی دەنگیان دایەوە ، بەڵام لە هەموو ئەودەرفەتانەدا شاعیرێکی خولقێنـــەر بوو ئاسۆی بیری گۆران گەلێ فراوانو رۆشنبیر بووە ، چونکە هــــەر لە منالییەوە فێری چەند زمانێك وەکو زمانی فارسیو عەرەبیو تورکیو تارادەیەکیش ئینگلیزی بووەو چەندین بەرهەمی شاعیرانو نووســەران کە بەم زمانانە نووسراوە خوێندوویەتەوەو سوودی لـــێیان وەرگرتووە ، بەڵام بەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەم زمانانەدا ئاسایـــیو داهێنەرانە بـــووەو بە سەر بەرهەمەکانی گۆراندا زاڵ نەبوونە بەڵام بناغەی بەهرەو زانـــینو چێژی خۆشیبیان بتەوێو نەتەوێ . گۆران لە گشت شیعرو نووسینەکانیدا رەسەنایەتیو لێهاتوویی دیارەو هەموو بتەوو بێ کەلێنو میراتگری سامانی

---

(١٩٣) پاشکۆی دیوانی گۆران ــ پێشەکییەك ــ د . عیزەددین مستەفا رەسوول . ل ٧ــ٨ سەرجەمی دیوانی گۆران ــ بەرگـــی یەکەم . محمدی مەلا کەریـم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کــردووە . چاپخانـــەی کۆڕی زانیـــاری عیراق ــ بەغدا ١٩٨٠ .

ئەدەبیاتـی نەتەوەکەمانە ، چونکـە راستیکـەی •

هەر ئەوەیە شعیرەکانی گۆران لەسەرزەمینەیەکی رەسەنـی گەلـی کورد سەریان هەڵداوەتەوەو نەشونمایان کـردووە •

پێشئـەوەی چەنـد جارێـك بـە ناوباخچـەی بەرهەمەکـانی گـۆراندا سـەروخـوارو گەشتو گوزاربکـە ین ، بـۆ ئـەوەی پرسیارێـك لێمانزیـت دەیێنەوەو داوای وەڵامـان لێدەکـات ! پرسیارەکەش ئەوەیە : ئایا شاعیری بە ناوبانگمـان گـۆران دڵداریـی کردووە ؟ یان ئایا ئافرەتێکی تایبەتی خۆشویستووە کە ببێتە سەرچاوەی ئیلهامو خورپەو تەلی سۆزی بزواندبێ وئەم هەموو هۆنـراوە ناسـكو بەسۆزو دڵداریی یانەی لە پێناودا هونیبێتەوە ؟ یان نە •• گۆران حەزی لە گشت ئافرەتێکی قەشەنگو جوانیکردووەو هەمیشـە تینووی زەریقییان بووەو تا ماوە ئەم تینوویەتیەی نەشکاوە !

لە پێشدا دەبێ ئەوە بزانین کە گۆران دوو ژنی هێناوەو ئەبـێ ئـەو راستییە فەرامۆش نەکەین کە گۆران ژنی یەکەمـی لە خۆشەویستییـەوە نەهێناوە ، دوای مردنی باوکیو گوژرانی مەحەمەد بەگی برای دایکی ئەو ژنەی بۆ هێناوە کە خزمی خۆی بووە، لەبەر ئەوە ئەو ژن هێنانە ، ئەگەر چی گۆران بە ڕواڵەت بە سەر خۆی نەهێنابێ ، بـەڵام لـە دەروونـدا رازینەبووە ئەمەش وای لێکرد جارێکیتر ژن بێنێتەوە •

لە ڕاستیدا لە بارەی دڵداریی گۆرانو خۆشەویستی یـەوە چـەند نووسەری بەناوبانگمان لێی دوواونو سەرنجی خۆیان دەربریوون لەوانە

«رەفیق حیلمی » لە کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کـــــوردی «دا دەڵێ»[194]
گۆران ئیلهامی شیعری لە «جوان»ی وەرگرتووەو لە هەموو شتێکــا
جوانی پشکنیوەوە پەرستویە ، زۆرتر جوانی ئافرەت ، هێلانەی شیعــری
وروژاندووە ، لە ئافرەتیشا ئەو جوانیانە تینوەتی پەرسستیشکـــاندووە،
کە نایەتە دەسەوە ، بەڵکو تەنیا لە کاتی دڵو گیان «بوون»یان هەستئەکرێ •

قسەکانی رەفیق حیلمی وەکو بینیمان گشتینو ناوی هیچ ئافرەتێـك
ئاشکرا ناکەنو ئەنجامێکیان بە دەستەوەنادەن •

نووسەر کاکەی فەللاح بەهەمان شێوە بۆ مەسەلەکە دەچێتو هەر ئەو
رایەی هەیە کە لای رەفیق حیلمی بینیمان[195] گۆرانــی جوانی پەرستو
دڵتەڕ «شێتی جوان»ی لە هەموو تەمـــەنیدا وەك ، دڵدارێك[196] وەك
مەتێك وەك دیوا نەیەك تاقە یەك خۆشەویســتو یەك نازداری نەگرتووەو
نەبووە ، بڵێسەی هەڵچووی تامە زرۆییو گڕی جوانی پەرستـــی بـــە
شۆخێك دا دانەمرکاوە تینوێتیە ژیلەمۆ ئاساییەکەی ئەوەندە لــە ناخەوە
هاتووەو ئیقلیم گیرو ئەوەندە رەتبڵاوبووە ، ئاشقی هـــەموو جوانێــكو
دڵداری هەموو جوانیەك بووە ، چ ئافرەتو چ سروشت ئەگەر چی ئافرەتی

---

(١٩٤) بڕوانە ئافرەتو جوانی لە شیعری گۆراندا نـــووسەری کـــورد
ژمارە ــ ١ ــ ساڵی ١٩٧٩ ــ کەمال مەمەند •ل٣٩ •

(١٩٥) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ــ چـــاپی دووەم • رەفیق حیلمـــی •
چاپخانەی الشباب ــ بەغـــدا ١٩٥٦ل ١٥٣ •

(١٩٦) کاروانی شیعری نوێی کوردی ــ بەرگی یەکەم ــ حەمە ئەمیـــن
قادری « کاکـــەی فەللاح » چاپخانـــەی کــــۆڕی زانیـــاری
کـــورد ــ بەغدا ١٩٧٨ ل ٤٢ •

هەمیشه به سەر لەوحەی داستانی هەموو جوانییەکی سروشتو ژیان داوه• تەنهاو جیاوازیەك لە نێوان قسەکانی کاکەی فەللاحو ڕەفیـــق حیلمـــیدا ڕەچاودەکەین ، یەکەمیان نەفی ئەوه دەکـات کـه دڵدارێکـی تایبەتـی هەبێتو واته ئافرەتێکی تایبەتی دڵی گۆرانی نەبردووەو قسەکـــانی تارادەیەك ئاشکراتره لەوەی رەفیق حیلمـــی •

«حسین عەلی شانوف » دیسانەوه باسی ئەم مەسەلەیـەی کـــردوەو ڕایەکەی جیاوازه لەگەڵ نووسەرانی پێشوماندا،دەڵێ[197]:خۆشەویستیی شاعیر له ساڵاتی لاوێتییداو وێنەی ئـەو ئافرەتەی که حەزی لێکردووەو دڵداری بووه ، له نێو هۆنراوەکانیدا دیارو ئاشکــــرایه • نووســەری ناوبراو پشت به هۆنراوەیەکی شاعیـــر دەبەستێـــتو دەیکاته بەڵگـه بۆ چەسپاندنی ڕایەکـــەی شیعرەکه شی ئەمەیــه[198] :

لای من چ جامیتەشنه چ میحرابـی دینـی عـــــەشق
ئـەم چاوو ئەو بـــرۆی کچـه کوردێکـی جافیـیـه

---

(197) شیعر الشاعر الکردی المعاصر عبدالله گۆران تالیف : حسین عەلـی شانۆف ترجمة شکور مصطفی مطبعه دار الجاحظ بغداد1975 ص34•

(198) سەرچەمی بەرهەمی گۆران ــ بەرگی یەکەم دیوانـی گـــۆران کۆکردنەوەو ئامادەکردنـی محمدی مەلا کەریم • چاپخانـەی کۆڕی زانیاری عیـراق • بەغدا 1980 ل 64 •

نووسەری ئاوبراو حسین عەلی شاتۆف دەڵێ[199] (لەم بەیتە شیعرەدا بە ئاشکرا بۆمان ڕوون‌دەبێتەوە کە شاعیر کچەجافێکی خۆش‌ویستووەو هەتا ماوە بیری لای بووە) • نووسەر کەمال مەمەند لە گۆڤاری نووسەری کوردا مەسەلەکە بەکالاّدەکاتەوەو دەڵێ[200] : وەك مامۆستا ئەژی مەعلوماتی دامێ ، گورانیش ئەو ژن هێنانەی «واتە ژنی دووەمی کچێکی خۆش‌ویستووە عاشقی بووەو بەتەمابووەببێتە هاوسەری • بەلاّم لە بەر هەندێ هۆ بۆی نەبووە ، بێگومان دەبێ ئەمەش کارێکی گەورەی لە ژیانی گۆران کردبێ ) •

سەرئەنجام ، ڕای ئێمە ئەوەیە کە شاعیری ناوبراومان دڵدارێکی تایبەتیی هەبووەو هەستو سۆزی بزواندووەو دڵی داگیرکردووە ، هەرچەند شاعیر ناوی ئەو ئافرەتەی ئاشکرا نەکردووە لەوانەیە لەبەر باری کۆمەلایەتی‌و کەس‌و کاری ئافرەتەکە نەی‌وێرابێ ناوی بیات ، بەڵگەشمان قسەکانی ئەژی‌و ئەودێرە شیعرەیەو هەموو شیعرە بەرزو ناسکاکانی شاعیرن کە بۆتە هۆی ئەوەی شاعیر بگاتە ئەم پلە بەرزە ، کە توانیویە ئینقلابێك لە شیعرو ئەدەبی کوردیدا بکات وقوتابخانەی شاعیرانی کلاسیك بەتەواوەتی بروخێنێ‌و سەروژیری بکات •

کەواتە خەم‌و بەژارەو خوشویستنی‌ی قووڵو بێ‌باپانی ئەو ئافرەتە جوانەو نازدارە سەرتای ئیلهام خورپەیەتی دڵی شاعیرمان داگیر ـ

(١٩٩) شيعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله كوران تاليف حسين علي شاتوف ترجمة شكور مصطفى مطبعه دار الجاحظ بغداد ١٩٧٥ ص ٣٤•

(٢٠٠) ئافرەت‌و جوانی لە شیعری گۆراندا ـ نووسەری کورد • ژمارە ـ ١ ـ سالی ١٩٧٩ ـ کمال مەمەند ل ٤٠ •

ساندووەو شاعیریتی‌ی شاعیر سەری هەلّداوەتەوەو هەموو جوانی‌یەکی تری کەباسی کردبێ دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم جوانی‌و یەکەم دلّداری ئەوینی‌ی شاعیر .

هەر چوێك بێ ئافرەت لای گۆران جیهانێکی تایبەتی‌یە ، جیهانێکی پانو بەرینو فراوانو ڕازاوەیە ، عیشقو دلّداری‌و خۆشەویستی لە ئافرەتەوە دێتە دنیاوەو بگرە ئەو خەیالّە ڕەنگینو نەرمو پر سۆزانە کە سەمادەکەنو ئەرزو ئاسمان پڕ ئاوازو خۆشی دەکەن هێزو تواناو هەرەسیان هەر لە ئافرەتەوە دێت ، یان بەخشەندەی ئافرەتە شوخو قەشەنگەکانن ، هیواو ئاواتی مرۆڤ پێ خەندەو ڕووگەشیی ئافرەت تاریکایی ، نائومێدی بالّی بەسەردا دەکێشێ ، ئافرەتە بە ئاسمانی گەردووندا دەفڕێو گشت جۆرە جوانی‌و ڕازاندنەوەیەکی پێ دەبەخشێو نەخشەی دلگیرو پەسەندی بۆ دەکێشێ .

باس کردنو وێنەکێشانی دنیای ئافرەت لای گۆران بەسێ قوناخدا تێپەڕیووە لە سەرجەمی ئەم قوتابخانەیەدا شاعیر دەستێکی بالاّوڕەنگینو بلیمەتانەی هەیە ، خۆ لەقۆناخی دووەمو سێیەمی‌دا بە گەورەترینو سەرەکەو تووترین شاعیری نەتەوەکەمان بەبێ سێو دوو دەدرێتە قەلّەم .

۱. قۆناخی کلاسیکی .

۲. قۆناخی رۆمانسی .

قۆناخی ریالیزمی‌و ڕیالیزمی سۆشیالیستی .

## قۆناخـی یەکـەم :

گـۆران وەکو دەزانین لە خێزانێکی ئەدەبدۆست لـە دایك بـووەو باوکی شاعیر بووە ، هەر لە منالّی‌یەوە باوکی باســی شیـعرو ئـەو نهێنیی یانەی کە تیادایە بۆ کردووەو هانی‌داوە شیعرە کــلاسیکی‌یەکانی کوردو فارس‌و عەرەب بخوێنی‌و بە ووردی‌و قووڵی تێ‌یابگات •

شاعیر خۆێ دەڵێ پێش ئەوەی بە تەواوەتی لە شیعرەکانی «حاجی قادری کۆیی » (وئەو شیعرانەی کە بە زمانی تورکی هەڵبەستراون یان دانـراون کە رۆمانسیین تێ‌بگات ، شیعری غەزەل‌و چوارین‌و وپێنجــی‌ی‌و لــە سەرێبازی کلاسیکــی‌ی کــۆن‌دانــاوە •

ئەمەش لە تەمەنی «١٢ ، ١٣» ساڵی‌یدا دەبێ • رەفیق حیلمــی لـــە

* هەروەها سروشتی ڕەنگاورەنگ‌و قەشەنگی کوردستان‌و شیعرە ناسك‌و جوانەکانی مەولەوی‌و شاعیرانی تری کورد ، لەگەڵ هەندێ شاعیرانی تری بیگانە وەکو بایرۆن‌وشیلی‌و ووردزویرس‌و نازم‌حیکمەت ونامیــق کەمال‌و توفێق فیکرەت‌و جەلال نوری‌و ناسر خوسرەو ئەبوتورابــی حەلی‌و رەسافی گەلێ شاعیری‌تر ، ئەمانە هەمووو لەگەڵ بلیمەتی‌و گیانی جوانــی پەرستــی چاوتیژیــی وێنەو تێبینــی وردا بوونەهەوینــی داهێنــان‌و سەرکەوتنــی گــۆرانی مــەزن •

(٢٠١) بروانە • شیعر الشاعر الکردی المعاصر عبدالله گۆران ـ تالیـف دار الجاحظ ـ بگـداد ـ ١٩٧٥ • ل ٢ •
حسیـن علی شانۆف ـ ترجمــة : شکـور مصطفی • چاپخانـەی

کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی‌دا باسی‌چۆنێتـــی دەست‌پێ‌کردنی شیعرەمان لای گۆران بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێ[٢٠٢] : (لە دەورەی دوانـــزە سینـــزە ساڵی‌یا «گۆران» وردە وردە ، دەستی کردووە بەخوێنـــدنەوەی ئـــەو شیعرانـــەی کـــە بـــە کـــوردی‌و بـــە فارسی‌یەکـــی ســـادەو ڕەوان نووسراونەوەوتێ‌ی گەیشتــــــووە •

هەر لەو سەردەمەدا جارجارەش لە سەر ڕەوشتـــی کۆن شیعری وتووە وەکو خۆی واتە «گۆران» ئەیگێڕێتەوە یەکەم شیعری لە ژیانیا چـــوار پێنج بەیتێکە ، کە ئێستـــا هەرچەند ئەکا دووانیان نەبـــێ نایەتـــەوە بیری • ئەوانەش وادیارە بۆ نووسین ناشێن ، چونکە وەکو ئەڵێـــێ بە زمانێکی بێ‌شەرمانەی منالی ، توخن کەوتنـــی هاوڕێ‌یەکی منـــالی تیایـــە هـــەر لـــەو ســـەردەمـــەدا گۆران غەزەلێکـــی یەکەمـــی حەوت بەیتی وتووە کە مەتلەعەکەی «واتا بەیتی یەکەمی ئەمەیە »:

لـــە نـــاوی فرقەتـــی یارم‌دڵم دائـــم پەریشانـــە
وەکـــو مەجنوونـــی حـــەی وێڵـــی کەژو دەشت‌و بیابانم

گۆران ئەم دێڕەی پیشانی « بێخود »ی شاعیری بەناوبانگی ئـــەو ڕۆژە ئەدات ، پێ‌ی ئەڵێن کە منالێکی «١٢» ساڵێ نووسیوویە ، پەسەندی ئەکاو وشەی «یارم» ئەگۆڕێ بـــە « لیلـــی » •

ئیتر هەر لەو ساوە گۆران لە شیعر وتن‌و نووسین قۆناخ بـــە قـــۆناخ

---

(٢٠٢) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ـــ چاپی دووەمیـــن • رەفیـــق حیلمی • چاپخانەی ـــ الشباب بەغدا ١٩٥٦ • ل٠١٥٠ـــ١٥١ •

بەردەوام بووەو لە پێشکەوتنیدا بووە ، تا ئەم جیهانەی بەیەکجاری بەجێ هێشتووە لێرەدا ، واتە شاعیر لەم قۆناخەیدا پەیڕەوی شاعیرانی پێش خۆی کردووەو لە سەر هەمان ڕێگاو ڕێچکە ڕۆیشتووەو لە کاروانی بەرەوپێش چوونی شاعیرانی نەتەوەکەی خۆیو شاعیرانی رۆژهەڵات دانەبڕاوە ، بەڵام شاعیریتیو کەسایەتیی گۆران تیایاندا بە ئاشکرا دیارە ، دیسانەوە ئەوەشی تیایاندا رەچاو دەکەین کە شاعیر بە قوولی لە ئەدەبو شیعری رۆژهەڵات گەیشتووە .

ئێستاش با ڕووبکەینە غەزەلەکانی گۆران بزانین چیمان پێ دەڵێ(٢٠٣):

هەرچەن بەبەر مەلای فەرەم تەنگەقافیە
یەك عومری خەم هەناسەیەکی ساردی کافییە !

خۆزگەی خەمم بە قەلبەزی سەرچاوەکەی زەڵم
چاو وشکی کردو ئەو وەکو خۆی تافەتافیە !

لای من چ جامی نەشئە ، چ میحرابی دینی عەشق :
ئەم چاوو ، ئەو بروێ کچە کوردێکی جافییە

زنجیری زولفەو چاهی زەنەخ وا لە ڕێگەیا ،
کێ لەو حیجازی حوسنە ئومێدی طەوافییە ؟

---

(٢٠٣) سەرجەمی بەرهەمی گۆران ـ بەرگی یەکەم ـ دیوانی گۆران ، محمدی مەلا کریم کۆیکردۆتەوەو ئامادەی کردووە .
چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عیراق ـ بەغدا ـ ١٩٨٠ ل ٦٤ .

ئەم جۆرە وێنەو باس‌کردنەی شاعیرو چوونە ناو جیهانی دڵداری‌یەوە، نموونەیان لای شاعیرانی کلاسیك زۆرن‌و شاعیر شتێکی نوێمان پێ‌نالێ • شاعیر لە بۆ دڵدارەکەی ئەشك ئەڕێژێ‌و دڵ‌پڕ خەم‌و بەردەوام لە بەژارەو هەناسەی ساردی دەکێشی‌و ئەوەندە سەبری کـــردووە لەبێ‌مەیلـــی‌ی خۆشەویستەکەی‌زەعیف‌و لاوازوپڕ قێزبووە ، دڵبەریش‌بێ‌باك‌و گـــوێی ناداتێ‌و دڵی وەکوبەرد رەق‌و قایمە •

شاعیر لە بۆوەسف‌کردنـــی نازدارەکـــەی ، وەکوشاعیرانی پێش‌خۆی سەرلیی شێواوەو یەك رای نی‌یە ، کاتێ دەڵێ(٢٠٤) :

ئەی شەوقی کەلاوێژی بەیـــان نـــووری نیگاهـــت :
ئـــەم عـــەطری صەبـــا بـــۆی نەفەســـی زولف سیاهت :

ئـــەی حوسنی طولوع وێنەیەکی فـــەریضی حوضوورت
ئەی حوزنـــی غورووب رۆژی ڕەشـــی دووریی تەباهـــت

بێـــدارییەکـــەم ظولمـــەتی شـــــەو بـــردی قـــەراری
تـــۆو زوڵفی‌پەشێـــو دەربخـــە ساچیهـــــرەیی ماهـــت

ئەستێرە هەموو داعی سەمای سینـــە تـــە « گـــۆران »
ئەی عەرشـــی عەظیم نارەحەتـــی دوکـــــەڵی ئاهـــت

دڵبەر زۆر جوان‌و قەشەنگە بەڕادەیەك کە ئەستێرەی گەلاوێـــــژ ڕووناکی لە ئەوەوە وەردەگرێت ، بای ســـەبا ، بـــۆنە خۆشـــەکـــەری دیســـان هـــەر لـــە ئەوەوە وەردەگرێـــــت •

---

(٢٠٤) هەر ئەو سەرچاوە یە ل ٦٥ .

که دیاره ، جوانیو حوسن له گشت لایەکدا دەردەکەوێ کـه دیار نەبێ ، خەمباریو تاریکایی باڵی بەسەر جیهاندا ڕادەکێشێ •

دلبەر هەم کۆشكو سەری بەهەشتەو هەم ئاگری دۆزەخـــە ، کـە دیار بێت بەهەشتەکەیەو که دیار نەبێت دڵێ شاعیر ئاگری تیادا بەردەبێتو وەکو بلێیی لــە دۆزەخدایە • بەڵێ دلبەر گاهێك دلــی نەرمو بەســۆزەو گاهێك دڵڕەقو دەبێتە مایەی ئازاردانو نارەحەتیی شاعیر •

ئەگەر بمانەوێو نەمانەوێ لێرەدا گۆران بە زمانی شاعیری چەرخــی بیستەم له کەڵماندا نادوێ ، بەڵکو بە زمانی سەدەکانی ناوەڕاست هەستی دڵو دەروونی خۆیمان بو دەردەبڕێوە دەدرکێنێ •

شاعیر له بۆ وێنەکێشانی جیهانی ئافرەت دوو وێنەی جیاوازمان بــۆ دەکێشێ ، له لایەکەوە ڕێزێکی گەورەی لێدەنێو لەلایەکــی تریشـــەوە لەپایەیەکــی نــزمدا دایدەنــێ • شاعــیر دەڵێ(٢٠٥) :

ژن

ژنه که جیلوەیی حوسنی ، عیشق ئەکا پەرواز ،
ژنه که قووەت ئەخاته خەیالی ڕەقــص ئەنگیز ،
ژنه جیلوەیی حوسنی بە عیشق ئەکا پەرواز ،
ژنــه که تاری ڕوبابی حەیات ئەکا تەهــریز !
سامایــی واسیعــی دڵ گەر لــە ژن بکەی خاڵی
تەجەللیاتی بەدایع غروب ئەکا ، دەیجوور
بەسەر سەمایی تەهیدا گوشاد ئەکا باڵی ،
له کەوکەبی ئەمەلت ون ئەبێ تەبەسومی نوور !

---

(٢٠٥) هــەر ئــەو سەرچـــاوەیە ل ٧٤ •

ژنە کە گەوهەری سەر تاجی ئیحتیرامە ، ژنە :
بە نووکی نەشتەری ئەلماسی تیژی عیشق و غەرام ،
خوطووطی قودسیەتی حەککراوی قەلبی منـــە !
بە سیحری خاریقی ژن پڕ قەریحەمە ئیلهام :

لە کونجی خاطیرەما تا ژنێکی شۆخ نەکا
پەری صیفەت بە پەل و تۆی جەمالەوە جیلوە ،
لەکوێ لە سەطحی زەمینا ، لە سینەیی فەلەکا
ئەیێتە مەنبەعی شیعرم بەدایعی ئەشیا ؟.

یان دەڵـــێ[٢٠٦] :

فریشتەی ، یا پەری ، یا حۆری ئەی شۆخی مەلەک شێوە
بەعیشوەو خوو ، لە هاوجینسی بەشەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر

لەم هەڵبەستانەی سەرەوەدا شاعیرپلەو پایەیەکی بەرزی داوەتـــە ئافـــرەتو بەوپەڕی ڕێـــزەوە سەیری کـــردووە .

چونکە بەسەرچاوەی هەموو جوانی‌یەکـــی دادەنێـــتو دەیکاتـــــە کــــەوهەرو ســــــەرتاجی ڕێزلـــێ گرتنـــی .

یان بە فریشتەو حۆری‌و پەری وێنەی دەکێشێ‌و ئـــەوەندە جوان‌و قەشەنگ‌و زەریفە هەرگیز هاوتایی لە جینسی مرۆڤدا بۆی نەدۆزیوەتەوە.

بەڵام لە لایەکی ترەوە هەروەکو شاعیرانی کلاسیک لە پلەیەکی نزمدا

(٢٠٦) هەر ئەو سەرچـــاوەیە ل ٦٣ .

دایەنێو وەبێوەفا دەیداتە قەڵەم کاتێ پێی دەڵێ[207] :

هەیهـــات چ بێمیهرو وەفـا دەرچـوو نیگـــارم ،
حاڵـی بەگـەرم پرسش ئەکـەم ، سـاردە جـەوابم ،

یان بـــە خوێنڕێـژو بکـــوژ نـــاوی دەبات و تاوانبـــاری دەکـات . شـاعیر دەڵـێ[209] :

هووەیــــندایە لـە ڕەنگـــی ئاڵــی دەستت
کـە دائیـــم پیشەتـــە قەتـــڵو جینایــــەت

بەلای ئێمەوە ئەمە دیاردەیەکی زۆر سروشتی یە کـەوا بەم چەشنـە باسی ئافرەتی کردبێ بەوێ و نەتـەوێ شاعیر لە سەرەتای چاوکردنەوەی دا لە نێو بارێکی ئەدەبی ی باودا ژیابێ کە بەسەدان ساڵ شاعیران پەیـرەویان کردبێ و ئەمیش مێشکی بەم جۆرە بیرانە زاخاو درابێ ، خۆ دەبێ هـەر بۆ ماوەیەك لاسایی یان بکاتەوەو لەسـەر ڕێبازەکەیان ملوانکـــەی شیعر دروست بکات ، نە بە مانای دروستکردن ، چونکە جێگای مشتو مـڕو سێ و دوو نی یەکە گۆران بە شاعیریەتی لە دایك بووەو بەهرەی شیعریـی هـــــەبووە .

گۆرانی شاعیر لە بۆ ڕازاندنەوەی جیهانی ئافرەت پەنای بۆ هەندێ

(٢٠٧) هـەر ئـەو سەرچـاوەیە ل ٦٧ .
(٢٠٨) هـەر ئـەو سەرچـاوەیە ل ٣٦ .
(٢٠٩) هـەر ئـەو سـەرچاوەیە ل ٦٨ .

وردەکاریی جیهانـی شیعر بردووە، وەکو لێکچواندنو خۆاستەو درکەو ئارادەیەکیش ڕەوانبێژیی ، لەمەش‌دا شاعیر وەکو پسپـۆڕێك ، وەکـو مەلەوانێکی شارەزا لەنێو ئەم دەریایەدا بە ئاسانیو وەستایانە مەلەوانیـی کردووەو لە قووڵایی دەریاکە باکی نەبووە ، بەلای ئێمەوە لەمەدا زۆر جار شاعیر وێنەی نوێی هێناوەتە ئاراوەکە بەرلە خۆی کەسێکی تر بـۆی نەچووەو زادەی بیرو بۆچوونو ڕۆشنبیریی شاعیر خۆین .
شاعـیر دەڵـــێ[210] :

لـــە بەختـی تاری شـەو ناکـەم شکایـــەت ،
شەبیهـــــە چونکـە بـــەو زولـــف سیایـــەت

گۆران باسی خەفەتو بەختی ڕەشی خۆی دەکات کە ئەمە مەبەستی سەرەکیی‌یەتی ، بۆ وێنەکێشانی ئەم خەمەو خەفەتەو بەدبەختی‌یە پـەنای بۆ جیهانی رەوانبێژی بردووە ، هاتووە لە تاریکـی‌دا ــ یان‌ڕەشـــی‌دا زوڵفی دڵبەر بەشەو تشبیهی‌کردووە ، ئەم نموونەیە لێکچواندنێکی تەواوە، « زولف » لێرەدا لێ‌چووەو ( شەو ) لەوچووە ، و ( شەبیهە ) ئـــامرازی لێکچواندنەو (تار) واتە سیاه ، یان ڕەش ، وێنەی لێکچواندنەکەی .
یان شاعیر هەندێ جار هونەرمەندانە ئەم لێکچواندنـە بەکار دەهێنێ بێ ئەوەی پەنا بـۆ ئامرازی لێکچواندن ببات ، وەکو دەڵێ[211] :

بێـداری‌یەکەم ، ظولمـەتی شـەو بـردی قـەراری ،
تـۆو زولفی پە شێـو دەربخـە سا چیهرەیی ماهت !

(٢١٠) هـەر ئـەو سـەرچاوەیـە ل ٦٨ .
(٢١١) هـەر ئـەو سـەرچاوەیـە ل ٦٦ .

لێرەدا rوومەتی دڵبەر لە جوانی‌دا بە مانگ ئەشوبهێنێ بەلام ، شاعیر لە بۆ ژیان رۆیی‌و جوانی ، یەکسەر دەم‌و چاوو ڕووی خۆشەویستە‌کەی بە مانگ داناوە ، ( چیهرە )لێ‌چووەو (ماه) لەوچووە .

گۆران بە هەمان شێوەو ڕوانگە خۆشەویستەکەی بەهونەری خواستە جوان‌و ئارایشت‌کردووەو ڕازاندوویەتەوە ، کاتێ دەڵێ[٢١٢] :

لە بەرە بەیانی شەباب‌و جوانی‌یا ئەی گوڵ
گوڵی گەشی پەمەیی وەك ستارە پرشنگدار !
لەخەندەتا ئەکەرا جیلوەیی طولووعی بەهار
لە نەغمەتا مەلی خوێندن ئەهاتە سۆزش‌و کوڵ !

وشەی « گوڵ »ی لێرەدا وەکو مرۆڤێك بە کار هێنراوە ، ئەمەش هەر لە ڕێگای هونەری خواستەوە دەکرێ‌و دنیای شیعرو جوانیی ئافرەتی پێ رازاندراوەتەوە ، چونکە شاعیر بەرامبەری ڕاوەستاوەو رازونیازو نهێنی‌یەکانی دڵ‌و دەروونی خۆی بۆ دەدرکێنێ .

هەرچوێك بێت گۆران لەم بەشەی‌دا واتە لە شیعرە کلاسیکی‌یەکانی‌دا کە بە قۆناغی یەکەمی تەمەنی شیعریی گۆرانمان دایە قەڵەم ، شاعیر ئەوەندە جیاوازیی لەگەڵ شاعیرانی پێش خۆیدا نی‌یەو هەمان وێنەو فەرهەنگی دەر ڕێن‌و کەرەسەی زمان بەکار دەهێنێ کە ئەوان بنچینەکەی

---

(٢١٢) هەمان سەرچاوەی ڕابووردوو ل ٩٥ .

داناون ، هەمووشــی باســی دڵداری خاوێنــیو چاوپێکەوتن بەیار ، یان دوورکەوتنەوەی دڵبەرو شکایەت لەجەورو ستەمی دنیاو زەمەنی وڵبــووو وێڵیو سەرگردانیو خەم پەژارەی بێسنوورو بێپایان ، کە دنیا لەبــەر چاو تاریكو ناخۆشبووە ، گۆران لێرەدا زیاتر لاسایی‌کارەو هەڵوێستێکی بیریــی نیــە دەربارەی ئافــرەت تەنهــا لە جوغزی ئــەو لایەنانــەی کە باسمان کردنو نموونەمان هێنانەوە نەچۆتەدەرەوە .

دیسانەوە ئەوەی پێویستە لێرەدا لە یادمان نەچێ گــــۆران ئــەم هۆنراوانەی لــە سەر کێشی عەرووزی عەرەبی هۆنیوەتەوەو وشــەو زاراوەو دەستەواژەی بێگانەی بەکارهێناوە ، بەتایبەتی لە زمانی فارسیو عەرەبیدا ئەمەش وەکــو دەزانین هیچ سەرسوڕماتێکی تیادا نییەو ئــەو کاتە شتەکە زۆر باوبووەو بە ناتەواوی یان نەنگی نەدراوەتە قەڵەم .

بەڵام شاعیری ناوبراومــان بەرە بەرە ڕوودەکاتــە قۆناغێکی تــرو تا دێت لەم قوناغە دوور دەکەوێتەوە وەکو ڕەفیق حیلمــی دەڵێ لــە ئیحتلالی ئینگلیزەوە گوران ، بەینێك خوو ئەداتە خوێندنی قوتابخانەیتازە لە دونیای شیعرو خەیاڵ دوور ئەکەوێتەوە ، بــەڵام دوای چــەن ساڵێــك فێری تورکی ئەبێو ئەدەبیاتی تازەی تورك ئەبڵەقی ئەکا ، دووبارە خــوو ئەداتەوە شیعر ، بەڵام ئیتر ئاسۆی بیرو لێکدانەوەی گۆران ئەوەنــدە فراوانو ڕوون ئەبێتەوە کە ماوەی کەم هێزی بێدەسەڵاتی خوێ لە شیعرا بزانێتو جارێ بە شیعر وتنەوە خۆی ماندوو ئەکــا ، لەبەرئەوە بەینێکی ــ تریشی تەنیا بەخوێندنەوەی شیعری جوان ، کوڵی تاسەو ئارەزووی خۆی دامرکاندووە ( لە گەڵ ئەمەشا کە ئینگلیزی ئەوەنــــدە زانــیو کەمێ تێئەگا دیسانەوە شیعری ئینگلیزی لــە دونیــای ئیلهامو داهێنانانیــش

چـــــاوی گەلـــی کـــــــــردوەتەوە ) [٢١٣] •

بەم جۆرە قۆناغی شیعریی دووەمی گۆران دەست پێدەکا ت•

دووەم : قوناغـــی ڕۆمانســـیەت

لە ئەنجامی کارتێکردنی ئەدەبی ڕۆمانسی‌ی تـــورك‌و ئەوروپا کە لـــە ڕێگای زمانی تورکی‌یەوە دەگەیشت‌و بەرە بەرەڕۆشنبیرو شاعیرەکانمـــان لەو زادەیان وەرگرت • ئەم کۆمەڵە ڕۆشنبیرە نوێنـــــەری بیروباوەڕی تازەپێ گەیشتووی بورجوازی بـــووڵای بزوتنەوەی نیشتمان پەروەرانی کورد[٢١٤] هەر لەم کومەڵە ڕوناك بیربەبیروباوەڕی پێشکەوتنخـــوازی سۆشیالیستی سەری‌هەڵدایەوە ، یەکێ لە نوێنەرە هەرە دیارەکانـــی لـــە نێوان هەردوو جەنگی گیتی‌دا شاعیری بەناوبانـــگ پیرەمێرد ( ١٨٦٧ ــ ١٩٥٠ز) بووە ، بنچینەی داهێنان لای پیرەمێرد خەیاڵی ڕۆمانسی‌یـــەت بوو ، بنچینەی بیرکردنەوەشی دوو دڵی‌و نیگەرانی بوو ، کە یەکێکە لـــە سیناتەکانی بورجوازیەتی بچووك ، لەگەڵ پیرەمێردا چەند شاعیرێکی تـــر وەکو گۆران‌و شێخ نووری‌و شێخ سالح کە لە هۆنراوەکانیاندا هـــەمان ڕومانسی‌یەتی پیرەمێردیان دەردەبـــری ، کـــە بەرە بەرەپێشکـــەوتنی هەنگاویان هاویشت‌و نوێ‌ترین بابەتی ریالیزمی یان هێنایەئاراوە • حسین

(٢١٣) شیعرو ئەدەبیاتـــی کوردی ــ چاپـــــی دووەم ــ ڕەفیـــق حیلمی ــ چاپخانەی الشبـــاب ــ بەغدا ١٩٥٦ • ل ١٦١ ــ ١٥٢ •

(٢١٤) بڕوانە الواقعیه في الادب الكردى د• عز الدين مصطفـــى رسول ــ منشورات المكتبه العصريه ــ بيروت ــ صيدا ص ٩١ •

عەلی شانۆف لە کتێبەکەیدا[٢١٥] «شعر الشاعر الکردی المعاصر عبدالله گۆران» باسی سەرەتای دەستپێکردنو چوونەنێو جیهانی هۆنراوەی رومانسی‌یەت لای گۆران دەکاتو دەڵێ : لەسالآنی ١٩٢٠–١٩٢٥ «گۆرانسەر لەنوێ دەستی بە هۆنینەوەی غەزەلی ڕۆمانسی‌ی کردووە ، بەرەوئافەریدەکردنو داهێنانێکی نوێو لەم ماوەیە بە دوواوە ئیتر چاومان بە هۆنراوەی سەدە دوای سەدە شاعیران پەیڕەویان دەکرد وئەو ڕێچکەو ڕێبازەیان گرتبووەبەر بەڵێ گۆران تەکانێکی هەرە بەهێزی‌داو سەروژێری قۆناغی کۆنی کردوو بنیاتی جیهانێکی تری ناو ئافرەت لای ئەو نموونەی هەرەگەورەی جوانی بووەو پەیوەندی بەو جوانیەوە پەیوەندی‌یەکی شۆخیگەرانەی ئەوەندە بەهێزبووە کە نەیتوانیوە، بۆ ماوەیەکی کەمیش‌بێ ، دەسبەرداری‌بێ یان لەهێزوتینی کەم بکاتەوە ، شیعرە ڕۆمانسی‌یەکانی گۆران بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیان بە ئافرەتەوە هەیە تەمەنێکی شیعری درێژی گۆران داگیردەکەنو دەتوانین بڵێین لەگەڵ هۆنراوەکانی پیرەمێردا یەکەمین نموونەی تاقی‌کردنەوەی ئەدەبو شیعری نوێی نەتەوەکەمانە .

هەرچۆنێك بێت ، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە هۆنراوانە هەستی نیگەرانی‌و شکایەتو نارەزایی دەربڕینو باری ئالۆزاویی دەروون دەردەبڕنو بۆ جیهانێکی نموونەیی دەگەڕێن ، بەڵام هەرگیز لە هەستی ڕیالیزمی‌و خاکی نیشتمان جیانابنەوەو ئامێزی‌یەکتری دەبن بە جۆرێکی‌تر ئەتوانین بڵێین

(٢١٥) شعر الشاعر الکردی المعاصر – عبدالله کوران . تالیف حسین علی شانوف ترجمة شکور مصطفی . مطبعة دار الجاحظ – بغداد ١٩٧٥م ص ١٦٤ .

به ناوەڕۆك ڕیالیزمو به شێوەی دەربڕین ڕۆمانسی‌ین ، ئەشتوانین بڵێین ئەمجۆرە تێکەڵی‌یە هونەرمەندی داهێنانی شاعیرمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە تا چ ڕادەیەك بەدەسەڵاتو بەتواناو شاعیری گەورەی ئەم مەیدانەبووە .

گۆران گەلێ حەزی لە جوانی بووەو بەردەوام بەدوایا دەگەڕاو بە شوێنیا وێڵو سەرگەردان بووە ، ئەویش بۆ ئەوەی هەستو نەستو جۆشی کوڵاوو شاراوەی نێو دەروونی پێ‌ی‌دابمرکێنێتەوە ، ئەو جوانی‌یەش زیاتر جوانیی ئافرەت بووەو ئەگەر باسی جوانیی شتێکی تریشی کردبێت کە بەرەبەرەدێینە سەریان ـ ئەوا لەدووایدا هەر دەگەڕایەوە[216] بۆ جوانی‌یە سەرەکی‌و بنچینەیی‌کەی خانەی دڵو دەروونی داگیرکردووەو ناتوانێ لێ‌ی دوورکەوێتەوە ، یان هەوڵ بدات لە یادی خۆی بیباتەوەو پشتگوێی بخات چونکە ئافرەت لای شاعیر سەرچاوی گشت جۆرە جوانی‌یەکە بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکیشەر ئەوەیە گۆران هەتا ماوە لەم جوانی‌یانە تێر نەبووەو ئەگەر جوانێك یان نازدارێکی بینیبێت بەمەوە ڕانەوەستاوە دیسانەوە گەڕاوەبۆ جوانێکی تر ، یان لەوە جوانتر . شاعیر دەڵێ[217] :

---

(٢١٦) بڕوانە ئافرەتو جوانی لە شیعری گۆراندا نووسەری کورد ژمارە ـ ١ ـ ساڵی ١٩٧٩ . کەمال مەمەند ل ٤١ .
(٢١٧) سەرجەمی بەرهەمی گۆران ـ بەرگی یەکەم . دیوانی گۆران . محمدی مەلا کەریم کۆی‌کردۆتەوەو ئامادەی‌کردووە ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ـ بەغدا ـ ١٩٨٠ . ل ٤٨ .

ئەمانەم گشت لاجوان بووەو لاجوانــە ،
بەڵام هەرگیز تەنیـا جوانیی ئەمانـە ،

بۆی نەشکاندوم تووینیەتـیو ئارەزووی دڵ ،
هەر گەڕاوە مەلـی برسیـم چـڵاوچـڵ !

لەهەچ باخێك گوڵێکـی سوورم دیـێ !
بۆی چووم هەزار دڕك لەپێـم چەقیبـێ !

ئەمجـا ئیتـر کەوتوومەتـە بەیانـی
بۆ جوانێکـی تـری پێشـی ئاشنانـی ،

جوانەی تریـش هەروەکـو ئـەم جوانانـە ،
نەیتوانیـوە دامرکێنـێ ئـەم گیانـە ،

هەر سەرگەردان ، هەر ئاوارە ، هەر برسی ..
( بۆچی ) باشە ، پێت بڵێم با ، ئەپرسـی :

چونکە کاتێ دێنێتەدی خـۆزگەی دڵ ،
جوانیـی گیانیش هاوکاری بێ ، جوانیـی گڵ ،

لەش با هـەردەی بەهـار بـێ ئارایشتـی ،
ئاسمانێکی ئـەوێ فـەڕبا بە گشتی !..

بۆ کڵۆڵێـم ، ڕەنجەڕۆیـم ، بەدبەختیم ،
تائێستا کە هەر نازدارێ مـن ناسیـم ،

بـە ڕواڵەت چـەن پرشنگدارو شیك بوو ،
پێچەوانـەی ئەوە دڵـی تاریـك بـوو ؟

کۆشی گەرمو دەروونی ساردو سڕبوو ،
زمانی نەرم ، نیهادی ئێجگار دڕبوو

لەبەر ئەوە ئەی قژ زەردی بێگانە ،
جیلوەی جوانیت لەبیرم چی ئاسانە .

بەڵام ئەوەی لێی ورژانـدم هەستم ،
ئەو کتێبی شیعرەیە داتە دەستم

گـران هەتا دوا هەناسەی ژیانـم
کە بیرم چی ئەو جوانە دای نیشانم

دیوانەکەی (برۆنس) کە نەغمەی شیعری ،
ئەڵێی کچە پێئەکەنێ ، یان ئەگری !..

گۆرانی بلیمەت لە وەسفکردنو وێنە کێشانی جوانی ئافرەتدا ، ئێجگار وردو ناسکانە پەرەموچی هونەرمەندانەی بەکارهێناوە ،

تابلۆیەکی ڕەنگینت پیشاندەدات وەکو بڵێی ئافرەتەکە بەڕەنگو بۆو گۆشتو ئێستقانیەوە لە بەرانبەرت ڕاوەستاوەو بگرە گەلی جار هەست بەوەش دەکەیت کە گیانی تیادایەوە لە بەردەمتا هاتو جۆ دەکاتو لەنجەو لارەکەی بە چاوی خۆت دەبینیتو جوانیو جۆشو خرۆشێك لە دڵو دەروونتدا دەڕوێنێو تەلی سۆزو خۆشەویستی لە ناخی دڵتدا ئاوازی نەرمو بەساز دروستدەکات . شاعیر دەڵێ[٢١٨] :

---

(٢١٨) هەر ئەو سەرچاوەیە . ل ٢٨ .

## بەستەی دلدار

لەژێر ئاسمانی شینا ،
لەپاڵ لوتکەی بەفرینا ،
کوردستان گەڕام
دۆڵاودۆڵ پێوام ،

*   *   *

نە لە شارو نە لە دێ:
نەمدی کەس
وەك تۆ جوان بێ !
تۆیتو بەس
کچە کوردێك دڵ پێی شاد بێ ،
وەك فریشتەو پەریزاد بێ !

*   *   *

نە باریکی ، نە گۆشتن ،
نە کچۆلەی ، نە شاژن ،
نە زۆر چاوڕەش
نە ئێجگار گەش
بەلام بە نیگای شیرین :
نەمدی کەس

وەك تـــۆ بەتیـــن ••
تۆیـــــتو بـــەس !

لێـت بێ بـزەی مانگـە شـــەوێ
بەژنـی ڕێــكو ڕەوتــی کـەوێ

لـەو ڕۆژەوە تـۆم دیـوە
عەشقێك لەدڵ چەسپیـــوە !

ساتێ دوور بـی لێـم ،
گـڕ بەرئەبـێ تێـــم !

کە دەسـت لە یەخـەت گیر نابـێ !
لـــەلای کـــــەس

دڵ ژێـــر نابـــێ ،
تۆیـــــتو بـــەس

بەنای هیـواو خەوینینـــم
ئاواتــی گیانــی شیرینـــم !

* * *

ئەوسـا کـە تـۆم نەدیـوو ،
ژینـم تـاڵو ترشـی بـوو ،
بـێ شـادیو بـێ ئـارام
بـێ هیـواو ناکـــام

ئەژیام : ژینــی سەرســـەری ،

نەمبـــوو کـــــەس

بـــۆ ڕابـــــەری ،

توێـــتو بـــەس

ڕێگــای هیــوا نیشـــاندەرم ،

سەختیــی ژیــان ئاســانکــەرم !

* * *

ئــەی گەورە کچــی ( زەووس ) !

خوشکە جوانەکــەی ( ڤینـــۆس ) !

تــۆ ئەپەرستـــم ،

بۆیــە وا مەستـــم ،

بــۆ ئاینــم ئەگـــەڕێ

هەنــدێ کــەس ،

با جـــــاڕبــدرێ :

تۆیــتو بــەس

* * *

قیبلــەی ئایــنو باوەڕم ،

خوای بەهەشتــی دلـــی تـــەڕم !

وەك سەرەڕۆی شوێن ئامانــج ،
نە زازا مــا نــە کرمـــــانج ،
گـــــــەڕام کوردستــان ،
گەرمیـــــــانو کوێستـــــان :
نە لە شــارو نــە لــە دێ ،
نەمـــــدی کــــەس
وەك تـــۆ جـوان بــێ ،
توێــــت بـــــەس
کچـە کوردێـك وەك گـوڵ وابـــــێ ،
کوردستانــی پـــێ ئاوا بــێ !
توێـــــتو بـــەس

* * *

زۆرجار شاعیری ناوبراومان کە باسی جوانیی ئافرەت دەکــاتو ئــەو جیهانە دەڕازێنێتەوەو ڕەنگاو ڕەنگی دەکات ، ئــەو جوانی‌یە وەك شتێکی سەربەخۆ ، یان ئەو جوانی‌یە ، هەر خۆی مایەی شانازیو ڕێزلێ‌گرتــنو بایەخ پێدانە وەکو کەمال مەمەند دەڵێ(٢١٩) : ( بە تایبەتی ئەگەر زانیمان لە نێو هەموو گیانلەبەرانی دیکەی ئەم گەردوونەدا ، نێر لەمێ جوانتــرە ،

---

٢١٩ ئافرەتو جوانی لە شیعری گۆراندا ــ نووســەری کــورد ژمارە ــ ١ ــ ساڵی ١٩٧٣ کەمال مەمەند ل ٣٩ •

(٢٢٠) سەرجەمی بەرهەمی گۆران ــ بەرگی یەکەم ــ دیوانی گۆران • محمدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کــردووە • چاپخانەی کۆڕی زانیــاری عیــراق ــ بەغدا ــ ١٩٨٠ ل ١٣٤ •

تەنها لە توخمی مرۆڤدا بە شێوەیەکی گشتی مێ لە نێر ، واتــــە ژن لــە پیاو جوانترە ، گۆرانیش کە « قیبلەگای ئایینی جوان » یــەبــەو دڵـــە پڕ لە هێواو گەشبینیو شادی خوازەیەوە لە هەورامانی جوانییدا لــــە تێو کچە باڵابەرزو چــاو ڕەشەکانــی جــافدا لــە خــــۆشی جوانــی بــێ هاوتا شاگەشگە دەبــێو ڕەحمــەت دەبارێنــێ ) •

گــــۆران دەڵــــێ[230] :

گۆرانـی

عەشقی ئێوارەی سەرەڕێــی کانی ،
بەرئەداتــە چــەم گلپــەی گۆرانی !

ڕۆژ ئاوا ئەبــێ ، چــەم تاریك دایە ،
دەنگی ( کنا لەیــل ) هەر دوایی نایە ••

مانگ ە تریفــەی ناودێ ئاکــا کەیــل ،
هێشتا هەر گەرمە ناڵەی ( کنا لەیل ••!)

« سیاچــەمانە •• سیاچەمانە ••»
بەهەشتــی عەشقــە ئەم هــەورامانــە !

ئەوەنــدەی دارو بەردی هەورامــان ،
ڕەحمــەت لە ژنــی بەژنو باڵا جــوان !

« سیاچەمانــە •• سیاچەمانــە ••»
هەورامــان جێگــای سیا چەمانــە !

یان پێنجگە لە جوانیی بێهاوتاو شۆخیی ئافرەتەکەوەیە جلوبەرگ جوانو

ڕەنگاوڕەنگی کوردی‌یەوە ، شاعیری ناوبراومانی مەستو شەیداکردووە کە بڵێ[٢٣١] :

کراسی کەتانی ، کوا سەوزی ، بەژنو باڵابەرز ،
بەشانو گۆزەوە چەن جوانی ئەی‌پەریی سەرئەرز

یان زۆر جار جۆرە پەیوەندیەکی هەستی لە نێوان جوانیی ئافرەتو خۆشەویستی‌و دڵو دڵداری‌دا دەخولقێنێ‌و وێنەیەکی ئاشقانەی دڵ ڕاکێشەرمان بۆ نەخشە دەکات ، کاتێ دەڵێ :[٢٣٢] :

بە ئاهەنگتر ، بە خوڕۆشتر ،
بە گوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر ،

یان دەڵێ[٢٣٣] :

کام تاسە ، کام مەیە ، کام چاوەنواڕی
تەلیسماوی‌یە وەك هی دڵداری ؟

ئەم پەیوەندی‌یەش ، پەیوەندی‌یەکی مرۆڤایەتی‌یە « انسانیە » کەلە ڕێگای خۆشەویستی‌و دڵەوە دەبێ‌تو کلیلی ئەم دەرگا خۆشەویستی‌و دڵداری‌یە بە دەست دڵدارانو ئەوانەی جوانیی‌و خۆشەویستی‌ی ئافرەت لایانەوە لە هەموو شت بە نرخ‌ترو کاریگەرترە ، چونکە بەلای شاعیرەوە

---

(٢٢١) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٦٠ .

(٢٢٢) هەر ئە سەرچاوەیە ل ١٢ .

(٢٢٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٠ .

هیچ ئاوازێك با ئێجگار خۆش بێ ، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز وەکو ئاوازی دڵداریو خۆشەویستی دڵ ناخاتە کاموخۆشیو کامەرانییە ، بچینەکەشی تەنها لەنجەولارو نازو قەشەنگی ئافرەتە ، نەك شتێکی تر .

زۆر جار شاعیر لە ئەنجامی باری قورسی ژیان کــە تــووشــی نیگەرانیو خەمو خەفەت دەبێتو نائومێدی باڵی بە سەریا ڕادەکێشــێو نەشئەو شادمانیی دەخنکێو تەلــی کەمانی دەنگی لێیەوە نایەتو لەشــیو گیانی بێ هێزو بێزار دەبێتو هیوای نەمانو مردن دەخوازی ئــا لــەو کاتەدا کە چاوی بە ئافرەتێکی جوانو شۆخ دەکەوێ کوتوپڕ وەکو بلــێی «نەبای دیبێت نەبۆران» باری دەروونی دەگۆڕێو سەوزەگیاو گــوڵو گۆڵاڵە لە تەختی دڵیدا دەڕوێو خونچــەی هیــوای دەکرێتـــەوەو زەردەخەنەی شادمانیو کامەرانیان بە شاعیر دەبەخشن گۆران دەڵێ(٢٢٤) :

نیـــــــاز ...

سەردەمێك بوو دنیای گیانم تارێكو چۆڵ بوو ،
کام (بەڕۆچکە)ی گەرمە دڵم چەشنی سەهۆڵ بوو ،

قەریحەم وشك ، تەبیعەتم زەردو ژاکاو بوو
زەردەخەنەم ئاخی سەرلێو ، فرمێسکی چاو بوو !

بە ئاسمانــی هیوامەوە ئەستێرەکانــم
بە هەزاران شا ئەستێرەی گەش گەشی جوانم ،

هەموو نوقمی دەریای تەمی رەشو تاریك بوون ،
وەك وەنەوشەی چنراو لەگەڵ سیس بوون خەریك بوون ،

---

(٢٢٤) هەر ئــەو ســەرچاوەیە ل ٤٢ـ٤٣ .

سەردەمێك بوو بێ نەغمە بوو باغچەی ژیانم ،
بێ ورتە بوو ناو هێلانەی بولبولەکانم ،

لەرەی دەنگی شادمانیو نەشئەم خنکابوو ،
شەپۆلی بای بەهرەو جۆشم مەنگ ڕاوەستابوو •

تەلی عوودو کەمانم پس ، کونی شمشالم
بەسرابــوو وەك گرێی دڵو زمانی لاڵــم !

سەردەمێك بوو : لە تریفەی مانگی هاوینم ،
نە گزنگی هەتاوی سەرلووتکەی بەفرینم ،

نە لەرزینی چینی سەر ڕووی گۆماوی شینم ،
نە بریقەی دووری چەمی پاش زۆر بارینم ،
نە وشەی گیای مێرگی سەوزی دەمەو بەهارم ،
نە شنەی بای دارستانی چڕی نزارم ••

چەشنی جاران دای ئەخورپان تاخی دەروونم ،
ئەیهێنایە سەر هەڵقوڵین سەرچاوەی ڕوونم !

سەردەمێك بوو ، سەردەمێکی دوورو درێژ بوو ،
نوێنی ئارام بۆ من لەسەر چەرپایەی لێژ بوو ،

نە خەوم خەو ، نە خەیاڵــم وەك خەیاڵ وابوو ،
هەستیم وێنەی ئوقیانووسی ژێر ڕەشەبا بوو ،

لەشم بێ هێز ، گیانم بێزار ، دڵم غەمگین بوو ،
هیوام تاریك ، مەیتی عەشقم تابووتی ژین بوو !

ناهومێد بووم ، وامئەزانی دەرپێکە کاری ،
بەرەو پیری چوون هێناویە دیاریی ئێجگاری !
ئیتر ئەبێ کونجێ بگرم ، دۆش دابمێنم ،
لەسەر مەرگی عومری جوانیم یاسین بخوێنم !
چاوەنوارِ بم سا کەی گەردوون ، گەردوونی بێباك ،
جانەوەری گۆڕ هانئەدا بمکاتە خۆراك ؟!
بەڵام ئەی یار ، یاری نازدار ، شۆرەژنی شۆخ ،
بە لێوەی ئاڵ ! بە چاوی رەش ، چاوی رەشی تۆخ
بە باڵای بەرز ، بە ئەندامی نەرمو شلو جوان ،
رەوتی شیرین ، عیشوەو نازی گفتو گۆو جووڵان ،
بەم جوانییانە کە زینەتی بەهەشتی دنیان ،
بەم جوانییانە کە لە تۆدا هەموویان نەیدان ،
لەورۆژەوە دیومە سیحری زەردەخەنەی تۆ ،
دنیای دەروون مەلەکانی هاتوونەوە گۆ ..
سەرچاوەکەی عومری جوانیم هاتۆتەوە قوڵ ،
باغچەی ژینم پڕ بۆتەوە لە نەمامی گوڵ !..
ئێستا ئەگەر بێت هیچ نەبێ لوطفی تۆ جار جار ،
بملاوێنێ ئەی ژنی شۆخ ، ئافرەتی نازدار !
قەسەم بەتۆ ! قەسەم بە ناز ، قەسەم بە جوانی ،
هەموو هەستیم ئەچێتەوە دۆقی جارانی !..
قولپی گەشی خوێنی جوانی دێتەوە لەشم ،
دیسان شەبەق ئەدا ئاسۆی ئاسمانی رەشم ..
ئیتر رابووردو من پیر ببم ، یان دڵم بمرێ ،

یا بلووری شادمانیم هەرگیز گـەرد بغریٚ !
ئەمجا ئەی یار ، ئەی خوا ــ ژنی عەشقم ، ئەی ڤینووس ،
ئەی هەیکەلی بەدەن لە عاج ، توالیٚت ئابنووس ،
هیچ نەبیٚ بۆ .. بۆ خاطری جاهی ئەپۆلۆ ،
مەلی شیعرم مەیدان مەدە بکەویٚ لە گۆ !
تا دەگاتـــە ئـەوەی بلـیٚ :
بەلاّم ئەی یار ، یاری نازدار ، شۆرەژنی شـــۆخ ،
بە لیٚوی ئاڵ ، بە چاوی رەش چاوی رەشی شـــۆخ
بە بالاّی بەرز ، بە ئەندامـی نەرمو شـــلو جـــوان
رەوتی شیرین ، عیشوەو نازی گتوگـــۆو جـولاّن
لەو رۆژەوە دیومـە سیحری زەردەخـــەنەی تـۆ ،
دنیای دەروون مەلەکانـــی هاتوونـەوە گـــۆ

گۆران جوانیی ئافرەت ئاویٚتەی جوانیی سروشت دەکات یان بـــە پیٚچەوانەوە ، کە باسی جوانیی سروشت دەکـات دیٚتـــەوە بۆ ئافرەتو هەردوو جوانی‌یەکە تیکەڵو ئاویٚتەی یەکتری دەکات . شاعیر دەڵیٚ(٢٢٥) :

ئەی کچـــە کاڵەکـــە جـــوانی تر با زۆر بـن ،
لە باخچەی بەهارا گوڵباخی بــــەر خۆر بـــن
گیانی من بــو تەڵـیٚ وەنەوشــە پەرۆشـــە ،
کە لە ژیٚر سیٚبـەری تووترکـا خامۆشـــە ،
کانـی‌یەکـی رِوونی بەر تریفـەی مانگە شـــەو :
لە بنیـا بلـەرزی مرواریـی زیـخو چـــەو ،

(٢٢٥) هـەر ئـەو سەرچاوەیـە ل ٤٥ .

## جوانی بێ‌ناو

قژ کاڵی ، لێو ئاڵی ، پرشنگی نیگا کاڵ ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ !
ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو ،
گەندەمووی دەموچاو ، مەچەك هەڵنەگرتوو ..
ئەی ئەندام وردیلەی ، نەرمۆڵەی ، ئێسك سووك ،
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووك !
ڕاستە من ڕێبوارم ، سەرپێیی ئەڕوانم ،
بەڵام‌وا جوانیی تۆ کاری کرد لە گیانم ،
ئەڵێی ، نەك هەر ئێستا ، عومرێکی درێژە
بەو دەست‌و پەنجانەت برینم سارێژە !..
ئەی کچە کاڵەکە ! جوانی‌تر با زۆر بن ،
لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەرخۆر بن ،
با ڕەنگیان پەرداخت بێ‌و جێگەیان سەرچڵ بێ
بە واتەی خەڵکی‌تر ناویان شاگوڵ بێ ،
گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە ،
کە لەژێر سێبەری تووترکا خامۆشە !
لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان !
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی‌و جوان !
لە تەختێك هەڵدەستێ هەزارو یەك نەغمە :
ئەوەیان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمە !
کاتی‌یەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو :
لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ‌و چەو ،

جوانترە لـە لای من لە دەریای بـێسنـوور

شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شلپو هوور !

قژ کاڵی ، لێو ئاڵی ، پرشنگـی نیگا کاڵ ،

ئەی کچە جوانەکـەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ !

دەربەست نیم ڕێبوارم ، دەربەست نیم ڕەوتەنیم ،

ئەزانی شپرزەو دەربەستی ئێجگار چیم ؟

هیی ئەوەی نیگارێك لـە یادم کێشراوە ،

شۆخێکی نایابە ، بەڵام ئاخ ، بێ ناوە ؟..

ڕاستە گۆران ئێجگار شەیدای جوانیی دڵڕفێنی سروشتی کوردستان بە هەموو شاخو دۆڵو کانیاوو بەردو دارو دیمەنەکانی بووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نە جوانیو نە دۆستییەکەیان دەگاتە پلەو پایـەی جوانیی ئافرەت ، چونکە لای گۆران شۆخیو جوانیی ئافرەت دەبێتە جـوانیو سەرچاوەی جوانیی سروشتو گشت دیاردەکانی سروشت .

گۆران دەڵـێ(٢٢٦) :

ئافـــرەتو جوانـــی !

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە ،

لە باغچەی بەهـار گوڵم چنیوە ،

شەونمـی درەخت لە ڕووم پژاوە ،

لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە ،

پەلکە زێڕینـەی پاش بارانـی زۆر ،

---

(٢٢٦) هـەر ئـەو سـەرچاوەیە ل ١٠ .

چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر ،
هەتاوی نەورۆز ، مانگی جۆ درەو
زۆر هاتوونو چوون بە ڕۆژو بە شەو ..
خوڕەی قەلبەزی کەف زیوینی چەم ،
لە هەزار چەشنە پرشنگی ناو تەم ،
میوەی گەیشتووی زەردو سووری باخ ،
جریوەو جووکەی دارستانی شاخ ،
لە گەرووی شمشاڵ ، لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان .
ئەمانە هەموو جوانن ، شیرینن ،
ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن !
بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز ،
بێ ئاوازەیە ، دەنگە نەرمەکەی
با نەیدا لە گوێم ، تێر نەڵێم ئۆخەی !
کام ئەستێرەی گەش ، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەك کوڵمی ؟ گۆی مەمکی ؟ لێوی ؟
کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشیی چاوی ؟
برژانگی ؟ برۆی ؟ ئەگریجەی خاوی ؟
کام بەرزی جوانە وەك بەرزیی باڵای ؟
کام تیشك ئەگاتە تیشکی نیونیگای ؟
کام تاسە ، کام مەیل ، کام چاوەنواڕی
تەلیسماوییە وەك هیی دلداری ؟ ...

کەوابێ سروشت چەنـد جوانو چەنـد شیریـن بـە ڕووناك بێ بەلای گۆرانەوە ، بە بێ‌بزەی دلـدارو دۆستەکەی ، یانی یەبێ ئافرەتـی جوان هیچو پووچەو بێ مایەو بێ بـزەو بێ تامە .

گۆران گەلێ جار دێتو بەراوردێکی هونەرمەندانـــە لە نێـــوان جوانیی سروشتو جوانیی ئافرەتدا دێنێتە ئاراوە ، ئەنجـــام هــــەر دەگەڕێتەوە بـۆ جوانیی ئافرەتو ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ کە ئەمجوانیانە هەرگیزاو هەرگیز ناگەنە جوانیی ئافرەت ، بگرە ئەگەریش جوان بن ئەوا، لە جوانیـی ، چاوڕەشـیو بالآبەرزیـی یارەوە وەری گرتـــوون ، نـەوەك هـی خـۆیان بـن . شاعیر دەلێ[٢٢٧] :

کام ئەستێرەی گـەش ، کـام گولـی کێـــوی
ئالە وەك کولمی ؟ گـوێ مەمکـــی ؟ لێـــوی ؟
کـام ڕەشـــی ئەگا بـە ڕەشیـــی چـــاوی ؟
بـرژانگی ؟ بـرۆی ؟ ئەگریجـــەی خــــاوی ؟
کـــام بـــەرزی جوانە وەك بەرزیـی بـــالآی ؟
کـام تیشك ئەگاتـە تیشکی تیـو نیگـــــای ؟

شاعیر کە باسی وەرزەکانی سالّ دەکاتو وێنەیان بۆ دەکێشـێ دلخۆشی خۆی یان خەمو خەفتی خۆی لەگەلّ وەرزەکەدا دەردەبڕێو هەردووکیان لەو بارە دەروونی‌یەیەدا یەکانگیر دەبنەوەو وەکـو دوو هاوڕێ ، یان دوو هاودەم ، ڕازو نیازیان بۆ یەکتری ئەدرکێنن ، دیسانەوە بێ ئەوەی ئاگای

---

(٢٢٧) هـەر ئـەو سـەرچاوەیە ل ١٠ .

لە خۆی بێت ئەگەڕێتەوە بۆ جوانیی ئافرەت.بۆ نموونە کە نەخشە بۆ وەرزی بەهار دەکێشێ ، ئەوپەڕی جوانیو قەشەنگیی بە بەرەمووچی ڕەنگاوڕەنگ وێنەکە وەکو خۆی چۆنـــە بۆمان دەگرێ • شاعیر دەڵێ[228] :

ئەملا یەك پەلە ، ئەولا یەك پەلە هەوری ڕەنگاوڕەنگ
لە ناوەڕاستا : بە دەم ئاسۆوەڕۆژی شۆخو شەنگ
سەوزەگیای پاراو ، گوڵو گوڵاڵە مەستی ڕەنگو بۆ
درەختە تازە شین هەر لق ڕازاوەی گوڵ ، گەڵا ، چرۆ
سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین ، مرواریی ئاونگ
چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە،لێی ئەتکێ پرشنگ

کەچی گۆران لە وێنەکێشانی پاییزدا هاوخەمو بەشداریی خەفـەتو لەگەڵیا فرمێسكو ئەشـك ئەڕێـژێو لەگەڵیا دەگریو ماتو زیزە • شاعیـر دەڵـــێ[229] :

پـــایز !

پایـز ! پایـز !
بووکـی پـــرچ زەرد ،
من مات ، تـۆ زیـز :
هەردوو هـــاودەرد !
من فرمێسکـم ، تۆ بارانیت ،
من هەناسەم ، تۆ باي سارويت ،

---

(228) هـەر ئـەو سەرچـاوەیە ل 169ـ177 •
(229) هـەر ئـەو سەرچـاوەیە ل 163 •

من خەم ، تۆ هەوری گریانیت ..
دوایــی نایە : دادم ، دادت ،
هەرگیــز ، هەرگیـــز ،
پایــز ! پایــز !
پایــز ! پایــز !
شانو مــل ڕووت ،
من مات ، تــۆ زیــز ،
هەردوکمــان جــووت
هەرچەنــد گــوڵ سیس ئەبێ بگرین ،
ئاڵتوونــی دار ئەژزێ بگریــن ،
پۆلــی باڵدار ئەفــڕێ بگریــن ،
بگرین .. بگرین .. چاومان نەسڕین ،
هەرگیــز ، هەرگیــز ،
پایــز ! پایــز !

ڕاستە شاعیر زۆر حەزی لە جوانیی سروشتی کردووە ، بەڵام ئەوەتا کە لە چەمی تانجەڕۆ چاوی بەو دارو ئاوە جوانانە دەکەوێ،بەرزیو جوانیی دارەچوالەکان ، جوانیــی بووك دەشوێنێو سەیرانگایە بە قەشەنگیی بووك ئاوادەبێو دەگاتە پلەیەکی تەواوی دلگیر . گۆران دەڵێ[٢٣٠] :

---

(٢٣٠) هــەر ئــەو سەرچــاوەیە ل ١٧٦ــ١٧٧ .

## دارچوالـــەی پشکـــووتوو

« لەگەڕانـــەوەدا بە چەمی قلیاسانا »

لەپاش بڕینـــی ماوەیەکـــی دوور ،
گیانی وەڕسی ڕێگـــای سەرەوژوور
دی : پاس کشایە ناو پێچێکـــی لێـــژ ،
لای چەپ : چناری باریكو درێـــژ
ڕەپ ڕاوەستابوون لە کەناری ڕێ ،
سەربازی پـــاس بوون بۆ پشـــت سەری کێ !
ڕیزێك تەمامـــی دار چوالەی نازدار
کە ڕێك وەستابوون لەسەر گیای بەهـــار
وەك بووك ئەندامیان لە سووراو نابوو ،
لەنجەی تاو تاویان بـــۆ چپـــەی با بوو ..
پەڕی هەلاڵەی چوالـــەی سووراو ڕەنـــگ
جار جار ئەوەری بە خشەی پێـــی هەنگ ،
هەروەك پەپوولـــەی باڵ فڕە ــ فڕ کـــەر
ئەنیشتـــە ســـەر یەك لەسەر گیای سێبەر !
لەگەڵ لێشاوی پەڕەی گوڵ بارین :
با بوو شەپۆلی (بۆنخۆشی)ی چین چین ...
چەمی تانجەرۆی سەردەمـــی نیسان
پڕە لە وێنەی سروشتیی جوان جوان ،
بەلام من چاوم گیرا خوارو ژوور ،
لە ڕیزە داری چوانـــەی تاراسوور

جوانترم نەدی وەك بووك وەستابێ ،
سەیرانگـای چەمی وا پـێ ئاوا بێ !..

شاعیر لە هۆنراوەیەکیدا « بەسەرهاتی » ئەستێرەیەك « کـە چـۆن » بەرەوخـوار ئەخلیسکـێو نوقـم دەبـێ ، بـۆمان دەگێڕێتەوە کـە ئەستیرەکـە پرشنگدارو ڕووناکـی دەبەخشێو لـە ئاسمانـی شینـی پانو بەریندا دەدرەوشێتەوەو ڕووخسـاری ئافرەت لـەو جوانـییەیان وەرگرکووە .

بەســــــەرهاتی ئەستێـرەیـەك

بانگی شێوان : لە ئاسمانی خۆرنشین ،
ئەستێرەیەك ئەجریوێنێ : گەش ، شیرین !
دەورو پشتی دەریای شینـەو بەتەنیـا
سرنـج ئەدا لە ئێوارەی ڕووی دنیـا !
لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ ،
لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ !
وەك ئەو گوڵەی ئەیدا لەسەر نازدارێ ،
ئیتر نابێ لێی هەر چاوێ بۆی ئەنوارێ !...
منیش یەکێ لەو تەماشاکەرانەم
دڵ گیرۆدەی ئەم جوانیـی ئێوارانەم ،
لەسەر گردێ بەرامبەری ئەوەستـم ،
کەیلی بزەی ئەبـێ سرنجـی مەستـم !
تاریك دایە .. ئەستێرەی تر بەرەو دوا
فڕی ئەدەن چارشێـو لە عاستی دنیا ..

بەلام ئێستا ئەو ئەسپایی ، بەرەو خوار
هەڵئەخلیسکێ ، کز کز ، ئەگاتە لێوار،
لێوی تینووی کەل وەك دلۆپ ئەیمژێ ،
ئەی داخەکەم ، مەرگی نیشتن ئەیکوژی !
ئەم ئەستێرە ، بەسەرهاتی دلگیری
بەم کام ڕۆحا نابزوێنێ سا زویری ؟!..

ڕووناکی پەیەدادەبینێت ، کەوتنو خلیسکانو ئاوابوونی ئەو ئەستێرەیە وەکو کارەساتێکی دڵتەزێن وێنەدەکێشێ ، کارەساتەکەش « مردنە »و شاعیر خەمو خەفەت بۆی دەخواتو دلگیر دەبێت ، شاعیر دەڵێ[231] :

گۆران لە بەراووردکردنەکانیدا ، تەنها لەگەڵ شتە بێ گیانەکاندا بنکانیو دیاردەکانی تر ناوەستێ ، بەڵکو زۆر جار ڕوودەکاتە مەلەوەرو وەکو وەرزەکانی ساڵ ، دارو بەردو گوڵو باخو ئەستێرەو کانیاوو زیخی باڵندەو گیانلەبەرە چوانکیلەکان ، وەکو کۆترو قازو مراویو کەروێشكو کەو .. هتد ، باسی جوانیو لەنجەو ئاوازیان بە شێوازو دەربڕینێکی ناسكو دڵڕاکێشەر دەکات بە جۆرێکی وا کە خوێنەر یان گوێگر حەیران بە پەرۆشی ئەو وێنەو دیمەنە قەشەنگانە بێت ، بەلام لە پڕێکدا ، کە کچێکی شۆخو شەنگ بێ ، ئەوا گشت ئەو گیانلەبەرانی پشت گوێو فەرامۆشیان دەکات .

---

(231) هەر ئەو سەرچاوەیە ل 174ـ175 .

گـــۆران دەڵـــێ(۲۳۲) :

ڕەوتێکـــــی جـــــوان !

لەژێر زەردەی خۆرەتاوا ،
بەناو چیمەنـــی گوێ ئاوا ،
چەن بە ئاهەنگ ، چەن سیحراوی ؟
ئەگەڕێ قـــاز ، یان مـــراوی ،
یا کەو ، لەسەر بەفری نزار ،
بۆ لووتکەی هەزار بە هەزار ،
چەن ئێسك سووك ، چەن گورجو گۆل
ئەکشـــێ : پشت لە تۆی تەختی دۆڵ ،
یا کەروێشکـــی تیژو قەڵـــەو ،
لەبەر تریفـــەی مانگەشـــەو
چەن جوان ئەڕوا بـــە قونەقون :
سرك‌و، گورجو ، سپـــی‌و ، خرپن ،
یا پۆڕ لـــە گوێ ڕێگـــای دەشتا ،
لەگـــەڵ سایەقـــەی پاش وەشتـــا ،
چەن وردو جوان ، بە لەنجەو لار ،
ئەشێلێ سەوزە گیـــای بەهار ،
تا کۆتری حەوشـــی مزگەوت ،
چەن خنجیلانەی لێ دێ ڕەوت ،

---

(۲۳۲) هـــەر ئـــەو سەرچـــاوەیە ل ۱۱ .

ئەوەنـــدە جوان ، لـــەوە جوانتر ،
لە شنەی بای شەو ڕەوانتـــر ،
لە لەرەی پرشنـــگ ، ئـــاوازە ،
لە خـــوڕەی ئاو ، شیعـــری تازە ،
بە ئاهەنگتر ، بـــە خـــورۆشتر ،
بە گوێچکـــەی دڵ دەنگی خۆشتـــر ،
پێـــی ناز ئەنـــێ بەسەر ئەرزا :
جوانـــێ لە بەژنێکـــی بەرزا !..
یـــان دەڵـــێ (٢٣٣) :
کچانـــی گوڵە گیـــای کـــــــوڵاندن بـــە کـــۆڵ
ڕووەو دێ ڕەویـــون وەك مامـــزی چـــــۆڵ

گۆرانی مەزنو پێشڕەو لە هۆنراوەی «ڕۆڵەی بـــێ دایـــك »دا لـــە دەرووتێکی پڕ خەماویو لە ڕوانگەیەکی ئینسانیەوە وێنەی دایکێکـــی جگەر سووتاو ودڵ برینداز ، کە لەئەنجامی مەرگی کوڕە تاقانەکەی هەناوی ونجڕونجـــڕ بووە ، شاعـــیر هـــۆشو فامی لا نـــەماوەو نەیتـــــــوانیوە بەرگە لە بۆ ئەم کارەساتەدڵتزێنـــە بگرێـــت .

(٢٣٣) هـــەر ئـــەو ســـەرچاوەیە ل ١٧٨ .

کاتێ دەڵێ[٣٣٤] :

## ڕۆڵەی بێدایك

نە ئاخ لە سینەدا ئەخواتەوە پەنگ ،
نە فرمێسك ئەتوانێ بڕژێ بە بێدەنگ
نە زمان ئەوەستێ لەمە زیاتر ،
نە قەڵەم وەك لاشەی مردووی سارد سڕ ..
نە فام لە جێگای خۆی ئەمێنێ ، نە هۆش ،
دیمەنێ من بینیم بەرد دێنێتە جۆش ..
کێ دایکێ ئەتوانێ بێنێتە بەرچاو ،
بە مەرگی ناقاتەی جەرگی هەڵقرچاو ،
دامابێ لە دەشتێ ، هاواری بە کەس
نەگا هیچ .. هەر خۆی بێو مەیتی کوڕی بەس !
ئا ، سەیری دیمەنی وەها کاریگەر
کام ویجدان ناداتە بەر نووکی نەشتەر ؟!
بەڵام ئاخ ، ئەوەی من دیم بەم دوو چاوە
مەینەتێکی سووکە ئەمەی بەلاوە :
نەك دایکی کور ــ مردوو ، دیم کۆرپەی ساوا
لای مەیتی دایکیا ، فرمێسك لە چاوا ،
کەوتبوو ، بێ شیر ، بێ لاوانەوە،
ناو جەرگی ئینسانی ئەچووزانەوە !..

---

(٢٣٤ــ٢٣٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٩٨ .

گۆران لە هەمان هۆنراوەدا ، دیمەنێکی کەشمان نیشـــان دەداتو دڵی گشت مرۆڤێك دەجووڵێنێو گیرۆدەی ڕەشبینیی دەکاتو هـەناوی دەقرچێنێ بۆ ڕوودانی کارەساتێکی دڵتەزێنی ئینسانی ئەم دیمەنە منالێکی ساوای شیرە خۆرە ، کە بەدیار دایکی مردوویەوە دانیشتـــووەو دەگری و کەسێك نی یە بیلاوێنێتەوە ، ئەگەر کەسێکیش هەبێت ، ئایا لاواندنەوەکەی دەگاتە دایك ، نەء ••وهەرگیز نەء•• شاعیر حەند وردو هەســت ناسكو مرۆڤی خۆش ویستووە ، یان سۆزی بێ سنوورو بێ پایانی لـە دڵدا بـــووە کە کارەساتێکی وا نەخشە بکێشێتو هیچ خوێنەرێك یان گوێگرێـــك دەسەڵاتو توانای ئەوەی نەبێت بەرانبەر بەم کارەساتە خۆی ڕاگرێ •• شاعــــیر دەڵــــێ(٢٣٥) :

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە بڵێین ، ئایا گۆران شاعیرێکی «سێکس» بووە ، وەکو هەندێ نووسەرو ڕەخنەگر بۆی چوون ؟ یان شاعیرێکـــی جوانی پەرســت بووەو شەیــدی هـــەموو ئافرەتێکـــی قـــەشەنگی باڵابـــەرزی چـاوجوان بـــووە ؟

لەم بارەیەوە نووسەر کاکەی فەللاحرای خـــۆیان بـۆدەردەبڕێ ودەڵێ(٢٣٦):(شاعیر بۆ ئافرەت وەك مرۆڤێك نەچووە ، بەڵکـــو تەنها لە گۆشەی بایەخـــی جوانـــی پەرستـــیو مەسەلەی جینسەوە تێی ڕوانیوە)• بەڵام نووسەر کەمال میراودەلی زیاتر خۆی بەم بابەتەوە خـــەریك

---

(٢٣٥) هەر ئەو سەرچـاوەیە ل ١٩٨ •

(١٣٦) کاروانی شیعری نویی کوردی ــ بەرگی یەکەم ــ حەمە حەمـــە ئەمین قادر « کاکەی فەللاح» چاپخانەی کـــۆڕی زانیـــاری کـــورد بەغـــدا ١٩٧٨ ل ٤٤ •

کردووەو دیاریی ئەو هۆنراوانەی کـردووە کـــە ناوەرۆکێکی جینسیی پەتی دەردەبڕن ، هۆنراوەکانیش ئەمانـەن وەکـو کەمـال میـراودەلی دەستنیشانی کردوون « خۆزگەم بـــەپار » « شەوێك لـە عبداللـه » « جلوەی شانۆ » « بۆ گەورە کچێك » ، «بۆ خانمێك» نووسەری ناوبراو دەڵێ[٢٣٧] : ( دڵداری بە مانای کۆکردنەوەی ژنو پیاو لـە سەر بناغـەی حەز نەك خۆشەویستی •• حەزکردن لە جوانی ئافرەت وەك شتێکی دابـڕا لە هەستو نەستو سۆزی ناوەوەی ، لە بوونو دەورە کۆمەڵایەتی یەکەی گومانی نی یە ، حەز ، حەزێکی بێسنوور ، حەزی جینســی بە ئاشکرایی لەو قسەکانی گۆراندا بەدی دەکەین ، تەنانەت لە هەنـدێ هـونراوەدا کە تاقی کردنەوەی دڵداری خۆی پیشان دەدەن ئەم رووە ، بـە ڕوونـــی دەردەکەوێ ، لە هۆنراوە « خۆزکەم بە پار » گـۆران دوازدە مانـگ بـۆ دووریـی یاردەگـریو دەناڵــێ) •

ئێستەش ئێمە دەقی ئەم هۆنراوەیە واتە ( خۆزگـــەم بە پار ) لـە دیوانەکەی شاعیری ناوبراوماندا دەخوێنینەوەو ڕای خۆمان دەردەبڕیـن بۆ ئەوەی مەسەلەکە بە تەواوەتی یەکالا بیتەوەو بزانین ئایا ڕاستە ئـەم هۆنراوەیە ، هۆنراوەیەکی ( جینسی ) یی پەتی یەو هیچی تر •

---

(٢٣٧) ئافرەتو جوانی لای گوران • نـووسەری کورد • ژمارە ـــ ١ ـــ سالی ١٩٧٩ کەمال مەمەند ل ٣١ •

گۆرانی شاعیر دەڵێ [٢٣٨] :

### خۆزگەم بە پار

بڵێن بە یار ، بڵێن بە یار ، یاری نازدار ،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار ، منی هەژار !
خۆزگەم بە پار !
خۆزگەم بە ساڵی رابوردوو ،
عومری کورتی دڵداریم بوو ،
لەپڕ هاتو ، لەناکاو چوو ..
یەك : پڕ بە دنیا ئارەزوو ،
دەریایەك تاسە .. ئەمە دوو ،
جێمابووم لە یاری مردوو !...
بڵێن بە یار ، بڵێن بە یار ، یاری نازدار ،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار ، منی هەژار ،
خۆزگەم بە پار !
ڕۆژ نەبوو چاوم بە دیدار
شاد نەبێ ، نەسرەوێ ئازار ،
ڕۆژ نەبوو یار بێ لەنجەو لار ،
چەشنی ئاسکی هەردەی بەهار ،

---

(٢٣٨) سەرجەمی بەرهەمی گۆران – بەرگی یەکەم دیـوانی گۆران – محمدی مەلا کریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووە . چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق – بەغدا ١٩٨٠ . ل ٢١ .

بە بەردەمما ئەکا گــوزار ،
ئەمپێکێ نیونیگــای خومــار !
بڵێن بە یار ، بڵێن بە یار ، یاری نازدار ،
سەد هەزار جار خۆ زگەم بە پار ، منی هەژار ،
خۆزگــەم بە پــار !
هەر ڕۆژە عیشوەیەك ، نازێ ،
هەر خەلوەتە چەشنە ڕازێ ،
لــەو توانج ، لــە من نیــازی !
بۆ ماچێ ، نوقورچێ ، گــازێ ،
هەر بەزمە دەنگێ ، ئاوازێ ،
بە چاو بینینــی دڵخوازێ ...
بڵێن بە یار ، بڵێن بە یار ، یاری نازدار،
سەد هەزار جار خۆ زگەم بە پار ، منی هەژار ،
خۆزگــەم بە پــار !
بڵێن بە یار بــێ ناوچاوێ
دیمان لەتاو دووری ، تاوێ
ئەیڕشت لە فرمێسك لافاوێ
ئاخی هەڵئەکێشــا تاوێ
بە یادی باڵا لاولاوێ ،
چاوڕەشــێ ، ئەگریجــە خاوێ !
بڵێن بە یار ، بڵێن بە یار ، یاری نازدار،
سەد هەزار جار خۆ زگەم بە پار ، منی هەژار ،
خۆزگــەم بە پــار !

پرسی کێ ؟ برێن داماوێ ،
هێلانەی دڵ لێ شێواوێ ،
دوانزە مانگ لە یار بڕاوێ ،
دوانزە مانگ ! بۆ یار گریاوێ ،
بەئاستەم نووزە تیا ماوێ ،
ئەیوت : ناونیشانی ناوێ ،
ئەزانێ یار خۆی ، کام هەژار ، ڕۆژی سەد جار ،
ئەکا هاوار : خۆز گەم بە یار ، خۆزگەم بە یار !

ئەوەی بەووردی لەم هۆنراوەیە بکولێتەوەو وشەو زاراوەو مانای بەیتەکان لێك بداتەوە ، دەکاتە ئەو ڕاستییەیە کە شاعیر دلدارێکی هەبووەو لە کانەگای دلیەوە خۆشی ویستووە ئەوا سالێکیشە لێی بڕاوەوچاوی پێی ناکەوێ خەم بۆ ئەو ڕۆژانە دەخواتەوە کە لەگەل یارەکەیدا دادەنیشتو رازونیازو ئەڤینی خۆی بۆ دەدرکاند .

ڕاستە شاعیر تاڕادەیەك لە (جینس) نزیك دەبێتەوە کاتێ باسی (ماچ)و (نوقورچێ)و (گاز) دەکات .

بەلام هەرگیزاو هەرگیز ناگاتە ئەو ڕادەیە کە بلێین ئەم هۆنراوەیە هۆنراوەیەکی (جینسی)ی پەتییە ، چونکە بتەوێ و نەتووێ شاعیر جینسی باس نەکردووەو نەیکردۆتە ئامانجێکی سەرەکی بۆ ئەم جۆرە هۆنراوانەیە : مەبەستی گۆران زیاتر جوانی پەرستییەکەیە وە ئەگەر جار نەجار لە وەسف کردنەکانیدا زیاد رویشتبێت ئەوا ئەو سنوورەی نەشکاندووە کە بچێتە جوغزو کەوانەی ئەو مەسەلەیەوە لە مەبەستە

ڕاستەقینەو ئامانجە سەرەکی یەکەی دووری بخاتەوە ، کە ئەویش هەروەکو وتمان جوانی پەرستی یە •

ئێمە لە هۆنراوەکانی کەی شاعیری ناوبراوماندا هەمان بۆچوونمان هەیەو هەر بەم ڕوانگەیەوە سەیریان دەکەین ولێکیان دەدەینەوە ، واتە «یۆخانمێك» [۲۳۹] ، «بۆ گەورەکچێك» [۲٤۰] ، (۲٤۱) «شەوێك لە عەبدوڵلا و «بۆ کچێکی بێگانە» [۲٤۲] دا ولەگەڵ ئەو ڕایانەدا نین دەڵێن [۲٤۳]: (جینس بەشێکی جەوهەری لە هەڵوێستی گۆران بەرانبەر ئافرەت پێك هێناوە ) •

چونکە ئەگەریش تا ڕادەیەك توخنی (جینس) کەوتبێتەوە ئەوا بەلای ئێمەوە گۆران هوشیارانە وێنەکانی پێشانداوەو سنوورێکی بۆ خۆی دەست نیشان کردووەو لەو سنوورە تێ پەڕنەکردووە ، کەوامان لێ بکات ناوێکی جینسی ی پەتی لەم هۆنراوانە دابنێین ، یان بە هۆنراوەی جینسی بیاندەینەقەڵەم ، هەرچەند گەلێ جار حاسەی (لەپش) بەکاردێنێ • گۆران لەگەڵ هۆنراوەی دیکەیدا ، ڕێزو نرخو پایەیەکی بەرزی بە ئافرەتو ئەو جوانیو شۆخە نموونەییەی داوە کە بەردەوام مەستی کردووەو بە سۆزو خۆشەویستی یەکی ئاگرو بڵێسەدارەوە باسی کردووەو وا

---

(۲۳۹) بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ــ دەقی هۆنراوەکە ل ۳٦
(۲٤۰) بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ــ دەقی هۆنراوەکە ل ٤١ •
(۲٤۱) بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ــ دەقی هۆنراوەکە ل ٥۳ •
(۲٤۲) بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەیە ــ دەقی هۆنراوەکە ل ٤٧ •
(۲٤۳) ئافرەتو جوانی لای گۆران ــ نووسەری کورد ژمارە ــ ۱ ــ ساڵی ۱۹۷۹ ل ۳۲ــ۳۳ •

ئەم جیهانەی ڕازاندۆتەوە ئارایشی کردووە ، هەرگیز هیچ شاعیرێکی تر لە هیچ کاتو ساتێکی مێژووی کۆنو نوێدا نەگەیشتۆتێ ، چونکە گۆران ، تەنها گۆرانە ، واتە لاسایی شاعیرێکی تری نەکردۆتەوەو خۆی ڕێگاو ڕێچکەو ڕێبازی بۆ خۆی دروستکردووەو داهێنانەکانی لە ئاسمانی هۆنراوەو ئەدەبی کوردیدا دیارەو گۆران زۆر جار ئەو جوانییە واتە جوانیی ئافرەتی وەکو ئایینێك داناوەو دەیپەرستێ ، کاتێ دەڵێ(٢٤٤) :

سڵ مەکە لە مەیلی بەگەرمی ڕوانینم
پیاوێکم جوانییە قیبلەگای ئایینم

یان دەڵێ ( ٢٤٥ ) :

تۆ ئەپەرستم ،
بۆیە وا مەستم ،
بۆ ئایینم ئەگەڕێ
هەندێ کەس ،
با جاڕ بدرێ :
تۆیتو بەس

ڕاستە شاعیرانی پێش گۆران باسی دڵبەرو دۆستەکانیانی کردووەو بە ئایینو وقیبلەگا دایان ناون ، یان خاکی بەرپێیانی ماچکردووە .. هتد .. بەڵام ، هیچ شاعیرێك وەکو گۆران وێنەی نوێی وای

---

(٢٤٤) بڕوانە سەرجەمی بەرهەمی گۆران ـ بەرگی یەکەم ـ دیوانی گۆران ، محمدی مەلا کریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووە ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق بەغدا ١٩٨٠ ل ٢٦ .

دانەڕشتووەو کەرەسەی تازەی بە تایبەتی زمانی کوردیی پەتی بەکار ـ نەهێناوە ، وەکو کاکەی فەللاح دەلێ[٢٤٥] :

( ئەم چەشنە دەربڕینو بیرکردنەوەو روانینە ، سەرەڕای جوانییەکانی لەو سەردەمە دواکەوتووە وا لەو داروبارە کۆمەلآیەتییە بنە جێماوەی ئەوسادا ، بە تایبەتی لە شەوەزەنگی تاریکیوەك عەباو بە چەو شاردنەوەی جوانیی ئافرەتدا ، جۆرە تێپەڕینیو بێباکیو ڕاپەڕینێکی ئەدەبیی دیارو سەرکەوتو بوو لە لایەن شاعیرەوە ) •

گۆران نەك هەر بیرو بۆ چوونو وێنەکانی تازەو نوێن ، بەڵکو ئەگەر بێتو وردتر لە هۆنراوەکانی لێکۆڵینەوەو بە وردی لێکیان بدەینەوە ، ئەوا دەبینین لە جیهانی لێکچواندنو خوازەو خواستەو وردەکارییەکانی هۆنراوەی کوردیدا جیهانو دنیایەکی نوێمان بۆ دێنێتە ئاراوە ، گۆران لەم قۆناخەیدا ، واتە قۆناخی دووەمی هۆنراوەکانی کە قۆناخی ڕۆمانسییە کە ، شوێن پێی شاعیرانی پێش خۆی نەکەوتووە ، کە ، قژ بە شامارو دوو پشكو چاو بە نێرگسو ئەبرۆ بە کەوانی مانگو شمشێر هتد •• بەڵکو بە چاوی دڵەوە سەیریان دەکاتو هەربەم جۆرەش وێنەیان دەکێشێو ئەو جیهانە تایبەتییە دەرازێنێتەوەو ڕەنگاو ڕەنگیان دەکات •

نووسەر کاکەی فەللاح کە لە هۆنراوەکانی گۆران دەکۆڵێتەوە ، وەستایانە بۆی دەچێو بە وردی دەچێتە بنچو بناوانیانەوەو سەرنجمان

(٢٤٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٣٠ ـ ٣١ •
(٢٤٦) کاروانی شیعری نوێی کوردی بەرگی یەکەم ل ٤١•

بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە بڵێین تەنها گۆرانە ، دنیای شیعری کوردیی بە تایبەتی ئەوانەی لە بارەی ئافرەتەوە وتراون ، دنیایەکی نوێی فراوانو پانو بەرینو ڕازاوەو گەیاندۆتە لوتکەی داهێنان •

گۆران دەزانێ چ جۆرە بابەتێك هەڵدەبژێرێو چۆن لە سەرتاوە دەست پێ دەکاتو چ جۆرەوشەو زاراوەی بە چنینێکی سفتو سۆڵو گونجاو کە واتایەکی قووڵ ببەخشنو گرانو قورس نەبنو زۆر لە زمانی خەڵکەکەوە نزیك بێت ، هۆنراوەکانی دروست دەکات ، بۆ نا شاعیری ئاوبراومان خاوەندی فەرهەنگێکی وشەی فراوانەو لەم لایەنەوە خاوەنی دەسەڵاتێکی گەورەو هەرگیز لە دەربڕینی تاقیکردنەوەکانیدا پەکی نەکەوتووەوسەرکەوتوانە وشەی ڕەسەنو بەتیی پاكو بێ گەردی بەکارهێناوە ، واتە ئەم زمانەی شاعیرمان زمانێکی دروستکراوو ئامادەکراو نییە وەکو ئەوەی لای شاعیرانی کلاسیکدا بەرچاومان کەوت چونکە شاعیرانی کلاسیك فەرهەنگو زاراوەی ئامادەکراویان لەبەر دەستدایەو وێنە شیعری یەکانیان لێدروستدەکەن ، کەچی لای گۆران هەموو شتێك تازەو نوێیەو خۆی دەیهێنێتە ئاراوەو بەسووكو ئاسانیو پڕ لە مۆسیقاو ئاوازو بە ئەندێشەی بەرزو ناسكو سفت پەیوەستیان بەیەك دەکاتو جیهانێکی تایبەتی جوانو ڕازاوەو قەشەنگمان بۆ دەخوڵقێنێو لە هەموو شیعرەکانیشیدا خوێنەر دەتوانێ وێنەی کەسایەتیی بەهرەی شاعیر ببینێ •

سێیەم :قۆناخی ڕیالیزمو ڕیالیزمی تازە

---

هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٠ەوە شێوازی ڕۆمانسییەت لای گۆران بەرە بەرە ڕوو لە کزی دەنێو بەرەو نەمان ڕێگا دەگرێتەبەر ، وەکو لە

فەسلەکانی رابوردوومان‌دا بینیمان قۆناغ بەقۆناغ دەڕوێشتو هەنگاو هەڵدەگرتو هەر ئەم قۆناغ پێشکەوتنانە ، بەرەوپێش چوونی بیروفیکری شاعیرمان بـۆ دەسـت‌نیشـان دەکات .

شاعیر هەمیشە بە تینووی جوانیو ڕاستی بووەو بە دوایانا دەگـەڕاو لای ئافرەت دۆزییانەوەو گەیشتـە ئارامگای خـۆیو بەم جۆرە پێـی نایەهەنگاوی سێیەمو قۆناخێکی نوێ لە ژیـان ، دوکتور عیـزەددین مستەفا ڕەسول لە کتێبی ( الواقعیە في الادب الکردی )دا لـەم‌بارەیـەوە سەرنجـی خۆیمـان بـۆ دەردەبـڕێو دەڵێ[٢٤٧] :

چەمکو تێگەیشتنی جوانی لە چەرخی ئێستامان‌دا ، بەسـەر ئـەو هەموو تێکەیشتنو چەمکانەدا زاڵە کە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست‌دا باوبوون ، چونکە تەنها بەوانیی ڕووتەوە نەوەستـاوە ، کـە جوانی‌یەکی ساردو سڕی بێ‌گیان بێ جوولە لێیان بەدی‌دەکـرا جوانیـی ئەم سەدەیە شەرتێکی بنچینەی تیادایە ، ئەویش ئەوەیە ، دەبێ ئەم جوانی‌یە لەڕێـزو کەرامەتی ئافرەت‌دا بەرزیکاتەوەو پلەیەکی بەرزی بداتێ ، چونکە ئـەم جوانی‌یە هەرگیز بە بێ ڕێزلێ‌گرتن بوونی نی‌یە ) .

هەروەها دوای جەنگی گیتی‌ی دووەم ڕێبازی ڕیالیزمو ڕیالیزمـی سۆشیالیستی ، لای گۆران پتەوترو بەهێزتر دەبووو داهێنانی شاعـیر گەیشتە پلەو پایەیەکی بەرز لە ئەدەبی کوردیداو وەرچەرخانێکی گەورەو مەزنی هێنایە ناوەرۆکی ئاوەرۆکی هۆنراوەکانی چەمکـی کۆمەڵایەتـی‌و نەتەوایەتی‌و سیاسیی‌یان بە خۆیانەوە گرت وەکو مەسەلەی گەلو ئازادی‌و مافو دادو کاروباری کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤایەتی‌و چینایەتی ، گرتەخـۆ ،

(٢٤٧) الواقعیە في الادب الکردی — د. عزالدین مصطفی رسـول .
منشورات المکتبە العصریە — صیدا — بیروت سنە ١٩٦٦ ص ١٨٣ .

بە کورتی شاعیری ناوبراومان لەم قۆناخەیدا ئافرەت وەکـو مەسەلەیـەك باس دەکات ، جا ئەم ئافرەتە دلدار بێت یان شۆڕشگێر بێت یان زولـم ــ لێکراو بێت ئەوا شاعیر بەو پەڕی لێپرسراوی وێنەی دەکێشێ •

وێنەی نوێ « کە هیچ جیاوازی یەکی لەگەل پیاودا نی‌یەو هەردووکیان چ لە ئاسۆی دلداریو چ لە ڕووبارەکانی تری باری ژیانو گوزەرانـی ڕۆژانەیاندا یەکسانی‌یەك لە نێوانیاندا هەیە • کەوابێ گۆران لێـرەدا شاعیرێکی (ملتزم) ، کە هەست بە ئازارو خەمو نەژارەو ناتەواوی‌یـەکانی کۆمەلەکەی دەکاتو دەیەوێ هوشیاریان بەکاتـەوەو چارە بۆ نەخۆشی ــ یەکانیان بدۆزێتەوەو لەپێناوی کۆمەلێکی کوردەواری پێشکـەوتوودا، ئـەم جۆرە کۆششو خەباتو تەقەلایانەی‌داوە •

ڕەفیق حیلمی لە (کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)دا لەو هۆنراوانەی کە ناوەرۆکی کۆمەلایەتی‌یان هەیە ، دواوەو سەرنجی خۆی بۆ دەربڕیووینو دەلێ[٢٤٨] : (گۆران زۆرتر لە (واقع)دواوەو گەلێ (لەوحە)ی کۆمەلایەتی لە ژیانی کوردەواری بۆکێشاوین ، بەلام ئەم لەو حانە ، کە (واقـع)ی ــ قەومەکەمان پیشان ئەدا وەراستە ا ( خەیال )یش بەشی وەرگرتـووە ، ئەوەندە هەیە ئەم بەشە لە (ڕادەیەك) نەچۆتە دەرەوەکە پێویستی (فەن)بێ)•

نووسەرهۆنراوەی (گولی خوێناوی) دەکاتە نموونەو بەلگە بـۆ قسەکانی کەچی هەندێ ڕەخنەگری[٢٤٩] خۆمـان لـە سووجێکی کـەوە

---

(٢٤٨) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی • چاپـی دووەم • ڕەفیق حیلمـی • چاپخانەی ــ الشباب ــ بەغدا ١٩٥٦ • ل ١٦٩ ــ ١٧٠ •

(٢٤٩) بروانه من قضايا المراه بين آيات قرآنيه واتجاهات شعريه د• كامل حسن البصير ، مطبعة المجمع العلمى العراقى • بغداد ١٩٨١م ص ٠٧٥

دەڕوانێتە ئەم هۆنراوەیەو ڕایەکی پێچەوانەی ( ڕەفیق حیلمی )دا هەیەو ئافرەتەکە بە ئافرەتێکی خۆپەرستو هەڵخەڵەتاو دەداتە قەڵەمو تەنها لایەنی هونەریی هۆنراوەکە ڕەچاو دەکات گوایە لە وەسفو پیاهەڵدانی جوانیی ئافرەتو ڕازاندنەوەی ئەو جیهانەزیاتر شاعیر هیچی تری نەوتووەو هۆنراوەکە لە بیری کۆمەڵایەتیو سیاسی دوورەو بێ ئامانجو بێ هیوایە .

هەرچونێك بێت ، ئێمە تەماشای دەقەکە دەکەینو سەرنجی خۆمان لە ڕوانگەی لێکدانەوەو بۆ چوونی شاعیردا دەردەبڕین ، شاعیر دەڵێ[٢٥٠]:

(٢٥٠) بڕوانە سەرجەمی بەرهەمی گۆران ـ بەرگی یەکەم ـ دیوانی گۆران ـ کۆکردنەوەو ئامادەکردنی محمد مەلا کریم .
چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ـ بەغدا ١٩٨٠ ، ل ١٦ .

## گـــــولێ خوێنـــــاوی

— ١ —

کـــــوڕ :

بڕوانە : شایی‌یە ، چۆپی‌یە ، لەوماڵە
گوێ بگرە ! زۆڕنایە ، دەهۆڵە شمشاڵە
زەردو سوورتیکەڵ بوون ، ژن‌و پیاوهەرایە
لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە
ساتو خوا ، خێراکە ، بڕۆین ، دەست بگرین
بە کامی دڵداری پێکـــەوە هەڵپەڕیـــن !..

کـــــچ :

گوڵ نەبێ بـــۆ سەرم : ئاڵ چەپکـــێ ، زەرد چەنکێ
نایەم بـــۆ زەماوەن ، نایەم بـــۆ هەڵپەڕکـــێ !

کـــــوڕ :

کچ لە ڕێی جوانیتا ، کچ لە ڕێی جوانیتـــا ،
کچ لە ڕێی ئیو نیگای هاتو چۆی کانیتا ،
پایزە ، گەڵای‌دار ڕژاوە ، باغ رووتە ،
گوڵ کوانێ گوڵ لێوی بە بـــزە پشکوتە !..

کـــــچ :

گوڵ نەبێ بۆ سەرم : زەرد چەپکێ ئاڵ چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەن ، نایەم بۆ هەڵپەرکـــێ !

بتدایە دڵ بە من ، بە هەموو مەعناوە،
دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە !..

کـــــوڕ :

(ئەڕواو لەبەر خۆیەوە بە گۆرانی ئەڵێ ) :
باغچـــەی پاشـــا لەوبەر تاوە ،
خێڵی دوژمـــن دەورەی داوە ،
ئەڕۆم ڕێگـــام لـــێ گیراوە ،
ناڕۆم چاوکاڵ لێـــم تـــۆراوە :

— ٢ —

کـــــوڕ :

بە باغچەی پاشادا وورگەڕام خوارو ژوور ،
زەرد هەبوو بۆم چنیت ، چنك نەکەوت گوڵی سوور ،
نازانم ئەمجا دێێت بۆ شایی و هەڵپەرکـــێ ؟
نایەم ، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ !

کـــــوڕ :

( یەخـــەی مراخانیی ترازان ) :
ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتـــی ؟
کـــــچ :
مەی هاورا ! تفەنگی دوژمنیش بێگانی !
ڕاکشێ تاوێ سەر بێـــرەسەر ڕانم ،
بابگریم بۆ دلێ ، بـــۆ گوڵێ دۆرانـــم !..

واتای هۆنراوەکە ئاشکراو دیارە چونکە بە کوردی یەکی پەتی و ڕەوانو بە زمانی خەڵکەکە شاعیر هۆنیویەتەوە ، لاوێك کچێکی خۆش دەوێ و داوای لێ دەکات لەگەڵ بێت بۆ زەماوەندو لەگەڵ لاوانو خەڵکی تردا هەڵپەڕنو ساتێکی خۆشی بەرنەسەر • کچەکەش شەرتێکی بۆ دادەنێ ئەگەر ئەو شەرتە جێبەجێ نەکات ، هەرگیز ناڕواتو بەشداری لەو زەماوەندە ناکات ، شەرتەکەشی ئەوەیە دەبێ چەپکێکی گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و سووری بۆ بێنێ ، وەرزیش پاییزەو ئەگەر ئەو جۆرە گوڵانەش دەسکەوێت مەگەر تەنها لە باغی پاشادا بێ ، ئەگینا هەرگیز چنگ ناکەوێ هەولی کوڕ بەفیرۆ دەڕوات بۆ قایل کردنی ئافرەتەکەو ناچار روودەکاتە باخی پاشاو لەو تەنها گوڵی زەردی حنگ دەکەوێ و بەلام پاسەوانەکانی باخی پاشا ، بەتفەنگ دلی کوڕ دەپێکن ، شاعیر هۆنراوەکەی بەوە کۆتایی دێنێت ، کوڕ لەگەڵ چەپکێ گوڵی زەرد ، دەگاتە لای کچ ، بەلام بە دلی زامدارەوەو دوایی کە سەری دەخاتە سەرڕانی کچ ، دەمرێ و کچەکەش لە هەڵوێستی خۆی پەشیمان دەبێتەوە •

ئێمە هەرگیز لەگەڵ ڕەخنەگری ناوبراوماندا نین ، کە گوایە هۆنراوەکە هۆنراوەیەکی دلداریی رووتەو تەنها لە باسێکی دلداریی پەتی یە ولەسنووری خۆشەویستیدا تێپەڕی نەکردووە •

ئێمە تەنها ئەو قسەیە یەی پەسەند دەکەین کە دەلێ :« ئافرەتێکی خۆپەرست بووە » ، بەلام ئەی نابێ پرسیارێك لە خۆمان بکەین و بلێین ئایا ئەم پەلپو بیانوو داواکاری یەی کچ لە ئەنجامی چی‌دا سەری هەلداوە ئەوەو لە چی یەوە هاتووە؟

جارێکان دەبێ ئەوە لە یادنەکەین ، لەو کاتو وەختەدا ئەم جۆرە

بیانۆو پەلپانە ، ئارادەیەك باوبوونە،بۆ ئەوەی کوڕ،ئازایەتی‌و وەفاداری‌و خۆشەویستی‌ی خۆی بچەسپێنێ‌و دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە بەڕاستـــی خۆشی دلدارەکەی دەوێ‌و بەمەش کچەکە لەنێو دەستـــــەی کچـــانی هاوڕێی‌دا ، شانازو ســەربەزرو خۆشحاڵ دەبێ •

بێجگە لە مانەش هەر لەو کات‌و زرووفەدا ، زۆرجار ئافرەت تووشی هەڵخەڵەتاندن بووەو ئابڕووی چووەو لە ئنجـامدا کچ بەدەســت باوك یان برا بە سەربڕین لە ناوبراوە کە دوایی لە هۆنراوەی «بەردە نووسێك» دەبینین‌و دیسان بە دوورودرێژی لێ‌ی دەکۆڵینەوە « کەوابێ چــۆن کوڕ ناقی نەکاتەوە کە کەتنی پێ نەکات‌و بگاتە قەناعەت کە نیـــازی پاکی هەیەو بە ڕاستی خۆشی دەوێ • کوڕ بــە گوللەی پاشــا بە هیچ‌و خۆرایی خەڵتانی خوێن دەکرێ‌و دەکوژرێ ئایا ئەمە یاری کۆمەڵایەتیی لەتەوەکەمان دەرنابڕی ، کە کۆمەڵی دەرەبەگ بە هەوەسی خۆیان زوڵم‌و زۆریان لــــە خەڵکی دەکرد ، بێ ئـــەوەی یاسایــەك هەبێــت‌و ســزای ئـــەم جـــۆرە تاوانکــارو خوێنــرێژانە بــدات •

لە هۆنراوەی «بەردەنووسێك»دا ، گۆران ، قووڵتر دەچێتە ناخی بابەتە کۆمەڵایەتی‌یەکەو تیایا شۆڕدەبێتەوە ، چۆن لە کۆمەڵێکی دواکەوتوو، وەکو کۆمەڵی کوردەواری ئەو کاتــە ، کــچ لە لایەن باوك‌و بــراوە بە گوشتن سزادەدرێ‌و کوڕ بێ باك‌و ئازادو سەربەست‌و کەس‌ناوی نابات ، شاعیر لێرەدا ، بە ئاشکرا دەست‌نیشانی ئەوە دەکات کە جیـــــاوازی لە نێوان نێرومێ‌دا هەیە کەئەویش پیاوو ئافرەتە،تەنها ئافرەتەکە زۆڵم‌لێ‌کراوەو ژێردەستەیەو لە هەموو شــت بێ‌بەش‌کراوە •

شاعیر بە زمانی کچی بێ تاوانو بەسەزمانی سەربڕاو قسە دەکـــاتو لە هۆنراوەی « پەردەنووسێـــك »دا دەڵـــێ[251] :

پەردەنووسێـــك

(لە سەرکێلی گلکۆی گەورە کچێکدا هەڵکەنراوە)

لە خاکی گلکۆما ئەی گۆڕستان گەڕ
ئاخێك بنێــــژە ،
بەکێلی مەڕمەڕما فرمێسکێکی تەڕ
لە چـــاو بڕێــــژە
لە دنیای ڕووناکتا منیش گیانێ بووم
لە لەشـــی جوانا ،
وێنەی پەپوولەیەك ئەهاتم ئەچـــووم
بـــەناو گـــــوڵانا !
کۆشی گەرمی دایك جێگای نازم بوو ،
گیان بووم لای باوك ،
ناوبانگی چاوڕەشی ڕوشتەی ڕازم بوو ،
بوو بوو بە لاوك ،
بەڵام ئاخ کە ناڵەی لاوکی لاوان

(٢٥١) هەر ئەو سەرچاوەیە بڕوانە سەرتاپای هۆنراوەکە ل ٢٠٩ .

زوو مەستی کـردم،

بەڕێـی عەشقـی پاکـا نام ملو ، تاوان

بـۆ لا ڕێـی بـردم !

لاوێکی نامەردم تووش هات لە ڕێمـا ،

بە سوێنو پەیمـان ،

وەك ڕەشمار پەیکـەی خوارد ، نووست لەناو جێما

ئەبـڕومی تکـان !...

ڕووی نیازی زەردی دایكو باوكو خـۆم

بێسوود کەوتە گـەڕ ،

خۆیشی چەشنی باوکی تفی هەڵدا بـۆم ،

گوێیلێ کـردین کـەڕ !

ئەو کوڕ بوو ، سەرەڕای ئەوەش دەستدار بوو ،

بە دەستـووری گـەل

ناپاکیی کردەوەی دوور لەپرسیار بوو ،

بەڵام ئاخ ، ئەجـەل !

منی ( کـچ ) مامزی بەندیخانەی ژیـن :

سزای تاوانـم ،

بە دەستی باوکی خۆم چووم بەسەربڕیـن !

پرچـی پەخشانـم ،

تلا لە خوێنەوەو کەوتـە سەرچاوم ،

ئیتــر نەمبینــی :

لە جەرگـــــی باوکمـا سەری بـڕاوم
چـۆن بـوو برینـی ؟

یان دایکی دلسۆزم وێرای بەبێ شەرم
بـۆ جوانـە مەرگـــی

وەك دایکان شیوەنێ لێ بگێڕێ بـە گەرم ،
ڕەش کا بـۆی بەرگـــی ؟..

نەخۆشی یەکانی کۆمەلەکەمان دەستنیشان دەکات ، جیاوازی نێـــوان ئافرەتو پیاو پیشان دەدات، ئەویش لـە شێوەی وێنەکێشانی کارەساتێکی دلتەزێنی کۆمەلی کوردەواریی ئەو سەردەمەدا کـە ئافـرەت بە چاوێکی کەمتر لە پیاو سەیردەکراو هەرگیز بگرە نەیدەتوانیو نەدەوێرا بـەرگری لە مافی خۆی بکاتو پەردە لە ڕووی ڕاستی بدڕێو یەکالای نهێنـی یەکە بکاتەوە . دایکی بە سەزمانیش لە ناوەوە ئەتلێتەوەو نەتوانـێ بـە ئاشکرا فرمێسکێکی بـۆ جوانەمەرسەکـەی هەلبڕێـژێ .

ئەمەش وەکو دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوول باسی دەکـــاتو دەلێ(٢٥٢) : ( ئەم جۆرە دەربرینە ڕیالیزیانەیە ، ئاوینەیێـەکە ژیانـــی ئافرەت لە کومەلەکەماندا پیشان دەدات ، بـە جیاوازیی لەگـەل پیـاودا

(٢٥٢) بڕوانە سەرجەمی بەرهەمی گۆران ــ دیوانی گۆران ــ کۆکردنەوەو ئامادەکردنی محمدی مەلا کریم چاپخانەی کۆڕی زانیـاری عیـراق بەغـــدا ــ ١٩٨٠ ــ ل ١٤٧ .

هەیەو بە چاوێکی یەکسانی یەوە سەیر ناکرێت ، نە لــــە مافـــەکانیداو نە لە کاروباری تردا کــە پێـی دەسپێردرێـــت ) •

گۆران وەکو ڕابەرێك و ڕێ پیشاندەرێك ، تابلۆی ژیانی گەلەکەمانی بە پەڕەمووچە ناسکەکەی کێشاوەو گەلێ کارەساتی دەلتەزێنی خۆیناوی ، لە کۆمەلێکی دواکەوتووی وەك کۆمەلگای کوردەواری باس کردووە بە جوانیو بە زمانێکی ڕەوانو سادەو بێ گرێ وێنەیان گرتووەو پەنجـــە بـــۆ هۆیەکانیـــان درێژ کـــردووە •

شاعیر دەیەوێ کۆمەلەکـــەی هوشیاری بکاتەوە ، کــە هیـــچ فـــەرقو جیاوازی یەك لە نێوان ژنو پیاودانی یە ، ئەگـــەریش هەبێت ، ئـــــەوا دەسکردی کۆمەلەو هیچیتر ، بۆیە ئازارەکانی ئافرەتی خستۆتەڕوو ، کە ژیانیان هیچ لە زیندانێك کەمتر نەبووەو لەو زینــــدانە تاریکـــەدا ، حەزوئارەزوو مافەکانی زینـــدەبەچـــاڵو یەندەکراوە •

گۆران لە هۆنراوەی ( بوکێکی ناکام )دا بەسەرهاتـــی دلداری یەك ، دەکاتە نموونەیەکی بەرزی بەهێزی بیرو باوەری مرۆڤ ، بەرانبەر بـــە زوڵمو زۆریو ستەمکاریـــی زۆرداران ، کە ئاغاو دەرەبەگەکان دەیکەن ، بێجگە لەمەش پەردە لەڕووی کۆمەل لادەدات کـــە چـــۆن باوكو بـــــرا بەهەوەسی خۆیان کچیان دەدەن بەشوو ، بێئەوەی « ڕای ئافرەتەکـــــە وەربگرن ، کابرایەکی پیری دەولەمەند کچێکی (١٥) ساڵان دەخـــوازێ ، یان وابابێین دەکرێ ، یان ژن بە ژنی دەکات ، ئافرەت لێرەدا ناچارە وورتە لە دمی یەوە نەیەتە دەرێو بە ژیانێکی تالی پر مەینەتو کلۆل قایـــل بێو گشت نهێنیو حەزەکانی بشارێتەوەو لە گەل خۆیا بیانباتە گلەوە • بەلام گۆران لەم هۆنراوەیەدا وێنەیەکی تری جیاواز پێش کەشمان دەکـــات ،

وێنەیەکی پڕ لە ئەمەکداری‌و بەوەفا کە دڵی ڕاستەقینەی ئافرەتی تیادا چاندووە ، کە هەرگیز ئەو دڵە کەس ناتوانێ بیفرۆشێ یان بیکڕێ ئەمەش وێنەیەکی نوێیە لای گۆرانی مەزن ٠

گۆران لە هۆنراوەی ( بوکێکی ناکام )دادەڵێ [352]:

## بووکێکی ناکام

هەی سوار بێ ! هەی تفەنگچی دەست باتە تەنگ ٠٠
هەی ژنی جوان ئارایشتی خۆی کا بۆ ئاهەنگ !

لەژێر تارای سورمەچنا هەرە جوانی دێ ،
( کچی جووتیار ! ) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ ٠٠

کۆشکی ئاغا گەچ‌کاری‌یە ، ئاوێنەبەندە ،
کەس نازانێ بە ژمارە ، پەنجەرەی چەندە !

حەوزو فوارەی حەوشی مەڕمەڕ ، باغچەو چیمەنی
بەسەرناچێ هەرگیز سەوزی‌و گوڵی دەگمەنی !٠٠

جوانی لادێی ڕومەتی وەکوو تەڵی وەنەوشە
بە ئاوریشم‌و بە ئاڵتوونی ئەم کۆشک‌و حەوشە :

لە تەوقی سەر تا بەری پێ پەرداخت‌و تۆشتە ،
سوارکراوە ، شۆخ‌و نازدار وەکوو فریشتە ٠٠

خراوەتە ڕێ پەردەی ئەتلەس‌و گووروون ،
بۆ باخەڵی ئاغای پێش چاو بە چڵچرا ڕوون !٠

دەستو کاسەو پەنجەی دۆگیر ،نیگای چاوی ڕەش ،
گڕی لەشی دامردەوە بە دۆی سەرتەزێن ،

ئاغای خاوەن هێزو شکۆ ، خاوەن سامداری ،
لەکاتێکا درێژئەکا دەستی دڵداری

بـۆ گەردنی گوڵی کێویی لە جڵ هەڵکەنراو ،
نمی فرمێسك بەدیئەکا لەسەر کلی چاو !

مووچڕ کەیەك بە سەرتاپای لەشیا ئەگەڕا
ئاگاداره فرمێسکی سۆز ، دێتە خوار بۆ کێ !..

کچی جووتیار بۆ بەهەشتی ژینو دڵداری ،
لە گەڵ کوڕی شوان بەستبووی پەیمانی یاری !

کوڕی شوانی برژاوی ئیش ، لە بەر هەتاو قاڵ ،
مەچەك ئەستوور ، لەش کەڵەگەت ، دەفەی ناوشان چاڵ .

تیری خوای عەشق هەتا شاپەڕ دڵی سمیبوو .
کچی جووتیار لە بەرچاوی بت بوو ، پەری بوو !

ئەم نازدارەش بە شەوو ڕۆژ نەخشی خەیاڵی
کوڕی شوان بوو : باڵای بەرزی ، ناوشانی چاڵی !

ئیتر ڕێگای دارستانو ، ناوڕانو ، دێبەر
بوو بە شانۆی سەرگروشتەی دڵدارو دلبەر :

هەر بن دارە ، بن دەوەنە ، هەر بستە خاکە
ئاگاداری چەن بەندێك بوو لەم عەشقە پاکە !..

هەتا ڕۆژێ بۆ کلۆڵی ئاغای شکۆدار ،
لەسەر ڕێی ڕاو ، کاسەیەك دۆی وەرگرت لە نازدار ،

بەڵام کوورەی دڵی کەوتە بەر بای باوەشێن !
زوو ئەم شۆخە نەرمو نۆڵەی بە بووك بۆ بیرێ ..

پیاو ماقوولـــی ڕاستێـــری کرد تاوەك ساز بکرێ ،
هەستیی ئاغای فرێدایە ناو ئاگری گەش !

لە دەمی‌یەوە نەیەتە دەرێو بە ژیانێکی تاڵی پڕ مەینەتو کلۆڵ قایـــل بێو گشت نهێنیو حەزەکانی بشارێتەوەو لەگەڵ خۆیا بیانباتە گلەوە . بـــەڵام گۆران لەم هۆنراوەیەیدا وێنەیەکی تری جیاواز پێش‌کەشمان دەکـــات ، وێنەیەکی پڕ لە ئەمەگداریو بەوەفا کە دڵی ڕاستەقینەی ئافرەتی تیــــادا چاندووە ، کە هەرگیز ئەو دڵە کەس ناتوانێ بیفرۆشێ یان بیکرێ ئەمەش وێنەیەکی نوێیە لای گۆرانـــی مـــەزن .

گۆران لە هۆنراوەی ( بوکێکـــی ناکام ) دادەڵێ (٢٥٣):

بووکێکـــــی ناکـــــام

هەی سوار سوار بێ! هەی تفەنگچی باتە تفەنگ !
هەی ژنی جوان ئارایشتی خۆی کا بۆ ئابەنـــگ !..

لەژێر تارای سورمەچنا هەرە جوانی دێ ،
(کچی جووتیار !) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ ..

کۆشکی ئاغا گەچ‌کاری‌یە ، ئاوێنەبەندە ،
کەس نازانێ بە ژمارە ، پەنجەرەی چەندە !

---

(٢٥٣) هەر ئەو سەرچاوەیە تەماشـــای هۆنراوەکە بکە ل ٥٧ .

حەوزو فوارەی حەوشی مەڕمەڕ ، باغچەو چیمەنی
بەسەرناچێ هەرگیز سەوزی‌و گوڵی دەگمەنی !..

جوانی لادێی ڕووتی وەکوو تەڵی وەنەوشە
بە ئاوریشم‌و بە ئاڵتوونی ئەم کۆشک‌و حەوشە :

لە تەوقی سەر تا بەری پێ پەرداخت‌و پۆشتە ،
سوارکراوە ، شۆخ‌و نازدار وەکوو فریشتە ..

خراوەتە ڕێ پەردەی ئەتلەس‌و گووروون ،
بۆ باخەڵی ئاغای پێش چاو بە چڵچرا ڕوون !.

ئاغای خاوەن هێزو شکۆ ، خاوەن سامداری ،
لەکاتێکا درێژئەکا دەستی دڵداری

بۆ گەردنی گوڵی کێویی لە جێ هەڵکەنراو ،
نمی فرمێسك بەدی‌ئەکا لەسەر کلی چاو !

مووچڕکەیەك بە سەرتاپای لەشیا ئەگەڕێ :
ئاگادارە فرمێسکی سۆز ، دێتە خوار بۆ کێ !..

کچی جووتیار بۆ بەهەشتی ژین‌و دڵداری ،
لەگەڵ کوڕی شوان بەستبووی پەیمانی یاری !

کوڕی شوانی برژاوی ئێش ، لە بەر هەتاو قاڵ ،
مەچەك ئەستوور ، لەش کەڵەگەت ، دەفەی ناوشان چاڵ .

تیری خوای عەشق هەتا شاپەڕ دڵــی سمبیوو .
کچی جووتیار لە بەرچاوی بت بوو ، پەری بوو !

ئەم نازدارەش بە شەوو ڕۆژ نەخشی خەیاڵی
کوڕی شوان بوو : باڵای بەرزی ، ناوشانی چاڵی !

ئیتر ڕێگای دارستانو ، ناوڕانو ، دێبەر
بوو بە شانۆی سەرگروشتەی دڵدارو دڵبەر :

هەر بنداره ، بندەوەنە ، هەر بستە خاکە
ئاگاداری چەن بەندێك بوو لەم عەشقە پاکە !..

هەتا ڕۆژی بـۆ کلۆڵی ئاغای شکۆدار ،
لەسەر ڕێی ڕاو ، کاسەیەك دۆی وەرگرت لە نازدار ،

گڕی لەشی دامردەوە بە دۆی سەرتەزێن ،
بەڵام کوورەی دڵی کەوتە بەر بای باوەشێن !

دەستو کاسەو پەنجەی دۆگیر ، نیگای چاوی ڕەش ،
هەستیی ئاغای فڕێدایە ناو ئاگـری گـەش !

پیاو ماقووڵی ڕاسپێری کرد تارەك ساز بکرێ ،
زوو ئەم شۆخە نەرمو نۆڵەی بە بووك بۆ ببرێ ...

کوڕی شوانە کە ئەمەی بیست شێت بوو ، دایە کێو ،
زەویی داگرت بە تفکردن ، ئاسمان بە جنێو !

چەن جارێ شەو ماڵی ئاغای دایە بەر تفەنگ ،
دەغڵی سووتان ، باغی بڕی ، بۆ ئەتكو بۆ پەنگ :

کلكو یالی چەن چارەویی قەڵکرد بە خەنجەر ،
بەسەر ڕنای ئاغایا داو مەڕی دایە بەر ..

تاکو دوایی ڕۆژێ بەختی تۆکەری ئاغا
خەوی لێ خست لە سێبەری درەختی باغا ،

پەنجەی کینــە لەسەر پیلکــەی تفەنگ کەوتە کار ،
کۆستی دلی بۆ ئێجگاری کەوت کچی جووتیار !

ئێستا ئەوا هەرچی بلێی نیعمەتو نازە
هەمووی ئەدا بە یەك دلۆپ فرمێسکی تازە ،

لەبەر دەرگای چاوی ڕەشا بلەرزێو بلێ :
دەستــی زۆردار سەد سەر ئەکا ، ناگاتە دلــێ !•

وەکو ئاشکرایە ، کوڕی شوانو کچی جووتیار یەکتر پیان خۆش دەوێو پەیمانی دلداری دەبەستن ، بەلام ئاغای خاوەن دەسەلات ، کــە کچــی جووتیار دەبینێ ، شەیدای دەبێو دەیخوازێ ، کــوڕی شوانیش شێــتو شەیدا دەبێو بیر لە تۆلە دەکاتەوەو باخو خەرمانو مــالو مــالاتــی ئاغــا دەسوتێنــێو زیانــی دەگەیەنــێو دوایــی بــە دەستــی پیــاوانی ئاغــاوەدەکوژرێ •

گۆران دیسانەوە باری کۆمەلایەتیی دواکەوتووی میللەتەکــەمان وێنە دەکێشێو ئافرەتە بەستە زمان بۆتە قۆچی قوربانیی کۆمەل ، کــە تیایدا یەکسانــی لە نێــوان پیــاوو ژندا ونــە •

کچی جووتیار دلی خۆی بەو هەموو نازونەعمەتو پارەوزێڕو کۆشكو تەلارانــە نافرۆشێو دلی هەر لای کوڕی شوانی هەژارەو فرمێســك بــۆی ئەڕێــژێ •

کاتێ دەیبستێ کە کوڕی شوان بە گوللەی ئاغای دەکوژرێ ، ئەمیش خۆی دەکوژێ • مەبەستی سەرەکی هۆنراوەکە ئەوەیە ، هەرگیز زوڵم و زۆرو دەسەڵاتی دەرەبەگ و ئاغا ناتوانێ ئەو دڵە ناسك و بێ تاوانە بخنکێنێ ، خۆکوشتنی کچەکە وەکو (تەحەدایەك) ە بۆ ئەو زوڵم و زۆرییەیە ، شاعیر لەم جۆرە هۆنراوانەیدا • چینی هەژارو بێدەرەتان دەکات و بەرگری لە ماف و بەرژەوەندییان دەکات •

گۆران لە هۆنراوەی (ئەنجامی یاران)دا ، لە هەمان سووچەوە بە ناخی کۆمەڵی دواکەوتوومانندا شۆڕدەبێتەوەو پەردە لە ڕووی داماڵێ و هەر ئەو ئەنجامە دەبەخشێت ، تەنها جیاوازییەکی تیادایە ، ئەویش بەلای ئێمەوە زۆر گرنگ و بەنرخە ، شاعیر دوای ئەوەی پەیمان بە دڵدارەکەی دەدات کە نیشتمانەکەی بگاتە ئاوات ، ڕوودەکاتە خەبات و تێکۆشان لە ما فی نەتەوەکەیدا ، ئەوسا دەگەڕێتەوەو هەردووپێکەوە دەژین لەژێر سێبەری نیشتمانی خۆشەویستدا •

لێرەدا شاعیر مەسەلەی نیشتمانپەروەری دڵداریی ئامێتەی یەکتری کردووەو بگرە سەنگی تەرازووەکە زیاتر بەلای بەرژەوەندیی نیشتماندا قورس دەبێتەوە ، بۆیە دڵدار نایەوێ بگاتە دڵبەرەکەی تا نیشتمانەکەی ئەگاتە ما فی خۆی • گۆران دەڵێ(٢٥٤) :

ئەنجامی یاران

شوێن :سەرچاوەیەك لە بن سێبەری کۆمەڵە درەختێکا، لە دێیەکی بنار شاخ • پلووسکێکی دارین لە

---

(٢٥٤) هەر ئەو سەر چاوەیە بڕوانە هۆنراوەکە ل ٣٤٩ •

کەڵەکە بەردێکی بەرزەوە ئاوێکـــی زۆری لـــێ دێتـــە خوار ..

بـــرزوو :

ئەی دایەی سەرکانیـی ژێر سوورە چـار ،
داپیرەی نوورانـی ؟
کوافەڕی ئەم کاتەی ئەم جێگایەی پار ؟
کوا شـەوقی جارانـی ؟

وەنـــەوش :

کوڕی خۆم ، ڕێبواری جوانو هەرزەکار ،
جیاوازیی چیـت دیـوە
لە کانیو پلووسکی ژێر سێبەری دار ،
کە زیخی مرواریو ئاوی وەك زیـوە ؟

بـــرزوو :

دایە ، ئاو ئەو ئاوە ، جێگە ئەو جێیە
هیچ نەگۆڕاوە ،
بەڵام سوورە گوڵێك هەیە لەم دێیە
مەنیجی ناوە ،
نابینم وەکوو پار لە بەر پلووسکا
ئاو بدا بە کوڵمی نەرمو ناسکـا !

وەنـــەوش :
ئەی جوانی سەر ڕێگا ، زۆر هەنگی برسی
بە باڵ هات لە دوور
لایدایە ئەم شوێنەو ئەم پرسەی پرسی
دەرحەق گوڵــی ســوور !٠
پێم ناڵێی چ کاری ، ڕۆڵەم ،چ کەسی ؟
سەر سەودای چی کەوتووی ، مەنیج ئەپرسی ؟
بـــرزوو :
دایە ، پار چەتە بووم ، چەتەی نیشتمان
لە شاخ هاتمە خوار
لەسەر ئەم پلووسکە مەنیجی چاو جوان
تووش بووم یەکەمجار
بۆم ڕوانی ٠٠ بۆی ڕوانیم بە دوو چاوی ڕەش
سەرکوڵمی ئاڵتر کرد زەردەخەنەی گەش !
وەنـەوش « لەبــەر خۆیــەوە » :
ڕووخۆشیو شەرمو ناز تێکەڵ پیشاندان
هەر شیاوی خۆتە ئەم مەنیجی جوان !
برزوو «لەسەر گۆرانیی خۆی ئەڕوا » :
بەو دڵەکوتێوە کە چوومە پێشتر ،
داوای ئاوم کــرد

بۆی ڕوانیم بە نیگای ڕیشەی دلکێشتر
دەستی بۆ جام برد

بینم نا بـە جامی ( ناهیتا )وە ،
( خوا ژنی نازداری کانیو سەرچاوە )

ئاوم خوارد ، سرنجم دا لە باسکی ڕووت ،
پـووزی هەلکـراو

لەسەر وردە زیخی مرواریو زمڕووت
وەك مەڕمـــەڕ تاشـــراو

ڕوانیمە بالآی ڕێك ، سـەرو پێچـی شل
ئەگریجەی وەك شەوەی سەربەفری لا مل .

وەنەش « لەبەرخۆیـەوە » :
شیرینە سەرتاپای ئەندامی مەنیج

شیرین‌تر : ڕەوشـتو خوو فامی مەنیـج !

برزوو « لەسەر تەواو کردنی گۆرانیی خۆی نەڕوا » :
بە قسەی لەرزۆکی لە گەروو گیراو
لە گەلی دوام

لاوانمی بە دەمو لەبزی وەك شەکراو
پرسیـــارو وەلآم

گەیشتە : ناونیشان ، ناو ، دۆست ، دەزگیران

تا دەستمان بۆ یەکتر نایە سەر قورعان :
کە هەرکا پێویستـــی نیشتمانم دی ،
مالی‌زۆر هەلگرم ، بێمە خوازبێنیی
گول غونچەی هیوام !
و! ئێستا چیم هەبوو کردوومە بە ئەخت
وەك عەودال کەوتوومە شوێن ترووسکەی بەخت

وەنـــەوش :
ئەی ڕۆلەی لاوچاکم ،
داخـــی گرانـــم !
زمانم ناچەرخێ بە قسەی ڕەوان
ئـــەوەی ئەیـــزانم
لەبارەی مەنیجو ئەستێرەی بەختـــی ،
بۆ تـــۆی بگێڕمەوە بە ســـاردیو سەختی !
بـــــرزوو :
هەی داپیر ! دەخیلـــم ، چی‌یە خەبەرت ؟
ئارامـــت بـــردم !
وەنـــەوش :
ڕۆلەکەم ، کەلکەلەی مەنیج لـــە سەرت
دەربکـــــە ....

بــــرزوو :

ــ مـــــردم !
بــێ گومــان مەنیجــی نازدار مــردووە ؟

وەنـــــەوش :

نەء ماوە ، چ مانێ ؟ مێردی کردووە ،
بۆماڵو ژن بە ژن باوکی چرووکی
لە دێ یەکــی دوور
لە بەندی پیرێکی توند کرد بە بووکــی،
ژاکا گوڵــی ســوور
وا ئێستا کەوتووە لەسەر نوێنــی خــەم
فرمێسك ئەبارێنــێ : کەی کەم ئێستە کــەم !
( لە هەمان جێگا ، لەپاش هەفتەیەك ، لەسەر کلکۆی برزوو )

کۆرسی کــوڕان :

لێرەدا دڵدارێك ئەنوێ کش و مات
نەوجوانێــك بــوو،
نەریتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات
یاری لەکیس چــوو !
یەکەمجار لێرەدا بەستبووی پەیمــان
هەر لێرەیش خۆی پێ کوشت دەردی بێدەرمان

( لەسەر گلکۆکەی تەنشتی ئەو)

کۆرسـی کچـان :

ئەمەیە قیبلەگای تەوافی کچان :
گلکۆی مەنیـج جـوان

بۆ دۆستی جوانەمەرگ وەفـای خۆی نوان
ئەویـش خـۆی خنکـان

خۆی کردە قۆچی عەشق ، قۆچی سەربەستی
پچڕانـی زنجیری کۆنەپەرستـی !•

( لـە هەمان جێگـا )

هەردوو کۆرس ( بەتێکەڵـی ) : :

بێن کچان ، بێن کوڕان ، پەیمان ببەستین :
بۆ هێزی زۆرداری ملکەچ نەوەستین ،

شەهیدانـی عەشـق
بکەین بە سـەرمەشق

دڵداریی ڕاستو پاك ئامانجمـان بێ گشت
یان بژین سەرفراز ، یان بچین بە کوشت !•

سلێمانی • مارتی ١٩٥٣

که ناگەته ئەنجام ، هەردوو خۆیان دەکوژنو وەفاداریو ئەمەکداری خۆیـان بـۆ یەکتـری دەنوێنـن •

گۆرانی بلیمەت لە هۆنراوەی (دواسەرنج)داکە گیراوەو کەلەپچەو زەنجیری لە دەستدایە ، پۆلیسەکـان دەیانەوێ لـە موسلەوەبیبـەن بـۆ هەولێـر ، ئـەو قەمارەی کە تێیدا دانیشتـووە لـەبەردەم مالێکدا ڕاوەستاوە ، ئافرەتێکی جوانی قژزەردیش لە بەردەرگاکـە ڕاوەستـاوەو چـاوی بـڕیووەتـە چاوانـی گـــۆرانو لـەسەیرکردنەکـەیدا کزیو خەفەتو ناڕەحەتی دیارەو شاعیر هەست بەوە دەکات کە ئافرەتەکە بەشداریی شاعیر لەم دۆخەدا کەتیایەتی دەکات مەبەستـی گـۆران لـەم هۆنراوەیەدا ئەوەیە کە ئافرەتەکە دەزانێ هۆی ئەم گرتنو کـەلەبچـەیە چییەو بۆ کوێ ڕەوانەی دەکەن هەرچەند ئافرەتەکە کزیو بەرژارەیـی لێی دیارە ؛ بەلام لە هەمانکاتدا ، بەشداریی شاعـیر دەکات تەنهـا لەبەر دۆیەك ئەویش هەلوێستی مەردانەی شاعیرە .

گـــۆران دەلـــێ[٢٥٥] :

دوا ــــــــرنج ...

« بۆ قژەردی بەردەرگا ، لە سەرەڕێی بەندیخانـەما

لە مووسلـــــەوە بۆ هەولێـر »

ئەی قژ زەرد ! ئەی بەژنو بالای کەلەگەت !

بۆ کز ڕاوەستاوی بەرامبەری من ؟

بۆ دەستت ناوەتە ژێر چەنەی خەفەت ،

لەعاستی دیمەنی دەربەدەری مـن ؟

---

(٢٥٥) هەر ئەو سەرچاوەیە بڕوانە سەرتاپای هۆنراوەکە . ل ٢٠٦

ئەو چاوە کاڵانەت نیگای دەربەستبوون
لەبەرچی ئەگرنە گرفتاریی من ؟

سرنجت ڕووی دەمی پرسکردنی ڕوون
ئەکاتە کەلەپچەی دەستی دیاریی من ؟

ئەبینم : پەپوولەی نیازی گفتو گۆ ،
دوودڵ ڕاوەستاوە لەسەر گوڵی لێو ،

ئاخ ، خۆزگە هەڵئەفڕی ، ئەمزانی ئاخۆ
راسپێری چیی پێیە بۆ گیانی پەشێو ؟

ئەی قژ زەرد ! بە بەژنی ناودەرگا گرتووت ،
هەروەکوو پەیکەری شۆخی خەمخواری !

مەلێ بووم لە باخچەی هونەرا بێجووت ،
بۆ جوانیم ڕێك ئەخست شیعری دڵداری !

بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ سیس کەر
بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی ،

ڕاوکەری دارستان لە باڵدار پیسکەر
جێی چینەی لێ تەنیم بە داوی وردی ..

وا ئێستا ئەبینی گیرۆدەی داوم ،
لە بەردەم جوانێکی وەك تۆی دڵنەرما

لەگەڵ ( گارد ) لە (پاس)دا ڕاوەستێنراوم ،
تا داخی گرانتر خول با لە سەرما !

ئەی قژ زەرد ، ئەی کەردن بە ناز لار گرتوو ،
دیوێکم لە پاسا توی ، دیوێك باخە ،
ئەکەمە هەچ دیوێك نیگای ئـارەزوو :
بۆ گیانی (قەفەس)یم سەرچاوەی ئاخە !

بۆ لای باخ ئەڕوانم : بەهار وەك پەری
فستانی گیاو گەڵای سەوزی پۆشیوە ،
زەردو سوور گوڵباخی داوە لە سەری ،
ئارەقی سەر کوڵمی دڵۆپی زیوە !

بۆ لای تۆ ئەڕوانم ، قژ زەردی نازدار ،
ئەبینـم دوو چـاوی ناو ڕیزی برژانـگ
پرشنگێك ئەگرنە نیگای گرفتار ،
نەمدیوە لە گۆمی بەر تریفەی مانـگ !

پرشنگی نیگایەك کـە لە ڕووی ڕووناك
هەڵئەستێو تیژ ئەکشێ تا ناخی دەروون،
کڵپەی نوێ ئەخاتە کوورەی عەشقی پاك
دەفری گیـان لیپ ئەکا لـە خۆزگەی بەربوون !

بەڵام ئاخ ، دوو گاردی چاو لێم داپچڕاو
چەپو ڕاست وەستاون بۆم دوشمنانە ،
کەلەپچەی لە دەسما تون کلیل دراو
نیشانەی ڕێگامە کە بۆ زیندانە !

هەر ئەوەم لە دەست دێ ، هەتا ئەتوانم ،
ئا لەم هەلوێستەدا، هەل بەکار بێنـــم ،

وەك تینووی چاو لە ئاو بە کوڵ بڕوانم ،
ئەو چاوەی تێم بڕیت نەیترووکێنم ،

بۆ ئەوەی بتوانم لە پەردەی بیرم
بیگارێ هەڵکەنم شێوەی لێت بچێ ،

تا هەرچەن گازی گرت لە لەش زنجیرم
ئازارم سووکتر کا خەیاڵی کچێ :

کە شۆخەو قژ زەردەو ، باڵا ڕێكەو بەرز ،
خەمخواری نەناسە وەك فریشتەی عەرز !..

گۆران هونەرمەندانە توانیویەتی مەبەستـــی خـــۆی ببەخشـــێ ، وتـــەی ( ئەهریمەن ) کـــە خوای شەڕو خراپە ووشەی (ئاهورامزدا) (٢٥٦) کە خوای چاکەیە ، ئەخاتەوە یاد ، «ئەهریمەنی سەردەمیش کە ئیمپریالیزم کۆنەپەرستە بەم سنعەتـــی لێچوونە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، لەلایەکـــی تریشەوە بە خەیاڵ ئەهریمەنێکی دیکەی بۆ سروشت دروست کـــردووە ، کەچۆن وەك پاییز کەوتۆتە سیس کردنی کەلای باخچەکان ، ئەو ئەهریمەنەش

(٢٥٦) بڕوانەکاروانـــی شیعـــری نوێی کوردی ــ بەرگـــی یەکەم حـــەمە ئەمین قادر ( کاکـــەی فەللاح ) چاپخانەی کـــۆڕی زانیـــاری کـــورد ــ بەغدا ــ ١٩٧٨ . ل ٥١ .

دەکات بـۆ خەباتو تێکۆشان شاعیر دەڵـێ[257] :

پەردەی یـەك
بازاڕی ئاسنگەران

جاڕچی (بەدەم زەنگ لێدانەوە) :
بە فەرمانی شای بێباك،
خاوەن شکۆ ئەژدەهاك ،
ورتەتان لە دەم دەرێ ،
بە شیر لـە سەرتان ئەدرێ !
یاساولآن : (شیرهەڵکێشن) :
ورتەتان لە دەم دەرێ ،
بە شیر لە سەرتان ئەدرێ !
جاڕچـی :
مارانـی شا بێقـەرارن ،
ئاشتای مێشکـی هەرزەکارن .
هەرماڵەتان سەرو کـوڕ ،
کاسەی سەر لە مێشـك پـڕ
ئامادە کـەن ،
با یاساولآن بیانبـەن
بۆ چێشتخانەی شا ، تا جووت جووت
مێشکیان بۆ مار ببـێ بە قووت

(٢٥٧) سەرجەمی بەرهەمی گۆران ــ دیوانی گۆران ــ بەرگی یەکەم ــ کۆکردنەوەو ئامادەکردنی محمدی مەلا کریم . چاپخـانەی کـۆڕی زانیاری عیراق ــ بەغدا ــ ١٩٨٠ ــ ل ٣٥٣ .

بە دەستی وەزیر : کرمایلی زیر !

سەرکردەی یاساولان :

سەر هیی شایە ، ماڵ هیی شایە ،

هەر ماڵە کوڕێـــك •• چیی تیایە ؟!

جارچـی :

یەڵلا !دەسا خاوەن کوڕان ! هەریەکتان کوڕێ ••

هەر ئێستاکە لەگەڵ ئێمە بێ بانخەنە ڕێ !

سەرکـــردە :

پەلـــە نەکـــرێ ،

وەڵلا ! یللا ! ئاگر لە ماڵتان بەرئەدێ ڕێ ،

خاو خێزانتان ئەسووتێنرێ !

با گشت نەڕوا ، یەك کوڕ بیرێ !

جارچی (لیستەیەك دەرئەهێنێ ، دەست ئەکا بە خوێندنەوەی ) :

ڕۆستەم کوڕی کاوە ، کوڕی پانزەمین ••

کاوە ( بەدەم ئاسن کوتانەوە ، لە بەر خۆیەوە ) :

دەربەستـــی دەو پانزە نیـــن ،

وەستای پۆلاو ئاسنین ،

ڕۆژێك ئەبێ تۆڵەی گەلـــان بسێنین !

جارچی ( لەسەر خوێندنەوە ئەڕوا ) :

برزووی خوسرەو ، کوڕی هەشتەمی خوسرەو ،

نەوزاد کوڕی قوباد ، بێژەنگی پڕتەو ...
دەرچن لە ڕیز ، پێن لێرەدا بوەستن ...

یاساولی یەکەم :

باوکی سەگتان بۆتان ئەگرین وەکوو ژن !..

کاوە (لەبەر خۆیەوە) :

هۆی ژیانی گەل ژنە ،
خەنجەر پێچووی ئاسنە ،

زامی جەرگی ژن و پیاو
هیی دەستی یەك دوژمنە !

( دوو لاو بە پاڵە پەستۆ تۆرەبڕی لە یەکتری ئەکەن )

یاساولی دووەم :

کێشمەکێشی ئەم دوو سەگە
گلاراوی سەرەمەرگە !

لاوی یەکەم :

منم بێژەنگ ، کوڕی خوسرەو !

لاوی دووەم :

منم ! منم ! خوشکمە ئەو
( یاسۆلێك شیرین لە نیشانەی تیری ڕووت ئەکا )

سەرکردە ( بە تووڕەیی سەر با ئەدا ) :

غەش لە شای ئەژدەهاك ئەکا ؟!

کچان ( لە ڕیــزی پشتــەوە دەرئەپەڕنە دەرەوە ) :

زۆر چاك ئەکا ! زۆر چاك ئەکــا !
کچ بۆ نابەن لەباتیی کوڕ ، خوشك لە جێی برا ؟
کچ بۆ بژی ، لە کاتێکا کوڕ تووبڕ کرا ؟
( نیوەی یاساولآن لاوەکان ئەدەنە بەرو ئەیانبەن )

مێشکــی کوڕو کــچ لای مار ،
لای ئەژدەهاکی زۆردار

هەر یەکە ، هەر یەك بێ‌گومــان !
ئیتــر بۆچ بێ‌بەش بــن کچان

لە خەباتو قوربانی‌دان
بۆ نیشتمان ، بــۆ کوردستان ؟

سەرکــردە :
یاساولآن ، ئەم کچانەش هەموو بگرن ،
تا لە بەندیخانەی شاژن ئەیانکوژن !

( بەستەی کچــان )
بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نی‌یــــە ،

بە دەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نی‌یــە...
ئەی قژی زەرد ، وەکوو پووش دەسکەنە بە !

ئەی لێوی ئاڵ ، بە بــێ زەردەخەنــە بــە !
چاوی ڕێژراو بێ‌مەکەنە وەکوو گوڵ

بۆ ڕۆژی ڕەش بڕژێنە فرمێسك بەکوڵ !
لەنجە مەکە بەژنو بـــالآی نەمامـــــی ،

ڕەش پۆشی جوانەمەرگیی چەنـــد برامی ؟
بە کەساسی کەچ بە ، گەردنی بێ گەرد !

سەرکوڵمەکان ، بگرن ڕەنگی لیمۆی زمرد !
بۆ خۆشەویستی لێمەدە ئیتـــر ، دڵ !

لەناو گۆڕی تەنگا با بیـــی بـــە گڵ !
کە ئازادیو باوكو برا لەکیس چوو ،

کچە کوردێك چ زیندوو بێ ، چ مردوو !..
( کرماییلی وەزیر کە تێئەپەڕێ ، گوێ لە گۆرانیـــی کچـــان
ئەگرێ کە تەواو ئەبێ . دوایی کچان ئەبەن ) .
( ئاسنگەرەکان لەناو خۆیاندا کەوتنە متۆ مقۆ )

یەکـــــەم :

داوەشینـــــە ! داڕزینـــە !
خەلکینـــەی کەی ئەمە ژینـــە ؟

زۆربـــــە :

خەلکینـــە کـــەی ئەمـــە ژینـــە ؟
شاگـــــردێك :
وەستـــا هەلـــی ڕاپەڕینـــە !
هەندێـــــك :

ڕاستــە ، هەلــی ڕاپەڕینــە !

کرماییـــــل :

( ئەگاتە بازاڕی ئاسنگەران ، سلاّو لە کاوە ئەکا ) :

خــاوەنشکــۆ بێدەماخـــــە .

دڵمان هەموو پــڕ لە داخــە !

چاوی ماری ناچێتــە خــەو

نە کاتــی ڕۆژ، نە کاتــی شــەو !

لە خۆراکــی مێشکــی کوڕیش

سەر با ئــەدەن بە فیشــە فیش !

ئیستا ئەڵێـــم چۆپیــی کچان

بکەم بە هۆی ڕەشمار لاس‌دان ،

ماری دڵتەڕ ، کــچ هەڵپەڕێ

خەویشی دێو ئەشلــەوەڕێ !

( سەر ئەنێتــە گوێی کاوە )

هەر لاوێکم لە مەرگ بۆ لا دراوە ،

لە نهێنگا ئامادە ڕاوەستاوە ،

لەگەڵ یەکەم جووڵەی شۆڕش ئەوان زوو

داگیر ئەکەن لە کۆشکا برجو بازوو

کــــــاوە :

جوولــە بە زستان ئەتەزێ
سەرما وەکوو مار ئەگەزێ !

تا گوڵاڵە دەشت سوور ئەکا ،
پیاو ئاسان خوارو ژوور ئەکا ،

دەست دانــە شۆڕش گرانە ،
لــەم وڵاتــیێ کوردستانــە !

کرمایــــل :

ئــەی کە پێمــان نایە بەهــار ؟

کــــاوە :

زۆر زۆر بەجــێیە پەلامــار !
هانوو پەلامار سەرنەکــەوت ،

مل ئەنیین بــۆ شاخو ئەشکەوت .

کرمایــل ( هــەر بــە چپــە ) :

ئــەم کچانــەی ئەمڕۆ گیران ،

پەڵپەو بیانووی چۆپیــی ماران ،
دەربازیان ئەکــا وەك یاران !

کــــاوە :

هەر بژیــت سەرباشقــەی ژیران !
(کرمایل ملی ڕێ ئەگرێ . دوورئەکەوێتەوە)

کاوە ( بەدەم ئاسن کوتانەوە ، لە بەر خۆیەوە) :
براکانم ! ئەمڕۆ ڕۆژی دانە بە خۆدا گرتە
ڕاپەڕینێك بێوادە بێ هۆی ئێجگاری مردنە
لەمکاتەدا خزمەت تەنیا بێوچان ئیشکردنە ،
بۆ ڕۆژی خۆی چەکی زۆرو تفاقی زۆر خستنە .
ئەگەر دلسۆزی ڕاستیـــن ،
ئەبێ هەرگیـــز نەوەستیـــن ،
ئاسن بکوتیـــن بە ئاســـن ،
داس دروستکەینو گاسن ،
شمشێـــرو تیـــرو خەنجـــەر
فریا خەین بۆ شۆڕشکـــەر !..
( ئاسنگەرەکان ساردبوونەوەو دەستیان دایـــەوە کەرەستەکانیانو کەوتنـــەوە کارکـــردن )

— پـــــەردە داکشـــاو —

گۆران لە هۆنراوەی ( بۆ سەربازی جومهوریسان ) هەمان مەبەستو بۆچوونی ڕێچکەی هۆنراوەی پێشووی (ئەژدەهـــاك) دەگرێو لـــە سووچێکی ترەوە ئافرەت لە خەباتو تێکۆشاندا بەشداریدەکـــاتو دەورێکی نری جوانیو نیشتمان پەروەرایەیان دەداتێو جیهانی ئافـــرەت بەجارێك دەنەخشێنێو رەنگاورەنگی دەکات ، ئافـــرەتان لێرەدا فرمێسك ناڕێژنو شیوەن ناکەنو لەسنگی خۆیان نادەن کاتێ کوڕومێردەکانیـــان

ڕەوانە دەکەن بۆ کوڕی مەردایەتیی خەبات گوڵ بارانیان دەکەن، ماچیان دەکەن‌و هانیان دەدەن بۆ چەك هەڵگرتن بۆ ئەوەی بکەونە ڕێ‌و بڕۆن بۆ ژێر بەیداخی گەل گۆرانی پێشەواو بلیمەت دەڵێ(٢٥٨) :

بۆ سەربازی جومهووریمان

ئەی لاوەکان !
باوکان ، دایکان ، براو خوشکان ،
دەزگیرانە چاو جوانەکان ،
تیر تیر دەسیان کردە ملتان ،
ماچیان کردن ،
بە پەلەپەل .. بە پەلەپەل ..
بڕۆن بۆ ژێر بەیاخی گەل !
چەك هەڵگرن ،
بەرگ بپۆشن ،
وا بووروژێن ، وا بخرۆشن :
دابلەرزێ دڵی دوژمن !...
ئەی لاوەکان !

---

(٢٥٨) سەرجەمی دیوانی گۆران ــ محمدی مەلا کریم .
ل ٢٩٩ ــ ٣٠٠ ــ ٣٠١ ــ ٣٠٢ .

ئێستا دایکان
لە سنگ نادەن ،
شیوەن ناکەن ،
کە کوڕیان ئەچێتە ژێر چەك !
شوکری خوا ئەکەن هەزار لەك ،
کە کوڕیان بۆتە شێر بۆ گەل ،
دوژمنی گەل ئەکا پەل پەل !
باوکان دەستە ئەژنۆ خەمبار
دانانیشن وەك پار ، پێرار ،
چونکە کوڕیان بوو بە سەرباز ،
کزو بێناز ،
بێگار ئەکا بۆ ناپاکان !
ئێستە خوشکان ،
خەم سیس ناکا گوڵی ڕوویان
بۆ دەزگیرانیان ، بۆ کاکیان ،
ئێمتا کچان ،
گشت ئافرەتان ..
گوڵبارانی سەرباز ئەکەن ،
خۆیشیان وەك پیاو سەرباز ئەدەن !
چونکە دەزگای تازەی وڵات

بە بێ خەبات ،
بێ پاس‌و بێ پارێز گاری
سەقام ناخوا هەرگیز کاری !
تێری‌و پۆشتەیی‌و شادیمان ،
سەرفرازی‌و ئازادیمان ،
بەیاخەکەی « جومهووری »مان :
هۆی شانازی‌و ڕووسووری‌مان ..
گشت لەسەر خەبات وەستاوە ،
ئەویش پیشەی ڕۆڵەی لاوە !.
ئەو ڕۆژە مرد :
کە من‌و تۆو ، درشت‌و ورد
ئەو ڕۆژە چوو
کە ئەوەندەی شەو تاریك بوو !
ئیستا ڕۆژی جومهووری‌یە ،
ڕۆژی مەردی‌و ڕووسووری‌یە !..
بڕۆ ئەی لاو ،
وەك کوڕی پیاو ،
بەرگی خاکی بکەرەبەر ،

له قوبیـەی ئاسمـان بسوو سـەر !
وێنـەی شێری چـەش بنوێنه ،
دڵـی دوژمـن داخورپێنـە ،
دوژمنـی گـەل ،
هیـی گشـت جیهـان ،
که ئەگێڕی چـاوی بـۆ هەل ،
ئا گــرِ هەڵسێنـێ له خەرمان ،
تا گشـت ئینسـان
بێ سەر کا وەك قۆچـی قوربان !
تا سـاوای ناو بێشکـەی سووتاو
له شیش دا وەك جەرگی بـرژاو !.
ئـەی ڕۆڵـەی کـورد !
ئیمپریالیسـت ئەو باوکەی مـرد
کـە برای عەرەب له گەڵ تـۆ
وەك جاران بکـا ڕەنجـەڕۆ !
بێـت تەقـە بێ له تفەنگـی
بە ملیۆنـان مـەردی جەنگـی
پشتـت ئەگـرن ،
وەك ڕەشکـەی کاورگـی ئەدڕن !
پتر لـە ملیار ئاشتـیخواز

پشتیواتن ، ڕۆڵەی سەرباز !...

سلێمانی • ئەیلوولــی ١٩٥٨

وەکو بەتەواوەتی بۆمان دەرکەوت ئافرەت لای گۆران تەنهــا جوانیو دڵداری نەبووو هیچیتر ، سەربەستیی ئافرەتو سەربەستــیی کۆمەڵو گەل پێکەوە هامێزی یەکتریان کردوەو هەردوو بە تــەواوکەری یەکتری داناوە لەگەڵ پیاودا هاو تەرازووو هاوسەنگکو ئەگەریــش باسی جوانیی کردبێ ئەوا جوانییــە بێ بۆنو بێماناو هیــچو بووچــە سێیەمی هۆنراوەکانی شاعیر دوکتۆر عیزەددین مستەفارەسوول بە شێــوەیەکــی گشتی کە سەرنجی خۆیمان لە بارەی ئەم قۆناخەی شیعــری گــۆرانەوە دەردەبڕێو دەڵــێ[٢٥٩] :

( لە بارەی سەرنجی ئایدیۆلۆژیی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستییەوە ، گۆران یەکەم شاعیر بوو کە بیروڕاکانی ئەو ئایدیۆلۆژییەبگەیــە تێتــە لوتکەیەکــی بلنــدو یەکێتی رووخسارو ناوەرۆك لــە یەکێــك لە تروپکە بەرزەکانی ئەدەبیاتی کوردیدا پێــك بێنێــت )•

بە زرێی ڕووخسارو ناوەرۆك لــە شیعرەکانیدا لە ڕادەیەکی هونەریو ئەدەبیو ئیستاتیکیی بەرەوژوور چوودا یەکیکرتووە ، زمانێکی کوردیی پتەوی ، ڕەوانی ، مۆسیقا جوانی ، بە گوێ سووکــــی بۆ بەکارهێناوە

(٢٥٩) سەرجەمی بەرهەمی گۆران ، دیوانی گۆران ، کــــۆکردنەوەو ئامادەکردنــی محمدی مەلا کەریــم چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق بەرگی یەکەم پاشکۆی دیوانی گۆران ــ پێشەکییەك لە نووسینــی د• عزەالدین مصطفی رسول لـ٨ــ٩ •

بەڵکو توانی زمان بکات بە بەشێکی گەورە لە جـــوانیی هۆنـراوەو بەرهەم ، لای گۆران هەموو دەم ڕووخسار سەرجۆری ناوە رۆك بــوو ئەمەش یە گێکە لە ڕەگزەکانی سەرکەوتنی ئەو .

گۆرانی مەزنو ڕێچکەشکێن ، توانی هـــەموو ئەو جۆرەوێنـــەو دەربڕینو بیرەکۆنو رابووردووانە کــە شاعیرانی پێش خۆی پەیڕویـان دەکرد سەروژێربکاتو جیهانێکی نوێی جوانو ڕازاوەو شۆڕشگێڕانـە لەباتیـان بێنێتەئاراوە ئەوەتا ــلە دوا هەناسەی‌دا ، هەر بەو چاوە پڕ بە سۆزو خۆشەویستی‌یە بێ‌پایانو مرۆڤایەتی‌یەوە سەیری ئافرەتی دەکـرد، کە لە نەخۆشخانە کەوتبوو پزیشکـان ماری شێرپەنجەی دەکـوشتن . گــــۆران دەڵـــێ[٢٦٠] :

وەڵامـــــی پـــــرس

« پێشکەشــە بۆ ئی٠ئی ڤاسیلیێڤا ، لە پزیشکــەکانـــی
نەخۆشخانەی کەرەملین ،لــە مۆسکۆ »

ڕاکشابــووم لەســەر پشتــم ،
ودوکتــۆرەکەم
ماری شێرپەنجــــەی ئەکوشتــم ..
ناڵێـم : وەك دایکێکــی دڵســۆز
فرمێسکــی بــۆ هەڵئەڕشتــم ،
بەڵام ، تــەواو وەك کچــی خــۆم ،

(٢٦٠) هــەر ئەو ســەرچاوەیە . ل ٢٢١ .

دەستی ئەخستە ناو مشتم ،
بە چاوی پڕ لە هەستی جوان
ئەیکرد تەماشای سروشتم ،
ئەیپرسی لێم : بۆچ وا ماتی ؟
بۆچ هەمیشە خەمبار دیاری ؟
بۆ من ئەم پرسە وەك هەنگوین
ئەتکایە سەر لێو لە زاری
بەلاَم بۆ خوشکانی بەردەست
سیس کردنی گوڵو بوو کاری ..
دوو سێ کچ بوون وەك دوکتۆر خۆی ،
خەمخوارییان لێ ئەباری ،
نەك هەر بۆ تیماری دەردم ،
بۆ چارەش بۆ باغچەی زەردم !

* * *

بەڵێ ، دوکتۆر ! خوشکان ! ماتم ،
هەر من نیم (مات)ی وڵاتم ،
لەناو هەزارانا : تاك تاك
لێومان هەیە پێ بکەنێ
لای ئێمە بۆ دنیای شادی
وا تازە خەڵك هەنگاو ئەنێ !

١٩٦٢/٥/٢٥

# ئەنجام

ئەگەر لە ئەورووپادا لە سەدەی ڕاپەرینەوە باسی ژنو هاتنەمەیدانو یەکسانیی سەری هەڵدابێو بە زمانی عەرەبی قاسم ئەمین زەنگی ئازادکردنی ژنی لێدابێ ، ئەوا دەتوانین زەنگەکەی حاجی قادری کۆیی بە سەرەتای ڕاپەرینو ئەم باسە دابنێین لە ئەدەبی کوردیدا • بەڵام ئەدەبی کوردی ، بەتایبەتی شیعر هەر ئەم لایەنە ناگرێتەوە بەڵکو لە زۆر کۆنەوە دیمەنی ژن بەشێکی گەورەیە لەم شیعرەو وەك هەموو شیعری جیهان ئەم لایەنانە لە شیعری کوردیدا ئەبینین :

١ ــ وەسفی جوانیی ژن ــ کە ئەم وەسفە لە شیعری کلاسیکیدا پشت بە ڕازاندنەوەو وشەگەری وە دەرخستنی چەشنکانی بەلاغەتو هێنانەدیان بەسەر وەسفی جوانیی ئافرەتدا ئەگرێتەوە • ئەم وەسفانە زۆرجار شتی تازەو یاریی تازە بە وشەیاندێتەسەر • تا وردە وردە لە شیعری کوردیدا ــ بەتایبەتی لای گۆران ، لە پاڵ وەرزبوون لە جۆری کۆتی‌کێشو قافیە جۆرە وەسفێکی تازەی ژن دێتەکایەوە کە زیاتر باری واقیعی ئەگرێو نەخشەی جوانیی ژن لە خوێدائەبینێ •

٢ ــ ئەم چەشنە وەسفە لە سۆزی خۆشەویستی بەدەر نی‌یە ، بەڵکو لە زۆرجاردا ئەو وەسفە تەقلیدی‌یە دەربڕی سۆزێکی ڕاستەقینەی خۆشەویستی‌یەوە وێنەی تەقلیدیی گوڵو بولبولو شەمعو پەروانە ئەبن بە دیمەن بۆی •

خۆشەویستی لە شیعری کوردیدا ، وەك شیعری زۆرگەلانی تری

ڕۆژهەڵات ، بە وەسفێکی جوانیی دوڵبەر دەستپێدەکات ، وەسفەکە هەندێ جار پڕ ە لە موبالەغەی بەلاغـەتکاری ، هەندێ جار وەسفی لەش و ڕادەی خۆشەویستی یەکەش ئەبێ بە ڕادەی ئارەزووی لەش ــ کە ئەمە دەگمەنەو هەندێجار لایەنی گیان بەسەر هاوکێشی ( معادلە )لـەش و گیاندا سەرئەکەوێ و شیعری کوردی بەرەو جیهانی تەسەوف ئەبات کە ئەمەش لە شیعری مەلای جزیری و مەولەوی و مەحویدا دیارەو ئەحمەدی خانی لوتکەیەتی شیعری دڵداری سۆفیانەی کوردی لە هەموو شیعـری تەسەوفی ڕۆژهەڵات ئەچێ و خاسیەتی تایبەتیشی هەیە •

٣ ــ ئەگەر باسی ژن هەر لە سنووری وەسف و دڵداری و خۆشەویستیدا نەوەستێ و بچێتە سنووری مەسەلەی چونیەتی و مافی ژنەوە ، ئەوا لـە ئەدەبی کوردیشدا ئەم مەبەسە لە شیعری حاجی قادری کۆیـی و مـەلا محەمەدی کوی و فایەق بیکەس و گۆرانو گەلـێ شاعیریتردا دیـارەو ئەم مەبەسە یەکێکە لە باسە کۆمەڵایەتی یەکانی شیعری کوردی و پلە بە پلە باس و مەبسی لای شاعیرانـی بەرەوپێش ڕۆتشتـووەو مانای تـازەی بـەرەو بریـی دراوەتـێ •

٤ ــ ئەگەر باڵای بەرزو چاوی مەست چەند سەدە گەرەسەی وێنەی تازە دروستکردنو ئیبداعی شاعیران بوویێت ، ئەوا شیعری کوردی لـە ڕاپەرین و رقهەڵسانی رومانتیکیش بەدەرنییە شاعیرانی وەك ئەحمـەد موختار جاف و قەدری جان داوا لە شاعیرانی کورد ئەکـەن کە بەجـارێ واز لە باسی جوانی و ژن بهێنن و هەر بە باسی نیشتمانپەروەریـیـەوە خەریك بن و بەمە باسی سەرەتا بۆ چەشنە شیعرێك یابەرهەمـی چەنـد شاعیرێك دائەنێن ، کە هەموو بەرهەمیـان هـەر بۆ نیشتمـانو نیشتمانپەروەریـیـە •

# سەرچـــــاوەکان

## سەرچاوە کـــــوردی یەکـــان


١ ئافرەت لە مێژوودا ، د. کەمال مەزهـــەر چاپخانەی ـ الحـــوادث بـــەغدا ١٩٨١ .

ـ ئەنجومەنـی ئەدیبـان ـ ئەمین فیضـی بەگ ـ چاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد ـ بەغدا ـ ١٩٨٣ .

ـ بنچینە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئافرەتـی لادێ نشینـی کـــوردەواری بورهان قانع . چاپخانەی ئیرشاد ـ بەغدا ـ ١٩٧٩ .

ـ بەسەرهاتوو ژیانی زاناو ئەدیبو شاعـــیری ناوداری کورد مـــەلا موحەمەدی کۆیـی ( جـەلی زادە ) عبدالخالـــق عـــلاءالدیـن ـ چاپخـانەی قضـــاء نەجـەف ١٩٧٤ .

ـ پاشکۆی دیوانی گۆران ـ پێشەکی‌یەك . نووسینی دوکتور عیزەددین مستەفا ڕەسول سەرجەمی بەرهەمی گۆران ـ بەرگی یەکەم ـدیوانی گۆران ١٩٨٠ ـ مطبعة المجمع العلمی العراقی ـ بەغدا ـ ١٩٨٠ ـ محمدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووە .

ـ حاجی قادر شاعیری شۆڕش پێشکەوتنخوازو دیموکراتیی نەتەوەی کورد نووسینی . عبدالستار تاهیر شەریف . پێشەکیی د. مارف خەزنەدار . بەغداـ ١٩٧٧ ـ مطبعە الادیب البغدادیە .

ـ حاجی قادری کۆیی ـ ١٩٧٧ ـ سلیمانی ـ لە ڕیـزە نووســـراوانی نیشتمـــان پەروەرانـــی ژمـــارە ٩ .

ـ حاجی قادری کۆیی ـ مەسعود محەمەد لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا • ١٩٧٢ • بەشی یەکەم •
ـ حاجی قادر کۆیی ـ مەسعود محەمەد لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٤ بەشی دووەم •
ـ حاجی قادری کۆیی ـ شاعیری قوناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد ـ محەمەدی مەلا کەریم ـ چاپخانەی النجاح •
ـ دیاری مەلا محمدی کۆیی ـ چاپی سێیەمین ، چاپخانەی کوردستان هەولێر ١٩٥٨ ز •
ـ دیوانی ئەحمەد موختار جاف ـ ئامادەکردنو بەراوردکردنو لێکدانەوەو پێشەکی بۆ نووسین پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەددین مستەفا رەسوول لە چاپخانەی (الادیب) لە چاپدراوە ـ بەغدا ـ ١٩٨٦•
ـ دیوانی ئەحمەدی موختار بەگی جاف ـ چاپی دووەمین چاپخانەی هەولێر • هەولێر ١٩٦٩ز •
ـ دیوانی بێکەس ـ محمدی مەلا کەریم ـ ڕێکی خستووەو سەرەتای بۆ نووسیوەو سەرپەشتی لە چاپدانی کردووە • مطبعة الادیب البغدادیە ، ١٩٨٠ بەغدا •
ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی گردگۆوپەخشکار ـ گیوی موکریانی چاپی سێیەمین ـ چاپخانەی هەولێر ١٩٦٩ز •
ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد ١٩٨٦ ـ ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی کوردستان لە چاپیداوە •
ـ دیوانی شێخ نوریی شێخ سالح • ئازاد عبدالواحد کۆی کردۆتەوەو لەسەری نووسیوە ـ بەرگی یەکەم ـ بەشی یەکەم ـ مطبعة

دار الجاحظ ـ بغـداد ـ ١٩٨٥ ز .
ـ ديوانی صەیدی . کۆکردنەوەو شیکردنەوەی محمـد ئەمین کاردۆخی چاپخانەی کامەرانـی سلێمانـی ١٩٧١ز .
ـ دیوانی عارفی ربانی شیخ احمدی جزیری ، مەشهور مەلای جزیری . شەرحـی لێکردووە سروش تەهران ١٣٦١ ك چاپی اول .
ـ رێنیسانس .د. کەمال مەزهەر ئەحمەد فؤاد مەجید میسری کردوویـە بە کوردی ـ چاپخانەی الحوادث ـ بەغدا ـ ١٩٨٤ .
ـ ژیانی ئافرەتی کورد ـ هێنی هارۆلد هانسن عەزیز گەردی ـ لـە ئینگلیزی‌یەوە کردوویە بە کوردی چاپخانەی کـۆڕی زانیـاری عیـراق بـەغدا ١٩٨٣ .
ـ شیعرو ئەدەبیاتی کوردی . رەفیق حیلمی . چاپخانـەی ( تفیض ) بغداد ـ ١٩٥١ . بەرگـی یەکـەم .
ـ شیعرو ئەدەبیاتی کوردی . رەفیق حیلمی . چاپخانـەی الشبـاب بغداد ـ ١٩٧١ . بەرگـی یەکـەم .
ـ شیخ نوری دەنگی رەسنی شیعر . مصلح مصطفـی جـەلالی دار الحریـه للطباعـة ـ بغـداد ١٩٨٤ .
ـ کاروانی شیعری نوێی کوردی ـ حەمـە حەمە ئەمیـن قادر «کاکە فەلاح » بەرگی یەکەم چاپخانەی کۆری زانیاری کورد بەغدا ١٩٨٧.
ـ کاکەیی ـ مەحەمەد ئەمین هەورامانی ، چاپخانـەی ـ الحـوادث . بەغـدا ١٩٨٤ .
ـ کچانی کورد . هێنی هارۆلد هەنسن . دوکتۆر ناجی عەباس ئەحمـەد لە ئینگلیزی‌یەوە وەرگێراوە . چاپخـانەی کـۆری زانیـاری عیـراق ـ بەغـدا ١٩٨٠.

ـ کوردەواری ـ عەلائەدین سەجادی ـ چاپخانەی مەعارف بەغدا ١٩٧٤ ـ
ـ لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی‌یەوە ـ د ـ مارف خەزنەدار ـ چاپخانەی «المؤسسه العراقیه للدعایه والطباعه» بەغدا ١٩٨٤ ـ
ـ هۆزانفانێت کورد ـ صادق بهاءالدین چاپی یەکی ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا ١٩٨٠ ـ
ـ هۆنراوەی ئافرەتی کورد د ـ کوردستان گیوی موکریانی چاپخانەی کوردستان هەولێر ١٩٨٠ ـ
ـ مەسەلەی وژدان ـ شاعیری بەسۆز ئەحمەد موختار جاف پێشەکی و لیکولینەوە ـ د ـ احسان فؤاد ـ چاپخانەی ئیرشاد ـ بەغدا ١٩٨٠ ـ
ـ مەلای گەورە ـ مەلا محەمەدی کۆیی ـ ممتاز حەیدەری پێداچوونەوەی کەریم مستەفا شارەزا ـ چاپخانەی شارەوانی ـ هەولێر ١٩٧٥ ـ
ـ مەم و زین ـ ئەحمەدی خانی ـ چاپی سێیەم ـ چاپخانەی هەولێر ١٩٦٨ز ـ
ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ عەلاءالدین سەجادی ـ چاپی دووەم ١٩٧١ بەغدا چاپخانەی مەعارف ـ

گۆڤارو رۆژنامەکان :ـ

ـ ئافرەت لە ڕوانگەی کۆنو شیعری هاوچەرخی کوردی یەوە کەریم شارەزا ـ گۆڤاری بەیان ژمارە ( ٥٨ ) کانوونی یەکەم ١٩٧٩ ـ
ـ ئافرەتو جوانی لە شیعری گۆراندا ـ کەمال مەمەند نووسەری کورد ژمارە (١) ئایاری ١٩٧٩ ـ چاپخانەی (شەفیق) بەغدا ـ
ـ ئافرەتو شیعری کوردی ـ ئومێد کاکە ڕەش گۆڤاری بەیان ژمارە (١٢٤) تشرین یەکەم ١٩٦٨ ـ
ـ ئاوردانێك د ـ هۆزانێن مەلایی جزیری‌دا ـ د ـ بدرخان سندی ـ

گۆڤاری بەیان ژمارە ٧٣ ئاب و ئەیلولی ١٩٨١ بەغدا .
ـ بابا تاهیری هەمەدانی . ئەحمەد تاقانە لە تورکییەوە گۆڕیویەتی .
گۆڤاری بەیان ژمارە ( ٩٧ ) تەمووزی ١٩٨٤ .
ـ وتارێك بەناوی بێ‌کەس ـ ئورخانی غالب ـ گۆڤاری کاروان ژمارە ( ١٦ ) کانوونی دووەم سالی دووەم ١٩٨٣ ئەمینداریتی گشتی ڕوشنبیری و لاوان ـ هەولێر .
ـ بێ‌کەس و شیعری سیاسی.عبدالرزاق بیمار نووسەری کورد.ژمارە(١) خولی سێیەم ئاداری ١٩٨٥ چاپخانەی (دار آفاق عربیە للطباعە) .
ـ پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەمیدا مەسعود مەحەمەد . گۆڤاری بەیان ژمارە ٧٢ی حوزەیران و تەمووزی ١٩٨١.
ـ پێداچوونەوەیەکی بەکاوخوی سەرنجە (سەرپێیەکانی) مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و لە دیوانی حاجی قادری کۆیی و ڕەخنەکانی عبدالرزاق بیمار نووسینی محمەدی مەلا کەریم گۆڤاری بەیان ژمارە ( ١٢٦ )ك١ ١٩٨٦ .
ـ تارمایی شاعیریتی حاجی قادری کۆیی لەناو شیعرەکانی مەلا مەحەمەدی کۆییدا . گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە (١) بەغدا . چاپخانەی دار السلام یەکیتی نووسەرانی کورد .
ـ تەرجەمەی ژیانی مامۆستا مەلا محمدی کۆیی گەلاوێژ ژمارە ( ١ ) سالی ( ٥ ) تشرینی دووەم ١٩٤٤ .
ـ جزیری و هیزا فیکەفنتا .. بخو ـ بخو . صدیق حامد گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ( ١٠٧ )ئەیلولی ١٩٨٥ .
ـ چەپکێك شیعری بلاوتەکراوەی حاجی قادری کۆیی محمد عەلی

قەرەداغی گۆڤاری بەیان • ژمارە (٥٣) کانوونی دووەمی ١٩٧٩ •

- حاجی قادری کۆیی مامۆستاو ڕابەری نەتەوەی کـــوردەو چەنـد تێبینییەکی ئەدەبی • کەریم شارەزا • گـــۆڤاری کاروان ژمـارە ( ١٠ ) تەمـــوزی ١٩٨٣ •

- خەباتی شیعری کوردی لە پیناوی ئازادیی ئافرەتاندا • محمدی مەلا کەریم • گوڤاری بەیان ژمارە ( ٢٦ ) حزیـران ١٩٧٥ •

- دەردی دووررووی - آ - زەردەشت بەیان ژمارە (٢٦) حزیران ١٩٧٥ •

- دیوانی بێ‌کەس‌و چەند ووشەیەك • جمال بابان گۆڤاری ڕۆشنبییـری نوێ • ژمارە (٨٣) کانوونی دووەمـــی سالی ١٩٨١ •

- ساغ کردنەوەی دیوانی حاجی قادری‌کۆیـــی • عبدالرزاق بیمـار • گۆڤاری بەیان ژمارە ( ١٢٠ ) حوزەیرانـــی ١٩٨٦ •

- سروشت‌و جوانی لە شیعری گۆراندا • کەمال میراودەلـی • نووسەری کورد ژمارە ( ٩ ) ئابـــی ١٩٧٣ •

- شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارس - دە امین موتابچی • گۆڤـــاری کۆلیجی ئەدەبیات ژمارە (١٦) سالی ١٩٧٣ زانستسگای بەغدا •

- شێخ محمد عەبدەو بزوتنەوەی ڕۆشنبیری نوێخواز دە کامل حســن بصیر گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ( ١٠٩ ) ١٩٨٦ •

- قورئان لە شیعری جزیری‌دا دوکتـــۆر امیـــن موتابچـــی گـــۆڤاری ڕۆشنبیری‌نوێ ژمارە (١٠٩) سالی ١٩٨٦ •

- کێشەی ئافرەت لە کلاوروژنەی شیعری هـــەندێ لە شاعیرانـــی هاوچەرخدا کاکە ئازاد حەمە ئەمین گۆڤاری ڕۆشنبیری نـوێ ژمارە ( ٨٥ ) نیسان ومایس ١٠٨١ •

ـ كۆنی وتازەیی لە هەڵبەستا ـ گۆران ـ هیوا ژمارە ( ٣١ ) سـالی (٤) کانوونـی دووەمی ١٩٦١ لاپەرە «٥ـ١١» •
ـ گۆشەیەك لە ئەدەبو فۆلکلۆری ژن سعید ، بەیـان ژمارە ( ٢٢ ) شـوباتی ١٩٧٥ •
ـ لێکۆلینەوەیەکی سەرپێی شنوێی ،بەیان ژمارە (٢٦) حزیران ١٩٨٦ •
ـ وێژەی دوێنی ئیمرۆ • شێخ محمدی خاڵ گۆڤـاری بەیان ژمـارە ( ٢٢ ) شـوباتی ١٩٧٥ •

سەرچـاوە عەرەبـی‌یەکان :

ـ اتجاهات المراة غير العامله في منطقة الحكم الذاتى الدكتوره انيسـه محمد حسن المنشىء ـ كلية التربيه ـ جامعه بغداد ١٩٧٨ •
ـ اتجاهات المرأة غير العاملة في منطقة الحكم الذاتي الدكتورة انيسـة محمد المنشىء ـ كلية التربية ـ جامعة بغداد ١٩٧٨ •
ـ الادب والحضارة ـ الدكتور السيد تقيالدين دار نهضة مصـر للطبع والنشر ،الفجالة ـ القاهرة ١٩٨٤ •
ـ الاسلام والمرأة في رأي الامام محمد عبده تحقيق ودراسة محمد عمارة• مطبعة عابدين ـ القاهـره ١٩٧٥ •
ـ العراق الشمالي •د • شاكر خصباك دراسة للنواحي الطبيعية والبشرية• مطبعة شفيق بغداد ١٩٧٣ • الطبعة الاولى •
ـ العقد الجوهري في شرح الشيخ الجزري احمد بن الملا محمد الزفنگی• الجزء الاول ـ مطبعة الرافدين ـ مدينه القامشلی عام ١٣٧٧هـ ١٩٦٨م•
ـ المثل السائر في ادب الكاتب والشاعر • ضياءالدين بن الاثير قـدمه وحققه وعلق عليه د• احمد الحوني والدكتور بدوي طبانة • مكتبـة

نهضة مصر ومطبعتا ١٩٦٠ الطبعة الاولى الجزء الثاني • ١٩٥٩ الطبعة الاولى الجزء الاول •

ـ المجتمع الكردي ـ دراسة اجتماعية ثقافية سياسية ١٩٨١ تأليف عبدالستار طاهر شريف من منشورات جمعية الثقافة الكردية •

ـ المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا ، فيليب فان تيغيم ترجمة فريد انطونيو • منشورات عويدات ، بيروت ـ لبنان الطبعه الاولى ١٩٦٧ •

ـ المرأة دورها ومكانتها في حضارة واد يالرافدين تأليف ثلماستيان عقراوي • دار الحرية للطباعة ـ بغداد ١٩٧٨ •

ـ المراة في الشعر الجاهلى ـ الدكتور احمد محمد الحونى ـ الطبعة الثانيه ـ دار الفكر العربى ـ مطبعة المدنى •

ـ المرأة وحقوقها في الاسلام ، مبشر الطرازي الحسيني • القاهرة ١٩٧٦ مطبعة السعادة •

ـ الواقعيه في الادب الكردي ـ د• عزالدين مصطفى رسول • منشورات المكتبة العصرية • ـ صيدا ـ بيروت ١٩٦٦ •

ـ تاريخ الكرد وكردستان • العلامة المرحوم محمد امين زكي • الجزء الاول الطبعة الثانية ١٩٦١ ترجمة محمد علي عونى •

ـ تحرير المرأة • قاسم امين • مطبعة روز اليوسف ـ القاهرة الطبعة الثانية ١٩٤١ •

ـ تاريخ الادب في ايرانمن الفردوسي الى السعدي ـ تأليف المستشرق الكبير ادوارد جزانفيل براون ، نقله الى العربية د• ابراهيم اميم الشورابي طبع في مصر عام ١٩٥٤ •

ـ الحجاب ، تأليف ابو الاعلى المودودى مؤسسة الرسالة ـ بيروت ١٩٧٨•

ـ خلاصة تاريخ الكرد وكردستان جـ ١ محمد امين زكي ـ ترجمة محمد

علي عونى ـ مصر ١٩٢٩ الطبعة الثانية ١٩٦١ مطبعة صلاح‌الدين بغداد٠
ـ شعرالشاعر الكردي المعاصر ـ عبدالله گوران • تأليف حسين علي شانوف ترجمة شكور مصطفى مطبعة دار الجاحظ ـ بغداد ١٩٧٥ •
ـ ظاهرة الحجاب في المجتمع الكردي ـ اعداد پەری خان عبدالقادر علي • كلية الاداب جامعة السليمانية ١٩٧٨ •

ـ عيار الشعر ، لمحمد بن احمد بن طباطبا العلوي بتحقيق وتعليق •د•طه الحاجري ،د• محمد زغلول سلام شركة فن الطباعة ١٩٥٦ ، مصر •
ـ فلسفة عصر النهضة ، ارنست بلوخ ، ترجمة وتقديم وشروح الياس مرقص • دار الحقيقة للطباعة والنشر الطبعة الاولى ١٩٨٠ بيروت •
ـ مع الاكراد،توما بويا ـترجمة اواز زنگنة مطبعة دار الجاحظ بغداد ١٩٧٥•
ـ موجز تاريخ النقد الادبي • تأليف فيرنون هول ترجمة الدكتور محمد شكري مصطفى والاستاذ عبدالرحيم جبر•الناشر دار النجاح بيروت١٩٧١•
ـ نقد الشعر لابي فرج قدامة بن جعفر • طبعه وشرحه وصدره بترجمة للمؤلف وبحث في النقد الادبي محمد عيسى منون •المطبعة الميجية١٩٣٤•
ـ فى الادب الجاهلى طه حسين ط٣ القاهرة مطبعة فاروق ١٩٣٣ •
ـ تاريخ الادب العربي د• بلاشير ، دمشق وزارة الثقافة والاعلام ١٩٧٣ •
سەرچاوەی زمانـی بێگـانە :ـ

ـ ترانهای بابا طاهر ـ ازروی نسخهٔ تصحیح شده ـ وحید دستگردی ـ انتشـارات جاویدان مرواد ماه ١٣٤٣ •

## المـــرأة في الشعــر الكــردي

## الفصـــل الاول

### المرأة في المجتمع الكـــردي :

من الواضح ان للمرأة الكردية خصوصيتها من حيث السمات والعادات والتقاليد والملابس ، تلك الخصوصية التي تميزها عن نساء الشعوب الاخرى. وبديهي ان هذا نتاج الحياة الماديةوالروحية للمجتمع الكردي وقد ترسخت جذور هذا التمييز خطوة خطوة مع تطور المجتمع الكردي ونما وتفرعت عنه الفروع والاغصان . وقد مرت المرأة الكردية كسائر النســاء بمراحل وعانت السراء والضراء ، ولا سيما قبل عقد الخمسينات والستينات من هذا القرن. وقد كانت المرأة الكردية دوما ، كما اشار الى ذلك الكتاب الكرد والاجانب، محل رعاية واعتزاز الرجل ، وكان لها منزلة سامية . وفي سبيـــل تبيـان منزلة المرأة في المجتمع الكردي فقد اعتمدنا نصوصا شعرية لشعراء اكراد منتخبين اولهم بابا طاهــر العريان الكلاسيكي فالمــلا الجزيــرى ثم صيدى الهورامى . ولم يتطرق هؤلاء الشعراء في حديثهم الشعرى عن المراة الى غير موضوع جمال المراة .ففى شعرهم لاتشارك المراه في شان من شؤون الحياة وهي مجرد دمية يلعــب بها الرجل ، وهي جمالها وليس غير ذلك .

## الفصل الثاني

### عصر النهضة :

لئن كان ظهور عصر النهضة في اوربا تعود بداياته الى القرون الوسطى، فانها ترجع في كردستان الى الربع الاخير من القرن التاسع عشر حيث بدت طلائعه بين الاكراد العائشين في المهجر وبالتحديد في استانبول .

اننا نحدد اول رائد لعصر النهضة في المجتمع الكردي على انه الحاج قادر الكويى الذي ابلغ رسالة العصر الحديث الى المتعلمين الاكراد . وقد شق من خلال الدين طريقا للمرأة الكردية لتلج الحياة الجديدة وتطأ ذلك الميدان الفسيح الذي كان محتكرا منذ عهد بعيد للرجل ألا وهو ميدان التعلم ، كما انه دعا الشعراء للتخلي عن التغزل بالعيون والحواجب ، فمهمة المرأة في نظره اكبر من ان ينظر اليها من خلال العيون والحواجب ، ولا فرق بينها وبين الرجل ، فكلاهما يبنيان الحياة معا .

وبعد الحاج قادر سلك طريقه شعراء آخرون اعطى كل منهم المرأة مكانة سامية وثقفوا الشعب بضرورة اتاحة الفرصة امام المرأة لسلوك درب النضال في سبيل الوطن والمجتمع وعدم حصرها بين جدران المنزل ، ومن هؤلاء الشعراء الملا محمد الكوى واحمد مختار الجاف وفايق بيكه‌س وغيرهم .

## الفصل الثالث

### الادب الكردي المعاصر :

لم تنبع افكار الثورة الديمقراطية البرجوازية في المجتمع الكردي من حياة الشعب الكردي نفسه ، فقد كان الشعب يفتقر الى سنوات طوال لنسف اسس المجتمع الاقطاعي وظهور بوادر المجتمع البرجوازي حتى تظهر

هذه الافكار من خلال ذلك في البيئة الكردية نفسها ، ولهذا فقد دخلت هذه الافكار كردستان من خلال نخبة من المثقفين المهاجرين او الذين زاروا استانبول والبلاد الاوروبية وذلك عبر الشعر والادب ، لانعدام أي وسيلة اعلامية اخرى في كردستان آنئذ تلقتها افكار العصر الحديث والعالم الجديد •

قلنا ان الحاج قادر الكوي كان طليعة المبشرين بهذه الافكار في المجتمع الكردي وحذا حذوه شعراء آخرون بعده ، ولكن التجديد لدى هؤلاء كان محصورا في المضمون ولذلك بقي الشعر الكردي اسير قوالبه القديمة التي كانت تحول دون انتشار المضامين الجديدة بين اوسع الاوساط •

شملت حركة التجديد في الشعر الكردي التي تبناها الرواد الجدد الشعر بمضمونه وشكله وادخل فيه ابوابا لم يتطرق اليها من قبل كمفاهيم الوطنية والمفاهيم الاجتماعية ، ويعتبر گوران وزملاء له مؤسسين لهذا الاتجاه في الشعر الكردي المعاصر ، الذي خص قضية المرأة بجانب كبير من اهتمامه •

يحدد گوران الافكار الخاطئة والضيقة الشائعة في المجتمع الكردي بشأن المرأة منذ القديم ويدعو الى نيل المرأة حقوقها ويؤكد على انها ليست دون الرجل بأي حال ، وبالعكس فانالمرأة المتعلمة تستطيع تربية اولادها بصورة افضل مما يمهد السبيل ليخدم اولئك بدورهم وطنهم وشعبهم بصورة افضل ايضا •

صحيح ان گوران كان مغرما بجمال المرأة وانه يعتبر المرأة مصدر كل جمال ، ولكنه اشعل ثورة في كثير من شعره في سبيل نيل المرأة حقوقها في بناء المجتمع وفي الحياة على وجه العموم •

## پێرســـــت


| لاپــەرە | |
|---|---|
| ٣ | ـ پێشــکەش |
| ٥ | ـ ســوپس نامــە |
| ٧ | ـ ســەرەتــا |
| ١١ | ـ بەشی یەکــەم |
| ١٣ | ـ ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا |
| ٢٨ | ـ سەرەتای لەدایك بوونی هۆنراوەی ئافرەتی کورد |
| ٣٨ | ـ هۆنراوەی کوردی لەنێوان بابەتی دڵداریو سۆفێتیدا |
| ٣٩ | ـ باباتاهیری عوریــان |
| ٥٨ | ـ مەلای جزیری |
| ٧٨ | ـ سەیدی هەورامی |
| ١١٢ | ـ بەشی دووەم |
| ١١٣ | ـ سەدەی رێنیسانس لەکەیو لەکوێوە دەستیپێکردووە |
| ١٢٣ | ـ رەنگدانەوەی مافی ئافرەتی کورد لەئەدەبی کوردیدا |
| ١٣١ | ـ حاجی قادری کۆیی |
| ١٦٤ | ـ مەلای گەورە |
| ١٧٨ | ـ ئەحمەد مختار جاف |
| ٢٠٦ | ـ بێکەس |
| ٢٢٧ | ـ بەشی سێیــەم |

| | |
|---|---|
| ـ سەرەتایەکی کورت بۆ ئەوەبی هاوچەری کوردیمان | ٢٢٩ |
| ـ گۆران | ٢٣١ |
| ـ قۆناخی یەکەم | ٢٣٨ |
| ـ قۆناخی دووەم | ٢٤٨ |
| ـ قۆناخی سێیەم | ٢٨٣ |
| ـ ئەنجام | ٣٢٨ |
| ـ سەرچاوەکان | ٣٣٠ |
| ـ کورتەیەکی عەرەبی | ٣٣٩ |
| ـ کورتەی ئینگلیزی | |


* * *

سەرنج :

١ ـ دوو هۆنراوەی سەیدی هەورامیی یەکەم بەهەڵە داومانەتە پاڵ سەیدی هەورامیی دووەم ، داوای لێبوردن دەکەین •

٢ ـ دەقی کتێبەکە نامەی ماجستێرەکەمە بەڵام لێرەدا چەند شاعیرێکی ترمان خستە دووتۆیدا •

رقم الايـداع في دار الكتب
والوثائق ( ١٢١٩ ) لسنة ١٩٩٠

confirmed that the Woman was not, in any way subordinate to man and that contrarily, the educated woman could bring up her children in a better way which would in turn, prepare them to serve their homeland and nation in a more effective way too.

It is true that Goran was a lover of the woman's beauty and that he considered her to be the source of all beanties. But ein much of his poetry, he litarevolution so as the woman could obtain her rights in building up society and life in general.

(Translated by: Anwar M. Qaradaghi)

## Chapter Three
## The Modern Kurdish Literature

The democratic bourgeois revolution's ideas did not stem from the life Kurdish enation itself. Since the people, for many years, lacked the foundation of the industrial and bourgeois society, these ideas did not appear in the Kurdish environment itself. Therefore, such ideas entered through an elite of the Kurds who had migrated and travelled in Istanbul and the European countries, they did this through peotry and literature as there was no other media in Kurdistan at the time for spreading the ideas of the modern period and the new world.

We said that Haji Qadir Koyey was the first missionary of these ideas in the Kurdish Society. Other poets fcllowed his suit but the stipnlation among them was confined to the content.

Therefore, the Kurdish poetry remained a prisoner of its old formats which. ien turn, did not help the spreading and circulation of the new contents amongst the majority of the people.

The renewal movement in the Kurdish peotry, adopted by the first pioneers, involved peotry in its content and format and entered new dimensions into it which had not been tackled before such as notionalist and Social ideas. The poet Goran and his fellows were considered to have establishde this trend in the modern Kurdish poetry which provided much of its attention to the woman. Goran has pinpointed the wrong and narrow ideas about the woman prevalent among the Kurdish Society and asked for the woman to win rights. Furthermore, he

## Chapter Two
## Renaissance Period

As the beginnings of the renaissance period in Europe go back middle centuries, in Kurdistan, it goes back to the Last quarter of the nineteenth century. When its vanguards were among the Kurds living abroad, particularly in Istanbul.

We stipulate the pioneer of the renaissance period within the Kurdish Society to be Haji Qadir Koyey who conveyed the modern period's message to the educated Kurds.

Through religion, he paved a way for the Kurdish woman to enter the new life and to move within the vide field of educeation which hitherto had been the sole domain of man. He asked the poets to stop composing poems about the eyes and eye-brows as in his view, the role of the woman was much bigger than just to be looked upon through her eyes and eye-brows and that there is no difference between her and man as both of them build life together.

Aftre Haji Qadir, other poets followed suit, where each one comfiamed the special position of the woman. Moreover. they educated the people about the necessity far providing the opportunity for the woman to follow the path of striving for the homland and the Society and not confining her within the, walls of the house. Among those poets were Mnua Mohamed Koyey, Ahmed Mukhtar Jaf and Faig Bekas etc.

## The woman in the Kurdish poetry

## Chapter One

## The woman in the Kurdish Society

It is evidently clear that the Kurdish woman has her own special characteristics of features, cnstoms, traditions and costumes. These characteristics differentiate her from women of the other nations. Obvionsly this is the result of the material and spiritual life of the Kurdish society whose fonndations were established step by step with the Kurdish Society's development. It grew and had brancles. The Kurdish woman, like all other women, went through the better and the worse of life, particularly prior to the fifth and sixth decades of this century. As certified by the Kurdish and foreign writers, the Kurdish woman has always enjoyed the support and the pride of the man. For the purpose of clarifying the position of the woman in the Kurdish Society, we depended upon peatry of selected Kurdish poets, the pioneer among them being Baba Tahir Orean and then the Mnua Al-Jazeeri and Saidi Hawrami. In their peotry, thase peots did not state any thing except the woman's beauty. Moreover, the women, in their poems, do not participate in any activity of life and she is just atoy, being played with by man and that is her beauty and nothing else.

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket/Kurdish Library
Stockholm/Sweden
5363

# THE WOMAN IN THE KURDISH POETRY

Fuand . H . Ahmad